عبدالمنعم أحمد إبراهيم

پێش دروستکردنی ئادەم

وەرگێڕانی

سەرهەد حەسەن نەجم

ئالان عومەر سلێمان

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بسم الله الرحمن الرحيم

پێش دروستکردنی

ئادەم

(سەلامی خوای لەسەر بێت)

پێش دروستکردنی

ئادەم

(سەرەتای خوای لەسەر بێت)

عبدالمنعم أحمد ابراهيم

وەرگێڕانی

سەرهەد حسن نجم

ئالان عمر سليمان

التفسير

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای بەدیهێنەر ﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ﴿٦٢﴾ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾ (الزمر: ٦٢ - ٦٣).

﴿ ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُۥ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴾ (السجدە: ٧) "ئەوخوایە زاتێکە هەموو شتێکی بەچاکی و ڕێکوپێکی بەدیهێناوە، لەسەرەتاوە ئادەمیزادی لە قوڕ دروست کردووە"[1]. سڵاوی خوا لەسەر سەروەری پێغەمبەران و پێشەوای موسڵمانان و لەسەر کەسوکاری و هاوەڵانی و پێڕەوانی تا ڕۆژی دوایی..

ئەم کتێبە (پێش دروستکردنی ئادەم) کە چاپی یەکەمییەتی، تێیدا باسی دروستکراوەکانی خوا دەکات لە گەردووندا بەر لە دروستکردنی ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت).

لێرەدا دەمەوێ باسی خاڵێکی زۆر گرنگ یاخود پرسێکی زۆر گرنگ بکەم، ئەویش پرسی باوکایەتی ئادەمە بۆ مرۆڤ، کە زۆرێك لەبیروراکان بەلاڕێدا چوون و لایانداوە و کەوتوونەتە هەڵەوە، بە بەڵگە پوچ و نادروستیاکانیان ڕاستییەکانیان شێواندووە، ئەوەی جێگای داخە

(١) تەفسیری ناسان، (لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا تەفسیری ناسان سەرچاوەی تەفسیری کوردی ئایەتەکانە) وەرگێڕ.

ئەوەیە کتێبێکم بەرچاو کەوت کە خاوەنەکەی ناوی ناوە "ئادەمی باوکم.. چیرۆکی درستکراوێك لە نێوان ئەفسانە و ڕاستیدا"، "أبي آدم.. قصة الخليقة بين الأسطورة و الحقيقة"[١].

کاتێك کتێبەکەم گرتە دەست، بینیم هی زانا و زمانزانی شارەزا و لێهاتوو (دکتۆر عبدالصبور شاهین)ـە، ناونیشانی کتێبەکەم زۆر بەلاوە سەیر بوو، بەڵام کاتێك لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە ناوەرۆکەکەی زۆر سەیرتر بوو، پڕ بوو لە بیروڕای دژ بە قورئان و سوننەت و لۆژیك، تەنانەت پێچەوانە بوو لەگەڵ سادەترین یاسای زمانەوانی، پاشان ئەوەی جێگای داخە لایەنی پەخش و بڵاوکارەکە لە پشتی کتێبەکە نوسیوویەتی.

"دکتۆر عبدالصبور شاهین ویستوویەتی چیرۆکی دروستکردنی بوونەوەرمان بە شێوەیەك بۆ بگێڕێتەوە، کە بگونجێت لەگەڵ عەقڵ، هەوڵیداوە تێڕوانینی قورئانی بگونجێنێت لەگەڵ ڕەوتی زانستی لە پرسی ژیانی ئادەمیزاد لەسەر ئەم زەویەدا".

وەک بڵێی گێڕانەوەکەی قورئانی پیرۆز بە دڵی جەنابی دکتۆر نییە، بۆیە هاتووە بە شێوە تایبەتییەکی خۆی چیرۆکی دروستکردنی بونەوەرمان بۆ دەگێڕێتەوە ئەمەش وایکردووە زیاتر لە (٢٠٠) هەڵەی دژ بە بیروباوەڕی ئیسلامی[٢] و قورئان و سوننەتی تێدا بێت.

بەشێك لەم هەڵانە:

لە پێشەکیدا دەڵێت[٣]: ....بەڵکو(٤)[٤] ئەوە واتای ئەو فەرموودە

---

(١) چاپی یەکەم - الروافد الثقافية - قاهيره.

(٢) سەیری کتێبی: وقفات مع "ابى ادم" استاذ عبدالله بن عبدالعزيز بن أمين الشبروای (لا ٥٠٠).

(٣) لاپەڕە (٥).

(٤) نامازەیە بۆ دروستکردنی مرۆڤ.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئایەتەکانی خوای گەورە و فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بکەوین.

دواتریش هەر کەسێك (ئیسرائیلیات) بخاتە پێش هزری ئیسلامی بێگومان ئەوە کەسێکی ناشارەزا و بێ ئەزموونە لە بابەتە هزرییەکانی ئیسلامدا و بە درێژایی میژووش شتی لەو بابەتە ڕووی نەداوە.

بێگومان (ئیسرائیلیات) شتێکی سادەیە و خۆی زۆر بەئاسانی ناوەرۆکەکەی خۆی ئاشکرا دەکات و هەروەکو زانراویشە ئەو (ئیسرائیلیات)ـە دژە، یاخود پێچەوانەیە لەگەڵ دەقێك یا بیرۆکەیەکی ئیسلامی، بێگومان دەبێت ڕەت بکرێتە و مەگەر پەیوەندی بە شتی لاوەکی هەبێت وەك "ناوی دوو کوڕەکەی حەزرەتی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) یاخود ناوی سەگەکەی یارانی ئەشکەوت یاخود ناوی ئەو سێ پێغەمبەرەی لە سورەتی (یس) ناویان هاتووە و چەندان شتی تر کە ئاساییە باس بکرێت، بەڵام بە مەرجێك دەبێت دڵنیا بیت لە سەرچاوەکەی و ڕاستی و دروستی و شوێنکەوتنی فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێ: "وحدثوا عن بني اسرائيل ولا حرج" واتە: ئاساییە لە نەوەی ئیسرائیل بگێڕنەوە.

هەر بۆیە سوپاسی خوای گەورە دەکەین کە قورئانی پیرۆزی کردۆتە چاودێر و پارێزەری کتێبە ئاسمانییەکانی تر هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ ... ﴾ (المائدة: ٤٨)، واتە: ((ئێمە قورئانمان هاوڕێ لەگەڵ هەموو حەقیقەت و ڕاستیەکدا بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشی دیاری

دەکات و چاودێرە بەسەر هەموویاندا، بەو بەرنامەیەی خوا ناردوویەتی داوەریی بکە لە نێوانیانداو شوێن ئارەزووەکانی ئەوان مەکەوەو لەو حەقە لامەدە کە بۆت رەوانە کراوە)).

پاشان لە لاپەڕە (٧) چەند دەقێکی لە کتێبی "عرائس للمجالس"ی الثعلبي[١] ی وەرگرتووە هەروەکو ئەوەی تاکە سەرچاوەی بێت باسی چیرۆکی دروستکردنی (ئادەم)ی (سەلامی خوای لێ بێ) کردبێت. لە کاتێکدا بە هیچ شێوەیەك باسی "صحيح البخاري" و "العظمة"ی ابو الشيخ و "البداية والنهاية"ی ابن كثير و.. چەندانی تری نەکردووە کە پڕن لە دەقی ڕاست و دروست دەربارەی ئەو بابەتە[٢]، پاشان هاتووە بەڵگەی بە چەند هەڵکەندراوێك (الحفريات) و حیسابی تەمەنی زەوی هێناوەتەوە کە هەمووی پڕیەتی لە گومان و گریمانە و خەیاڵی بێ سوود.

---

(١) ئەم کتێبە ترسناکترین کتێبە چونکە ناوەرۆکەکەی زۆرترین (ئیسرائیلیات)ی تێدایە.

(٢) وقفات مع كتاب ابى آدم (لا ٥١١) م.س

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ فَٱعْبُدُوهُ ۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴾ (الأنعام: ١٠٢).

واتە: ((ئا ئەو خوایە پەروەردگارتانە، جگە لەویش هیچ خوایەکی تر نیبە، بەدیهێنەری هەموو شتێکە، کەواتە هەر ئەو زاتە بپەرستن و بەندایەتی تەنها ئەو بکەن، ئەو خوایە ئاگادار و چاودێری هەموو شتێکە)).

﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴾ (الزمر: ٦٢).

واتە: ((خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هەر ئەویش سەرپەرشتیار و پارێزەری هەموو شتێکە)).

﴿ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ قُلِ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ لَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ نَفْعًا وَلَا ضَرًّا ۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِى ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ ۗ أَمْ جَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُوا۟ كَخَلْقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلْخَلْقُ عَلَيْهِمْ ۚ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّٰرُ ﴾ (الرعد: ١٦).

واتە: ((ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم، بە خوانەناسەکان بڵێ): کێ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویە؟ (ئەگەر ئەوان بێ دەنگ بوون) تۆ بڵێ: (الله) پەروەردگاریانە، (چونکە ئەوانە کەڕ و کوێرو لاڵن لەوانەیە دان بەو ڕاستیەدا نەنێن) پاشان پێیان بڵێ: ئایا ڕەوایە جگە لەو خوایە پشت بەشتانی تر ببەستن و بیانکەنە پشتیوان و

خۆشەویست، کە ئەوانە تەنانەت بۆ خۆشییان قازانج و زەرەریان بەدەست نییە؟! هەروەها بڵێ: باشە ئاخر کوێر و چاو ساغ وەك یەکن؟! تاریکی و رووناکی چوونیەکن؟! (دیارە کە خوانەناسی و بێ دینی کوێری و تاریکیە، ئیمان و باوەڕو خواناسیش چاو ساغی و رووناکیە)، بەڵکو چەند هاوبەشێکیان داناوە بۆ خوا، کەشتیان دروستکردووە وەك دروستکراوەکانی خواو جا دروستکراوەکەیان لێ شێواوە، پێیان بڵێ: (الله) بەدیهێنەر و دروستکاری هەموو شتێکە و ئەو زاتە تاك و تەنها و بەدەسەڵات و بەهێز و بە توانایە)).

پاشان نوسەری کتێبەکە جیاوازی کردووە لە نێوان هەردوو دەستەواژەی (الانسان) و (البشر)، پێی وایە ئادەم باوکی (انسان)ـە نەك باوکی (البشر). لەگەڵ ئەوەی ئەو پیاوە زمانزانێکی گەورەیە، بەڵکو لەو کەسە دەگمەنانەیە کە بەشداریان کردووە لە خوێندنی ئسوڵی زمانی عەرەبی بە هەموو جیاوازی سەرچاوەکانییەوە.

لە کاتێکدا لە هەموو کتێبەکانی زمانەوانی وەك ئەم نمونانە (الجمهرة)ی ئیبن درید، (التهذیب)ی ئەزهەری، (دیوان الادب)ی فارابی، (معجم مقایس اللغة)ی ئیبن فارس (لسان العرب)ی ئیبن منظور الأفریقی، (الصحاح)ی جوهری، (القاموس المحیط)ی فیروزابادی، (المحکم)ی ئیبن سیدە، (المحیط)ی صاحب ئیبن عباد، (المختار)ی رازی، (المصباح) للفیومی، (التهذیب الأسماء)ی النووی، (المجمل)ی ئیبن فارس، (العباب)ی صاغانی، (العالم)ی ئیبن سیدە، (تاج العروس)ی زبیدی... هەموو ئەم کتێبانە دەیسەلمێنن کە ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) باوکی (البشر)ـە و یەکەم مرۆڤ بووە و باوکی (الانسان)ـە هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا نییە، هەر کەسێکیش جیاوازی لە نێوانیان بکات بە هەڵەدا چووە و هیچ بەڵگەیەك لەسەر

قسەکانی نییە، هەروەك ئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) جیاوازی لە نێوان ئەو دوو چەمەکە ناکەن، بە تایبەت فەرموودەی (الشافعة) لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە.

پاشان د.عبدالصبور دەڵێت: (ئادەم) (سەلامی خوای لێ بێ) باوك و دایکی هەبووە، ئەو قسانەی ناوبراو بیرۆدۆزی (داروین)ی جولەکەی نەزانمان دێنێتەوە یاد، کە لە کتێبەکەی بە ناوی (اصل الانواع)دا باسی کردووە و دەڵێت: ئادەمیزاد لە جۆرێکی جیاوازتر لە ئێستا پەرەیسەندووە و گەشەی کردووە بە هۆی چەند هۆکارێك کە باسی کردووە، تابۆتە ئەو مرۆڤەی ئێستا، لە ئادەم پەیدا نەبووە وەك دەقە ئاینییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن[1].

بەم شێوەیە کتێبەکەی ناوبراو پڕە لە هەڵەی زەق کە بە شێوەیەکی فراوانتر لە کتێبی تردا ئاماژەمان بۆ کردووە بە ناوی (وقفات مع ابی ادم).

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا بانگێشتی د.عبدالصبور شاهین دەکەم کە لە نوسینەکانی پاشگەزببێتەوە و پاشگەزبوونەوەکەشی بە ئاشکرا رابگەیێنێت، تا کۆتاییەکەی بە خراپ بۆ نەنوسرێت، چونکە هەروەکو وتراوە: نەبێتە (پیری ئاخیر شەڕ)، بە گەڕانەوەشی ئابڕوی ناچێت چونکە کەسی باش و نمونەیی، ئەوە نییە کە هەڵە ناکات بەڵکو گەر هەڵەی کرد پەشیمان ببێتەوە و ڕاستی بکاتەوە و خوای گەورەش ڕەحم بەو کەسە بکات کە گوتوویەتی:

---

(١) سەیری (ادم علیه السلام)ی مامۆستا: البهی الخولی بکە (خوای لێی خۆش بێت) (لا ١٨) چاپی -مکتبة التراث- القاهرە.

ومن ذا الذي ترضى سجاياه كلها كفى المسك[1] نبلًا أن تعد معايبه

هەروەها چەندین زانامان بینی کە لە رای خۆیان پاشگەز بوونەتەوە و چەندین دانا و کەسانی لێهاتووش دوای سەرگەردان بوون گەڕاونەتەوە سەر ڕێگای ڕاست و دروست، لێرەدا لە خوای مەزن دەپاڕێینەوە کە دڵەکانمان لەسەر ڕێگای ڕاست جێگیر بکات، چونکە هەر خۆی باشترین ڕێ نیشاندەرە.

نوسینی: ابو الحسن عبدالله بن عبدالعزيز بن أمين الشبراوى الوراق: شبرا الخيمة/ مصر/ المحروسة

(١) لە ڕیوایەتێکیشدا: االمرء

سەرەتا

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و مەزن و سەڵات و سەلام بڕژێت بەسەر گیانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و یار و یاوەرانی، خوای مەزن گەردوون و بوونەوەری بە جوانترین شێوە دروست کردووە، پاشان مرۆڤیشی دروست کرد و ئەو گەردوونەشی خستە ژێر ڕکێفی مرۆڤ و فەرمانیش بە فریشتەکان دا سوژدەی بۆ بەرن.

ڕێزلێنانی خوای گەورە بۆ مرۆڤ لەم خاڵانە خوارەوە دەبینێتەوە:

١- فەراهەم کردنی ئەو شتانەی کە لە زەوی و ئاسمانەکاندا هەن هەروەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد.

٢- پێ سپاردنی گەورەترین سپاردە کە زەوی و ئاسمانەکان و چیاکان نەیانتوانی هەڵیبگرن، هەروەها خوای گەورە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ سپاردە بە زایە نەدات، بۆیە فەرمان کردنی هەندێك شت و نەکردنی هەندێکی تری پێدان و قورئانی بۆ دابەزاندن ﴿...فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَایَ فَلَا یَضِلُّ وَلَا یَشۡقَىٰ﴾ (طه: ١٢٣)، واتە: ((هەر کەسێك شوێنی هیدایەت و ڕێنموویی بەرنامەکەم بکەوێت، نە گومڕا دەبێت، نە ناخۆشی و ناڕەحەتی و ناسۆر دێتە ڕێی)).

٣- فەرمانی بە فریشتەکان کرد سوژدە بۆ ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) ببەن، کە بێگومان ئەمەش ڕێزلێنانێکی گەورەیە.

٤- خوای پەروەردگار بە جوانترین شێوە مرۆڤی دروست کردووە و لە ئاژەڵی جیا کردۆتەوە هەروەکو دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَكَ فَسَوَّىٰكَ فَعَدَلَكَ﴾ (الإنفطار: ٧)، واتە: ((ئەو پەروەردگارە تۆی دروست کردووە، بە رێکوپێکترین شێوە، بەجوانترین شێواز و (ئەندامەکان هەموو لەشوێنی تایبەتی خۆیاندا دانراون کە بتوانن کارو فرمانی خۆیان بەچاکی ئەنجام بدەن و ئەو ئەندامانەش کە جووتن قەبارە و درێژی و شێوەیان چوونیەکە، جگە لەوەی کە یارمەتی و تەباییەکی تەواو هەیە لەنێوانیاندا و هەمووان هاوکارن)). هەروەها چەندین دیاردەی تری ڕێزگرتنی خوای گەورە بەرامبەر مرۆڤ.

لەم کتێبەدا باسی ئەو شتانە دەکەم کە خوای گەورە لەم گەردوونەدا بۆ مرۆڤی دروست کردووە و بۆی فەراهەم کردووە، هەروەها باسی ئەو شتانە دەکەم کە خوای گەورە لە پێشت دروستکردنی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) دروستی کردوون، ئەمەش بە پشت بەستن بە دوو سەرچاوەی سەرەکی زانیاری ئیسلامی، ئەوانیش قورئان و فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەروەها لە (ئیسرائیلیات) و شتی ئەفسانەیی دوورکەوتوومەتەوە، چونکە ناکرێن بیانکەین بە بەڵگە.

الله أكبر إن دين محمد ... وكتابه أهدى وأقوم قيلا
لا تذكروا الكتب السوالف عنده ... طلع الصباح فأطفئ القنديلا

لە خوای گەورە داواکارم کە ڕێنوێنیم بکات و ڕێگای ڕاستم نیشان بدات و ئەو کارەشەم بە چاکە بۆ بنوسێت.

چیرۆکی بەدیهێنان یەکێکە لە گرنگترین ئەو کارانەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە و بە شێوەیەك دەبینین کە (١١٠) جار وشەی بەدیهێنان (الخلق)ی تێدا هاتووە.

سەیری (المعجم المفهرس)ی محمد فوئاد عبدالباقی و (معجم القرآن)ی عبدالرؤوف المصری بکە.

ئایەتە پیرۆزەکان باشتر بەڵگەن لەسەر گەورەیی ئەم بابەتە:

﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ فَٱعْبُدُوهُ ۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴾ (الأنعام: ١٠٢).

واتە: ((ئا ئەو خوایە پەروەردگارتانە، جگە لەویش هیچ خوایەکی تر نییە، بەدیهێنەری هەموو شتێکە، کەواتە هەر ئەو زاتە بپەرستن و بەندایەتی تەنها ئەو بکەن، ئەو خوایە ئاگادار و چاودێری هەموو شتێکە)).

﴿ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ قُلِ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ لَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ نَفْعًا وَلَا ضَرًّا ۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِى ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ ۗ أَمْ جَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُوا۟ كَخَلْقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلْخَلْقُ عَلَيْهِمْ ۚ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّٰرُ ﴾ (الرعد: ١٦).

واتە: ((ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم)، بە خوانەناسەکان بڵێ): کێ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویە؟ (ئەگەر ئەوان بێ دەنگ بوون) تۆ بڵێ: (الله) پەروەردگاریانە، (چونکە ئەوانە کەڕ و کوێرو لاڵن لەوانەیە دان بەو ڕاستیەدا نەنێن) پاشان پێیان بڵێ: ئایا ڕەوایە جگە لەو خوایە پشت بەشتانی تر ببەستن و بیانکەنە پشتیوان و خۆشەویست، کە ئەوانە تەنانەت بۆ خۆشییان قازانج و زەرەریان بەدەست نیە؟! هەروەها بڵێ: باشە ئاخر کوێر و چاو ساغ وەک یەکن؟! تاریکی و ڕووناکی چوونیەکن؟! (دیارە خوانەناسی و بێ دینی کوێری و تاریکیە، ئیمان و باوەڕو خواناسیش چاو ساغی و ڕووناکیە)، بەڵکو چەند هاوبەشێکیان

داناوە بۆ خوا، کەشتیان دروستکردووە وەک دروستکراوەکانی خوا، جا دروستکراوەکەیان لێ شێواوە، پێیان بڵێ: (الله) بەدیهێنەرو دروستکاری هەموو شتێکە و ئەو زاتە تاکوتەنهاو بەدەسەڵات و بەهێزو بە توانایە)).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴾ (فاطر: ٣).

واتە: ((ئەی خەڵکینە بیربکەنەوە لە چاکەی خوا بەسەرتانەوە، ئایا دروستکار و بەدیهێنەرێکی تر هەیە جگە لە خوا لە ئاسمان و زەویەوە رزق و رۆزیتان پێ ببەخشێت؟ جگە لەو زاتە خوایەکی تر نییە، جا ئەوە چۆن لەو بیروباوەڕە دروستە لادەدرێن؟)).

﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴾ (الزمر: ٦٢).

واتە: ((خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هەر ئەویش سەرپەرشتیار و پارێزەری هەموو شتێکە)).

﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴾ (غافر: ٦٢).

واتە: ((ئەو زاتە خوای ئێوەیە و پەروەردگارتانە، بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هیچ خوایەک نییە جگە لەو، ئیتر ئێوە بەرەو کوێ دەبرێن؟ چۆن لادەدرێن لە بەرنامەکەی؟)).

﴿ إِنَّ فِى خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُوْلِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾ (آل عمران: ١٩٠).

واتە: ((بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و لە ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند...)).

﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴾ (الأنعام: ١).

واتە: ((سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە، تاریکی و ڕووناکی فەراهەم هێناوە، پاشان ئەوانەی بێ باوەڕ بوون بەپەروەردگاریان یەکێك لە دروستکراوەکانی خوا دەکەنە هاوتای خوا)).

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ ... ﴾ (هود: ٧).

واتە: ((ئەو خوایە زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروستکرد، تەختی فەرمانڕەوایەتی (کە دروستکراوێکی زۆر گەورە و شکۆمەندە) لەسەر ئاو بوو)).

﴿ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴾ (النحل: ٤).

واتە: ((ئادەمیزادیشی لە تاکە نوتفەیەك بەدیهێناوە، کەچی ئەو، دوای ماوەیەك کە خۆی ناسیووە بووەتە دوژمنێکی ئاشکرا)).

﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْجِبَالِ أَكْنَٰنًا وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلْحَرَّ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأْسَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ ﴾ (النحل: ٨١).

واتە: ((خوا لەو شتانەی کە دروستی کردووە سێبەری بۆ ئێوە ڕەخساندووە، لە کێوەکانیشدا کون و کەلێن و ئەشکەوتی سازاندووە و پۆشاکی بۆتان بەدیهێناوە تا لە گەرما و (سەرما) بتانپارێزێت، هەروەها جۆرەها پۆشاکی تر بۆ بەدیهێناون بۆ پاراستنی گیانتان

لەکاتی جەنگ و شەڕ و شۆڕدا، ئا بەو شێوەیە پەروەردگارتان ناز و نیعمەتی خۆیتان بەتەواوی بەسەردا دەڕژێنێت بۆ ئەوەی ملکەچ و فەرمانبەردار بن)).

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾ (الأنبياء: ٣٣).

واتە: ((هەر ئەو زاتەیە کە شەوو ڕۆژی بەدیهێناوە، خۆرو مانگیشی دروست کردووە، هەریەکەیان لە خولگەیەکدا دەسوڕێنەوە)).

﴿ خُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ مِنْ عَجَلٍ ۚ سَأُو۟رِيكُمْ ءَايَٰتِى فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ ﴾ (الأنبياء: ٣٧).

واتە: ((ئەوەندە ئینسان بە پەلەو تاڵوکەیە، (وەک ئەوەی) لە پەلەو تاڵوکە دروستکراوە، لە ئایێندەدا من نیشانە و بەڵگەکانی خۆمتان نیشان دەدەم، جا پەلەم لێ مەکەن)).

﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٍ مِّن مَّآءٍ ۖ فَمِنْهُم مَّن يَمْشِى عَلَىٰ بَطْنِهِۦ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِى عَلَىٰ رِجْلَيْنِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِى عَلَىٰٓ أَرْبَعٍ ۚ يَخْلُقُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (النور: ٤٥).

واتە: ((خوا هەموو زیندەوەرێکی لە ئاوێکی تایبەت دروست کردووە، جا هەیانە لەسەر سکی دەڕوات، هەیشە لەسەر دوو قاچ دەڕوات، هەیشە لەسەر چوار پێ دەڕوات، خوا هەرچی بوێت دروستی دەکات، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە)).

﴿ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ ﴾ (الشعراء: ١٦٦).

واتە: ((وازیش دەهێنن لە هاوسەران و هاوجووتانی خۆتان کە پەروەردگارتان بۆی دروست کردوون، بەڵکو ئێوە هەر قەومێکی نالەبار و بەدڕەوشت و ناڕەسەنن)).

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ مِنَ ٱلْمَآءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُۥ نَسَبًا وَصِهْرًا ۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴾ (الفرقان: ٥٤).

واتە: ((هەر ئەو زاتەیە کە لە ئاوی (مەنی) بەشەر دروست دەکات و کردوویەتی بەهۆی خزمایەتی، بێگومان پەروەردگاری تۆ بەردەوام دەسەڵاتی بێ سنوورە)).

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ (الروم: ٢١).

واتە: ((یەکێك لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایداو لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك بیردەکەنەوە و تێدە فکرن)).

﴿ ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴾ (السجدە: ٧).

واتە: ((ئەوخوایە زاتێکە هەموو شتێکی بەچاکی و ڕێکوپێکی بەدیهێناوە، لەسەرەتاوە ئادەمیزادی لە قوڕ دروست کردووە)).

﴿ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴾ (یس: ٧٩).

واتە: ((پێیان بڵێ: ئەو زاتەی کە یەکەمجار دروستی کرد، هەر ئەویش زیندووی دەکاتەوە، ئەو بەهەموو دروستکراوێك زانا و ئاگایە)).

﴿ خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْأَنْعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ ۚ يَخْلُقُكُمْ فِى بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ خَلْقًا مِّنۢ بَعْدِ خَلْقٍ فِى ظُلُمَٰتٍ ثَلَٰثٍ ۚ ذَٰلِكُمُ

ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴾ (الزمر: ٦).

واتە: ((خەڵکینە بیرتان نەچێت خوا ئێوەی لە تاکە نەفسێك هێناوەتە کایەوە لەوەودوا لەو تاکە نەفسە هاوسەرەکەشی فەراهەم هێناوە، لە مالاتیشدا هەشت جۆری دروست کردووە(لە ئایەتی ١٤٣، ١٤٤ لە سوورەتی الانعام دا ئاماژەی بۆ کردووە)، لەوەودوا لە سکی دایکتاندا ئێوە دروست دەکات بەچەند قۆناغێك، لەناو سێ تاریکیدا (مەبەست سێ پێستەکەیە کە کۆرپەلەی تێدا حەشاردراوە)، جا گۆڕانکاری بەردەوامە و گەورە بوون و جیابوونەوەی ئەندامەکان، تا ئەوەیە خوا، تا ئەوەیە پەروەردگارتان، خاوەنی هەموو بەدیهێنراوەکانە جگە لەو خوایەکی تر نیە، جا ئیتر بۆ کوێ لادەدرێن لە خواپەرستی)).

﴿ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ (فصلت: ٩).

واتە: ((ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: باشە ئاخر ئێوە باوەڕتان بەو زاتە نییە کە زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست کردووە؟ (ئەڵبەتە ئەو ڕۆژانە مەگەر خوا خۆی بزانێت درێژیی ماوەکەیان چەندە)، چەند هاوەڵێکیشی بۆ بڕیار دەدەن؟! ئەو بەدیهێنەر و دروستکارە پەروەردگاری هەر هەموو جیهانیان و بوونەوەرە)).

﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ (غافر: ٥٧).

واتە: ((بەڕاستی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی لە دروستکردنی خەڵکی زۆر گەورە و گرنگترە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە تێناگەن و پەی پێ نابەن و نایزانن)).

﴿ وَٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْفُلْكِ وَٱلْأَنْعَٰمِ مَا تَرْكَبُونَ ﴾ (الزخرف: ١٢).

واتە: ((هەر ئەو زاتە هەموو جووتەکانی (لە جیهانی ئادەمیزاد و زیندەوەران و روەك و بێ گیانەکاندا) دروست کردووە و بۆ ئێوەی ڕەخساندووە، هەروەها کەشتی و جۆرەکانی ئاژەڵی بۆ ڕام هێناون، تا بۆ سواریی سوودی لێ وەربگرن)).

﴿ أَفَعَيِينَا بِٱلْخَلْقِ ٱلْأَوَّلِ ۚ بَلْ هُمْ فِى لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ ﴾ (ق: ١٥).

واتە: ((ئایا ئێمە لە سەرەتا و یەکەم جاردا کە ئەو خەڵکەمان دروست کرد ماندوو بووین و گیروگرفت هاتە ڕێمان؟! نەخێر ماندوو نەبووین، بەڵکو ئەوان لە گوماندان بەرامبەر بە دروست بوونەوەیەکی تازە)).

﴿ وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰ ﴾ (النجم: ٤٥).

واتە: ((هەر ئەو زاتەش دوو جۆری دروست کردووە کە نێرو مێیە ...)).

﴿ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِن صَلْصَٰلٍ كَٱلْفَخَّارِ ﴾ (الرحمن: ١٤).

واتە: ((ئادەمیزادی دروستکردووە لە قوڕێکی وشك بوو، وەك فەخفوری)).

﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴾ (الملك: ٢).

واتە: ((هەر ئەو خۆی مردن و ژیانی بەدیهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە، کێتان کردەوەی چاکتر و پەسەندترە، هەر ئەویش زاتێکی بالادەستە بەسەر بێ باوەڕاندا، وە لێخۆشبووە لە ئیمانداران)).

﴿ أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ ﴾ (العلق: ١٤)، واتە: ((ئایا نەیزانیووە کە خوا دەیبینێت و ئاگای (لە گوفتار و کرداریەتی)).

﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴾ (الأعلى: ٢)، واتە: ((ئەو زاتەی هەموو شتێکی

دروستکردووە بەجوانی و ڕێکوپێك و تێرو تەواویی کردووە)).

﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِنْ عَلَقٍ ﴾ (العلق: ١-٢).

واتە: ((ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە (١) ئادەمیزادی لە چەند خانەیەکی هەڵواسراو (لەناو منداڵداندا) دروست کردووە)).

﴿ وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ﴾ (الليل: ٢)، واتە: ((سوێند بە ڕۆژ کاتێك دنیا ڕووناك دەبێت و تاریکی دەڕەوێنێتەوە)).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ... ﴾ (النساء: ١).

واتە: ((ئەی خەڵکینە لە خەشم و ناڕەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن کە ئێوەی لە تاکە نەفسێك دروست کردووە، هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناو لەو دووانە پیاوان و ژنانی زۆری خستۆتەوە و بڵاوکردەوە)).

﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٌ ۖ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾ (الأنعام: ١٠١)

واتە: ((بێگومان ئەو زاتە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە لە جوانترین و ڕێك و پێکترین شێوەدا، چۆن ڕۆڵەی دەبێت؟! خۆ ئەوزاتە هاوسەری نەگرتووە؟! بەڵکو هەموو شتێکی دروست کردووە، بەڕاستی ئەو زاتە بەهەموو شتێك زانایە)).

﴿ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ شَرِيكٌ فِى ٱلْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ فَقَدَّرَهُۥ تَقْدِيرًا ﴾ (الفرقان: ٢).

واتە: ((ئەو زاتەی کە هەموو ئاسمانەکان و زەوی مولْکی ئەودو هەر ئەو خاوەنیانە، کەسیشی نەکردووە بە رۆڵەی خۆی و کەسی نەکردووە بە شەریك و هاوبەش لە مەودای مولْك و دەسەلاْتیدا، هەموو شتێکی دروستکردووە بەئەندازە و قەبارە و شێوە و تام و بۆن و ڕەنگ و جیاوازی هەمەجۆر...هتد، نەخشەی ڕێك و پێکی بۆ هەموو شتێك داناوە(بە شێوەیەك کە پێویستیەکانی ئادەمیزاد دابین بکەن و لە خزمەتیدا بن)).

﴿ وَخَلَقَ ٱلْجَآنَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ ﴾ (الرحمن: ١٥).

واتە: ((چنۆ کەکانیشی لە بلْێسەی ئاگر دروست کردووە)).

﴿ ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴾ (آل عمران: ٤٧).

واتە: ((خوا چی بوێت، دروستی دەکات، هەر کاتێك شتێکی بوێت تەنها پێی بلْێ ببە، دەستبەجێ دەبێت)).

﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴾ (الأعراف: ١٩١).

واتە: ((ئایا کەسێك یان شتێك دەکەنە شەریك و هاوبەش کە ناتوانێت هیچ شتێك دروست بکات، لەکاتێکدا خۆشیان دروستکراون)).

﴿ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ ۗ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾ (النحل: ١٧).

واتە: ((ئایا ئەو زاتەی ئەم هەموو دروستکراوە سەر سوڕهێنەرانەی بەدیهێناوە، وەکو ئەو کەسە وایە کە ناتوانێت هیچ بەدی بهێنێت، ئایا ئەوە بۆ لێکی نادەنەوە و یاداوەری وەرناگرن؟)).

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْقَدِيرُ ﴾ (الروم: ٥٤).

واتە: ((خوا ئەو زاتەیە ئێوەی بە لاوازی دروست کردووە، ئەوسا خوا

هێز و دەسەڵاتێکت پێ دەبەخشێت، دوای هێز و توانایی دووبارە نۆرەی لاوازی و پیری دێت، بێگومان ئەو خوایە هەرچی بوێت دروستی دەکات، ئەو پەروەردگارە زاناو بە توانایە)).

﴿وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ وَيَخْتَارُ ...﴾ (القصص: ٦٨).

واتە: ((هەر پەروەردگاری تۆیە هەر چییەکی بوێت دروستی دەکات و هەڵی دەبژێرێت)).

﴿... وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ (النحل: ٨).

واتە: ((خوای گەورە جۆرە شتانێك دروست دەکات کە ئێوە نایزانن)).

دوای وردبوونەوە لەم ئایەتە پیرۆزانە دەبینین زۆر بە جوانی لە رووی واتاوە بەیەك بەستراونەتەوە و هەریەکەیان ئەویتر شی دەکاتەوە.

موسلیم لە سەحیحەکەی و ئەحمەدیش لە موسنەدەکەی لە ئەبو هوریرەوە دەگێڕنەوە، کە دەڵێت: ((خلق الله التربة يوم السبت، و خلق فيها الجبال يوم أحد، و خلق الشجر يوم الأثنين، و خلق المكروه يوم الثلاثاء، و خلق النور يوم الأربعاء، و بث فيها الدوابّ يوم الخميس و خلق آدم بعد العصر من يوم الجمعة في آخر الخلق في آخر ساعة من ساعات الجمعة فيما بين العصر الى الليل))، ((كان ولم يكن قبله شيء معه ولم يكن شيء معه، ولم يكن شيء غيره. أول ما خلق الله القلم ثم خلق اللوح المحفوظ ثم كتب فيه (إن رحمتى سبقت غضبي، خلق القلم و اللوح المحفوظ، و كتب فيه الذكر كل شيء)). پێغەمبەری خوا دەستی گرتم و فەرمووی "خوای گەورە لە ڕۆژی شەممە خاکی دروست کرد و لە ڕۆژی یەکشەممە چیاکانی تیادا دروست کرد، دار و درەختی لە ڕۆژی دووشەممە دورست کردن بەڵا و نەهەمەتی لە ڕۆژی سێ شەممە دروست کرد و رووناکی لە ڕۆژی چوارشەممە دروست کردو لە ڕۆژی پێنج شەممەشدا ئاژەڵی تێدا بڵاوکردەوە و پاشان لە کۆتایی ساتەکانی نێوان عەسر و شەوی

هەینیدا دواییین بوونەوەری دروست کرد کە ئەویش ئادەم بووە"، "لە پێش خوای گەورە هیچ شتێك نەبووە و هیچ شتێکیش لەگەڵ دا نەبووە، جگە لە ئەویش هیچ کەسێك نەبووە یەکەم شت پێنوسی دروست کرد[1] و ئینجا تابلۆی پارێزراوی (اللوح المحفوظ)ی دروست کرد، تێیدا نوسی (بەزەیی و میهرەبانیم پێش خەشم و تورەییم کەوت) پێنوسی دروست کرد و (اللوح المحفوظ) ی دروست کرد و هەموو شتێکی تێدا نوسی".

خوای گەورە زەوی و ئاسمانەکان و هەموو ئەو بوونەوەرانەی لە ناویدان دروستی کردووە، فریشتەکان و جنۆکەکان، بەهەشت و دۆزەخ و چیاکان و خۆر و مانگ و ئەستێرە و هەسارەکان و ئەستێرە کلکدارەکان و نەیزەك و پلازما و دەرەچە (کونە) رەشەکان.

﴿ ...كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ﴾ (الرحمن: ٢٩).

واتە: ((هەموو رۆژێ خوا لە ئەنجامدانی کارێکدایە)).

﴿ ... وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ (النحل: ٨).

واتە: ((خوای گەورە جۆرە شتانێك دروست دەکات کە ئێوە نایزانن)).

---

(١) زانایان رای جیاوازیان هەیە دەربارەی (یەکەم شتی دروستکراو)، هەندێك فەرموودەی پاستیش هەیە کە ئاماژە بە وە دەکات یەکەم شتێك کە دروستی کردووە پێنوس بووە، لە هەندێکی تریشدا هاتووە کە یەکەم شت تابلۆی پارێزراوە (اللوح المحفوظ).

سەیری کتێبە یەکەمەکان (الأوائل) بکە: وەك الاوائل ی ابن ابی عاصم و الطبرانی، وابن حجر، (محاسن الوسائل) ی شبلی، (الوسائل) ی سیوطی، (محاضرة الأوائل) ی علی دده بوسنوی و هەموو ئەم کتێبانە هەمووی چاپکراون جگە لە کتێبەکەی ابن حجر هەروەها سەیری کتێبی (العظمة) ی ابو الشیخ الاصبهانی بکە کە کتێبێکی زۆر گرنگە بۆ ئەم بابەتە.

خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿ قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ بَدَأَ ٱلْخَلْقَ ۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (العنكبوت: ٢٠).

لەم ئایەتەدا وشەی (قُلْ - بڵێ) فەرمانێکی داخوازییە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم)، واتە: خوای گەورە فەرمان بە بەندەکانی دەدات جاچ ئادەمیزاد بێت، یاخود جنۆکە، یان چ بڕوادار بێت، یاخود بێ باوەڕ، یان لە خواترس یان خراپەکار بێت، فەرمانیان پێ دەدا کە بگەڕێن بە زەویدا و لێکۆڵینەوە و تاوتوێنەوە ئەنجام بدەن.

لێرەدا مەبەست لە ڕۆیشتن و گەڕان، گەڕانی تێڕوانین و پەند وەرگرتنە، هەروەکو گوتراوە پەند وەرگرن ئەی خاوەن بینایی کان (فاعتبروا يا أولى الأبصار)، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێ: سەیرکەن (فەرمانی داخوازی سێیەم) لێرەدا خوای گەورە فەرمانی تێڕوانین و بیرکردنەوە بە بەندەکانی دەکات، کە چۆن خوای گەورە دەستی بە دروستکردنی بونەوەر کردووە و هەروەها چۆنیش لە دوا ڕۆژ زیندویان دەکاتەوە.

خوای دروستکار و بەدیهێنەر دەیەوێت بەندەکانی دڵنیابن و دڵیان ئاسوودە بێت، چونکە ئەوەی شتێك دەبیستێت لەوانەیە بڕوا نەکات، بەڵام ئەوەی بە چاوەکانی خۆی دەیبینێت، ئەوا دوو بەڵگەی لەبەر دەستە، هەروەها وتراوە: ئەوەی کەسی بینەرە وەك ئەو کەسە نییە کە دەیبیستێت، هەر بۆیە خوا دەفەرموێ:

﴿ لَوْ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا ... ﴾ (الأنبياء: ٢٢).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

واتە: ((ئەگەر لە هەردووکیاندا (لە ئاسمان و زەویدا) چەن خوایەکی تر هەبوایە جگە (اللە)، ئەوە کاول و وێران دەبوون و تێك دەچوون بەسەریەکدا)).

﴿ ...وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍۭ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾ (المؤمنون: ٩١).

واتە: ((هەرگیز خوا هیچ پەرستراوێکی تری (خوایەکی تری) لەگەڵدا نییە، چونکە ئەو کاتە هەر خوایەك دەچوو بەلای دروستکراوانی خۆیەوە و هەندێکی خۆی بڵند دەکرد بەسەر هەندێکی تردا (ئەوسا بوونەوەر تێکدەچوو)، پاکی و بێگەردی بۆ زاتی خوایە لەبەرامبەر ئەوشتانەوە کە(خوانەناسان) هەڵی دەبەستن و دەیڵێن)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾ أَمْ خَلَقُوا۟ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ ﴾ (الطور: ٣٥-٣٦).

واتە: ((ئایا ئەوانە بەبێ هیچ شتێك، هیچ هۆیەك، هاتوونەتە کایەوە؟! یان هەر خۆیان دروستکارن؟! (٣٥) یان ئەو بێ باوەڕانە ئاسمانەکان و زەویان دروستکردووە؟ نەخێر، ئەوانە هەر دڵنیا نابن)).

پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە هەرچەند سوپاس و ستایشی بکەین کۆتایی نایەت و هەر خۆی بەرز و پیرۆزە هەروەکو چۆن خۆی وەسفی خۆی کردووە.

پرسی بەدیهێنان و دروستکردنی بوونەوەر یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگ و پڕبایەخەکان لای موسڵمانان، جاری وا هەبووە خەڵکانێك لە یەمەن هاتوون و مانگێك بە ڕێگاوە بوون و مانگێکیش لە گەڕاوەنەوەدا

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بوون، بۆ ئەوەی بزانن چۆن خوای گەورە لە سەرەتا بوونەوەری دروست کردووە، هەروەها جاری وا هەبووە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕۆژێکی تەواو وتاری بۆ موسڵمانان داوە دەربارەی ئەو پرسە، بە بێ پچڕان تەنها لە کاتی نوێژکردن نەبێت.

بوخاری لە (عومەری کوڕی خەتاب)ـەوە بۆمان دەگێڕێتەو و دەڵێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەناومان هەڵسایەوە باسی سەرەتاکانی دروستکردنی بوونەوەری بۆ کردین، تا خەڵکی بەهەشت چوونە ناو ماڵەکانیان لە بەهەشت و خەڵکی دۆزەخیش چوونە شوێنی خۆیان لە دۆزەخ، جا هەندێك لەبەریان کردوو و هەندێکیش لەبیریان چووەوە)).[1]

بوخاری لە سەحیحەکەیدا[2] لە (عمرانی کوڕی حصین)ـەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کۆمەڵێك لە هۆزی تەمیم هاتنە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئەویش پێی فەرموون: "موژدەتان لێ بێت ئەی بەنی تەمیم" ئەوانیش گوتیان مژدەت پێ داین و پێمان ببەخشە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕەنگی گۆڕا، ئینجا خەڵکی یەمەن هاتن و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "ئەی خەڵکی یەمەن ئەو موژدەیە قبوڵ بکەن کە (بەنو تەمیم) قبوڵیان نەکرد"، ئەوانیش گوتیان قبوڵمان کرد، ئینجا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەستی کرد بە باسی دروستکردنی بوونەوەر و عەرش،

---

(١) سەیری "الفتح"ی (٣٥٢/٦)ی بکە، کتێبی (بدء الخلق باب (١) حدیث (٣١٩٢).

(٢) الفتح (٣٥١/٦) كتاب بدء الوحي (٣١٩٠)، باب: ما جا في قوله تعالى: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ ...﴾.

پاشان پیاوێك هات و گوتی: ئەی عمڕان ولّاخەکەت رای کرد. عەمڕان لە گێڕانەوەی بابەتەکە دەڵێت: "خۆزگە هەڵنەستابام". ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هاوەڵان چەند بە پەرۆش بوونە بۆ زانینی سەرەتا و چۆنیەتی دروستبوونی بوونەوەر.

پێشەوا احمد لە (عومەری کوڕی خەتتاب)ـەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نوێژی بەیانی بۆ کردین و ئینجا چووە سەر مینبەر و وتارێکی بۆ داین تانیوەڕۆ، ئینجا دابەزی و نوێژی نیوەڕۆی بۆ کردین و پاشان چووە سەر مینبەر بۆ تەواوکردنی وتارەکەی، لە کاتی عەسر دابەزی و نوێژی عەسری بۆ کردین دیسان دەستی کرد بە تەواوکردنی وتارەکەی تا خۆر ئاوابوو، لە وتارەکانی باسی دروستکراوان و بوونەوەری بۆ کردین و ئێمەش فێر بووین و لەبەرمان کرد[1].

ئەمە لە چەندین بۆنە و زیاتر لە جارێك دووبارە بۆتەوە.

هەروەها موسڵمانە پێشینەکان پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەکرد دەربارەی سەرەتای دروستکردن، ئاسمانەکان، زەوی، فریشتەکان، جنۆکەکان.. ئەویش بە ڕوونی وەڵامی دەدانەوە.

(١) مسند الامام احمد (٢٢٣٨١).

سەرەتای دروستکردن

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

یەکەم دروستکراو

یەکەم شت کە خوا دروستی کرد "پێنوس" بوو.
عوبادەی کوڕی الصامت دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: "أول ما خلق الله القلم" یەکەم شت کە خوای گەورە دروستی کردووە پێنوسە"[1]

کەی خوای گەورە پێنوسی دروست کرد؟

پێشەوا احمد و ترمذی لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی "إن أول ما خلق الله تبارک وتعالی القلم،

---

(١) پێشەوا احمد لە موسنەدەکەی (٣١٧/٥) گێڕاویەتییەوە، هەروەها ابن ابي عاصم لە "السنة" (١٠٣) و لە "الاوائل" (٥) ژمارە (٢،١) و الطبرانی لە "الاوائل" (١) (لا ٢٢)، وابن جرير لە (التفسير) (١١/٢٨) والطبرانی لە "الكبير" (٦٨/١٢) و ابو نعيم (١٨١/٨) والبيهقی لە "السنن الكبرى" (٣٩/٩ ولە (الأسماء والصفات" (٢٣٨/٢) ژمارە (٨٠٣، ٨٠٤) أبو يعلى (٢١٧/٤) و ابن جرير لە "التاريخ" (١٧/١) وعبدالله بن احمد لە "السنة" (٣٩٣/٢) و ابن ابی شيبه (١١٤/٤) وابن وهب القرشی لە "القدر" والأجری لە "الشريعه" (١٧٨، ١٧٩) والحاكم لە "مستدركه" (٤٩٨/٢) والترمذي (٢١٥٥، ١٣٧٩) وابن عساكر (١٤٨/٧) وأبو داود الطياسی لە "مسنده"(٥٧٧) وابن عدی (٢٢٧٢/٦) وابن حبان لە "روضة العقلاء" (١٣٥) والدارمي لە "الرد على الجمهية" (٢٥٣) ولە "الرد على المريسی" (١٩٨) هی تر.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ثم قال له: اكتب فجرى في تلك الساعة بما هو كائن الى يوم القيامة..." یەکەم شت کە خوای گەورە دروستی کرد پێنوسە، ئینجا پێی فەرموو: بنوسە، ئینجا دەستی بە نوسین هەموو دروستکراوەکان کرد تا ڕۆژی دوایی "(١).

هەروەها عوبادەی کوڕی صامت دەڵێت لە پێغەمبەری خوام بیست (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "یەکەم شتی دروستکراوی دەستی خوای بەرز و پیرۆز پێنوسە، ئینجا پێی فەرموو: بنوسە، پێنوسەکەش گوتی: چی بنوسم؟ خوای گەورە فەرمووی: هەرچی دروستکراوە و دروست دەکرێت تا ڕۆژی دوایی بینوسە"(٢).

هەروەها ئەبو هورەیرە دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام بیستووە (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: "یەکەم شت کە خوا دروستی کرد پێنوس بووە، ئینجا (تێنوس)ی دروست کرد، پێی فەرموو بنوسە، پێنوسەکە گوتی: چی بنوسم؟ خوای گەورە فەرمووی هەرچی دروست دەکرێت و دروست کراوە لە کار و رزق و ڕۆزی و ئەجەل. بینوسە. ئەویش نوسی تا ڕۆژی دوایی"، ئەمەش فەرمایشت و سوێندی خوای گەورەیە ﴿نٓ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾(القلم: ١).

واتە: ((نون: سوێند بە پێنوس و بەو دێڕانەی دەینوسن)).

لە گێڕانەوەیەکی تر ئیبن عباس دەڵێت: "خوای گەورە (نون)ی دروست کرد کە تێنوسە، پێنوسیشی دروست و پێی فەرموو: بنوسە: گوتی چی بنوسم؟ خوای گەورە فەرمووی: هەرچی دروستکرا و بوونەوەرە تا ڕۆژی دوایی لە کار و کردەوە جا چ چاك بێت یاخود خراپ لە رزق و ڕۆزی بەشکراو جا چ حەڵاڵ بێت یاخود حەرام، پاشان لە هەموو شتێکەوە لە هاتنە دونیاوە تا مانەوەی تێیدا و چۆنیەتی

(١) مسند الإمام أحمد (٢٢١٩٧)

(٢) تفسير الطبري (ج ٢٥ لا ١٥٦).

دەرچوونی لێی، ئینجا فریشتەی پارێزەری بۆ بەندەکانی دانا و کتێبەکەش خەزێنەی هەیە، فریشتەکان هەموو ڕۆژ کار و کردەوەی ئەو ڕۆژە کۆپی دەکەن گەر رزق و ڕۆزیەکە نەما و شوێنەواری بزربوو و ئەجەلیش تەواوبوو، فریشتەکان دێنە لای فریشتەی سەرپەرشتیاری خەزێنە و داوای کار و کردەوەی ئەو ڕۆژە دەکەن، سەرپەرشتیاریش پێیان دەڵێت: هاوەڵەکەتان هیچ شتێکی لای ئێمە نییە، ئینجا فریشتەکان دەگەڕێنەوە و دەبینن مردووە".

ئینجا ابن عباس گوتی ئایا نەتانبیستووە فریشتەکان دەڵێن:

﴿إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾(الجاثية: ٢٩)، واتە: "بە ڕاستی ئێمە وەك خۆی نوسیومانەتوە (وێنەمان گرتووە) ئەوەی کە ئێوە دەتانکرد".

ئایا لەبەرگرتنەوە (کۆپی کردن) تەنیا لەسەر وێنە بنەڕەتییەکە (النسخة الاصلية) نابێت[1]؟

زاناکان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی یەکەم دروستکراو: گرنگترینیان نەمانەن:

١- یەکەم: پێنوس یەکەم دروستکراوە بە ڕەهایی، ئەمە ڕای ابن جریر و ابن الجوزیە، ئێمەش لەبەر بوونی بەڵگەی زۆر لەسەری، ئەم خاڵە بە باشترینی دادەنێین.

٢- دووەم: یەکەم دروستکراو (ئاو)ـە[2].

ابن جریر الطبری باسی کردووە و ابن کثیریش لەوەوە گواستوویەتیەوە و هەروەها ابن حجر لە "الفتح" بەڵگەی بەوە هێناوەتەوە کە پێشەوایان

---

(١) مسند الإمام أحمد (٢٢١٩٩).

(٢) البداية والنهاية (٩/١) الفتح (٢٨٩/٦).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

وتەکەی نەداوەتە پاڵ هیچ کەس، لە کاتێکدا ئەمە یەکێکە لەو کارانەی کە ناتوانرێت درکیان پێ بکرێت و بزانرێت، تەنیا لە رێگەی خوا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەبێت. أ - هـ.

بەڵام رای یەکەم (پێنوس یەکەم دروست کراوە) کە ابن جرير و چەندانی تر لە پێشنییەکان و هەروەها زانای نوێخواز ناصرالدين الالبانی (خوا لێی رازی بێت) بە باشترین ڕایان داناوە.

ابن جرير (خوا لێی رازی بێت) دەڵێت[1]: ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کە ئاماژەمان پێکرد لە هەموو وتەکانی تر نزیکترە لە ڕاستی، چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە هەموو کەس داناتر و زاناترە لەم بوارەدا، هەروەها ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی کردووە بە پێشەنگی دروستکردنی "پێنوس" بەڵکو وتەکەشی گشتگیرە کە دەفەرموێ: "إن أول شيء خلقه الله القلم"، واتە: (یەکەم شت کە خوا دروستی کرد پێنوسە) کەواتە هیچ شتێك پێش پێنوس دروست نەکراوە، نە ئاو، نە عەرش..

ئەو وتەیەش پشت ڕاستتر دەبێت بە وتەکەی شێخ الالبانی (خوا لێی رازی بێت) کە دەڵێ: "ئەو فەرموودەیە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی ئاماژە بەوە دەکات کە پێنوس یەکەم دروستکراوە، ئینجا فەرمانی پێ دراوە کە هەموو شتێکی دروستکراو و بنوسێت تەنانەت بە عەرشیشەوە.

لای من ڕاستترە کە پێنوس پێش عەرش دروست کراوە، هەروەها ئەو فەرموودەیە وەڵامدانەوەیەك و بەپەرچدانەوەیەکی تێدایە بۆ ئەو زانایانەی کە دەڵێن: رووداوەکان بێ سەرەتان و هەموو دروستکراوێکیش دروستکراوێکی تری لە پێشە، واتە: بێ کۆتایی[2].

---

(١) التاريخ (٣٥/١، ٣٦)

(٢) شرح الطحاوية (٢٦٥) ژمارە (٢٧١) چاپی ٨ المكتب الاسلامی - بيروت

ابن جریر له پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: که پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی "إن الله كان عرشه على الماء ولم يخلق شيء قبله"[1]، واته: (خوای مەزن عەرشی لەسەر ئاو بوو له پێش عەرشیش هیچ شتێکی دروست نەکرد بوو".

پاشان ئاوەکەی وشك کردوو و زەوی و ئەوەی لەسەریەتی به زیندەوەرە دروست کرد، پاشان ئاسمانەکان و دروستکراوەکانی ناوی دروست کرد و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و هەسارەکانی له هەڵمی ئاوەکه دروست کرد[2].

---

(١) فەرموودەکه "إن الله كان عرشه على الماء" واته: (خوای گەورە عەرشەکەی لەسەر ئاو بووه) هەموو کۆکن لەسەری (متفق عليه) بەڵام "لم يخلق شيء قبل الماء" واته: "هیچ شتێکی له پێش ئاو دروست نەکردبوو"، ئەوه الطبری و کەسانی تر دەریانهێناوه (الالبانی)یش له (مختصر العلو) دەڵێت: سەنەدەکەی باشه.

(٢) له بەرگرنگی بگەڕێوه بۆ وتەکانی الحافظ ابن حجر له (الفتح الباري) (٦/٢٨٩) دەربارەی ڕێکخستنی بوونی دروستکراوەکان لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی گرنگەکان.

ئـــاو چـیـیە؟

ئاو مایەی ژیانە، بەهۆیەوە مرۆڤ و ئاژەڵان دەژین و رووەکەکان گەشەدەکەن، بە بێ ئاو، هەرچی بوونەوەرە لەناو دەچێت.
خوای گەورە لە دوو گاز ئەو شلەیە روون و بێ ڕەنگ و بێ تام و بێ بۆنەی بۆ دروستکردین کە سازگارە و ئاسانە بۆ خواردنەوە.

بەسەرهاتی منداڵێک لەگەڵ یەکێک لەداناکان:

منداڵێك لە یەکێك لە پیاوە داناکانی پرسی: بەڕێزم ئاو چییە؟ پیاوە داناکەش وەڵامەکەی دواخست بۆ بەیانی، تاوەکو بگەڕێت و تۆڕینەوە بکات لەسەر بنچینە و سەرچاوەی ئاو، منداڵەکە بۆ بەیانی لەکاتی خۆیدا هات و پرسیارەکەی دووبارە کردەوە و گوتی: بەڕێزم ئاو چییە؟ پیاوە داناکە وەڵامی دایەوە گوتی: ڕۆڵەکەم ئاو ئاوە، ئینجا منداڵەکە ڕۆیشت و لە بەرخۆیدا دەیگوت:

وبات طول الليل يقدح ذهنه　　وفسر الماء بعد الجهد بالماء

بەم شێوەیە ئەم دێڕە شیعرە زانایانی بواری کیمیای هاندا بۆ ئەوە لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر پێکهاتەی ئاو، تا بزانن لە چی پێکهاتووە و لەچی دروستکراوە و لە تاقیگەدا تاقیکردنەوەی زۆریان لەسەر کرد، تا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئاو لە هەردوو گازی (هایدرۆجین و ئۆکسجین بەڕێژەی ١:٢) پێکهاتووە و هێما کیمیاییەکەی (يد ١٢) ئەمە لە کاتێکدا ئەو نمونە ئاوەی بۆ شیکردنەوە بەکاریان هێناوە، نمونەیەك بوو لە ئاوێکی زۆر خاوێن و بێگەرد و دوور لە هەموو ماددەیەکی تواوە تێیدا کە TDS ی دەگاتە کەمتر لە (١٠،٠) لە میلیۆنێکدا، دوای ترشاندنی بەکارەبا ئاوەکەش

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

شی بۆوە و هایدرۆجین لە جەمسەری موجەبی و ئۆکسجین لە جەمسەری سالب لە یەکتری جیابوونەوە بە ڕێژەی ١:٢.

لە تاقیکردنەوەیەکی تری پێچەوانەدا تەزوویەکی کارەبایان لە تێکەڵێك لەم دووگازە (هایدرۆجین و ئۆکسجین) دا، بە هەمان ڕێژەی پێشوو ١:٢ لە ئەنجامدا گازی هایدرۆجین گڕی گرت و لەگەڵ ئۆکسجینەکە دڵۆپی ئاویان دروستکرد و گازەکان نەمان، ئەمە بووە پوختەیەك دەربارەی ئاوی سازگار کە بۆن و تام و ڕەنگی نییە، هەرچی ئاوی دەریا و زەریاکانە کە دەرکەوتووە ئاوەکەیان سوێرە و هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە.

دەرکەوتووە کە ئاو، چوار لە پێنجی ڕووبەری زەوی دادەپۆشێت بەڵام پاش تێکەڵبوونی لەگەڵ خاك خوێیەکی زۆری تێدا توایەوە، بەتایبەت ئەوەی کە ناوی دەبەین خوێی چێشت (کلۆریدی سۆدیوم) هەروەها تفتە توێنەرەکانی وەك پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم و هی تر و هەروەها چەندین ترش وەك کبریتەکان و فۆسفات و کاربۆنەکان بەم توانەوەش ئاوەکە بووە ئاوێکی سوێر و خوای گەورە کردیە ژینگەیەکی گونجاو بۆ ماسی و گیانەوەرە دەرییە سوودبەخش و زیانبەخشەکان، هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

﴿ وَمَا يَسْتَوِي ٱلْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَآئِغٌ شَرَابُهُۥ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ (فاطر: ١٢).

واتە: ((هەردوو جۆرە دەریا وەکو یەك نین، یەکێکیان ئاوی سازگار و خۆش، ئەوی تریان سوێر و تاڵ، لە هەردووکیان گۆشتی تەڕ و تازە دەخۆن، جۆرەها شتی گرانبەها (وەك گەوهەرو مرواری و یاقووت و . هتد) دەردەهێنن و

هەبەری دەکەن و خۆتانی پێ دەڕازێننەوە، ئینجا کەشتییەکان دەبینیت ئاوەکە لەت دەکەن، تا لە بەخششەکانی پەروەردگار بەهرەوەر ببن، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاریش بن)).

بەم شێوەیە لە ٥٨ شوێن لە قورئانی پیرۆزدا ناوی (ئاو) هاتووە و تێیدا (٢٤) جۆری دیاری کردووە هەروەکو لە فەرهەنگی زاراوەکانی قورئانی پیرۆزدا (معجم ألفاظ القرآن الكريم)دا هاتووە:

١- ئـــاوی خواردنەوە، وەك دەفەرموێ:

﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً لَّكُم مِّنْهُ شَرَابٌ وَمِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ تُسِيمُونَ ﴾ (النحل: ١٠).

واتە: ((پەروەردگار) ئەو زاتەیە کە لە ئاسمانەوە بارانتان بۆ دەبارێنێت و لێی دەخۆنەوە، هەروەها تێکەڵ بە جۆرەها شەربەت و شلەمەنیش دەیخۆنەوە و دەبێتە هۆی روان و گەشەکردنی درەخت و گژوگیا و مالاتی تیادا دەلەوەڕێنن)).

٢- المـــاء الفرات:

ئاوێکی زۆر سازگارە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿ وَأَسْقَيْنَٰكُم مَّآءً فُرَاتًا ﴾ (المرسلات: ٢٧) واتە: ((ئاوی سازگارمان پێشکەش کردوون بۆ خواردنەوە)).

٣- المـــاء غير الأسن:

واتە: ئاوێکی نەگۆڕاو و بەردەوام لەبەری دەڕوات و دوورە لە پیس بوون،

وەك ئاوی رووبارەكانی بەهەشت ﴿ ... فِيهَآ أَنۡهَٰرٞ مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٖ ... ﴾ (محمد: ١٥)، واتە: ((لە بەهەشت چەندەها روباری تێدایە لە ئاوی سازگاری تام و بۆن نەگۆڕاو)).

٤- الماء السلسبيل:

ئاوێكی زۆر سازگارە لە كانیاوێكی بەهەشت هەڵدەقوڵێت ناوی (سلسبیل)ـە ئاەوكەی زۆر بە سادەیی و سانایی بەناو قورگدا تێدەپەڕێت ﴿ عَيۡنٗا فِيهَا تُسَمَّىٰ سَلۡسَبِيلٗا ﴾ (الإنسان: ١٨)، واتە: ((سەرچاوەیەكە لە بەهەشت بە (سەلسەبیل) ناودەربرێت)).

٥- الماء المبارك (ئاوی بە پیت و بەرەكەت):

ئەو ئاوەیە زەوی لە دوای مردنی زیندوو دەكاتەوە و كشتوكاڵ دەڕوێنێت و خێر و خۆشی بڵاودەكاتەوە: ﴿ وَنَزَّلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ مُّبَٰرَكٗا فَأَنۢبَتۡنَا بِهِۦ جَنَّٰتٖ وَحَبَّ ٱلۡحَصِيدِ ﴾ (ق: ٩)، واتە: ((لە ئاسمانەوە ئاوێكی بەپیت و بەرەكەتمان هەردەم دابەزاندووە جا بەهۆی ئەوەوە چەندەها باخ و دانەوێڵەی ئەو كشتوكاڵانەی كە درەو دەكرێن ئەروێنین)).

٦- الماء الطهور:

ئاوێكی زۆر پاك و سازگارە كە نوێژ و چەندان جۆری تری خواپەرستی پێ ئەنجام دەدرێت وەك تەوافكردن و قورئان خوێندن ﴿ ... وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ طَهُورٗا ﴾ (الفرقان: ٤٨)، واتە: ((لە ئاسمانەوە ئاوێكی پاك و خاوێن و پاككەرەوەمان بۆ ناردوون)).

٧- المـــاء المسكوب:

بريتييه له نمه بارانى نەرم كه بەسووده بۆ زەوى و نەرمى دەكاتەوه له هەمان كاتيش ئارامى دەبەخشێت به چاو و جەسته ﴿ وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ ﴿٣٠﴾ وَمَآءٍ مَّسْكُوبٍ ﴾ (الواقعة: ٣٠-٣١)، واته: ((سێبەرێكى بەردوام، ئاوێكى نەرم و رەوان)).

٨- المـــاء الغدق:

واته ئاوێكى زۆر و زەبەند و پڕ بەرەكەته ﴿ وَأَلَّوِ ٱسْتَقَٰمُوا۟ عَلَى ٱلطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَٰهُم مَّآءً غَدَقًا ﴾ (الجن: ١٦)، واته: ((جا ئەگەر ئەوخەڵكه رێگەى ئيسلامەتى و ديندارى بگرنه بەر، ئێمه بارانى پڕ بەرەكەتيان بەسەردا دەبارێنين)).

٩- المـــاء المعين:

ئاوێكى زوڵاڵ و سازگاره دەڕژێته سەر زەوى و به ئاسانى دەست دەكەوێت، جا چ له ڕێگاى بير بێت، ياخود كانياوەكان كه شياوه بۆ خواردنەوه و كشتوكاڵ كردن: ﴿ ... فَمَن يَأْتِيكُم بِمَآءٍ مَّعِينٍ ﴾ (الملك: ٣٠). واته: ((ئەوسا كێ ئاوێكى زوڵاڵى رەوانتان بۆ دێنى؟)).

١٠- المـــاء المنهمر:

بريتييه له بارانى به لێزمه و دريژخايەن و زيانبەخش كه دەبێته هۆى له ناوبردنى كشتوكاڵ ﴿ فَفَتَحْنَآ أَبْوَٰبَ ٱلسَّمَآءِ بِمَآءٍ مُّنْهَمِرٍ ﴾ (القمر: ١١). واته: ((ئەوسا ئيتر ئێمه دەروازەكانى ئاسمانمان هاوڕێ له گەڵ ئاوێكى بەخوڕدا كردەوه)).

١١- الماء الثجاج:

ئاوی ڕۆیشتووی بەخۆڕ یاخود بارانی زۆر ﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلْمُعْصِرَٰتِ مَآءً ثَجَّاجًا ﴾ (النبأ: ١٤)، واتە: (((ئایا) لە هەورە گوشراوەکان بارانێکی زۆرمان نەباراندووە؟)).

١٢- مياه الينابيع:

بریتییە لە ئاوی باران کە لەناخی زەیدا کۆ دەبێتەوە و بە ڕێچکەکانیدا دەڕوات و ئینجا دەتەقێتەوە و کانیاوی سازگاری لێ دروست دەبێت: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِۦ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥ ... ﴾ (الزمر: ٢١).

واتە: ((ئایا تۆ نەتبینیوە و سەرنجت نەداوە: بەڕاستی خوا لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، لەوەودوا لەناو ناخی زەویدا کۆی دەکاتەوە، پاشان بەشێوەی کارێز و کانی دەریدەهێنێت، ئەوسا هەر بەو ئاوە کشتوکاڵی هەمەجۆر و هەمەڕەنگ دەروێنێت)).

١٣- ماء مدين (ئاوی مەدیەن):

ئاوی بیرەکانی مەدیەن و چیرۆکی پێغەمبەر موسا (سەلامی خوای لێ بێ) کاتێك میسڕی جێهێشت ﴿ وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسْقُونَ ... ﴾ (القصص: ٢٣).

واتە: ((کاتێك گەیشتە ئاوەکەی مەدیەن، خەڵکێکی بینی ماڵاتەکانیان ئاودەدا)).

١٤- الماء المغيض:

بریتییە لەو ئاوەی کە دادەبەزێتە سەر زەوی و پاشان وردە وردە کەم دەبێت و ڕۆدەچێت و نامێنێت ﴿ وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ ... ﴾ (هود: ٤٤).

واتە: ((فەرماندرا بە زەوی: ئاوەکەت با ڕۆبچێت بەناختدا، ئەی ئاسمان: تۆش با بەس بێت و باران مەبارێنە، ئیتر ئاوەکە ڕۆچوو)).

١٥- الماء الغور:

ئەو ئاوەش وەکوی ئاوی (المغيض) کە ڕۆدەچێتە ناو ناخی زەوی و نامێنێ و هیچ سودێکی نابێت ﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَصۡبَحَ مَآؤُكُمۡ غَوۡرٗا فَمَن يَأۡتِيكُم بِمَآءٖ مَّعِينِۭ ﴾ (الملك: ٣٠).

واتە: ((پێیان بڵێ: هەواڵم بدەنێ باشە ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆچوو، کێ جگە لە خوا دەتوانێت ئاوی سازگار و ڕەوانتان بۆ بەدەست بهێنێتەوە؟!)).

١٦- ماء الأرض (ئاوی زەوی):

بریتییە لەو ئاوەی کە بەر لە دروستکردنی زەوی دروست کراوە، لە خولگە جێگیریەکەی خۆی تا ڕۆژی دوایی دەمێنێتەوە ﴿ وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءَۢ بِقَدَرٖ فَأَسۡكَنَّٰهُ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ ... ﴾ (المؤمنون: ١٨).

واتە: ((هەر ئێمە لە ئاسمانەوە بە ئەندازە و نەخشەیەکی دیاریکراو بارانمان باراندووە، و ئینجا لە ناخی زەویدا جێگیرمان کردووە)).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

١٧- الماء السراب:

ئەم جۆرەیان ئاوی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو سەرابە و فێڵە لە چاو ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَعۡمَٰلُهُمۡ كَسَرَابِۭ بِقِيعَةٖ يَحۡسَبُهُ ٱلظَّمۡـَٔانُ مَآءً ... ﴾(النور: ٣٩). واتە: ((ئەوانەی کە ڕێبازی کوفریان گرتۆتەبەر کردەوەکانیان وەک تراویلکە و سەرابێك وایە لە بیابانێکدا بریسکە بداتەوە کەسێکی تینوو وا بزانێت ئاوە)).

١٨- الماء الأجاج:

ئاوێکی زۆر سوێرە و بۆ خواردنەوە ناشێت ﴿ ... هَٰذَا عَذۡبٞ فُرَاتٞ وَهَٰذَا مِلۡحٌ أُجَاجٞ وَجَعَلَ بَيۡنَهُمَا بَرۡزَخٗا وَحِجۡرٗا مَّحۡجُورٗا ﴾ (الفرقان: ٥٣). واتە: ((ئەمەیان شیرین و خۆش و سازگار، ئەوی تریان سوێر و تفت و تاڵە، لەنێوانیاندا بەربەست و کۆسپی فەراهەم هێناوە ناهێڵێت تێکەڵ ببن)).

١٩- الماء الدافق:

مەبەست لێی ئاوی پیاوە، ﴿ خُلِقَ مِن مَّآءٖ دَافِقٖ ۝٦ يَخۡرُجُ مِنۢ بَيۡنِ ٱلصُّلۡبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴾ (الطارق: ٦-٧)، واتە: ((دروستکراوە لە ئاوێکی فڕێدراو و فیچقە کراو واتا هەڵقوڵاو (٦) لە نێوان بڕبڕەکانی پشت و ئێسکەکانی سینەدا دەردەچێت)).

٢٠- الماء المهين:

سیفەتێکی تری ئاوی پیاوە ﴿ ثُمَّ جَعَلَ نَسۡلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ ﴾ (السجدە: ٨)، واتە: ((پاشان زنجیرەی نەوەکانی مرۆڤی لە ئاوێکی سادە و بێ نرخ بەدیهێناوە)).

٢١- المـاء الصـديد:

خواردنەوەی خەڵکی دۆزەخە کە بریتییە لە کێم و زوخاوی جەستەیان کە لەبەریان دەڕوات. ﴿ مِّن وَرَآئِهِۦ جَهَنَّمُ وَيُسْقَىٰ مِن مَّآءٍ صَدِيدٍ ﴾ (إبراهيم: ١٦)، واتە: ((هەریەك لەوانە) لە داهاتوودا دۆزەخ چاوەڕێیەتی و تیایدا کێم و زووخاوی دەرخوارد دەدرێت)).

٢٢- مـاء المـهـل:

بریتییە لە ئاوێکی زۆر پیس ﴿ ... وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَآءٍ كَٱلْمُهْلِ يَشْوِى ٱلْوُجُوهَ ... ﴾ (الكهف: ٢٩)، واتە: ((خۆ ئەگەر هاوار بکەن لە ئازار و تینوێیەتیدا، ئەوە ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش کە وەکو خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان هەڵدەکوڕوزێنێت و دەیبرژێنێت)).

٢٣- المـاء الحميم:

ئاوێکی یەکجار کوڵا و زۆر گەرمە ﴿ ...وَسُقُوا مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ ﴾ (محمد: ١٥)، واتە: ((ئاوی لەکوڵ دەکرێت بەگەرووياندا، کە ریخۆڵەکانیان پارچە پارچە و تۆز تۆز دەکات)).

هەروەها زانا ئاینییەکان زۆر باسیان لە بوونی ئاو و بەشەکانی کردووە بەشێوەیەك لەلایەنی فیقهییەوە دابەشیان کردووە بۆ چەند بەشێك بەم شێوەیە خوارەوە:

بەشی یەکەم: الماء المطلق [ئاوی ڕۆیشتو]:

ئاوێکی پاکە و لە هەمان کاتدا پاککەرەوەیە، حوکمەکەشی ئەوەیە کە پاکە و دەکرێت بە چەند بەشەوە:

- ئاوی باران و بەفر و تەرزە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿... وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ...﴾ (الأنفال: ١١).
واتە: ((خوای گەورە ئاوێکی لە ئاسمانەوە بەسەرتاندا باراند بۆ ئەوەی خاوێنتان بکاتەوە پێی)). هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "اللهم اغسلني من الخطايا بالثلج والماء والبرد" [١]، واتە: (خوایە گیان لە تاوانەکانم پاکم بکەیەوە بە ئاو و بەفر و تەرزە).

- ئاوی دەریا: دەربارەی ئاوی دەریا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "هو الطهور ماؤه الحل ميته" [٢]، واتە: (ئاوەکەی پاکە و گۆشتی مردووەکانیشی (وەك ماسی) حەڵاڵە).

- ئاوی زەمزەم: ئەو ئاوەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لێی دەخواردەوەو دەست نوێژی لێ هەڵدەگرت، هەروەکو دەفەرموێ: "ماء زمزم لما شرب له" [٣]، واتە: (ئاوی زەمزەم بۆ ئەو نیەتەیە، کە بۆی دەخورێتەوە).

- ئەو ئاوەی کە بە درێژایی مانەوەی دەگۆڕێت و قەوزە و گەڵای داری تێدایە، لە جۆری ئاوی پاکە.

---

(١) موسلیم دەریهێناوە ژمارەی فەرموودە (٥٩٨).

(٢) "سنن الترمذي" ژمارەی فەرموودە (٦٩)، "سنن النسائي" ژمارەی فەرموودە (٥٩) ئەلبانی بەڕاستی داناوە.

(٣) سنن ابن ماجه (٣٠٦٢).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەشی دووەم: [ئاوی بەکارهاتوو]:

بریتییە لەو ئاوەی کە لە دەستنوێژ هەڵگرتن دەمێنێتەوە، حوکمەکەشی ئەوەیە کە پاکەو و وەکو جۆرەکەی پێشوو، هەروەکو لە کردەوەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ مان ماوەتەوە (لە پاشماوەی ئاوی دەستەکانی کە دەستنوێژی دەشوشت، سەری مەسح دەکرد)[1].

هەر کەسێك مەسحی سەری لە بیرکرد و تەڕایی بە ڕیشیەوە مابوو، ئەوا بەسییەتی بۆ مەسحی سەری.

بەشی سێیەم: ئەو ئاوەی لەگەڵ شتی پاک تێکەڵ بووە:

بریتییە لەو ئاوەی هەندێك شتی لەگەڵ تێکەڵ بووە و لێی جیانابێتەوە، وەك سابوون و زەعفەران و ئارد، بەڵام ئەگەر ڕێژەکەی زۆر بوو، ئەوا ئاوەکە بۆ خۆی پاکە، بەڵام پاککەرەوە نییە.

بەشی چوارەم: ئەو ئاوەی پیس بووە، ئەویش دوو جۆرە:

- ئەگەر پیسیەکە ڕەنگ و تام و بۆنی گۆڕی، ئەوا هەموو زانایان کۆکن لەسەر ئەوە کە ناکرێت خۆتی پێ پاك بکەیتەوە.
- ئەگەر ئاوەکە وەك خۆی مایەوە و هیچ کام لە سیفەتەکانی نەگۆڕی (ڕەنگ، تام، بۆن) ئەوا حوکمەکەی پاکە و پاککەرەوەشە[2].

---

(١) الامام احمد دەریهێناوە (٢٦٤٧٦) شێخ ئەلبانیش بە ڕاستی داناوە.

(٢) ئەم دابەشکردنە لەسەر مەزهەبی پێشەوا شافعییە (خوا لێی ڕازی بێت) هەرچی سێ مەزهەبەکەی تریشە، ئەوا ڕای جیاواز هەیە لەسەر دابەشکردنی، سەیری (المجموع)ی النووی، المغني، بدائع الصناع، حاشية الدسوقي... هی تر بکە.

عەرش

عەرش چییە؟

عەرش (تەخت) بریتییە لە گەورەترین و قورسترین[1] دروستکراوەکانی خوای گەورە، کە لەچەندین شوێن لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە و وەسفی گەورەیی و بەرزی کراوە، هەروەکو خوا مەزن دەفەرموێ:

﴿... رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ﴾ (النمل: ٢٦)، واتە: ((پەروەردگار خاوەنی عەرشی هەرە مەزنی گەورەیە)).

﴿... رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْكَرِيمِ﴾ (المؤمنون: ١١٦)، واتە: ((پەروەردگار خاوەنی عەرشی شکۆدار و بەڕێز و بەرزە)).

﴿ذُو ٱلْعَرْشِ ٱلْمَجِيدُ﴾ (البروج: ١٥)، واتە: ((خاوەنی عەرشی بڵند و بەرزو پایەدارە)).

---

(١) وەسفکردنی عەرش بە (قورسترین) وشەیەکی شیاو نییە، چونکە لەوانەیە بیری خوێنەر بۆ ئەوە بچێت کە عەرش کێش یان چڕی هەیە، پاشانیش ئەو شتە لە ئێمەدا داوانەکراوە، چونکە لە دەقی قورئان و یاخود فەرموودەدا نەهاتووە، بۆیە ئێمە باسی ناکەین و خواش زاناترە.

هەروەها ناوی عەرش لە چەندان نایەتی پیرۆزدا هاتووە:

﴿رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلْعَرْشِ...﴾ (غافر: ١٥)، واتە: ((ئەو پەروەردگارە پلەو پایەی زۆر بڵندە، خاوەنی تەختی فەرمانڕەوایی تایبەتی خۆیەتی)).

﴿...وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَٰنِيَةٌ﴾ (الحاقة: ١٧)، واتە: ((تەختی (عەرش) پەروەردگارت ئەو ڕۆژە هەشت هەڵی دەگرێت (هەشت فریشتە یان هەشت دەستە) بەسەر سەریانەوە)).

﴿ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ﴾ (طه: ٥)، واتە: ((خوای میهرەبان چۆتە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی، بەو شێوەی کە شیاوی ئەو بێت، ئێمە چونیەتییەکەی نازانین)).

﴿...ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ...﴾ (یونس: ٣)، واتە: ((ئینجا چوە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی (ئەڵبەتە چۆنیەتی چونە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی و گەلێ شتی لەو بابەتانە لە رادەی بۆچوونی ئێمە بەدەرە، تەفسیری ئەم ئایەتەیان لە پێشەوا مالیك و ئەحمەد پرسیووە، لە وەڵامدا وتوویانە: چوە لەسەر تەخت حەقیقەتی هەیە، چۆنیەتیەکەی شاراوەیە، پرسیارکردن دەربارەی بیدعەیە، باوەڕ بوون پێی واجبە)).

﴿وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ...﴾ (الزمر: ٧٥)، واتە: ((ئەوسا ئیتر فریشتەکان دەبینیت دەوری تەختی شاهی شاهانیان داوە)).

﴿ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ...﴾ [1] (غافر: ٧)، واتە: ((ئەو فریشتانەی کە عەرش و تەختی پەروەردگار هەڵدەگرن، ئەوانەش کە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، تەسبیحات و ستایش و سوپاسی پەروەردگاریان دەکەن)).

هەروەها چەندان ئایەتی پیرۆزی تر.

هەروەها لە دوعای غەم و پەژارەدا کە لە سەحیحدا هاتووە و لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕنەوە (صلى الله عليه وسلم) "لا إله إلا الله العظيم الحليم، لا إله إلا الله ربّ العرش الكريم، لا إله إلا الله ربّ السماوات وربّ الأرض ربّ العرش العظيم" [2]، واتە: (هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە لە خوای مەزن و نەرم و نیان، هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە خوای عەرشی پیرۆز و شکۆ، هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە خوای زەوی و ئاسمانەکان و عەرشی مەزن).

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە ئەبو ذەری فەرموو "ئەی ئەبو ذەر! ئایا دەزانی لە کوێ خۆر ئاوا دەبێت، منیش وتم خوا و پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) دەزانن، پێغەمبەریش فەرمووی: خۆر دەچێت لە ژێر عەرش سوژدە بۆ خوای گەورە دەبات، پاشان مۆڵەت لە خوای گەورە وەردەگرێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و ڕێگەی پێدەدرێت، کاتێك کە خەریکە بڕوات ڕێگەی پێ نادرێ، تا دەست دەکات بە داواکردن و پاڕانەوە، کاتێك پاڕانەوەکەی درێژەی دەکێشێت پێی دەوترێت بڕۆ لە شوێنی خۆت دەرکەوە، واتە: ڕێگەی هەڵاتنی

---

(١) سەیری (العظمة) ی ابو الشیخ بکە، چاپی: العاصمة، العرش ابن ابی شیبه، چاپی/ الرسالة. العرش شیخ الاسلام بان تیمیة، چاپی/ هجر

(٢) البخاري (٦٣٤٥) ومسلم (٢٧١٣) دەریانهێناوە.

پێ دەدرێت، ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴾ (یس: ٣٨)، واتە: ((خۆریش لە گەردش و سوڕانەوەی خۆیدا بەردەوامە و بەرەو سەوت دەچێت، یاخود بە دەوری چەقی خۆیدا دەسوڕێتەوە، بێگومان ئەوە توانای زاتێکی بالادەست و زانا دەردەخات))[1].

بەیەقی رەحەمەتی خوای لێبێت دەڵێت:

موفەسیرەکان دەڵێن: عەرش وەک تەختی یان تەنێکی بەرجەستەیە و خوای گەورە دروستی کردووە و فەرمانی بە فریشتەکان داوە کە هەڵیبگرن و بەگەورە و پیرۆزی بزانن و پەرستشی بە (طواف) کردن بە دەوریدا بکەن، هەروەکو چۆن لەسەر زەوی مالێکی دروست کردووە و فەرمانی بە مرۆڤەکان داوە کە (طواف)ی بەدەوردا بکەن و لەکاتی نوێژەکان رووی تێبکەن، زۆربەی ئایەتەکان بەڵگەن لەسەر ڕاستی وتەکانیان، هەروەها ئەوەی لە فەرموودە و کتێبەکان داهاتووە بەهەمان شێوە بەڵگەن لەسەر دروستی قسەکانیان[2].

بوخاری و موسلیم لە (ابو ذر) دەگێڕێنەو و دەڵێت: سألت رسول الله (صلى الله عليه وسلم) عن قول الله عزوجل: (والشَمسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍ لها)، قال "مستقرها تحت العرش".

واتە: لە پێغەمبەری خوام پرسی (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ "خۆریش لە سوڕانەوەی خۆیدا بەردەوامە و بەرەو بنکەی خۆی دەچێت"، فەرمووی "بنکەکەی لە ژێر عەرشە".

---

(١) البخاري (٦/٢٩٧) (٨/٥٤١) ومسلم (١٥٩) البيهقي له الاسماء (٢/٢٧٣) گێڕاویەتیانەوە.

(٢) الاسماء والصفات (٢/٢٧٢)

عەرش لە کوێیە؟

هیچ شتێك لە عەرش بەرزتر نییە:

عەرش دەکەوێتە سەر بەهەشتی خولد، کە سەقفی ئەو بەهەشتەیەو لەسەرووی ئاسمانی حەوتەمەوەیە، خەڵکی فیردەوس لەبەر نزیکیان لە عەرش گوێ بیستی دەنگی تەسبیحات و بەگەورەگرتنی ئەو دەبن.

ئیبن مەسعود (خوا لێی رازی بێت) دەڵێت: نێوانی ئاسمانی دونیا و ئاسمانی دوای ئەو بریتییە لە (٥٠٠) ساڵ، نێوان هەر ئاسمانێك بۆ ئاسمانێکی تر (٥٠٠) ساڵە و نێونی ئاسمانی حەوتەم و کورسی (٥٠٠) ساڵە و نێوانی کورسی و ئاو بریتییە لە (٥٠٠) ساڵ، کورسی دەکەوێتە سەر ئاو و خوای گەورەش لەسەر کورسییە و دەشزانی ئێوە لەسەر چین. وابزانم مەبەستی وابووە کە نێوانی ئاسمانی حەوتەم و ئاو بریتییە لە (٥٠٠) ساڵ، خوا زاناترە[1].

هەروەها لە سەحیحدا هاتووە "الرحم معلقة بالعرش تقول: من وصلني وصله الله ومن قطعني قطعه الله"[2]، واتە: (بەزەیی و ڕەحم بە عەرشەوە هەڵواسراوە، دەڵێت: هەرکەسێك پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بگەێنێ، خوای گەورە ڕەحمی پێ دەکات و هەرکەسێکیش ئەو

---

(١) البيهقي گێڕاویەتییەوە لە "الاسماء و الصفات" (٢٩١/٢) وابن خزيمة لە کتێبی (التوحيدات وإثبات صفات الرب" (٢٤٢،٢٤٤/١) والدارمی لە "الرد على الجهمية" (٨١). لە "الرد على المريسى" (٧٣، ٩٠، ١٠٥) و الطبراني لە الكبير (٢٢٨/٩) و أبو الشيخ لە "العظمة" (٢/ ٦٨٨، ٦٨٩) وابن عبد البر لە "التمهيد" (١٣٩/٧) و اللالكائى لە "شرح السنه" (٦٥٩) والخطيب لە "موضع أوهام الجمع والتفريق" (٤٧/٢) و سەنەدەکەی ڕاستە.

(٢) سەحیحی موسلیم (٢٥٥٥).

پەیوەندییە بپچڕێنی خوای گەورە بێ بەشی دەکات).

لە بوخاریدا هاتووە "کاتێك خوای گەورە بوونەوەری دروستکرد، عەرش دەستی بە پارانەوە کرد (وەك ئەوەی بڵێت: دەستم دامێنێت): خوای گەورە پێی فەرموو: وازبێنە: ئەویش گوتی: ئەو شوێنە پەنا بەتۆ دەگرێت لە لێکترازان و پارچەپارچە بوون و پەیوەندی پچڕان، خوای گەورەش دەفەرموێ: ناتەوێ ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی بەجێ گەیاند رەحمی پێ بکەم و ئەوەی پچڕانیشی بێ بەشی بکەم، ئەویش گوتی: بەڵێ. خوای گەورەش فەرمووی: ئەوەش بۆ تۆ.

ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەڵێت گەر ویستان ئەم ئایەتە بخوێننەوە:

﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ ﴾ (محمد: ٢٢)، واتە: ((ئایا ئێوە بەتەمان (ئەی ناپاکان) ئەگەر لە غەزا پشت هەڵبکەن یاخود دەسەڵاتتان کەوتە دەست، تۆوی ئاژاوە و فەساد و تاوان لە زەودا بچێنن و هەرچی پەیوەندی خزمایەتیش هەیە بیپچڕێنن و لە ناوی بەرن؟!)).

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە چوارچێوەی فەرموودەیەکی دریژدا کە ئەبو هورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: "فإذا سألتم الله فسألوه الفردوس، فإنه أوسط الجنة وأعلى الجنة، وفوقه عرش الرحمن ومنه تفجر أنهار الجنة"[1]، واتە: (ئەگەر پارانەوە لە خوا، داوای فیردەوسی لێبکەن، چونکە ناوەڕاستی بەهەشتە، بەرزترین شوێنی بەهەشتە، عەرشی خوای پەروەردگاری بەسەرەوەیە لەوێوە ڕووبارەکانی بەهەشت هەڵدەقوڵێن).

---

(١) بوخاری گێڕاویەتیەوە (١٣/ ٤٠٤).

به لەبەرچاوگرتنی ئەو بەڵگانە و چەندانی تر، ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە پێشینە و ئەوانەی سەردەمی نوێش، بڕوایان بە عەرشی خوای پاك و بێگەرد هەیە هەروەکو چۆن لە قورئان و فەرموودەی سەحیحدا هاتووە، هەروەها عەرش لای هاوەڵانی سێ سەدەی یەکەم وەك تەخت وایە و راگری هەیە، هەروەکو گومەت (قبة) وایە بەسەر جیهان و بریتییە لە سەقفەکەی و لە هەموو دروستکراوێکیش گەورەتر و خوای گەورە فەرمانی بە فریشتەکان داوە کە هەڵیبگرن و (طواف)ی لە دەور بکەن.

پێویست ناکات و ناکرێت بیسەلمێنین عەرشی خوای گەورە شێوە و وێنەی چۆنە، ناکرێت عەرش بچوێنین بە تەختی پادشاکان، چونکە خوای گەورە دووری لە هەموو کەموکوڕییەك و هەروەها پێویستی بە دانیشتن نییە لەسەر عەرش و گەر داشبنیشێت، دانیشتنەکەی جیایە لەگەڵ هەموو دروستکراوەکان، هەروەکو لە ناو و سیفاتەکانی دا هاتووە دووری لە چواندنی بە دروستکراوەکان.

چاکیش بزانە کە هیچ شتێك وەکو خوای گەورە نییە (ولله مثل الأعلى) نە لەرووی بوون، نە لەرووی سیفات، نە بە کردار، هەروەها ناکرێت بگوترێت: لەبەر ئەوەی کە عەرش هەیە کەواتە دەبێت جەستە و لاشە هەبێت، هەروەك چۆن (معتزلەکان) و هەندێکی تر لەو بابەتدا بە هەڵەدا چوون[1].

---

(١) التوحيد للنيسابوری (٥٩٩)، شرح الاصول الخمسة (٢٢٦، ٢٢٧)، أصول الدين (١١٢، ١١٤)، التنبيه والرد (٩٥)، والعو (٥٨)، شرح الطحاوية (٣١٢)، هامش العظمة (٢/ ٦٥٦) هەروەها سەیری وتەی فەیلەسوفەکان بکە لە: "رسائل إخوان الصفا (٢٦/٢) کە گروپێکی بێ باوەڕن لە ڕووی گوفتار و کردار، والرسالة العرشية (٢٦٠، ٢٦٥)، وشرح الطحاوية (٣١٠)، و روح المعانی (١١/ ٥٣) و چەندانی تر. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ مەزهەبی حەق: "الاسماء والصفات" ی حافظ البيهقی (٤٩٧) و "الاختلاف في اللفظ والرد على الجهمية"ی ابن قتيبه (٢٤٢)، ومجموع الفتاوی (٢٦٢/٥) و"العلو" ی الذهبي (٥٨) و شرح العقيده الطحاوية (٣١١).

گەورەترین ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا[1]، لەبەر پیرۆزی و مەزنی کورسی، بە ئایەتی کورسی ناونراوە:

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴾ (البقرة: ٢٥٥)، واتە: (((خوا زاتێکە جگە لە هیچ خوایەکی ترنییە، کە شایەنی پەرستن بێت و ئەو هەمیشە زیندووە و راگر و سەرپەرشتیاری (هەموو دروست کراوەکانیەتی)، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاوەنیانە، کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و رابووردودا رووبداوەو رووەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نییە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان

(١) سەیری (سەحیحی بوخاری) بکە کتاب فضائل القرآن.

بکات، فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەوزاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای خواوە هیچ گران نییە و ماندووی ناکات و هەر ئەو خوایەکی بەرز و بڵند و گەورەیە)).

شوێنی کورسی:

لە ئیبن عەببباسەوە (خوا لێی رازی بێت) دەگێڕنەوە کەدەڵێت "الكرسي موضع القدمين والعرش لا يقدر"[1]. واتە: (کورسی بریتییە لە شوێنی دانانی پێیەکان و لەگەڵ عەرش ئەندازەگیری ناکرێت).

قەبارەی کورسی:

لە ئیبن عەببباسەوە (خوا لێی رازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: "لو أن السماوات السبع والأراضين السبع بسطن ثم وصلن بعضهم ببعض، ما كان في سعة الكرسي إلا بمنزلة الحلقة في مفازة"[2]، واتە: گەر بێتوو هەر حەوت ئاسمانەکان و زەوی ڕابخرێن وئینجا بەیەکتر ببەسترێنەوە، ناگەنە ئاستی فراوانی کورسی، لەرووی گەورەییەوە وەک ئەڵقەیەک وایە لە بیابان داندرابێت. ئیبن جەریر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

"ما السماوات السبع فى الكرسى إلا كدراهم سبعة ألقيت فى ترس"[3]، واتە: هەر حەوت ئاسمان بەرامبەر کورسی وەک حەوت درهەم وایە کە

---

(١) طبری لە تەفسیرەکەی دەریهێناوە (٩/٣) ئەلبانی دەڵێت: صحيح موتوفا.

(٢) تفسير ابن كثير (به شی ١ لا ٣١٠).

(٣) طبری لە تەفسیرەکەی دەریهێناوە (٣/ ١٠).

هەڵدرابێتە ناو(ترس)[١].

ئەبو ذر (خوا لێی رازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ما الكرسي في العرش إلا كحلقة من حديد، ألقيت بين ظهري فلاة من الأرض"[٢]، واتە: کورسی لەبەرامبەر عەرش، وەك ئەڵقەیەکی ئاسن وایە فرێدرابێتە ناو هەردوولای بیابانی زەوی.

هەروەها ئەبو ذر (خوا لێی رازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی "يا أبا ذر ما السماوات السبع مع الكرسي إلا كحلقة ملقاة بأرض فلاة"[٣]، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە ئەبو ئەو زەڕ دەفەرموێ (ئەی ئەبو زەڕ! هەر حەوت ئاسمانەکان بەرامبەر کورسی وەك ئەڵقەیەك وایە فڕێدرابێتە ناو بیابانێك).

جێگەی کورسی:

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: "الكرسي تحت العرش، والسماوات السبع في جوف الكرسي بين يدي العرش"[٤]، واتە: (کورسی دەکەوێتە ژێر عەرش، حەوت ئاسمانەکانیش دەکەونە ناو ناخی کورسی لەبەردەمی عەرش).

---

(١) (ترس) لێرەدا بە مانای قەڵغان یان کڵاوی خۆی پاراستن لە دێت، مەبەست لێرەدا ئەوەیە درهەم (کە قەبارەکە بە قەدەر نینۆکێك دەبێت)، حەوت درهەم چەند جێگا لەو قەڵغانە دەگرن، بێگومان ئەو شوێنە بە سەدان درهەمیش پڕ نابێتەوە، بەڵگەی گەورەیە عەرش دەگەیەنێت. وەرگێڕ.

(٢) طبری لە تەفسیرەکەی دەریهێناوە (٣/ ١٠).

(٣) فتح الباری بشرح صحیح البخاری (٧٤١٩).

(٤) طبری لە تەفسیرەکەی دەریهێناوە (٣/ ١٠).

کورسی:

زانایانی زمانەوانی کۆکن لەسەر مانای (الکرسی)، کورسی بریتییە لەو شتەی کە لەسەری دادەنیشین و پاڵی پێ دەدەین، پادشاکانیش لەسەری دادەنیشن، ئائەوەیە مەبەستی پێشینییەکان لە تەفسیری ﴿... وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ...﴾.

بەڵام خەڵکی ڕای جیاوازیان لەسەر واتای کورسی هەیە کە بریتییە لە:

١- بە واتای زانست دێت، وەک ئەو فەرموودەیەی کە لەلایەن ئیبن عەببباسەوە دەگێڕینەوە و (الجهمية) دەستی پێوەگرتووە و دەڵێن: " کورسییەکەی بریتییە لە زانستەکەی بۆیەش زانستەکەی ناوناوە کورسی، چونکە بە ناو شوێنەکەی کردۆتەوە کە بریتییە لە کورسی زانایەک".

٢- کورسی بریتییە لە عەرش - هەروەکو لە پێشەوا حەسەنی بەسڕی[1] دەگێڕنەوە، بەڵام سەنەدەکەی لاوازە.

٣- بە واتای هێز و توانا دێت کە ئاسمان و زەوی پێ ڕاگرتووە، دەڵێن: ئەوە وەکو ئەو وتەیە وایە کە دەڵێت: کورسییەک بۆ ئەو دیوارە دروست بکە، واتە: ڕاگرێکی بۆ دروست بکە تا بیوەستێنێت. ابن منظور لە لسان العرب باسی کردووە[2].

٤- کورسی بریتییە لە خولگەی هەشتەم کە خولگەی جێگیرەکانە و لە دوای ئەویش خولگەی نوێیەم دێت کە بریتییە خولگەی (الأثیر)، پێی دەوترێت الأطلس[3].

---

(١) تفسير الطبري (١٠/٣).

(٢) لسان العرب (٦/ ١٩٤)

(٣) تفسير ابن كثير (١/ ٣١٠)

ئەم وتانە هەمووی رای جیاوازی خەڵکی موسڵمانانی پێشوو و سەردەمە، دەربارەی رای یەکەم و ئەوەی کە لە ئیبن عەبباسەوە دەگێڕنەوە، کە ابن جریر لە تەفسیرەکەی و (٩/٣) ابن منده لە (الرد علی الجهمیة ٤٥) دەریهێناوە لە ڕێگای جەعفەری کوڕی المغیرة و سەعیدی کوڕی جبیر دەیگڕنەوە، فەرموودەیەکی نادروستە.

ابن منده دەڵێت: جەعفەر بە دواداچوونی بۆ نەکردووە و سەعیدی کوڕی جوبەیریش فەرموودەکە بەهێز نییە.

هەرچی ڕای دوومە کە دەڵێت کورسی و عەرش هەمان شتن، ئەم ڕایە لەسەر پێشەوا حەسەنی کوڕی بەسڕی نەچەسپاوە، چونکە لە سەنەدەکە (جوبیر)هەیە، کە زانایان کۆکن لەسەر لاوازییەکەی و الحافظ کوڕی حجر دەڵێت: زۆر لاوازە.

ابن کثیر دەڵێت[1]: ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە عەرش و کورسی هەمان شتن نین عەرش لە کورسی گەورەترە، هەرەکو لە فەرموودەکاندا هاتووە. گوتم -عبدالله- کە مەبەست (ابن کثیر)ە (خوا لێی رازی بێت)، ئەوەی کە لە (ابو مالك)ـەوە دەگێڕنەوە بەسەنەدێکی باش دەربارەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێ:

﴿... وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ...﴾. کە گوتوویەتی: ئەو بەردەی کە لە ئاسمانی حەوتەمە و کۆتایی گەردوونە، چوار فریشتەی لە دەورە، کە هەریەکەیان چوار ڕووی هەیە و ڕوویکیان مرۆڤە و ڕوویکیان شێرە و ڕوویکیان گایە و ڕووەکەی تریشیان هەڵۆیە، ئەو فریشتانە هەڵسانەتەوە و دەوری ئاسمان و زەویان گرتووە و سەریشیان لە ژێر

(١) تفسیر ابن کثیر (١/ ٣١٠)

کورسییە و کورسیش لە ژێر عەرشە و خوای گەورەش کورسییەکەی خۆی لەسەر عەرش داناوە[1].

لە دوای ئەمە بەیەقی دەڵێت[2]: لێرەدا ئاماژەکردنە بۆ بوونی دوو کورسی کە یەکێکیان لە ژێر عەرش و ئەوی تریان لەسەر عەرش دانارواە. أ - هـ.

گوتم: لەگەڵ ئەوەی کە ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی باشە، بەڵام ناتواندرێت بکرێتە بەڵگە چونکە ئەوە باسی شتێکی نادیارە (غیب)ـە ناکرێت پشت ڕاست بکرێتەوە، مەگەر بە دەقی ئایەت یان فەرموودە نەبێت، لەوانەشە ابو المالك ئەو هەواڵەی لە (اهل الکتاب)ـەوە وەرگرتبێت.

گوتم: چەندین فەرموودەی تر هەیە (البیهقی) لە (الاسماء والصفات)دا باسی کردووە، هەرچی رای چوارەمە ئەوەندە بەسە کە کۆمەڵێك لەخۆیانەوە ڕایەکەیان رەتکردۆتەوە هەرەوەکو ابن کثیر باسی کردووە.

بەڵام ڕاستییەکەی رای کۆمەڵی زانایانی پێشین (خلف) و زانایانی زمانەوانییە، چونکە ئەوەی لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و لەقسەی هاوەڵاندا هاتووە، زۆر بە ڕوونی مەبەستی ئەو ئایەتەمان پێ دەڵێت کە خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿... وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ...﴾، هەروەك پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) لە فەرموودەکەی بۆ ابو ذر دەفەرموێ: "ما السماوات السبع عند الکرسي، إلا کحلقة ملقاة بأرض فلاة".

---

(١) البیهقی لە (الاسماء والصفات) (٢٩٦/٢) ژمارە (٨٥٧) و ابو الشیخ لە (العظمة) (٥٥١/٢) وعبدالله ی کوری احمد لە (السنة) (٥٨٩، ١٠٢٣).

(٢) واتە: لەم گێڕانەوەیەدا.

لە دوای ڕێگاکانی گێڕانەوەی ئەو فەرموودەیە شێخ الالبانی دەڵێت[1]: پوختەی قسەکە بریتییە لە: هەموو ڕێگاکانی گێڕانەوەی ئەو فەرموودەیە دروستە کە بۆ تەفسیرکردنی ئەو ئایەتە هاتووە ﴿... وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ...﴾، هەروەها زۆر بە ڕوونی دەریدەخات کە کورسی گەورەترین دروستکراوە لە دوای عەرش وشتێکی (معنوی) نییە، بەڵکو تەنێکی سەربەخۆیە، لێرەدا هەموو ئەو تەفسیرانە ڕەت دەکاتەوە کە کورسی بە واتای مووڵك و فراوانی دەسەڵات لێکی دەدەنەوە و خواش لە هەموو کەس زاناترە.

(١) سەیری "تهذيب اللغة" (٣/١٠) و "القاموس" (٢٥٥/٢) و "اللسان" (١٩٤/٦) و "التاج" (١٦/ ٤٣٧) و "الكشف" (١/ ٣٨٥) بکە.

(اللوح المحفوظ) بەم ناوە یەك جار لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (البروج)ـدا هاتووە: ﴿ بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ ﴿٢١﴾ فِي لَوْحٍ مَّحْفُوظٍ ﴾ (البروج: ٢١-٢٢)، واتە: (((ئەوەی ئەوان دژایەتی دەکەن) ئەو قورئانە بەرز و بڵند و پایەدارەیە، کە لە لاپەڕەی تایبەتی و لەسەر تابلۆی پیرۆز، پارێزراوە لە (لوح المحفوظ)).

(اللوح) لە رووی زمانەوانی: بە هەموو پارچەیەکی تەخت و پان دەوترێت، جا چ لە دار دروست کرابێت، یاخود شتی تر، هەروەها بە(شان)یش دەوترێت، (اللوح)، ئەگەر لەسەر نوسرابێت و بەهەموو ئەو شتانەش دەوترێت کە لەسەری دەنوسرێت[1].

بەڵام لە ڕووی شەرعییەوە بریتییە لەو کتێبەی، کە خوای گەورە چارەنووسی هەموو شتێکی تیدا نوسیووە، هەروەکو ابو داود لە (سنن)[2]، لە (عبادەی کوڕی الصامت)ـەوە بۆمان دەگێڕێتەوە "إنَّ

(١) الصحاح (١/ ٤٠٢) لسان العرب (٢/ ٥٨٤)

(٢) سنن ابی داود (٥/ ٧٦) و سەنەدەکەشی ڕاستە.

أَوَل ما خلق الله القلم، فقال له: اكتب، قال رب، وماذا أكتب؟ قال: اكتب مقادير كل شيء حتى تقوم الساعة". واته: (خوای گەورە یەکەم شت پێنوسی دروست کرد، ئینجا پێی فەرموو بنوسە، ئەویش گوتی: خوایە چی بنوسم؟

خوای گەورەش فەرمووی: چارەنووسی هەموو شتێك بنوسە تا ڕۆژی دوایی).

کەواتە (اللوح) بریتییە لە خەزێنەی ویستەکانی خوای گەورە، کە تێیدا چارەنووسی هەموو دروستکراوەکانی دیاری کردووە پێش دروستکردنی جیهان بەر لە (٥٠) هەزار ساڵ و هەموو دروستکراوێکی تێدایە تا ڕۆژی دوایی و هەموو ئەو ڕوودانەشی تێدا نوسیووە، کە لە گەردوون ڕووددەن بە بێ هیچ هەڵەیەك. ا . هـ.

شوێنی (اللوح المحفوظ)

اللوح المحفوظ لەسەر عەرشە لەلای ڕاستی خوای گەورە، جگە لە خۆی کەسی نازانێ چی تێدا نوسراوە، هەر لەسەرەتای دروستکردنییەوە نوسین تێیدا تەواو بووە.

خوای گەورە پێش هەموو شتێك بە (٥٠) هەزار ساڵ، پێنوس و (اللوح المحفوظ) ی دروست کرد و قەڵەمەکە وشك بووە و هیچ شتێك لەسەر نوسراوەکە نە زیاد دەکرێت نە کەم، هەرچی بەسەر دروستکراوەکان دادێت لەوێوە دەگوازرێتەوە.

(اللوح المحفوظ) هەروەکو لە ناوەکەیدا دیارە، پارێزراوە لە شەیتانەکان و ناتوانن پێی بگەن و بزانن چی تێدا نوسراوە، هەروەها فریشتەکانیش نازانن چی تێدا نوسراوە، جگە لەوەی کە خوای گەورە پێیان رادەگەیێنێت.

یاخود ئەو ناوەی لێ نراوە، چونکە خوای گەورە شتەکانی ناوی دەپارێزێت، یاخود چونکە پارێزراوە لە گۆڕانکاری.. هتد.

ناوەکانی تابلۆی پارێزراو (اللوح المحفوظ):

(اللوح المحفوظ) چەندین ناوی تری هەیە، کە زاناکان لێکیان داوەتەوە و دەڵێن بەهەمان مەبەست لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کە بریتیین لە: (إمام مبين، ام الكتاب، كتاب مكنون، كتاب مسطور، كتاب حفيظ، كتاب مبين، كتاب الله) هەروەك لەم ئایەتانەدا هاتووە:

﴿ ... وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُّبِينٍ ﴾ (يس: ١٢)، واتە: ((هەموو شتێکمان لە کتێبێکی ئاشکرادا (تۆمارگەی تایبەتیدا) بە وردی تۆمار و ئامار کردووە)).

﴿ وَإِنَّهُ فِي أُمِّ الْكِتَابِ لَدَيْنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ ﴾ (الزخرف: ٤).
واتە: ((ئەم قورئانە لە لوح المحفوظ دا (کە سەرچاوەی قورئان و هەمووکتێبەکانی تری خوایە) زۆر بەرز و ڕێزدارمان کردووە و پڕمان کردووە لە دانایی)).

﴿ إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ (٧٧) فِي كِتَابٍ مَّكْنُونٍ ﴾ (الواقعة: ٧٧-٧٨).
واتە: ((بەڕاستی ئەوە قورئانێکی زۆر پیرۆز و بەڕێزە لە کتێبێکی شاراوەدا کە لوح المحفوظە، پارێزراوە)).

﴿ وَالطُّورِ (١) وَكِتَابٍ مَّسْطُورٍ (٢) فِي رَقٍّ مَّنشُورٍ ﴾ (الطور: ١-٣)، واتە: ((سوێند بەکێوی طور (کە خوای گەورە گفتوگۆی لەگەڵ موسادا لە نزیکی ئەنجامدا) سوێند بەکتێبی نوسراو کە (لوح المحفوظ)، کەلە لاپەڕەی تەنکی گرنگدایە)).

﴿ قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ ٱلْأَرْضُ مِنْهُمْ ۖ وَعِندَنَا كِتَٰبٌ حَفِيظٌ ﴾ (ق: ٤).
واتە: ((بەڕاستی ئێمە زانیوومانە کاتێك کە مردن، زەوی چۆن بەرەبەرە لاشەیان دادەڕزێنێت و دەیکاتەوە بە خاك، ئێمە تۆمارگەی تایبەتیمان هەیە، کە هەموو شتێکی تێدا تۆمارە و هیچ شتێك لەبارەی ئەوانەوە لە ئێمە شاراوەو بزر نییە)).

﴿ وَمَا مِنْ غَآئِبَةٍ فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴾ (النمل: ٧٥).
واتە: ((هیچ شتێك لە خوا پەنهان نییە لە ئاسماندا بێت یان لە زەویدا، لە دۆسیەی ئاشکرادا تۆمار نەکرابێت)).

﴿ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴾ (الأنعام: ٥٩).
واتە: ((کلیلی هەموو شاراوەکان و زانینی هەموو نهێنیەکان بەدەست خوایە و هەر لای ئەوە، کەس نایانزانێت، جگە لەو زاتە، هەرچی لەسەر وشکانییە خوا پێی دەزانێت، هەروەها هەرچی لە دەریاکانیشدا هەیە (لە زیندەوەری هەمەجۆر و ماسی سەیر و سەمەرە) ئاگای لێیەتی و هیچ گەڵایەك ناکەوێتە خوارەوە خوا پێی نەزانێت، هەروەها دەنکێك یان تۆوێك لە تاریکییەکانی زەویدا نییە، ئەو دەنکە چ شێدار بێت یان ووشك بێت، هیچ شتێك نییە لە خوا پەنهان بێت و لە (لوح المحفوظ) دا، یاخود لە دۆسیە و دەزگای تایبەتدا تۆمار نەکرابێت)).

﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا ۚ كُلٌّ فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴾ (هود: ٦)، واتە: ((هیچ زیندەوەرێك نییە

لەم زەویەدا رزق و رۆزیەکەی لەسەر خوا نەبێت و ئاگاداره بەشوێنی حەوانەوە و شوێنی دەرچوونیان، هەموو شتێك تۆماره له دۆسیەی ئاشکرادا له (لوح المحفوظ) دا)).

له ئەبو هوریرەوە دەگێڕنەوە که پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی "لما قضى الله الخلق كتب في كتابه فهو عنده فوق العرش «إن رحمتي سبقت غضبي"[1].

واتە: (کاتێك خوا دروستکراوەکانی تەواوکرد، له کتێبەکەی لای خۆی لەسەر عەرشی نوسی، "بەزەییم پێش تورەییم کەوتوە".

کەواتە له لوح المحفوظ دا هەموو شتێك نوسراوە دوور له دەستی جادوکەران و فاڵچییەکان و ئەستێرەناسان و کاهینەکان و (الرمالين)[2].

له [اللوح المحفوظ]دا چی نوسراوە؟

ناوی هەموو دروستکراوەکانی تێدایە، چی دەکەن و خوای گەورەش چییان بەسەر دێنی، هەر له ڕۆژی دروستبوونیان، تا ڕۆژی زیندوو بوونەوەیان.

بێگومان ئێمە باوەڕما بە (اللوح المحفوظ) هەیە بەوەی یەکێکە له دروستکراوەکانی خوای گەورە و بوونی هەیە، خوای پەروەردگار هەموو دروستکراوەکانی هەر له ڕۆژی دروستبوونیانەوە تا ڕۆژی دوایی تێدا نوسیووە، هەروەکو له قورئانی پیرۆزدا و فەرموودە سەحیحەکاندا هاتووە، شتێکی نەگۆڕە بەڵام سروشت و سیفەت و چۆنیەتییەکەی جگە له خوای گەورە، کەس نایزانێ، وەکو وتەی فەیلەسوفەکان

---

(١)سەحیحی بوخاری، ژمارەی فەرموودە (٣١٩٤).

(٢) الرمالين کۆی رمال (خۆڵ)ـە، ئەو کەسەی خۆڵ بەکار دەهێنێت، جۆرێکە له (سيحر).

ئێمە قسە ناکەین، هەروەکو شێخی ئیسلام (ابن تیمیه)[1] ئاماژەی بۆ کردووە و لە قسەی فەیلەسوفەکان دەگێڕێتەوە: (اللوح المحفوظ) بریتییە لە گیانی فەلەك و هەڵقوڵاوی عەقڵێکی کارا، کە بەسەر مرۆڤەکاندا دێت، لە نمونەی زانست و ئاگادارکردنەوەکان و خەونەکان و وەحی کە بۆ پێغەمبەران دادەبەزێت.

بێگومان ئەمانە هەمووی پێچەوانەی بیروباوەڕی ئیسلامییە، چونکە بە پێی ئەو زانستە ئیسلامییەی کە خوای گەورە پێغەمبەرەکانی پێ ناردووە، ئەمانە دوورن لە ئایینی ئیسلام.

هەروەها پشت بەو فەرموودانە نابەستین کە باسی سیفەتەکانی (اللوح المحفوظ) دەکەن، جگە لەو فەرموودانەی کە بە سەنەدەکێکی ڕاست گێڕاویەتیانەوە و دەڵێن: (اللوح المحفوظ) بریتییە لە گەوهەرێکی سپی و بەرگەکانی یاقوتی سوورە، جگە لەمە پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) باسی هیچ سیفەتێکی تری بۆ نەکردووین.

(١) سەیری: درء تعارض العقل والنقل بکە (٩/ ٣٩٨، ٤٠١).

(عەرشی خوای بەخشندە لەسەر ئاو بوو)

زەوی و ئاسمانەکان لە چی دروستکراون:

کاتێك خوای پاك و بێگەرد ویستی دروستکراوەکان دروست بکات، لە سەرەتادا پێنوسی دروست کرد، ئینجا (اللوح المحفوظ)ی دروست کرد، پاشان ئاسمانەکان و زەوی دروست کرد، لەسەرەتادا ئاسمانەکان و زەوی یەکپارچە ئاو بوون، خوای گەورە ئاوەکەی وشك کرد و بوو بە هەڵم و لێکی جیاکردنەوە و زەوی دروستکرد، لەسەر زەویش هەڵم، ئینجا لەسەر ڕووی زەویش ئاسمانی دروست کرد و ناوی نا (سماء) کە بە واتای (بەرز) دێت.

لەسەرەتادا گەردوون چییە و چۆن دروستکرا:

مەبەستمان لە گەردوون، ئاسمانی دونیایە کە زاناکان دەتوانن لە ڕووی ماددییەوە تۆڕێنەوەی لەسەر بکەن و، لەم بارەیەوە زانایانی

فەلەکناسی توانیویانە چەند پێکهاتەیەکی ئەو گەردوونە پێناسە و پۆلێن بکەن، بەڵام نەك هەمووی، چونکە خوای گەورە هەر خۆی دەزانێ چی دروست کردووە.

بۆشایی گەردوون بریتییە لە بۆشاییەکی بێ کۆتا، کە ئەستێرە و پاشماوەی تەقینەوەی ئەستێرەکانی تێدا بڵاو بۆتەوە.

هەموو زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە ئەو گەردوونە بریتییە لە بەرهەمی تەقینەوەیەکی مەزن، کە لە ئەنجامی وزەیەکی زۆری (خوا کردە) دروست بووە، لەسەرەتا کەم کەمە زیادی کردووە، پاشان ئەو تەقینەوە مەزنەی لێ کەوتۆتەوە و لە پڕشکی تەقینەوەکەش گەلەستێرەکان دروست بوونە.

پلەی گەرمای بۆشایی گەردوون لە (٣) پلەی سەروی سفر زیاد ناکات و بەوەش جیا دەکرێتەوە، کە زۆر ئارامە و ئەسێترەی زۆرە و زۆر تاریکە و تیشکدانەوەیەکی تۆندی تێدایە.

خۆر و ئەستێرەکان، تیشکێکی گەردوونی دەنێرن، کە لە تەنۆچکەی کارەبایی وزەبەرز پێکهاتووە و، بۆ ژیانی مرۆڤایەتی ناگونجێت لەسەر زەوی، بۆیە خوای گەورە ویستوویەتی بە شوورەیەکی ئەستوور بیانپارێزێت، کە بەرگە هەوای زەوییە و ڕێگرە لە گەیشتنی ئەو تیشکە زیانبەخشانە بۆ سەر زەوی.

بیر لە ئایەتەکانی خوای گەورە بکەرەوە کە دەفەرموێ:

﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَٰفِلِينَ ﴾ (المؤمنون: ١٧).

واتە: ((سوێند بە خوا بەڕاستی ئێمە لەراسەرتانەوە حەوت چین ئاسمانمان دروستکردووە و، ئێمە هەرگیز لە دروست کراوان غافڵ و بێ ئاگا نین (هیچ شتێکمان لێ بزر نابێت و هیچ شتێك پشتگوێ ناخەین)).

بێگومان تیشك لە شەپۆل پێك دێت، کە هەڵدەگەڕێتەو و دەشکێتەوە و بڵاو دەبێتەوە و پەرشدەبێتەوە و لادەدات، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بەم ڕاستییە زانستییە کردووە، هەروەك دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعْرُجُونَ ﴿١٤﴾ لَقَالُوٓاْ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَٰرُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ ﴾ (الحجر: ١٤-١٥).

واتە: ((ئەو بێ باوەڕانە) ئەگەر دەروازەیەکمان لە ئاسمانەوە بۆ بکردنایەتەوە تا پیادا سەربکەون و تێپەڕببن و (نهێنی دروستکراوانی ئێمە ببینن، هەرباوەڕ ناهێنن ئەوە دەیانوت: بێگومان چاوبەستمان لێکراوە، یاخود ئێمە کەسانێکی جادوو لێکراوین!!)

گەلەستێرەکان (١)

بریتین لە کۆمەڵێکی گەورەی ئەستێرەکان، کە بەهۆی هێزی کێشکردنیان بەیەکەوە بەستراونەتەوە و لە دەوری خاڵێك، یان چەقێك دەخولێنەوە، بچوکترین گەلەستێرە، کە دۆزراوەتەوە زیاتر لە (٣٠٠) ملیۆن ئەستێرە لەخۆ دەگرێت.

ئەبو الشیخ لە کتێبی (العظمة)[٢]لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: جارێکیان معاویە نامەیەکی بۆ ئیبن عەببباس نارد و پرسیاری گەلەستێرەی لێ کرد و ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی "وأما المجرة فإنها باب السماء الذي تنشق منه"[٣]، واتە: گەلەستێرە بریتییە لە دەرگای ئاسمان کە لێی جیا دەبێتەوە.

---

(١) سەیری (الاعجاز العلمي) د. منصور حسب النبی، و (الاسلام في عصر العلم)ی مامۆستا محمد احمد الغمراوی، و (الاعجاز العلمي) د. محمد جمال الغندی و ئەوانی تر بکە.

(٢) العظمة (٤/ ١٢٩٩) ژمارە (٧٩٢).

(٣) بوخاری گێڕاوەتییەو لە "الأدب المفرد" (٢٦٠) ژمارە (٧٦٨) والطبراني لە "الكبير" (٢٩٩/١٠) ژمارە (١٠٥٩١) الهیثمی لە "مجمع الزوائد" دەڵێت: پیاوەکانی پیاوی ڕاستن، ابن کثیر لە "البداية والنهاية" دەڵێت: سەنەدەکەی بۆ (ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) ڕاستە.

ئەو گەلەستێرانە بە دووری جیا جیا لە زەوییە و، تەنانەت لە یەکتریش دوورن، لەبەر ئەو هۆیەشە کە زۆر جار وەک خاڵی ڕووناک بەدەر دەکەون و پێیان دەگوترێت (کوازار).

هەروەها خوای پەروەردگار سوێندی بەو ئەستێرانە خواردووە و دەفەرموێ:

﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ﴾ (الواقعة: ٧٥-٧٦).

واتە: ((سوێندم بە شوێنی ئەستێرەکان (لە ئاسمانی فراواندا کە لە ژمارە نایەن) بێگومان ئەو سوێندە گەر بزانن سوێندێکی زۆر گەورەیە)).

ئەستێرەکان بریتین لە یەکەی پێکهاتەی گەلەستێرەکان، یان پێکهاتەی تۆپەڵەی ڕێگای کاکێشان، یەك گەلەستێرە بە ملیۆنەها ئەستێرە لەخۆ دەگرێت، گەردوونیش لە چەندان گەلەستێرە پێك دێت، کە لە ژمارە نایەن.

لە ئەستێرە بەناوبانگەکان، ئەستێرەی ورچی بچوك و ئەستێرەی ورچی گەورە و ئەستێرەی شامی (الشعری الشامیة) و ئەستێرەی یەمەنی (الشعری الیمنیة)، کە پێشتر قوڕەیشەکان لە کاتی گەشتە هاوینییەکانیان بۆ شام و گەشتە زستانییەکانیان بەرەو یەمەن، پشتیان پێ دەبەستن، خوای گەورەش لە قورئاندا باسی کردووە:

﴿ وَأَنَّهُۥ هُوَ رَبُّ ٱلشِّعۡرَىٰ ﴾ (النجم: ٤٩).

واتە: ((هەر خوایش پەروەردگاری ئەستێرەی شیعرایە: (ئەو ئەستێرەیە کە هەندێ لە عەرەبەکان پەرستویانە، قەبارەکەی دە ئەوەندەی خۆرە، یەك ملیۆن ئەوەندەی نێوان زەوی و خۆر لێمانەوە دوورە)).

چەند لاشەیەکی ئاسمانین لە گازی تیشکدەر و چڕوپڕ پێك دێن، سەنتەری ئەستێرە لە ناو قورس پێك دێت، سەنتەری گەلەستێرەکە ئەستێرەی زەبەلاحی سووری کۆنن، بەڵام ئەوانەی ڕووی دەرەوە پێیان دەگوترێت: ئەستێرەی (الأذرع) کە ئەستێرەی شینی تازەن.

تا قەبارەی ئەستێرەکان زیاتر بێت، تەمەنیان کورتتر دەبێت، ئەستێرەکان لە کۆمەڵەی شێوە تۆپ کۆ دەبنەوە و بە دەوری گەلەستێرەکە لە دەرەوە، یاخود لە ناوەی گەلەستێرەکە دەسوڕێنەوە.



لەگەڵ ئەستێرەکانی گەردوون ڕێزبەند کراوە و لەگەڵیدا ملیارەها خۆری تر لەو گەردوونە هەیە، ئەو خۆرە بریتییە لە گرنگترین و بەسوودترین ئەستێرە بۆ خەڵکانی سەر ڕووی زەوی، توانراوە تیرەی ئەو ئەستێرە بزاندرێت، کە گەیشتۆتە ١٣٩٢٠٠٠ کلیۆمەتر بە نزیکەیی، بارستاییەکەشی ١٩٩٠ ترلیۆن تۆن (٢٤ سفری هەیە)، بەڵام سەبارەت بە پلەی گەرمایەکەی لەسەر ڕووی دەرەوەیدا ٦٠٠٠ پلەیە، لە ناوەوەش ٢٠ ملیۆن پلەیە.

وزەی خۆر بەم شێوەیە دابەش کراوە: ٤٦٪ یەکەی گەرمییە، ٤٥٪ یەکەی تیشکییە، ٩٪ یەکەی تیشکی سەرووی وەنەوشییە، تەمەنی خۆر بە نزیکەی ١٠ ملیۆن ساڵ هەژمار دەکرێت، بەڵام ئەو تەمەنەی بۆی دانراوە ٥٠ ملیۆن ساڵە، ئەمەش تەمەنی مەزەندەکراویەتی، کە زاناکان بۆیان خەملاندووە.

تیشکی ژێر سووری خۆر هەڵدەستێ بە هەڵماندنی ئاو و گۆڕینی بۆ هەڵم و پاشان بۆ هەور، ئینجا با دەیگوازێتەوە و دەیێتە سەرچاوەی ئاوی سازگار، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿...وَيَجْعَلُهُۥ كِسَفًا...﴾ (الروم: ٤٨)، واتە: ((ئەو خوایە کە هەورەکان

کۆ دەکاتەوە و دەیانکاتە یەکپارچە)).

﴿ وَٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَرۡسَلَ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابٗا ... ﴾ (فاطر: ٩)، واتە: ((خوا ئەو زاتەیە کە بای ڕەحمەت دەنێرێت و هەڵمی دەریاکانی پێ دەگوێزێتەوە و دەیکاتە هەور)).

﴿ وَأَرۡسَلۡنَا ٱلرِّيَٰحَ لَوَٰقِحَ فَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَسۡقَيۡنَٰكُمُوهُ وَمَآ أَنتُمۡ لَهُۥ بِخَٰزِنِينَ ﴾ (الحجر: ٢٢)، واتە: ((یەکێك لە بەخششەکانی خوا ئەوەیە) ئێمە شنەبامان ناردووە، کە پیتێنەری ڕووەك و دار و دارەختە، هەروەها بارانمان لە ئاسمانەوە باراندووە و ئێوەی پێ تێراو دەکەین، بێ ئەوەی ئێوە ئەو ئاوانەتان زەخیرە کردبێت)).

خۆر کە سەرچاوەی ڕووناکییە لە ڕۆژدا، لە هەمان کاتدا سەرچاوەی گەرمییە، نزیکەی (٩٣) ملیۆن میل لە زەوییەوە دوورە، هەروەها سەرچاوەی وزەی ڕووناکییە، دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەگۆڕێت بۆ ماددەی ئەندامی، کە بە کاربۆن دەست پێ دەکات و شەکر و چەوربیەکان و زینجیرەی تری خۆراکی بە هۆی سەوزە ماددەی کلۆرۆ فیل لێ دروست دەبێت، هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىۡءٖ فَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهُ خَضِرٗا نُّخۡرِجُ مِنۡهُ حَبّٗا مُّتَرَاكِبٗا ... ﴾ (الأنعام: ٩٩).

واتە: ((ئەو خوایە زاتێکە، کە لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێت (دەفەرموێ): جا بەهۆیەوە چرۆ و چەکەرەی هەموو شتێکی پێ دەردەهێنین و شینی دەکەین، ئینجا لاسکی سەوزی لێ پەیدا دەکەین، زنجیرە دانەی سەفتەکراوی لێ دروست دەکەین (وەك گوڵەگەنم و چەڵتوك و گەنمەشامی..هتد)).

ئەوەی بۆ زانایان دەرکەوتووە بە تایبەتی لە حاڵەتی خۆر گیرانی تەواودا، کاتێك مانگ تیشکی خۆر دادەپۆشێت، ئەوەیە کە خۆر وەك هەور شێوەیەکی ناڕێکی هەیە، هەرچەندە خەڵك وا هەست دەکەن شێوەی خڕە گەر بتوانێ سەیری بکەن، بەڵام لە کۆتایی زەمان ئەمە دێتە دی هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾ (التكوير: ١)، واتە: ((کاتێك خۆر لوول دەخوات و خڕ دەبێت وەك میزەر، رووناکی نامێنێت)).

زانایانی فەلەکناسی دەڵێن: خۆر بە دریژایی ژیانی و بە ویستی خوای گەورە لە تەقینەوە دایە، تا ئەو کاتەی کە خۆی دەیەوێ و لەبەر ئەو هۆیانەش، کە هەر خۆی دەیزانێ، لەو کارەشدا بۆشایی گەردوون پڕ دەکات لە ئەستێرە خولاوەکانی تایبەت بە خۆی و بەدەوریدا دەخولێنەوە.

ئەو خۆرە یەکێکە لە ئەستێرە بەناوبانگەکان، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هاوشێوەی هەیە، کە ناوە زانستییەکەی (الكوازار) (تەنی ئەستێرەیی)، هەر بۆیە گەلەستێرەکان لە ملیۆنەها ئەستێرە پێك دێن، بەڵام لەبەر دووریيە زۆرەکەی، کە (١٢) بلیۆن ساڵی ڕووناکی لە زەوییەوە دوورە وەك ئەستێرەیەك، یاخود خاڵێکی ڕووناك لە ئاسماندا دەردەکەوێت.

هەسارە تەنێکی ئاسمانی خامۆشە و ڕووناکی ناداتەوە، یان لە ماددەیەکی ڕەق پێکهاتووە، وەك زەوی و مەریخ، یاخود پێکهاتەی گازییە وەك موشتەری و ئۆرانۆس.

مرۆڤ هەر لە درێژ زەمانەوە هەندێك لە ئەستێرە گەڕۆکەکانی دۆزیوەتەوە و، پاشان زانایانی سەردەم بە گوێرەی دووریان لە خۆرەوە پۆلێن و ڕێزبەندیان کردووە، (عەتارد، زوهرە، زەوی، مەریخ، موشتەری، ئۆرانۆس، نیبتۆن، بلۆتۆ، پاشان هەسارەیەکی تر کە لە ساڵی ١٩٧٢ز دۆزراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا ناوێکی جێگیری نییە.



زاناکان توانیویانە تیرەی زەوی بزانن، کە تیرەی هێڵی کەمەرەیی (ئیستوایی) (هێڵی قڕژاڵ) بریتییە لە (١٢٧٥٦٩) کیلۆمەتر، لە کاتێکدا تیرەی نێوان دوو جەمسەرەکەی بریتییە لە (١٢٧١٣) کیلۆمەتر، کەواتە جیاوازی نێوانیان (٤٣) کیلۆمەترە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زەوی لە ١٠٠٪ لە شێوەی تۆپ خڕ نییە، بەڵکو هێلکەییە، هەروەکو هەندێك عەرەب پێی دەڵێن (دحیە)، هەروەها هەندێك لە زاناکان لەم ئایەتە پیرۆزەدا (دحیە) بە واتای هێلکە لێك دەدەنەوە:

﴿ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ﴾ (النازعات: ٣٠-٣١)، واتە: ((دواتر زەویشی بەشێوەیەکی هێلکەیی بەدیهێناوە ئاوی لێ دەرهێناوە و لەوەڕگای بۆ مااڵت فەراهەم هێناوە)).

کێشی زەوی دەگاتە نزیکەی (٥٩٧٧) میلۆن ملیۆن ملیۆن تۆن و، قەبارەکەشی کەمترە لە یەك بەش لە ملیۆن بەشی قەبارەی خۆر.

ئاو چوار لەسەر پێنجی زەوی دادەپۆشێت و بنمیچەکەش، کە چینێکی گازییە و هەزار کیلۆمەتر بەرزە و نزیکەی ٨٠٪ گازی نایترۆجینە و ٢٠٪ گازی ئۆکسجینە، سەرەڕای بوونی تێکەڵێك لە

گازی دەگمەنی وەك نبتون و زیتون و کریتون و هیلیۆم، بە پێچەوانەی هەڵمی ئاو و گازی دوانۆکسیدی کاربۆن، ئەمەش بە هۆی حیکمەت و دانایی پەروەردگار:

﴿... وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ﴾ (الرعد: ٨).

واتە: ((هەموو شتێك لای ئەو زاتە بەئەندازە و پێوانەیە)).

ئەوەش لای زانایان دەرکەوتووە ئەگەر بێتوو ئەو بڕە ئۆکسجینە زیاتر بوایە، ئەوا ئاگر نە دەکوژایەوە، ئەگەر بڕەکەشی کەمتر بوایە، مرۆڤ هەستی بە هەناسەسواری دەکرد و، زۆر بە قورسی دەیتوانی هەناسە بدات.

ئەمەش زۆر بە ڕوونی لەو وڵاتانەی، کە بەرزترن لە ئاستی ڕووی دەریاوە دەردەکەوێت، وەك ئەسیوبیان و ئۆگەندا و هی تر.

هەروەها زانایان جەخت دەکەنەوە، کە هەر چەند لە ڕووی زەوی دوورېکەوینەوە، بڕی ئۆکسجین کەمتر دەبێت و، تا دەگاتە دواین خاڵ (کە ١٠٠٠ کیلۆمەتر لە ڕووی زەوییەوە دوورە) بەرەو نەمان دەچێت، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ...﴾ (الأنعام: ١٢٥).

واتە: ((جا ئەو کەسەی خوا بیەوێت هیدایەتی بدات، ئەوە سینەی ساف و پاك و ئامادە دەکات بۆ ئاینی ئیسلام، ئەو کەسەش خوا بیەوێت گومڕای بکات، ئەوە دڵی دەگوشێت و سنگی توند دەکات و هەناسەی سوار دەبێت، هەر وەك ئەوەی بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوە (چۆن تووشی تەنگە نەفەسی و دڵە تەپێ و خوێن بەر بوون دەبێ)).

هەروەها دەفەرموێ:

﴿ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴾ (الأنبياء: ٣٢)، واتە: ((ئێمە ئاسمانمان کردووە بە سەقفێکی پارێزراو، کەچی ئەوانە ڕوو وەردەگێڕن لە هەموو نیشانە و بەڵگەکانی ئاسمان)). هەر لەبەر گرنگی ئەم سەقفە خوای گەورە سوێندی پێخواردووە و دەفەرموێ:

﴿ وَٱلسَّقْفِ ٱلْمَرْفُوعِ ﴾ (الطور: ٥).

واتە: ((سوێند بە بانی بەرز و بڵند کراو، واتە: ئاسمان)).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چینی ئۆزۆن بکەین، کە بەم دواییە زۆر باس دەکرێت، ئەم چینە هەڵدەستێت بە مژین تیشکی سەروو وەنەوشەیی، بەڵام بە هۆی پێشکەوتنی پیشەسازی و پیسبوونی ژینگەوە، ئەم چینە تووشی تێکچوون هاتووە و چەند کونێکی تێبووە، بە هۆی زۆری ترشەکانی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن.

مانگ لەگەڵ هەسارەکان پۆلێن کراوە، بریتییە لە هەسارەیەکی وشك و دوورە پەڕێز و جێگیر و مردوو، نە ئاوی لەسەرە و نە بەرگە هەوای هەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەردی رەق پێك دێت و ناوەرۆکەکەشی لە ئاسن و بەردی سوورەوە بوو پێك دێت.

تیرەی مانگ ٣٤٧٦ کیلۆمەترە، خێراییەکەی ٣٨٦٠ کلیۆمەترە لە کاتژمێرێکدا، ٣٥٦٤١٠ کلیۆمەتر لە زەوییەوە دوورە.

بەرزترین پلەی گەرما لەسەر ڕووی مانگ ١١٧ پلەی سەدییە و نزمترین پلەش ١٦٢،٧ لە ژێر سفرە، بەرزترین لوتکەی چیای ١٠،٥ کلیۆمەترە و هێزی کێشکردنی یەك لەسەر شەشی کێشکردنی زەوییە.

دوای ئەوەی زانایانی فەلەکناسی گەیشتنە سەری، بۆیان دەرکەوتووە کە پێشتر مانگ هەسارەیەکی گرگرتوو بووە، بەڵام کوژاوەتەوە و ڕووناکییەکەی نەماوە.

زانایان ئیسلامیش هەر لەسەرتای دەرکەوتنی ئیسلام گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییە، هەروەکو پێشەوا ابن کثیر (خوا لێی رازی بێت) لە تەفسیرەکەیدا لە ئیبن عەبباسەوە دەگێڕێتەوە، کە تەفسیری ئەو

ئایەتە پیرۆزە دەکات:

﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ ۖ فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً ... ﴾ (الإسراء: ١٢).

دەڵێت: "مانگ کە بەڵگە و نیشانەی شەوە، هەروەکو خۆر ڕووناك بووە، بەڵام ڕەنگی ڕەشی بەسەرداهات و سڕایەوە، و ئەو ڕەنگە ڕەشەشە، کە هەیەتی پاشماوەی ئەو سڕینەوەیە"[1].

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

"إن الشمس والقمر آيتان من آيات الله لا يخسفان لموت أحد ولا لحياته، فإذا رأيتم فاذكروا الله"، بخاری گێڕاویەتییەوە لە (كتاب بدء الخلق) ژمارە (٣٢٠٢)، واتە: (خۆر و مانگ دوو بەڵگەن لە بەڵگەکانی خوای گەورە، نە بە مردنی کەس نە بە ژیانی کەس دەگیرێن، ئەگەر بینیتان خۆر یاخود مانگ گیرا، ئەوا زیکر و یادی خوا بکەن".

هەروەها دەفەرموێ: "الشمس والقمر مكوران يوم القيامة"، بخاری گێڕاویەتەوە (٣٢٠٠)/ واتە: (لە ڕۆژی دواییدا، خۆر و مانگ دەپێچرێنە و ڕووناکیان نامێنی).

الحافظ ابن حجر دەڵێت[2]:

وشەی (مكوران) لە گێڕانەوەکەی البزار زیاد کراوە، هەندێکیش لە گەڵیدا دەڵێن، مانگ و خۆر دەخرێنە ناو دۆزەخەوە، ئینجا حەسەن پرسی: باشە تاوانیان چییە؟ ئەبو سلمە گوتی: تو دەپرسی تاوانیان چییە، ئێستا فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوات بۆ دەگێڕمەوە (صلى الله عليه وسلم):

---

(١) روح المعاني ى الآلوسى (٢٦/ ١٥).

(٢) الفتح (٦/ ٣٦٩).

ئەبو یەعلی لە فەرمودەی ئەنەسەوە دەریهێناوە، کە ئەم دەستەواژەی تێدایە "ليراهما من عبدها" واتە: (بۆ ئەوەی نیشانی ئەوانەی بدات کە دەیانپەرستن) هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ... ﴾ (الأنبياء: ٩٨).

واتە: ((پاشان پێیان دەوترێت) بێگومان ئێوە و ئەو شتانەی لەجیاتی خوا دەتانپەرست سووتەمەنی دۆزەخن و سەلکە بزۆتی ئاگرن))، الطياسي لەم ڕووەوە بە کورتکراوەیی دەریهێناوە.

هەروەها ئیبن وەهەب لە کتێبی (الاهوال) لە عطاء ی کوڕی یسارەو بۆمان دەگێڕێتەوە، کە لە تەفسیری ئەو ئایەتە ﴿وَجُمِعَ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ﴾ (القيامه: ٩)، دەڵێت لە ڕۆژی دوایی خۆر و مانگ کۆ دەکرێنەوە، ئینجا فڕێدەدرێنە ناو ئاگر.

هەروەها ئیبن حاتم لە ئیبن عەبباسەوە دەگێڕێتەوە: الخطابي دەڵێت: مەبەست لە سوتاندنیان، ئازاردانیان نییە، بەڵکو وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەوانەی، کە لە دونیادا دەیانپەرستن و هەروەها دەگوترێت ئەوانە لە ئاگر دروستکراوان، هەر بۆیە دەگێڕدرێنەوە ناو دۆزەخ.

الاسماعیلی دەڵێت: مەرج نییە ئەوەی، کە خوای گەورە لە دۆزەخی دانابێت، ئازاری بدات، چونکە لەناو دۆزەخ فریشتە و ئامرازی سزادان و بەرد هەیە، کە بە ویستی خوا لەوێ داندراوان، لەوانەیە خۆیان ئازار نەچێژن. ا . هـ.

الطياسي و ئەبو یعلی و ئەبو الشیخ لە "العظمة" لە (ئەنەس)ەوە بۆ مان دەگێڕنەوە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)

فەرموویەتی "الشمس والقمر ثوران عقيران في النار"[١]، واتە: (خۆر و مانگ وەك گای سەربڕاو وان لە ناو ئاگردا).

لەسەرانسەری جیهاندا بە هۆی کاریگەری هێزی کێشکردنی مانگەوە، ڕۆژانە دووجار هەڵکشان و داکشانی ئاو لە زەریاکاندا ڕوو دەدات[٢].

هەروەها مانگە دەستکرد و ڕوانگەکانی چاودێری، وێنەی پوختی مانگیان گرتووە، کە دەرچەی گرکانی و بەرزایی و حەوزی نزمی لەسەر دەردەکەوێت و ٢٧،٣ ڕۆژیش دەخایەنێت بۆ ئەوەی بە دەوری تەوەرەکەیدا بخولێتوە، کە یەکسانە بە کاتی خولانەوەی بەدەوری زەیدا.

هەسارۆکە

تەنی ئاسمانی تیرە جیاوازە، کە تیرەیان لە نێوان چەند سەد مەترێك، تا هەزار کیلۆمەترەوە، وسێ جۆرن: یەکەمیان لە دەوری خۆر دەخولێتەوەو دووەمیان دەکەوێتە نێوان هەسارەی مەریخ و موشتەری، هەرچی سێیەمیانە دەکەوێتە چوار دەوەری کۆمەڵەی خۆر.

---

(١) ابو الشيخ له "العظمة" ژماره (٦٤٣) و الطياسى (٢١٠٣) گێڕاویەتیەوە و (الرقاشى)یش بۆی زیاد کردووە، بەڵام بە نمونەیەکی (البخاري) (٣٢٠٠).

(٢) كتاب الله والإعجز في القرآن لبيب بيضون.

دەبن لەچاو، یاخود بەهۆی سوڕانەوەی زەوی و خۆیانەوە (بەهۆی هەڵهاتنی خۆرەوە) ون دەبن بەو هەسارانەی کە پەنا دەگرن و دیار نامێنن)).

کلکی ئەو کلکدارە لە کۆکردنەوەی گاز و خۆڵەگەردوونییەکان دروست دەبێت، ئەو کلکەش درێژدەبێت بە ئەندازەیەك درێژیەکەی دەگاتە ملیۆنەها کیلۆمەتر، بە ڕۆیشتن و کۆبوونەوەی ئەو خۆڵە، شوێنەواری ڕۆیشتنەکەی دەسڕێتەوە، قورئانی پیرۆز ناوی ناوە (الجوار الكنّس).

دەگوترێت یەکێك لەم کلکدارانە لە ساڵی ١٩٨٥ ز دەرکەوتووە، ئەمەش دوای ئەوە نزیکەی پێش ٧٥ ساڵ بەر لەو وادەیە لە ساڵی ١٩١٠ ز دەرکەوتبوو.

هەروەها دەگوترێت ئەو کلکدارە، کە زانایانی فەلەکناسی ناویاناوە "هالی"، هەمان ئەو کلکدارە بووە، کە لەساڵی ٨٢٧ ز لە سەردەمی خەلیفە المعتصم بالله دەرکەوتووە، ئەمەش کاتێك ئەستێرەناسەکانی ئەو کاتە هۆشداریان دابوو لە مەترسییەکانی، لە دوای ڕزگارکردنی شاری عموریە[1]، خەلیفەش گوێی بە هەڕەشەکانیان نەداو و پرۆسەی ئازادکردنی شارەکەی ئەنجام دا.

السديم (تۆپەڵە هەوری تەمومژاوی):

تۆپەڵێکی گەورەیە لە خۆڵی وردی گەردوونی دروست دەبێت هەروەها لەو گازانەی، کە لە پاشماوەی ئەستێرە تەقیووەکان دروست دەبن و سەرچاوەی دروست بوونی ئەستێرەی نوێیە.

---

(١) سەیری بابەتی ئازادکردنی عموریە بکە: لە (الكامل) ی ابن الأثير، (البداية والنهاية) ی إبن كثير، تاريخ الذهبي و چەندانی تر. لەو ڕووەوە شاعیر دەڵێت:

السيف أصدق أنباءً من الكتب في حده الحد بين الجد واللعب



تەنێکی ئاسمانییە و سەر و کلکی هەیە، کە درێژی کلکەکەی دەگاتە ملیۆنەها کیلۆمەتر و پێك دێت لە بەفر و گازەکان و خۆڵی بەستوو، هەیانە لە خولگەیەکی درێژ دەخولێتەوە بە پێچەوانەوە ئاڕاستەی خولانەوەی خۆر و، هەشیانە لە خولگەیەکی کورت دەخولێتەوە و بەهەمان ئاڕاستەی خولانەوەی خۆر، سەرچاوەی هەر هەموشیان دەرەوەی کۆمەڵەی خۆرە لە دووری ٩٣٠٠ هەزار ملیۆن میل.

ڕێچکەکەشی لاکێشەییەکی زۆرە بە شێوەیەك لە خۆرەوە دەردەچێت و لە بۆشایی گەردوون بۆ ماوەیەکی درێژ ون دەبێت، ئەم ونبوونەش لە زمانی عەرەبی پێی دەگوترێت: (تخنس) واتە: ونبوو، یاخود پەردەپۆشبوون، هەروەکو چۆن خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز ناوی بردووە بە، (الخُنَّس)، واتە: ونبوون، ئینجا جارێکی تر دەردەکەوێتەوە و پاش دەرکەوتنی بۆ ماوەیەکی زۆر دەتوانرێت بە چاوی ئاسایی یاخود دووربینی فەلەکی و تلسکۆپ لەسەر زەویەوە ببیندرێت.

هەروەك چۆن خوای گەورە لە چەندان شوێن سوێندی بەم ونبوونە خواردووە هەروەك دەفەرموێ: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ۝١٥ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ﴾ (التكوير ١٥-١٦)، واتە: ((سوێند بەو ئەستێرانەی کە پەنهان دەبن و ون

بەردی بونیادنانین لە پێکهاتەی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرن، قەبارە بچوکن، تیرەیان لە چەند دە مەترێك تێپەڕ ناکات و لە کاتی بەرکەوتنی بە بەرگە هەوای زەوی بەتەواوی ناسوتێت و پاشماوەکانی بەر ڕووی زەوی دەکەوێت.

هەر شتێك بەرگە هەوای زەوی ببڕێت و بەر ڕووی زەوی بکەوێت، پێی دەگوترێت (نەیزەك)، زۆربەی نەیزەکەکان دەبنە خۆڵ، ئەمەش حیکمەتی پەروەردگارە، سەیری فەرمایشتی خوای پەروەردگار بکە ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلْفُلْكَ تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ وَيُمْسِكُ ٱلسَّمَآءَ أَن تَقَعَ عَلَى ٱلْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِۦٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ (الحج: ٦٥)، واتە: ((ئایا بەچاوی خۆت نەتبینیووە چۆن خوای گەورە هەرچی لە زەویدا هەیە بۆ ئێوەی رام هێناوە، هەروەها کەشتیەکانیش کە لە دەریاکاندا دەڕوات بە فەرمانی ئەو زاتە، ئاسمانیش ڕاگیر دەکات لەوەی کە بکەوێت بەسەر زەویدا، مەگەر بەویست و فەرمانی خۆی، بەڕاستی خوا بۆ خەڵکی زۆر بەسۆز و میهرەبان و لێخۆشبوو بەخشندەیە)).

لە سەردەمی نوێشدا و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٠١ ئەمە رووبدا، کاتێك کۆمەڵێك لەو بەردە نەیزەکانە کەوتنە سەر خاکی سیبیریا و ١٥٠٠ کەسی کوشت و کشتوکاڵ و لەوەرگاکانی بە رووبەری ٢٠٠ کیلۆمەتر کاول کرد.

قورئانی پیرۆز بەو بەردە نەیزەکانە دەڵێت "الکسف" واتە: (پارچەیەك) وەك دەفەرموێ:

﴿ أَفَلَمْ يَرَوْا إِلَىٰ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِن نَّشَأْ نَخْسِفْ بِهِمُ ٱلْأَرْضَ أَوْ نُسْقِطْ عَلَيْهِمْ كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ ﴾ (سبأ: ٩)

واتە: ((باشە ئاخۆ ئەوانە سەرنجی دەوروبەری خۆیان نەداوە، چی دەوری داون لە ئاسمان و زەویدا؟!، ئاوڕێك لە دواوە نادەنەوە؟! ئەگەر بمانەوێت بە ناخی زەویدا دەیانبەینە خوارەوە، یان پارچەیەك لە ئاسمانەوە بەسەریاندا بەر دەدەینەوە، بە ڕاستی ئا لەو توانا و دەسەڵاتداریەدا نیشانەی روون و ئاشکرا هەیە، بۆ هەر بەندەیەك کە گەڕابێتەوە بۆ لای خوا و هۆشی لای ڕەزامەندیی ئەو زاتە بێت)).

لە سەردەمی ئەمڕۆماندا کەوتنەخوارەوەی بەردە نەیزەکەکان کەم بۆتەوە، ئەمەش بۆ تیشك خستنەسەر تەفسیری فەرمایشی خوا کە دەفەرموێ:

﴿ وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمْعِ ۖ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْآنَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا ﴾ (الجن: ٨-٩).

واتە: ((ئێمەش بەڕاستی بەرەو ئاسمان کشاین و هەست و هۆشمان خستەکار، سەرنجماندا کە پڕە لە پاسەوانی بە توانا و بێ شومار، نەیزەکیش بە هەموو لایەکدا دەکشا، ئێمە جاران لە هەندێك شوێنی ئاسماندا خۆمان حەشار دەدا بۆ گوێگرتن و دەنگوباس بیستن، بەڵام ئێستا ئەوەی بیەوێت گوێ بگرێت یەکسەر نەیزەکێکی بۆ ئامادەیە و بۆی دەهاوێژرێت و لە ناوی دەبات)).

زانایان نەیزەکیان بۆ سێ جۆر دابەش کردووە:

- نەیزەکی ئاسن، پێی دەگوترێت (سیدریت).
- نەیزەکی بەردینی، پێی دەگوترێت (ئەیرۆلیت).
- سێیەم جۆر پێی دەگوترێت بەردی هەوایی.

توانراوە بە شێکی پێکهاتەی ئەو جۆرە نەیزەکانە بناسرێن، کە گرنگترینیان ئاسن، نیکڵ، کالسیۆم، ئەلەمنیۆم، سیکا، کبریت و ئۆکسجینە.

تۆز، یان خۆڵی وردە لە پاشماوەی ئەستێرە کلکدارەکان، یان نەیزەکەکان دروست بوون و بە دەوری خۆردا لە بازنەیەکی سپیدا دەخولێنەوە، لە بەرگە هەوای زەویدا و لە بەرزایی ٨٠ کلم دەسوتێن.

ئەو جۆرە تەنانە بە کۆمەڵ، جۆرێکن لە جۆرەکانی کۆمەڵەی خۆر کە بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە و تیایدا ئەو جۆرەیان لە شێوەی بڵێسەدار بە هێڵی درێژ لە ئاسمان دەردەکەون و بە مەجازی پێی دەگوترێت ئەستێرەی کەوتوو.

وشەی (شُهب) بڵێسەدار لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە، کە دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاءَ فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا﴾ (الجن: ٨). زانستیش سەلماندویەتی، کە هەسارەیەکی گەورە هەبووە و لە بۆشایی ئاسمان لەنێوان هەردوو هەسارەی موشتەری و مەریخ دەخولایەوە، تەقیوەتەوە و پارچە پارچە بووە و وەک بارانی بە لێزمە بۆشایی ئاسمانی پڕ کردووە لە خۆڵی بڵێسەدار و بەردە ئەیزەک بە قەبارەی گەورە لە شێوەی چیادا.

ڕۆژانە بە ڕێژەی مامناوەندی ٢٠ ملیۆن پارچەی بڵێسەدار دێنە ناو بەرگەهەوای زەوی، خۆڵەمێشی ئەو پارچە سوتاوانە کۆدەبنەوە و

بەهۆیانەوە بارستەی زەوی بە تێکڕایی هەزار کیلۆگرام لە ڕۆژێکدا زیاد دەبێت، هەروەک هەڵمی ئاو لەسەر بەشەکانی ئەو خۆڵەمێشە لە بەرگەهەوای زەیدا دەنیشێت و باران دروست دەکات، یان بلورەی بەفری لێ دروست دەبێت، ئەمەش رزق و خێرە بۆ خەڵکی سەر زەوی، هەروەک پەروەردگار لە قورئاندا ڕوونی دەکاتەوە: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزْقًا ... ﴾ (غافر: ١٣).

واتە: ((ئەو خوایە بەردەوام بەڵگە و نیشانەی دەسەڵاتداریی خۆیتان نیشان دەدات، لە ئاسمانیشەوە رزق و ڕۆزیتان بۆ دادەبەزێنێت - وەک باران - کەسیش یاداوەری وەرناگرێت و بیرناکاتەوە، جگە لەوانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو زاتە).

پـــلازمـــا:

گازی لەیەکنەچوو و جیاوازن لە پلەی گەرمی بەرزدا، واتە: ئەلیکترۆنەکانی لە ناوکەکەیدا جیا بۆتەوە، کارەبا گەیەنەرە و بەبواری موگناتیسیش کاریگەر دەبێت.

"البـــروج":

ئەم وشەیە چەند جارێك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، خوای پەروەردگار سوێند بە (السماء ذات البروج) دەخوات، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ ﴾ (البروج: ١)، واتە: ((سوێند بە ئاسمانی خاوەن ئەستێرە و هەسارەی گەورە).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا ﴾ (الفرقان: ٦١). واتە: (زۆر گەورە و مەزنە

ئەو زاتەی لە ئاسماندا چەندەها خولگەی گەورەی بۆ - هەسارەکان و ئەستێرەکان - بەدیهێناوە، هەروەها چرایەکی پڕشنگدار کە خۆرە و مانگێکی روناکیشی بۆ زەوی دابین کردووە)).

راغب[1] خوا لێ رازی بێت دەڵێت:

البروج: واتە تەلارەکان، وشەیەکی کۆیە، تاکەکەی (برج)ـە، بەهۆیەوە دەگوترێت (بروج النجوم) لەبەر شوێنە تایبەتەییەکانیانەوە، خوای پەروەدگار دەفەرموێ: ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ﴾ (البروج: ١).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿... ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا ...﴾ (الفرقان: ٦١).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿... وَلَوْ كُنتُمْ فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ ...﴾(النساء: ٧٨).

لەوانەیە مەبەست لێی تەلار و کۆشك و قەڵای زەوی بێت، یان مەبەست لێی تەلاری ئەستێرەکانە، یان بەکارهێنانی وشەی (المشيدة) لە پێناو خواستن بووبێت.

ئیبن جەریر لە ئایەتی یەکەمدا (البروج)ی تەفسیر کردووە، کە بریتییە لە شوێنەکانی خۆر و مانگ، بە ڕای ئەو زانایە دوازدە (برج) هەیە، کە خۆر هەریەکێکیان بە ماوەی مانگێك دەبڕێت، مانگیش بۆ هەرکێکییان بە ماوەی دوو ڕۆژ و سێیەکی ڕۆژێك دەبڕێت، کە بیست و هەشت شوێن دەکات و دوو شەوی تریش بەردەوام دەبێت. بەڵام ئایەتی دووەم گەورەیی و شکۆداری بۆ زاتی خوا تێدایە.

هەر یەکە لە موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئەبی سالح و ئەلحەسن و قەتادە ئەو وشەیان تەفسیر کردووە، کە بریتییە لە هەسارە

(١) المفردات (٥١) برج

یەکجار گەورەکان، بەڵام عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) و ئیبن عەببباس و محمدی کوڕی کەعب و کەسانی تر تەفسیریان کردووە کە بریتییە لە تەلار و کۆشك لە ئاسمان بۆ پاسەوانی، گەر هەسارە یەکجار گەورەکانیش بریتی بن لە تەلاری پاسەوانی، ئەوا هەردوو رایەکان یەك دەگرنەوە.

زەوی دەڕوات و بە دەوری خۆڕدا دەسوڕێتەوە، بەڵام دوازدە بورجەکە، عەرەبەکانی پێشوو بەم شێوەیان ناوناون: بورجی کاوڕ، بورجی گا، بورجی دوانە، بورجی قڕژاڵ، بورجی شێر، بورجی فەریك، بورجی تەزاروو، بورجی دووپشك، بورجی کەوان، بورجی گیسك، بورجی سەتڵ، بورجی نەهەنگ، هەموو ئەمانەش لە دێرە هۆنراوەیەکدا کۆیان کردوونەتەوە[1]:

حمل الثور جوزة السرطـان ورعى الليث سنبل الميزان
ورمـى عقـرب نفوس لجد برج الدلو بـركة الحـيتان

(١) دەگوترێت: ژمارەیان حەوتە، زوحەل، موشتەری، مەریخ، خۆر، مانگ، زوهرە، عەتارد: شاعیر دەڵێت:

(زحل شرى مريخه من شمسه - فتزاهرت بعطارد الأقمار)

بریتین لە پاشماوەی ئەستێرەکان لە دوای تەقینەوەیان لە بەرزاییەکان، چڕیان یەکجار زۆرە، کاتێك لە هەر ئەستێرەیەك نزیك دەبنەوە، تیشکی جاما و ئیکس بە لێشاو دەردەن.

بەڵام چۆن ئەو پێکهاتەیە دروست بووە؟

خوای پەروەدگار لە عەدەمیەتی ماددی و بۆشایی بێ کۆتایی دروستی کردوون، دۆزینەوەی شەپۆلەکانی میکروویف، زاناکانی گەیاندە ئەوە ئەنجامەی بزانن، کە ئەو تەقینەوەیە نزیکەیی پێش زیاتر لە ٣٠ هەزار ملیۆن ساڵ ڕوویان داوە.

لە تەقینەوەیەکی یەکجار گەورەدا، ئەو گەردە تەقیوەتەوە، کە لە دەرەنجامی ئەو تەقینەوەیە گەورەشدا، ملیۆنەها بەڵکو ملیارەها گەلەستێرە دروست بوون، کە بە هەموویان پێکهاتەی ئاسمانیان بەو شێوەیەی ئێمە دەزانین، دروست کردووە.

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿... وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ...﴾ (آل عمران: ١٩١)، واتە: ((ئەوانەی هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی)).

﴿ مَّآ أَشۡهَدتُّهُمۡ خَلۡقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ... ﴾ (الكهف: ٥١)، واتە: ((وەنەبێت من لە کاتی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا، ئەوانم ئامادە بکرێت - واتە: ئاگاداری نین)).

﴿ إِنَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ (الجاثية: ٣)، واتە: ((بەڕاستی لە ئاسمانەکان و زەویدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن دەربارەی گەورەیی و دەسەڵاتی پەروەردگار بۆ کەسانێك، کە بڕوادارن)).

هەروەها بۆ زانایانی گەردوننناسی ئەم سەردەمە روون بۆتەوە، کە گەردوون نزیکەی ١٠٠ هەزار گەلەستێرە لەخۆ دەگرێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، هەندێك لە پێناسەکان کورت دەکەینەوە بۆ ئەوەی بۆ تێگەیشتن ئاسان بن:

بارسك: فەرسەخی[1] ئەستێرەیی = ٣،٢٦١٥ ساڵی تیشکی = ٣٠٨٥٦ هەزار ملیۆن کیلۆمەتر.

ساڵی تیشکی: "پێوانەی دووڕییەکان" = ٩٤٦١ هەزار کلم، ٠،٣٠٦٦ ی بارسکێك.

یەکەی گەردوونی: "پێوانەی دووڕییەکان" = ١٤٩،٦ ملیۆن کلم.

میل "پێوانەی دووڕییەکان" = ١،٦٠٩ کلم[2].

---

(١) (یەك فەرسەخ = ٣ میل = نزیکەی ٥ کیلۆمەتر) وەرگێڕ.

(٢) (الكون المجهول) لجلال عبدالفتاح.

الكون الغامض/ وجود من العدم الى العدم د.محمد جمال الدين الفندي

هەردوو سەرچاوەکە لە زنجیرە ڤیستیڤاڵی (خوێندنەوە بۆ هەموان ١٩٩٨ز) کتێبخانەی (الاسرة) کتێبی گەنجان لە دەستەی گشتی میسڕی بۆ کتێب.

هەروەها سەیری (مع الله في السماء) بکە بۆ د. ئەحمەد زەکی کە زۆر گرنگە، هەروەها سەیری (قورئان و ئیعجاز)ی عەبدولرەزاق نوفل بکە، و گۆڤاری (ئیعجازی زانستی) سعودی، ژمارە (٣٣)، و (ئەستێرە و ڕێڕەوەکانیان) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی د. ئەحمەد عەبدولسەلام ئەلکردانی، (ئیسلام لە چەرخی زانستدا) د. محمد ئەحمەد ئەلغەمراوی.

ڕووبەڕی گەردوون

زانایانی گەردووننناسی، تیرەی گەردوونیان بە سێ هەزار ملیۆن ساڵی تیشکی خەملاندووە.

چەند ئایەتێکی پیرۆز لە بارەی دروستکردنی ئاسمان و زەوی:

سەیری فەرمایشتی پەروەردگار بکە: ﴿ خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾(العنكبوت: ٤٤).

واتە: ((ئاشکرایە خوا ئاسمانەکان و زەوی بەڕێك و پێکترین شێوە دروست کردووە، بەڕاستی ئا لەو کارەدا بەڵگە و نیشانەی تەواو هەیە بۆ ئیمانداران).

دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِى كُلِّ سَمَآءٍ أَمْرَهَا ۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفْظًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴾ (فصلت: ٩-١٢).

واتە: ((ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: باشە ئاخر ئێوە باوەڕتان بەو زاتە نییە کە زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست کردووە؟ هاوەڵێکیشی بۆ بڕیار دەدەن؟! ئەو بەدیهێنەر و دروستکارە، پەروەردگاری هەر هەموو جیهانیان و بوونەوەرە لەسەر ڕووکاری زەوی کێوەکانی دامەزراندوە، بەرەکەتی زۆری تێدا دابین کردووە (وەک نەوت و خۆرە ها کانزا، سەرەڕای جیهانی ڕوەك و...هتد)، هەموو رزق و ڕۆزیەکانی تیادا بڕیارداوە، هەمووی لە ماوەی چوار ڕۆژدا بە دوو ڕۆژەکەی پێشووشەوە، تا نیازو داخوازیەکانی ئادەمیزاد جێبەجێ بکات، لە ماوەی دوو ڕۆژدا ئاسمانی کردە حەوت چین و فەرمانی بۆ هەر چینێکیش دەرکرد، ئینجا دەفەرموێ: ئاسمانی دونیاشمان ڕازاندەوە بە ئەستێرە و کردمانە چراخان و کردمانە هۆی پاراستن، (لە شەڕی شەیتانەکان)، ئا ئەو شتانە هەمووی بە ویست و فەرمانی زاتێکە کە باڵادەست و زانایە.)

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ وَجَعَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٣١﴾ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾ (الأنبياء: ٣٠-٣٣). واتە: ((ئایا ئەوانەی بێ باوەڕ بوون، نەیانبینیووە و بۆیان ڕوون نەبۆتەوە بەڕاستی ئاسمانەکان و زەوی یەك پارچە بوون، لێکمان جیاکردنەوە، لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە، ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن؟ لەزەویشدا کەژ و کێوەکانمان چەسپاندووە، تا لاسەنگ نەبێت و لار نەبێتەوە و هەڵیان نەگێڕێتەوە

لەلایەکی چیاکان و لە دۆڵەکاندا ڕێگاوبانی فراوانمان سازاندووە، بۆ ئەوەی خەڵکی ژیان بۆ خۆیان دابین بکەن، هەروەها ڕێیان لە گەنجینە و نازو نیعمەتە شاراوەکان بکەوێت، ئێمە ئاسمانمان کردووە بە سەقفێکی پارێزراو، کەچی ئەوانە ڕوو وەردەگێڕن لە هەموو نیشانە و بەڵگەکانی ئاسمان، هەر ئەو زاتەیە کە شەوو ڕۆژی بەدیهێناوە، خۆرو مانگیشی دروست کردووە، هەریەکەیان لە خولگەیەکدا دەسوڕێنەوە)).

دەفەرموێ: ﴿وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا ﴿١٢﴾ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا﴾ (النبأ: ١٢-١٣). واتە: ((ئایا) حەوت چین ئاسمانی بەهێز و پتەومان بە سەرتانەوە دروست نەکردووە؟ چرایەکی پرشنگدارمان بۆ فەراهەم نەهێناون؟ - کە مەبەست خۆرە)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ ۚ بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا ﴿٢٩﴾ وَٱلْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا ﴿٣١﴾ وَٱلْجِبَالَ أَرْسَىٰهَا ﴿٣٢﴾ مَتَٰعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَٰمِكُمْ﴾ (النازعات: ٢٧-٣٣).

واتە: ((باشە ئاخر زیندووکردنەوەی ئێوە سەختتر و گرانترە، یان بەدیهێنانی ئەم ئاسمانە، کە هەر خۆی بەڕپای کردووە، بەبەرزیەوە رای گرتووە و بەوپەڕی ڕێکوپێکی بەدیهێناوە، شەوگارەکەی تاریک کردووە، کاتی چێشتەنگاویش روونای خۆری دەرخستووە، دواتر زەویشی بەشێوەیەکی هێلکەیی بەدیهێناوە، ئاوی لێ دەرهێناوە و لەوەڕگای بۆ مالات فەراهەم هێناوە، کێوەکانیشی بە تۆکمەیی دامەزراندووە، هەموو ئەمانەمان دروست کردووە، تا ببێتە هۆی ئەوەی کە خۆتان و مالاتەکانیشتان سوودی لێ وەربگرن)).

جیاکردنەوەی ئاسمانەکان لە زەوی:

لە فەرمایشتی پەروەردگار ﴿...أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَا...﴾ (الأنبياء: ٣٠).

واتە: ((ئاسمانەکان و زەوی یەک پارچە بوون و لەوەودوا لێکمان جیاکردنەوە)).

وا گومان دەبرێت، کە بە یەک جار لێکجیابوونەوەکە ڕوویدابێت، واتە: جیابوونەوەی ئاسمان لە زەوی، بەڵام ئەوەی کە زۆرتر باوە، سێ جیابوونەوە بووە نەک یەک.

هەموو ئاسمان و زەوی یەک پارچە بوون و بەیەکەوە لێکندرابوون و لێک جیاکراونەتەوە، بەمەش ئاو وشک بووە و بوو بە زەوی، جیابوونەوەی لە دوکەڵی ئاو (هەڵمەکەی) بوو بە ئاسمان، پاشان ویستی پەروەردگا وابوو، کە ئاسمانەکانیش کە یەک پارچەبوون لێکجیابکاتەوە، کردنی بەحەوت ئاسمان، هەروەها زەویش کە یەک پارچەبووە، کردی بە حەوت زەوی.

کاتێك خوا ویستی ئاسمانەکان لێکجیا بکاتەوە و بیانکات بە حەوت ئاسمان، هەر ئاسمانێکی فراوانتر کرد لەوەی لە ژێرەوەیە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴾ (الذاريات: ٤٧)، واتە: ((ئێمە ئاسمانمان بە دەستی قودرەتی خۆمان دروست کرد، بەردەوامیش گەورەی دەکەین و فراوانی دەکەین)).

لە ئیبن مەسعودەوە (خوا لێی رازی بێت) کە گوتوویەتی: "بين السماء الدنيا والتي تليها خمسمائة عام، وبين كل سماء خمسمائة عام، وغلظ كل سماء مسيرة خمسمائة عام، وبين السابعة وبين الكرسي خمسمائة عام وبين الكرسي وبين الماء خمسمائة عام والعرش فوق الماء والله وفق العرش ولا يخفى علي شيء من أعمالهم[1]". واتە: (نێوان ئاسمانی دونیا و ئەو ئاسمانەی لەدوای ئەو دێت، پێنج سەد ساڵە، نێوان هەر ئاسمانێك پێنج سەد ساڵە، ئەستوری هەر ئاسمانێك پێنج سەد ساڵە، نێوان ئاسمانی حەوتەم و کورسیدا پێنج سەد ساڵە، نێوان کورسی و ئاو پێنج

(١) (فتح الباري) بە شەرحی صحيح البخاري (٧٤٢٣)، بەیهەقی لە فەرمودەی ئەبی زەر دەریهێناوە.

سەد ساڵە، عەرش لەسەر ئاوە، خوای پەروەردگاریش لەسەر عەرشە، هیچ شتێکیشی لە کردەوکانیان لێی ون نابێت)).

ڕۆژەکانی دروستکردنی ئاسمانەکان و تەواوی دروستکراوەکان:

زانراوە کە عەرش لەسەر کورسییە، خوای پەروەدگار ئاسمانەکانی لە دوو ڕۆژدا، پێنج شەممە و هەینی دروست کردووە، پاشان زەوی بەشێوەی هێلکەیی بە دێهناوە، هەرچی لەسەریەتی لە ڕۆژی یەکشەممە دروستی کرد، خۆڵی لە ڕۆژی شەممەدا دروست کرد، چیاکانی لە ڕۆژی یەکشەممەدا دروست کرد، دار و درەخت و ڕووەکەکانی لە ڕۆژی دووشەممەدا دروست کرد، نەهامەتییەکان "ئازار و ناخۆشی و میکرۆبەکانی" لە ڕۆژی سێشەممەدا دروست کرد، نور و روناکی لە ڕۆژی چوارشەممەدا دروست کرد، لە ڕۆژی پێنجشەممەشدا هەموو ئەوانەی گیانان لەبەرن لەسەر زەویدا بڵاوکردەوە.

پاشان خوای پەروەدگار دروستکراوەکانی خۆی لە ئاسمانەکان تەواوکرد، لە ڕۆژی چوارشەممەدا فریشتەکانی دروست کرد، جنۆکەکانی لە ڕۆژی پێنجشەممەدا دروست کرد، ئادەمی لە دوا ساتەکانی عەسری ڕۆژی هەینی لە دواین کاتژمێرەکانی ئەو ڕۆژەدا دروست کرد، واتە: لە نێوان عەسر و شەودا.

هەموو ئاسمانە دروستکراوەکانی خۆی تەواو کرد، فریشتەکانی پێش جنۆکەکان دروست کرد، جنۆکەکانیش پێش ئادەم و دەریاکان و چیاییەکان دروست کردووە، ئەوشتانەشی کە هیچ کەسێک جگە لەونەبێت نازانێت، پاشان ئاسمانی دونیای بە ئەستێرەکان ڕازاندەوە، کردنی بە جوانی و هەروەها پاراستنی لە شەیتانەکان.

دروستکردنی زەوی

لە ئیبن عەبباسەوە (خوا لێی رازی بێت)، کە گوتوویەتی: (إن الأرض خُلقت قبل السماء، وإنما الأرض دُحيت بعد خلق السماء). واتە: (زەوی پێش ئاسمان دروست کراوە، بەڵام زەوی دوای دروستکردنی ئاسمان - دحی - کراوە) - الدحی- واتای[1] دەرهێنانی هەرچی لە ناوەوەی داندرابوو لە ئاو، ڕووەکەکان بە هەموو جۆر و ڕەنگ و شێوەکانی ڕوان، پاشان گەردوون دەستی بە جوڵە کرد، هەرچی تێیدابوو لە هەسارەی جێگیر و گەڕۆك دەستی بە سوڕان کرد[2].

پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ ... ﴾ (الطلاق: ١٢). واتە: ((خوا ئەو زاتەیە کە حەوت چین ئاسمانی دروست کردووە، هەروەها زەویشی بەو وێنەی ئەو دروستی کردووە)).

فەرمودەی زۆر لە بارەی حەوت ئاسمانەکان هەیە.

---

(١) ئەوە یەکێکە لە واتاکانی (دحاها)، واتەی تری زۆرە، وەك (پانی کردەوە)، (فراوانی کرد).

(٢) تەفسیری ابن کثیر (ج١ ص٦٩)

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دروستکردنی چیاکان:

﴿... وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ﴾[1] (فاطر: ٢٧). واتە: ((هەندێ لەکەژ و کێوەکانمان بەزنجیرە کێشاوە، هەیانە چین و هێڵ و نەخشی سپی و سوورە و، ئەوانیش ڕەنگیان جیاوازە، هەشیانە ڕەشێکی تاریک و تۆخە..)).

لە ئەنەسی کوڕی مالك (خوا لێی ڕازی بێت) پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (لما خلق الأرض جعلت تميد، فخلق الجبال فألقاها عليها، فاستقرت فتعجبت الملائكة من خلق الجبال)[2]. واتە: کاتێك پەروەردگار زەوی دروست کرد، وای لێکرد دڕێژببێت، چیاکانی دروستکرد و لەسەری دانان، جێگیر بوون، فریشتەکان لە دروستکردنی چیاکاندا سەریان سوڕما.

وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَأَلْقَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ ...﴾ (النحل: ١٥)، واتای (الجدد): ڕێگاکان، (الغرابيب): ڕەنگی ڕەشی دڕێژ.

ناوی چیای (جودی)[3] کە کەشتی حەزرەتی نوح (سەلامی خوای لێ بێ) لەسەر گیرساوەتەوە، لە قورئاندا باس کراوە، (جودی) چیایەکی گەورەیە، کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی دورگەی (ابن عمر) لە

---

(١) جدد: کۆی وشەی (جدة)یە، بە واتای ڕێگا، هەروەها ناوی شارێك لە سعودیە لەوەوە وەرگیراوە، دەگوترێت (الجدة): جۆر و شێوەیە، (غرابيب و سود) کۆی وشەی (غربيب)ـە، بە واتای ڕەنگی ڕەش، ڕەشی تۆخ.

(٢) موسنەدی ئیمام ئەحمەد ژمارەی فەرمووە (١١٨٤٤).

(٣) (لە بنەڕەتدا جودی ناوی ئەو چیایەکە کە کەوتۆتە باکوری کوردستان لە سنوری تورکیا) وەرگێڕ.

ناوچەی دیجلە لە موسڵ، ناوچەیەکی سەوزاییە و بە داری بەڕوو داپۆشراوە، لە نزیکیەوە گوندێك هەیە پێی دەگوترێت (الثمانين)[1]، ئەو ناوچەیە بوو، کە ئەوانەی ڕزگاریان بوو لە نغرۆ بوون لەگەڵ پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لێ بێ) لێی گیرسانەوە، "سەیری میژووی ئەلمەسعودی و میژووی (القضاعي) و سەرچاوەی تر بکە".

دروستکردنی ڕووبارەکان:

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْفُلْكَ لِتَجْرِىَ فِى ٱلْبَحْرِ بِأَمْرِهِۦ ۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلْأَنْهَٰرَ ﴾(إبراهيم: ٣٢). واتە: ((خوا ئەو زاتەیە، کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە، لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە و بە هۆیەوە بەروبوومی لە ناخی زەوی بۆ ئێوە دەرهێناوە، هەروەها کەشتی لە دەریادا بۆ ئێوە بار هێناوە، تا بە فەرمانی ئەو زاتە بروات، هەروەها ڕووبارەکانیش بۆ ڕام کردوون))

خوای پەروەردگار ڕووبارەکانی لە ئاوی شیرین و سازگار و خۆشڕەو دروست کردووە، وایلێکردووە لە ڕۆیشتن دابێت و لە ئاوی ڕووبارەکان هەڵبقوڵێت، نەك لە زەوی، پەروەردگار ئاوەکان لە زەوییەکەوە بۆ زەوییەکی تر دەبات، هەیانە ڕووباری درێژ و گەورەن، هەشیانە بچوك و کورتن.

موسلیم لە سەحیحەکەی خۆی فەرموودەیەکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ئەبی هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە،

(١) نێستا لە عێراق هەیە، سەیری: فەرهەنگی وڵاتانی یاقوتی حەمەوی بکە.

کە دەفەرموێ: "سیحان وجیحان والفرات والنیل کل من أنهار الجنة"[١]. لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێ: "فجرت أربعة أنهار من الجنة: الفرات والنیل وسیحان وجیحان"[٢]. واتە: ((چوار ڕووبار لە بەهەشتەوە هەڵقوڵاون: فورات و نیل و سیحان و جیحان)).

کاتێك عەمڕی کوری عاس وڵاتی میسڕی فەتح کرد، خەڵکی ئەو وڵاتە ئەوکاتەی دەچوونە ناو مانگی (بوونە) - مانگێك بوو لە مانگەکانی قبتییەکان - هاتنە لای عەمڕ، پێیان گوت: ڕووباری نیلی ئێمە مەراسیمێکی هەیە، بە بێ ئەو ناڕوات، عەمڕ پێی گوتن: ئەو کارە چییە؟ گوتیان: کاتێك دوازدە شەو لەو مانگە دەڕوا، کچێکی پاکیزەیی دێنین و دایك و باوکی رازی دەکەین و بە جلوبەرگی جوان و زێر و گەوهەر دەیڕازێنینەوە و پاشان فڕێی دەدەینە ناو نیل. عەمڕ پێی گوتن: ئەم کارە لە ئیسلامدا نییە، ئیسلام ئەو جۆرە کارانەی پێشەخۆی ڕەت دەکاتەوە، خەڵکەکە مەڕاسیمی (بوونە)یان ئەنجام دا بێ ئەوەی نیل نە زۆر نە کەم بەو کارە بڕوات، خەڵکەکە چۆڵیان کرد.

عەمڕ نامەیەکی لەم بارەیەوە بۆ عومەری کوڕی خەتتاب نوسی، عومەر لە وەڵامدا بۆی نوسی بوو "تۆ کارێکی دروستت ئەنجام داوە، لەناو ئەو نامەیەم دا، کارتێکی تێدایە فڕێی بدەرە ناو نیل". کاتێك عەمڕ کارتەکەی کردەوە، تێیدا نوسرابوو (لە بەندەی خواوە عومەر ئەمیری موسڵمانان بۆ نیلی میسڕ، دوا تر: گەر تۆ لەلایەن خۆتەوە دەڕۆیت، مەڕۆ، گەر خوای تاك و تەنیا تۆ دەڕوێنێیت، لە خوا دەپاڕێینەوە کە تۆ بڕوێنێیت)، عەمڕ کارتەکەی خستە ناو نیل، ڕۆژی شەممە بوو، خوا لە یەك شەودا دوازدە باڵی بە نیل ڕواند، خوا لەو

(١) سەحیحی موسلیم ژمارەی فەرموودە (٢٨٣٩).

(٢) موسنەدی ئیمامی ئەحمەد ژمارەی فەرموودە (٧٤٩١)

پۆژەوە ئەو خوڕەوشتەی لە خەڵکی میسڕ سڕیەوە[1].

دروستکردنی دەریاکان:

پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا۟ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُوا۟ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى ٱلْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ (النحل:١٤).

واتە: ((هەر ئەو زاتەیە کە دەریای بۆ بار هێناون تا گۆشتی تەڕ و تازەی لێ بخۆن تا لە ناویدا جۆرەها گەوهەر و مراوری دەربهێنن و لە دەست و ملی بکەن، هەروەها کەشتییەکان دەبینیت دەریا لەت دەکەن، تا فە زڵ و بەخششی تری پەروەردگار بە دەست بهێنن، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاریش بکەن)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَآئِغٌ شَرَابُهُۥ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ ۖ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ۖ وَتَرَى ٱلْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ (فاطر: ١٢) واتە: ((هەر دوو جۆرە دەریا وەکو یەک نین، یەکێکیان ئاوێ سازگار و خۆش، ئەوی تریان سوێر و تاڵ، لە هەردووکیان گۆشتی تەڕ و تازە دەخۆن، جۆرەها شتی گرانبەها، تا لە بەخششەکانی پەروەردگار بەهرەوەر ببن، بۆ ئەوەش کە سوپاسگوزار بن)).

---

(١) سەیری فتوحاتی میسڕ و هەواڵەکانی ئیبن عەبدولحەکەم بکە، هەروەها (حسن المحاضرة)ی سیوتی، (النجوم الزاهرة)ی ئیبن تغری بردی، (الفضائل الباهرة)ی ابن ظهيرة (فضائل مصر)ی ئیبن زۆلاق، (بدائع الزهور)ی ئیبن ئیاس (٣١٠/١) (الخطط)ی مقریزی، (تحفه الناظرین)ی شەرقاوی و چەندانی تر.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا﴾ (الفرقان: ٥٣). واتە: ((هەر ئەو زاتەیە، کە ئاوی دوو دەریا یان دوو ڕووبار لە پاڵ یەکدا - وەک خۆیان دەهێڵێتەوە و تێکەڵ نابن ئەمەیان شیرین و خۆش و سازگار، ئەوی تریان تفت و تاڵ، لە نێوانیاندا بەربەست و کۆسپی فەراهەم هێناوە، ناهێڵێت تێکەڵ ببن)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ ﴿١٩﴾ بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ﴾ (الرحمن ١٩-٢٠). واتە: ((ئاوی دوو دەریای بەرەڵا کردووە بە یەکی گەیاندووە و تێکەڵیش نابن ١٩) چونکە لە نێوانیاندا بەربەستێک هەیە نایەڵێت تێکەڵ ببن).

خوای پەروەردگار بەخششی بەسەر بەندەکانی خۆیدا بەخشیوە، کە دەریاکانی بۆ دروست کردوون، لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەبارەی دەریاوە لێیان پرسی، فەرمووی: "هو الطهور ماؤه الحل ميتته"[1] مەبەستی لە پاکی ئاوی دەریایە، کە دەشێت بۆ دەستنوێژ.

هەر لەوبارەیەوە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "أُحلّ لكم ميتتان ودمّان، فأما الميتتان فالحوت والجراد وأما الدمان فالكبد والطحال"[2]، واتە: (دوو خوێن و دوو مردووتان بۆ حەڵاڵ کراوە، دوو مردووەکان نەهەنگ و کوللەیە، دوو خوێنەکانیش جگەر و سپڵ)ە.

دەگوترێت: ئەو دەریایەی لە ژێر عەرشە و لەسەر هەر حەوت چینە ئاسمانەکانە، هەر ئەوە کە خوای پەروەردگار پێش زیندووبوونەوە بارانی لێ دەبارێنێت، جەستەکان پێی زیندوو دەبنەوە. هەروەها دەگوترێت: کاتێک ڕۆژی دوایی دێت، ئەو دەریایە دەبێتە ئاگرێکی بە کڵپە و دەوری خەڵکی مەحشەر دەدات.

---

(١) پێشتر دەرهێندراوە.

(٢) سوننەتەکانی ئیبن ماجە (٣٣١٤)، موسنەدی ئیمام ئەحمەد (٥٦٩٠).

دروستکردنی فریشتەکان

چەند ئایەتێك لەبارەی دروستکردنی فریشتەکان:

﴿ وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗاۗ سُبۡحَٰنَهُۥۚ بَلۡ عِبَادٞ مُّكۡرَمُونَ ٢٦ لَا يَسۡبِقُونَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ وَهُم بِأَمۡرِهِۦ يَعۡمَلُونَ ٢٧ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ ٢٨ وَمَن يَقُلۡ مِنۡهُمۡ إِنِّيٓ إِلَٰهٞ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجۡزِيهِ جَهَنَّمَۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ (الأنبياء:٢٦-٢٩).

واتە: ((خوانەناسان دەیانوت: خوای میهرەبان کوڕی بۆ خۆی بڕیارداوە (فریشتەکان ڕۆڵەی ئەون)، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو زاتەیە، بەڵکو ئەوانە بەندەی ڕێزداری ئەون، ئەو فریشتانە ئەوەندە ڕەوشت بەرزن، هەگیز (نافەرمانی ناکەن و) قسە لەقسەیدا ناکەن و لەگوفتاردا پێشی ناکەون، ئەوانە بەفەرمانی ئەو دەجوڵێنەوە و فەرمانی ئەو جێبەجێ دەکەن، خۆ ئەگەر یەکێك لە فریشتەکان بڵێت: بەڕاستی منیش خوام جگە لەو، ئەوە پاداشتی دەدەینەوە بە دۆزەخ، هەر بەو شێوەیە پاداشتی ستەمکاران و یاخیەکان دەدەینەوە)).

پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ مِن فَوۡقِهِنَّۚ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِمَن فِي ٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾ (الشورى: ٥). واتە: ((ئاسمانەکان لای سەرویانەوە نزیکە لەبەر گەورەیی و شکۆداری ئەو زاتە، لەت ببن و لێك بترازێن، هاوکات فریشتەکان سەرگەرمی تەسبیحات و ستایش و سوپاس گوزاریی پەروەردگاریانن، داوای لێخۆشبوونیش دەکەن بۆ ئیمانداراني سەر زەوی، دڵنیا و ئاگادارین کە بەڕاستی ئەو پەروەردگارە و هەر ئەو لێخۆشبوو و میهربانە).

دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾ (غافر: ٧-٨).

واتە: (ئەو فریشتانەی کە عەرش و تەختی پەروەردگار هەڵدەگرن، ئەوانەش کە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، تەسبیحات و ستایش و سوپاسی پەروەردگاریان دەکەن، ئیمان و باوەڕی زۆر بەهێز و دامەزراویان پێیەتی، داوای لێخۆشبوونیش دەکەن بۆ ئەوانەی، کە باوەڕیان هێناوە، دەڵێن: پەروەردگارا! ڕەحمەت و میهرەبانی تۆ، زانست و زانیاری تۆ، هەموو شتێکت پێ گرتۆتەوە، کەوابوو خۆش ببە لەوانەی کە تەوبەیان کردووە و لە گوناهەکانیان پەشیمانن و شوێن بەرنامە و ڕێبازی تۆ دەکەون، هەروەها لە ئاگری دۆزەخیش بیانپارێزە، پەروەردگارا، بیانخەرە ئەو باخ و باخاتەی بەهەشتی عەدەنەوە کە بەڵێنت پێداون، هاوڕێ

لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە چاك وخواناسن، لە باوك دایك و هاوسەران و نەوەکانیان، بەڕاستی هەر تۆ خوایەکی باڵادەست و دانایت)).

هەروا دەفەرموێ: ﴿ فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ﴾ (فصلت: ٣٨). واتە: ((جا ئەگەر بێ بڕواکان خۆیان بە زل و گەورە بزانن، (ئەوە وازیان لێ بێنە) چونکە ئەو فریشتانەی لە خزمەت پەروەردگاری تۆدان، شەوو ڕۆژ سەرگەرمی تەسبیحات و ستایشن، هەرگیز بێزاریی ڕوویان تێ ناکات و خۆیان بەگەورە نازانن)).

﴿ ... وَمَنْ عِندَهُۥ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ ﴿١٩﴾ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ ﴾ (الأنبياء: ١٩-٢٠). واتە: ((ئەو فریشتانەی کە لە خزمەتیدان، خۆیان بەگەورە نازانن لە پەرستنیدا و هەرگیز ماندوو بێ تاقەت و بێزار نابن لە ستایشی ئەو زاتەدا، بەردەوام بە شەو و بە ڕۆژ تەسبیحات و ستایشی دەکەن و لەکاتێکدا ساردبوونەوەش ڕوویان تێناکات)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَمَا مِنَّآ إِلَّا لَهُۥ مَقَامٌ مَّعْلُومٌ ﴿١٦٤﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ ٱلصَّآفُّونَ ﴿١٦٥﴾ وَإِنَّا لَنَحْنُ ٱلْمُسَبِّحُونَ ﴾ (الصافات: ١٦٤-١٦٦).

واتە: ((فریشتەکان دەڵێن: کەسمان نییە شوێنی دیاریکراوی خۆی نەبێت، بەڕاستی ئێمە هەر هەموومان بەڕێز وەستاوین، ئامادەی فەرمانین، دووبارە دەڵێن: ئێمە هەموودەم سەرگەرمی تەسبیحات و ستایشی خوای میهرەبانین)).

هەروا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ ۖ لَهُۥ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَٰلِكَ ۚ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴾ (مريم: ٦٤).

ماوەیەك وەحی وەستا، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە فریشتە جوبرەئیلی پرسی، خوای گەورەش لە قورئاندا وەڵامی دایەوە: ((ئێمە تەنها بەفەرمانی پەروەردگارت نەبێت دانابەزین، هەرچی داهاتوو رابوردوومان هەیە و ئەوەش لە نێوانیاندا هەیە، بۆ ئەو پەروەردگارەیە، وەنەبێت پەروەردگاری تۆ هیچ شتێك فەرامۆش بكات)).

دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ﴿١١﴾ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴾ (الانفطار:١٠-١٢). واتە: ((بێگومان ئێوە چاودێرتان لەسەر دانراوە (١٠) لە فریشتە بەڕێزە تۆمارکارەکان، کە ئاگاو زانان بەهەموو ئەو کردەوە و ڕەفتارانەی، کە ئەنجامی دەدەن)).

پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ ... وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ ﴿٢٣﴾ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ ۚ فَنِعْمَ عُقْبَى ٱلدَّارِ ﴾ (الرعد: ٢٣-٢٤). واتە: ((فریشتەکان دەچن بۆ سەردانیان لە هەموو دەروازەکانەوە، دەڵێن: سڵاوتان لێ بێت بە هۆی خۆگرتنتانەوە (لە بەرامبەر کێشەکانی ژیان) کەوابوو ئای چەندە جێگە و ڕێگەیەکی خۆشتان بۆ خۆتان مسۆگەر کرد)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُولِىٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۚ يَزِيدُ فِى ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (فاطر: ١). واتە: ((سوپاس و ستایش بۆ خوایە، کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە، فریشتەکانی کردووە بە فرستادەی خۆی، کە خاوەنی چەندەها باڵن، هەیانە دوو، یان سێ، یان چوار باڵە، لە دروستکردندا هەرچی بوێت زیادی دەکات، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلْغَمَٰمِ وَنُزِّلَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ تَنزِيلًا ﴿٢٥﴾ ٱلْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ لِلرَّحْمَٰنِ ۚ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ عَسِيرًا ﴾ (الفرقان: ٢٥-٢٦). واتە: ((ڕۆژێك دێت ئاسمان لەت و پەت دەبێت بەهۆی هەورێکی تایبەتییەوە، بەڕاستی فریشتەکانیش دادەبەزێنرێن دەستە دەستە و گرۆ گرۆ بەشێوەیەکی تایبەت، ئەو ڕۆژە ئیتر مولْك و دەسەلاتداری ڕاستەقینە بەدەست خوای میهرەبانە، بێگومان ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر سەخت و دژوار دەبێت لەسەر بێ باوەڕ و خوانەناسان)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَوْ نَرَىٰ رَبَّنَا ۗ لَقَدِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا ﴿٢١﴾ يَوْمَ يَرَوْنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا ﴾ (الفرقان: ٢١-٢٢). واتە: ((ئەوانەی کە بە ئومێدی دیداری ئێمە نین وتیان: ئەوە بۆ فریشتە دانەبەزێنرا بۆ لامان (تا دڵنیابین لە حەقیقەتی قورئان و پێغەمبەر) یاخود پەروەردگارمان بەچاوی خۆمان ببینین، سوێند بە خوا بێگومان ئەوانە لە دەروونی خۆیاندا خۆیان بەگەورە دەزانن، لە سنوور ترازاون و سەرکەشیان بێ ئەندازەیە، ئەو ڕۆژەی کە فریشتەکان دەبینن هیچ جۆرە مژدەیەك بۆ تاوانباران نیە(بۆیە بە کزی و خەجاڵەتی و کەساسیەوە) دەڵێن: خۆزگە بۆ پەنایەك، یان شوێنێکی دادەدەرو پاڕێزراو)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ ﴾ (البقرة: ٩٨).

واتە: ((ئەو کەسەی دوژمن بێت بە خواو فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی،

بەتایبەت جوبرەئیل و میکائیل، ئەوە با بزانێت و دڵنیا بێت کە خوای گەورە دوژمنی کافر و بێباوەڕانە)).

دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ﴾(التحريم: ٦).

واتە: ((ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، خۆتان و کەسوکارتان بپارێزن لە ئاگرێك، کە سووتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە، سەرپەرشتیاری ئەو دۆزەخ و ئاگرە، جۆرە فریشتەیەکن کە زۆر دڵڕەق و توندو تیژن، نافەرمانی خوا ناکەن لە هیچ شتێکدا، کە فەرمانیان پێ بدات و هەرچی فەرمانێکیان پێ بدرێت ئەنجامی دەدەن)).

ئەمە بەشێکە لە فەرمایشتی پەروەردگار لەبارەی فریشتەکانەوە، هەروەك چۆن لە هەندێك ئایەتی تردا کار و سیفەتەکانیان باس کراوە.

خەسڵەتی فریشتەکان:

فریشتەکان بە ڕەوشتترین و پاکترین و پیرۆزترین دروستکراوەکانی پەروەدگارن، ئەوان لە مرۆڤەکانی نەوەی ئادەم بەگشتی باشترن، بەڵام پێغەمبەر و نێردراوان پلەیان لەوان بەرزترە، بەو پێیەی پەروەردگار فەرمانی پێکردوون سوژدە بۆ باوکی مرۆڤایەتی ئادەم ببەن، ئەمەش سوژدەی پەرستن نەبووە، بەڵکو سوژدەی ڕێزلێنان و بەرز راگرتن بووە.

کامەیان باشترە فریشتەکان یان نەوەی ئادەم[١]:

زانایان رای جیاوازیان هەیە لە بارەی ئەوەی بڕوادارانی، یا فریشتەکان باشترن؟

هەندێك پشتیان بە فەرمایشتی پەروەردگار بەستووە، کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ خَيۡرُ ٱلۡبَرِيَّةِ ﴾ (البينة: ٧). واتە: ((بێگومان ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، هەر ئەوانەن چاکترین و پاکترینی خەڵکانی سەر زەوین)).

هەندێکیشان بەڵگە لەسەر باشترینی فریشتەکان بەو فەرمایشتەی خوا دەهێننەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ ... مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا مِنَ ٱلۡخَٰلِدِينَ ﴾ (الأعراف: ٢٠). واتە: ((پەروەردگارتان ئەم درەختەی لێ قەدەغە نەکردوون، تەنها لەبەر ئەوەیە نەوەکو ببنە فریشتە، یاخود بۆ ئەوەیە نەوەکو لە نەمران بن)).

هەروەك بە شێکیشیان بەڵگە لەسەر باشترینی نەوەی ئادەمی دڵسۆزەکان لەسەر فریشتەکان دەهێننەوە بە فەرموودەیەك لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێ: "لما خلق الله الجنة قالت الملائكة: يا ربنا اجعل لنا هذه نأكل ونشرب، فإنك خلقت الدنيا لبني آدم، فقال الله: لن اجعل صالح من خلقت بيدي كمن قلت له كن فكان"، واتە: (کاتێك پەروەردگار بەهەشتی دروست کرد، فریشتەکان گوتیان: ئەی پەروەردگارمان! ئەم بە هەشتەمان

---

(١) سەیری ئەمانە بکە: (لوامع الانوار) ی سەفارینی، (المسامرة) ی ئیبن هەمام، (المواقف والمقاصد)، گەڕان لەبارەی ئەو بابەتە هیچ گرنگییەکی نییە، هەروەك زانای ئاینی تاجەدین سوبوکی دەڵێت: پەروەردگار داوامان لێناکات لەو بارەیەوە بکۆڵینەوە، پێویستیش ناکات ئەو کارە بکرێت...)

بۆ بکە بەوەی بتوانین بخۆین و بخۆینەوە، کە تۆ دونیات بۆ نەوەی ئادەم دروست کردووە، پەروەردگار فەرمووی: باشترینی ئەوانەی بەدەستی خۆم دروستم کردووە، وەك ئەوانەی لێناکەم، کە پێم گەت: ببە، یەکسەربوو)[1].

هەروەك زانراوە کە فریشتەکان ناخۆن و ناخۆنەوە.

فریشتەکان لە چی دروست کراون؟

پەروەردگار فریشتەکانی لە نور دروست کردووە، کە موسلیم لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێ: "فریشتەکان لە نور دروست کراون، جنۆکەکانیشی لە بڵێسەی ئاگر دروست کردووە، ئادەمیشی دروست کردووە لەوەی کە بۆتان وەسف کراوە[2]".

وەسفی فریشتەکان:

خوای پەروەردگار فریشتەکانی لە جوانترین وێنەدا دروست کردووە، باڵی بۆ دروست کردوون، بە هۆیە دەجوڵێنەوە و مەلە دەکەن، لەبارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿وَٱلسَّٰبِحَٰتِ سَبۡحٗا﴾ (النازعات: ٣). واتە: ((سوێند بەو فریشتانەی کە وەک مەلەوان مەلەوانی دەکەن)).

ئەوانیش لە ڕووی هێزەوە جۆرا و جۆرن، لە ڕووی ژمارەی باڵەکانەوە هەیانە: دووبالن، هەیانە سێ یان چوار تا دەگاتە شەش سەد

---

(١) تەفسیری تەبەری ج (١٥)، لا (١٢٦).

(٢) موسلیم لە سەحیحی خۆی ریوایەتی کردووە، "كتاب الزهد في أحاديث متفرقة" (١٢٣/١٨) و ئەحمەد لە موسنەدەکەی خۆی (١٥٣،١٦٨/٦) ئیبن ئەبی شێخ ئەسبەهانی لە (العظمة) (٧٢٦/٢)، -وابن منده في التوحيد (٣٢/١)، لە ڕەتکردنەوەی هەمەجییەت (٩١)، والسهمي لە "میژووی جرجان" (٦٢)، بەیهەقی لە "الشعب" (٤٥/١/١) بەیهەقی لە "ناوەکان و سیفەتەکان" (٢٥٨/٢) ژمارە (٨١٨).

باڵ، وەك جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێ)، بەڵگەش فەرمایشتی پەروەردگارە کە دەفەرموێ: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُو۟لِىٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۚ يَزِيدُ فِى ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ (فاطر: ١). واتە: ((سوپاس و ستایش بۆ خوایە، کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە، فریشتەکانی کردووە بە فرستادەی خۆی، کە خاوەنی چەندەها باڵن، هەیانە دوو، یان سێ، یان چوار باڵە، لە دروستکردندا هەرچی بوێت زیادی دەکات، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە)).

ئەوان نە بە ڕەگەزی نێر، نە بە مێ وەسف ناکرێن، نەدەخۆن نەدەخۆنەوە، هاوسەرگیری ناکەن، منداڵیان نابێ، هەروەك چۆن نەماندوو دەبن و نە بێزاریش دەبن، فریشتەکان لە ئاسمانەکان نیشتەجێ دەبن و خەڵکی ئەوێن، دانابەزنە سەر زەوی تەنیا بە فەرمانی پەروەردگار نەبێت، ئەمەش بۆ ڕێکخستنی کاروباری دروستکراوەکانە وەك پەروەدگار دەفەرموێ: ﴿فَٱلْمُدَبِّرَٰتِ أَمْرًا﴾ (النازعات: ٥). واتە: ((سوێند بەو فریشتانەی (کە بەویستی خوا) کارو فەرمان بە ڕێك و پێکی جێبەجێ دەکەن)).

خوای پەروەردگار بە دروستکراوی بەڕێزی خۆی وەسفیان دەکات، ﴿كِرَامٍۭ بَرَرَةٍ﴾ (عبس: ١٦). واتە: ((کە بەڕێز و خواناس و ملکەچ و فەرمانبەردارن)).

خوا توانای شێوە گۆڕینی پێ بەخشیوون[1] جگە لە شێوەی خۆیان، کاتێك سەردانی پێغەمبەر لوطیان کرد (سەلامی خوای لێ بێ) لە وێنەی دوو ئادەمیزاد هاتن، هاتنە لای ئیبراهیم (سەلامی

(١) جیاوازی هەیە لە نێوان شێوە خۆگۆڕینی فریشتە و جنۆکەکان، وێنە حوکم لەسەر فریشتەکان ناکات، بە واتا: کاتێك فریشتەیەك خۆی لە وێنەیەك نیشان دا، بە بەردێك لێت دا و مرد، بەڵام مردنەکەی ڕاستەقینە نابێت، بەڵکو تەنیا لە وێنەیی دەبێت، پێچەوانی جنۆکەکانە، کە وێنەکان حوکمیان بەسەردا دەکەن.

خوای لێ بێ) لە وێنەی مرۆڤ.

جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێ) دەهاتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەر وێنەی (الدحية الكلبي) واتە: لەسەر وێنەی جوانترین مرۆڤ، هەروەها لەسەر شێوەی مرۆڤ هاتە لای مەریەم، ﴿ فَٱتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا ﴾ (مريم:١٧). واتە: ((ئینجا لە نێوان خۆی و ئەواندا پەردەیەکی ڕایەڵ کرد، ئێمەش جوبرەئیلی فریشتەمان نارد بۆ لای، وەکو بەشەرێکی تەواو (خۆی خستە بەرچاوی)).

فریشتەکان لە هەموو کارویارياندا ڕێکوپێکن، بە تایبەت لە عیبادەکردنیاندا، ئەوان لەلای پەروەردگاریاندا بە ڕێز دەوستن تا ڕۆژی دوایی کە خوا خۆشیانی دەوێت، کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا ﴾ (الفجر: ٢٢). واتە: ((پەروەردگارت دێت و فریشتەکانیش پۆل پۆل)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يَقُومُ ٱلرُّوحُ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ صَفًّا لَّا يَتَكَلَّمُونَ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا ﴾ (النبأ: ٣٨). واتە: (ڕۆژێك دێت جوبرەئیل و فریشتەکان بە ڕیز دەوەستن و ورتەیان لێ نایەت و هیچ قسە ناکەن، مەگەر ئەوەیان، کە خوای میهرەبان مۆڵەتی بدات و قسەی جوان و بەجێ پێشکەش بکات).

ژمارەی فریشتەکان:

بەڵام ژمارەیان، خوای پەروەردگار تایبەتی کردووە بە زانستی پەنهانی غەیبی لای خۆی: ﴿ ...وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ... ﴾ (المدثر: ٣١). واتە: ((کەس ژمارەی سەربازانی پەروەردگارت نازانێت، جگە لە زاتی خۆی)).

هەر لەبەر زۆری ژمارەیان: شوێن پێیەك لە هەر حەوت ئاسمان نابینیەوە، فریشتەیەکی تێدا نەبێت، کە لە کڕنوش، یان لە سوژدە دایە، هەموویان لە پەرستنی خوا دان، لە فەرمودەدا هاتوە، کە لە (البیت المعمور)دا کە لە ئاسمانی حەوتەمە، هەموو ڕۆژێك حەفتا هەزار فریشتە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، بێ ئەوەی هیچ کامێکیان دووبارە ببێتەوە.

وشەی فریشتە و فریشتەکان هەشتاو هەشت جار، لە هەشتا و شەش ئایەتدا لە قورئانی پیرۆزدا هاتوو.

مالّی هەمیشە ئاوەدان (البیت المعمور):

لە بارەی البیت المعمور (مالّی هەمیشە ئاوەدان) دەگوترێت: مزگەوتێکە لە ئاسمانی حەوتەم، پێی دەگوترێت (الضراح) دەکەوێتە سەر ئاستی کەعبە، پیرۆزی ئەو مالّە یان (حەرام)ی وەك هەمان (حەرام)ی مالّی خوایە لەسەر زەوی، هەموو ڕۆژێك حەفتا هەزار فریشتە نوێژی تێدا دەکەن، بێ ئەوەی هیچ کامێکیان بۆی بگەڕێنەوە، گەر بکەوێتە خوارەوە، دەکەوێتە سەر کەعبە، پێی دەگوترێت مالّی (العزة)، هەروەها دەگوترێت فریشتەیەك لە فریشتەکان ڕاسپێردراوە بۆ ئەو مالّە، ناوی ئیسماعیلە، خوای پەروەردگار زاناترە.

نەرکە پێ سپێردراوەکانی فریشتەکان:

هەندێکیان پاسەوانی ئاسمانی حەوتەمن، ڕێگە نادەن هیچ کەسێك بچێتە ژوورەوە بۆ هیچ ئاسمانێك، تەنیا گەر پێشوەخت ڕێگەپێدانی بۆ چوونەوە ژوورەوە هەبێت.

هەندێکیشیان سەرپەرشتیاری دۆزەخن، خوا بمانپارێزێت، هەشیانە یاریدەدەرن.

ناوی هەندێکیان هاتووە و سیفەتی هەندێکیشان باس کراوە لەگەڵ هەندێك لەو ئەرکانەی پێیان سپێردراون، ئەوانەی ناویان هاتووە: جوبرەئیل سەرۆکیانە، میکائیل (میکال) و ئیسرافیل، رەزوان، مالیك، (ملك الموت) فریشتەی گیانکێشان، هەروەها دەگوترێت ناوی (عزرائیل)ـە[1]، هاروت، ماروت، مونکەر و نەکیر، رەقیب.

بەشەکانی فریشتەکان و تایبەتمەندییەکانیان:

زانای بەناوبانگ حافزی کوڕی ئەحمەدی حەکمی[2]:

ئەوان لە رووی ئامادەکردنیان و راسپاردنیان لەلایەن خواوە، چەند بەشێکن:

هەندێکیان راسپێردراون بۆ وەحی لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بۆ لای پێغەمبەر و نێردراوەکانی سڵاوی خوایان لەسەر بێت، ئەویش روح ئەلمین جوبرەئیلە (سەلامی خوای لێ بێ)، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾ (البقرة: ٩٧). واتە: ((ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: هەر کەسێك دوژمنی جوبرەئیلە، (با بزانێت) کە هەر ئەو جوبرەئیلە بە فەرمانی خوا ئەو قورئانەی دابەزاندۆتە سەر دڵت کە کتێبە پێشووەکان بەڕاست دادەنێت و ڕێنموویی (بۆ چاکە)دەکات و مژدە بەخشیشە بە ئیمانداران)).

---

(١) ناوی (ملك الموت)ـە ناوی (عزارئیل)ـە لە ئیسرائیلیاتە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ﴾.

(٢) "معارج القبول" (٦٥٨/٢) لێکۆڵینەوەی: عومەڕی کوڕی مەحمودی نەبد عومەر، خانەی (ابن قيم)، خانەی (ابن عفان).

جوبرەئیل دادەبەزی بۆ لای سەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەر شێوەی جوانترین مرۆڤ[١].

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دووجار جوبرەئیلی لەسەر شێوە ڕاستەقینەکەی، کە خوای گەورە دروستی کردووە، بینیویەتی، کە شەش سەد باڵی هەیە، لەبەر گەورەیی، هەموو ئاسمانی دادەپۆشی.

* هەیانە ڕاسپێردراوە بۆ کاروباری باران و (با) کە خوا فەرمانی پێکردووە، ئەویش میکائیلە (سەلامی خوای لێ بێ)، ئەو خاوەنی شوێنێکی بەرز و پیرۆزە لەلایەن پەروەردگارەوە، چەند یاریدەدەرێکی هەیە ئەو کارە دەکەن، کە خوا فەرمانیان پێ دەکات، (با) و هەور بەویستی خوا دەجوڵێنن.

ئیمام ئیبن ئەبولدونیا لە کتێبەکەی "باران و بروسك و هەورەتریشقە و با"[٢] دەگێڕێتەوە: بە سەنەدی سەحیح لە فەرمایشتی خوا ﴿... وَمَا نُنَزِّلُهُۥٓ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ﴾ (الحجر: ٢١)، دەڵێت: "پێی ڕاگەیاندم، لەگەڵ بارینی بارانداا، فریشتەگەلێك دێنێتە خوارەوە، کە ژمارەیان لە کوڕەکانی ئادەم و کوڕەکانی ئیبلیس زیاترە، هەموو دڵۆپەکانی باران دەژمێرن و دەزانن دەکەوێتە کوێ، کێ خۆراکی ڕووەکەکان دەدات... لە عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە، دەڵێ: "فالحاملات وقرا" هەورەکانن، "فالمقسمات أمرا" فریشتەکانن[٣].

---

(١) ئەحمەد لە موسندەکەی (١٠٧/٢) ڕیوایەتی کردووە.

(٢) کتێبی "المطر و الرعد" لا (٥٥)، ژمارە (١٠).

(٣) ئیبن ئەبی دونیا لە کتێبی "المطر" لا (٦٨) ژمارە (٢٥) گێڕاویەتییەوە، ئیبن جەریر لە "تەفسیرە"کەی (١٨٧/٢٦) و عەبدولەزاق لە "تەفسیرە"کەی (٢٤١/٢) و ئەبو شێخ لە "العظمة" لە (١٢٣٧/٤) گێڕاویەتیەوە.

لە ئیبن سابطەوە، دەڵێت: میکائیل (سەلامی خوای لێ بێ) لەسەر کاروباری باران و رووەکەکانە[1].

* لە فریشتەکان هەیە کە راسپێردراوە بۆ فوکردن بە کەڕنا (شەیپور)دا، ئەویش ئیسرافیلە (سەلامی خوای لێ بێ)، بە فەرمانی خوا سێ جار فوو دەکات بە کەڕنا دا:

یەکەم: فووی ترس و بیم.

دووەم: فووی مردن.

سێیەم: فووی هەڵسانەوە بۆ خوای جیهانیان.

ئەحمەد لە "موسندەکەی" (٧/٣) و تورمزی لە "سونەنەکەی" (٦٢٠/٤) ژمارە (٢٤٣١) و سەحیحی ئەلبانی لە "سەحیحەکەی" (١٠٧٩) دەگێڕنەوە لە ئەبی سەعیدی خودری (خوا لێی رازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "كيف أنعم وصاحب القرن قد التقم القرن وحنى جبهته وانتظر ان يؤذن له". واتە: پێغەمبەر دەفەرموێ: (چۆن بە ئاسودەیی بژیم، خاوەنی کەڕەنا، کەڕەناکەی لەناوی دەمی داناوە، ڕووی خۆی خوار کردۆتەو، چاوەڕێی پەروەردگار دەکات ڕوخسەتی پێبدات، گوتیان چی بڵێین ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی بڵێن: "حسبنا الله ونعم الوكيل، على الله توكلنا".

* هەیانە ڕاسپێردراوە بۆ گیان کێشان ئەویش (ملك الموت)ە، فریشتەی گیان کێشانە.

---

(١) ئەبو شێخ (٨٠٨/٣) گێڕاویەتیەوە، سەندەکەی (حسن)ە.

* هەروەها هەندێکیان هەڵگری عەرشن، ئەوانیش لە باشترین و بەهێزترینی فریشتەکانن، هەشیانە لە دەوری عەرشی پەروەردگارن، هەندێکی تریان کاروباری دروستکراوەکان بە فەرمانی پەروەردگار رادەپەڕێنن.

* هەروەها هەندێکی تر پارێزەرن، نەوەکانی ئادەم دەپارێزن. بەشێکی تریان سەرپەرشتیاری دۆزەخن، بەشێکی دی سەرپەرشیاری بەهەشتن. لە (أثر)ەوە هاتوە، کە: "خوا فریشتەکانی لە ڕۆژی چوارشەم دروست کردووە، پێش دروستکردنی جنۆکەکان بە پەنجا هەزار ساڵ" هەروەها دەگوترێت: "یان بە پێنج سەد هەزار ساڵ، پەریەکانی لە ڕۆژی پێنجشەم پێش دروستکردنی ئادەم بە هەزار ساڵ دروست کردووە، لە پاشان ئادەمی لە ڕۆژی هەینیدا دروست کردووە".

هەموشیان ئەرکێکیان لە بەرامبەر خوایان لەسەر شانە، ئەویش خواپەرستییە، بەرامبەر دروستکراوەکانیشی کارێکی تریان هەیە، ئەویش ڕێکخستنی کاروباریانە، ئەوان تەسبیحات و نوێژ و حەج دەکەن و ملکەچی پەروەردگارن، هەرگیز نافەرمانی ناکەن.

ترسی فریشتەکان لە خوا :

فریشتەکان لە پەروەردگار دەترسن، تەنانەت خوای پەروەردگار لەبارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿... وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ﴾ (الأنبياء: ٢٨). واتە: ((ئەو فریشتانە لەترسی ئەو زاتە ناوێرن هیچ سەرپێچیەك ئەنجام بدەن)).

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر زۆری ترسی ئەوان لە خوای پەروەردگار.

لە فەرمودەیەکی قودسیدا خوای بەرزو مەزن پێیان دەفەرموێ: "يا ملائكتي ما الذي يخيفكم وأنتم عندي؟ فيقولون: يارب لو أن أهل الأرض

اطلعوا من عزتك وعظمتك على ما اطلعنا عليه ما أساغوا طعاماً ولا شراباً، ولا انبسطوا في فراشهم، ولخرجوا إلى الصحاري يخورون كما تخور البقر".

واتە: (ئەی فریشتەکانم! چی دەتانترسێنێت لە کاتێکدا ئێوە لای منن؟ دەڵێن: ئەی خوایە، گەر خەڵکی سەر زەوی وەک ئێمە عزەت و گەورەیی و پیرۆزی تۆ بناسن، هەرگیز خواردن و خواردنەوە لە قوڕگیان ڕوناچێت، لەسەر جێگایان پاڵ ناکەون، دەچونە بیابان و وەک چۆن مانگە دەبۆڕێنێت، دەیانبۆڕاند).

زیکر و تەسبیحاتی فریشتەکان:

کاری بەردەوامیان و سەرقاڵیان و ڕوحی ژیانیان تەسبیحات کردنە ﴿ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفۡتُرُونَ ﴾ (الأنبياء: ٢٠).

واتە: ((بەردەوام - بە شەو و بە ڕۆژ تەسبیحات و ستایشی دەکەن و لەکاتێکدا ساردبوونەوەش ڕوویان تێناکات)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّا لَنَحۡنُ ٱلصَّآفُّونَ ﴿١٦٥﴾ وَإِنَّا لَنَحۡنُ ٱلۡمُسَبِّحُونَ ﴾ (الصافات: ١٦٥-١٦٦). واتە: ((بەڕاستی ئێمە هەر هەموومان بەڕیز وەستاوین (ئامادەی فەرمانین) (١٦٥) دووبارە دەڵێن: ئێمە هەموودەم سەرگەرمی تەسبیحات و ستایشی خوای میهرەبانین))

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ ...وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ... ﴾ (الشورى: ٥).

واتە: ((فریشتەکان سەرگەرمی تەسبیحات و ستایش و سوپاسگوزاریی پەروەردگاریانن، داوای لێخۆشبوونیش دەکەن بۆ ئیمانداراني سەرزەوی)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ...﴾ (غافر: ٧).

واتە: ((ئەو فریشتانەی، کە عەرش و تەختی پەروەردگار هەڵدەگرن، ئەوانەش کە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، تەسبیحات و ستایش و سوپاسی پەروەردگاریان دەکەن، ئیمان و باوەڕی زۆر بەهێز و دامەزراویان پێیەتی، داوای لێخۆشبوونیش دەکەن بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە)).

پرسیار لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کرا، کامە زیکرە باشترینە؟ فەرمووی "ما اصطفى الله لملائكته او لعباده، سبحان الله وبحمده'. هەروەها دەفەرموێ: "كلمتان خفيفتان على اللسان، ثقيلتان في الميزان، حبيبتان الى الرحمن، سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم[1]".

واتە: (دوو وشە هەن، سوکن لەسەر زمان، قورسن لەسەر تەرازوو، خۆشەویستن لای خوا، ئەوانیش (سبحان الله وبحمده، سبحان الله العظيم)ە.

لە سەحیحدا هاتووە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "ما في السماوات السبع موضع قدم ولا شبر ولا كف إلا وفيه ملك قائم أو ملك راكع أو ملك ساجد، فإذا كان يوم القيامة قالوا جميعاً: ما عبدناك حق عبادتك[2]". واتە: (لە هەر حەوت ئاسمانەکان شوێن پێیەک، یان بستێک، یان شوێن دەستێک نابیندرێت، کە فریشتەیەکی بەوەستاوی، یان فریشتەیەکی لە کڕنوشدا، یان فریشتەیەکی لە سوژدەدا تێدا نەبێت، کاتێکیش ڕۆژی دوایی دێت، هەموویان بەیەکەوە دەڵێن: پەروەردگارا بەڕاستی تۆمان بەتەواوی نەپەرستووە".

فەرمودەیەکی تر "أطت السماء وحق لها أن تئط" واتە: (ئاسمان دەنگی لێ بەرز بۆوە، حەقی خۆشیەتی، کە دەنگی لێ بەرز بێتەوە).

---

(١) سەحیحی بوخاری ژمارە (٦٦٨٢) و سەحیحی موسلیم (٢٦٩٤).

(٢) فەتحی باری بە شەرحی سەحیحی بوخاری بەشی زیکری فریشتەکان (٣٢٠٧).

وتەی پەروەردگار وەحییە:

لە سەحیحدا هاتوە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "إذا أراد الله أن يوحي بالأمر تكلم بالوحي أخذت السماوات منه رجفة (رعدة شديدة)، خوفاً من الله عز وجل، وفإذا سمع ذلك اهل السماوات صعقوا وخروا لله سجداً، فيكون اول من يرفع رأسه جبريل عليه السلام فيكلمه الله تعالى من وحيه بما أراد[1]". واتە: (گەر خوا ویستی ئاماژە بۆ کارێك بکات، بە وەحی دێتە گۆ، لەوکات ئاسمانەکان لە ترسی خوا، بەهۆیەوە بروسکێکی تۆندیان لێ دەردەچێت، کاتێك خەڵکی ئاسمانەکان گوێیان لێ دەبێت، دادەچەڵێکێن و هەموویان دەچنە سوژدە، یەکەم کەسێك کە سەری بەرز دەکاتەوە، جوبرەئیلە (سەلامی خوای لێ بێ)، خوا بە وەحی چی بوێت قسەی لەگەڵ دەکات).

ناوی هەندێک لە فریشتەکان:

ئەو فریشتانەی ناو و سیفەت و ئەرکی بەشێکیان هاتووە، ئەمانەن:

جوبرەئیل:

ناوی خۆی لە قورئاندا هاتووە: ﴿مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ (البقرة: ٩٨). واتە: ((ئەو کەسەی دوژمن بێت بە خوا و فریشتەکانی و

(١) فەتحی باری بە شەرحی سەحیحی بوخاری، بەشی فەرمودەی خوا (ولا تنفع الشفاعه عنده)، "عون المعبود" بە شەرحی سونەنەکانی نەبی داود ژمارە فەرمودە (٤٧٣٨).

پێغەمبەرەکانی، بەتایبەت جوبرەئیل و میکائیل، ئەوە با بزانێت و دڵنیا بێت، کە خوای گەورە دوژمنی کافر و بێباوەڕانە))، هەروەها دەفەرموێ: ﴿...وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ...﴾ (التحريم: ٤). واتە: ((ئەگەر پشتی یەکتر بگرن دژ بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، ئەوە چاك بزانن کە خوا خۆی یاریدەدەرێتی و هەروەها جوبرەئیل و ئیماندارە چاکەکان))..

ئەو، سەرکردەی هەموو فریشتەکانە، بەهێزترینیان و لە هەمووشیان زیاتر لە خواترسە، خوای گەورە ئەوی بە جوانترین خەسڵەت وەسف کردووە.

﴿... ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ﴾ (الشعراء: ١٩٣). واتە: ((جوبرەئیلی ئەمین)).

﴿مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ﴾ (التكوير: ٢١). واتە: ((فەرمانڕەوای فریشتەکانە، هەروەها ئەمین و دڵسۆزە لە کارەکانیدا)).

﴿إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ﴿١٩﴾ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ﴾ (التكوير: ١٩-٢٠)، واتە: ((بەڕاستی، بێ دوودڵی ئەم قورئانە لەزاری نێردراوێکی بەڕێزەوەیە (کە جوبرەئیلە) (٢٠) خاوەنی هێز و دەسەڵاتە و لای خاوەنی عەرش، فریشتەیەکی پایەدارە)).

﴿ذُو مِرَّةٖ فَٱسۡتَوَىٰ﴾ (النجم: ٦). واتە: ((ئەو جوبرەئیلەی کە خاوەنی بیر و هۆشێکی زۆر بە هێز و دیمەنێکی جوان بوو، ئینجا لەسەر شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی وەستا)).

گەورەترین فریشتەیە لەڕووی هێزەوە، شەش سەد باڵی هەیە، نێوان دوو باڵی بە پێوانەی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەبێت، خاوەن ڕەوشتێکی بەرز و جوانپۆشی و شکۆییە، بەهێز و جەربەزەیە، پلە و پایەی بەرزی لای خوا هەیە، ڕاسپێردراوە بە وەحی، نێردراوی خوایە بۆ لای پێغەمبەر و پەیامبەرەکانی، هەروەها بۆ سزادانی

درۆزنان راسپێردراوە، ئەمین و دڵسۆزە، کە خوای پەروەردگار هەڵی بژاردووە و ئەمیندارییەتی کاروباری وەحی پێ سپاردووە، نازانین چ فریشتەیەك ڕێزی زیاترە لە جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێ)، بەردەوام بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) تا محمد (صلى الله عليه وسلم) دووری نێوان ئاسمانەکان و زەوی دەبڕی، بەدابەزین و بەرزبوونەوە، باڵوێزە لە نێوان پەروەردگار و نێردراو و پێغەمبەرەکانی (سڵاوی خوایان لەسەر بێت).

لە (أثر)دا هاتووە: جوبرەیل لە ساتی فڕێدانی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێ) بۆ ناو ئاگر، هاتە لای و لێی پرسی: چ پێویستییەکت هەیە؟ "بە مەبەستی ڕزگارکردنی لە ئاگر"، ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێ) فەرمووی: " لە تۆ هیچ، لەوەی پرسیارم لێ دەکات، شارەزایە بە حاڵم"[1].

هەروەها لە (أثر)دا هاتووە، کە فیرعەونی زۆردار کە لافی خوایەتی لێ دەدا:

﴿ وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ فَأَتۡبَعَهُمۡ فِرۡعَوۡنُ وَجُنُودُهُۥ بَغۡيًا وَعَدۡوًاۚ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدۡرَكَهُ ٱلۡغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِيٓ ءَامَنَتۡ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾(یونس: ٩٠). واتە: (((ئەوسا نەوەی ئیسرائیلمان بەدەریادا پەڕاندەوە، فیرعەون و سەربازانی بۆ ستەم و دەستدرێژی شوێنیان کەوتن، تا ئەو کاتەی (کە ئاوەکە چوەوە باری ئاسایی خۆی) فیرعەون خەریك بوو دەخنکا ئا لەو کاتەدا وتی: وا ئێستر باوەڕم هێنا بەوەی کە هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کە نەوەی ئیسرائیل باوەڕیان پێهێناوە و من ئیتر لە موسوڵمان و ملکەچانم)).

---

(١) تەفسیری تەبەری ج (١٧) لا (٤٥)، تەفسیری قورتبی ج (٥)، لا (٤٠٠١). "فیض القدیر" المناوی ج (٢) لا (٢٩٢).

جوبرەئیل لەو کاتەدا ئاوی دەخستە ناو دەمی فیرعەون بۆ ئەوەی لەو قسانە رایبگرێت، لە ترسی ئەوەی نەوەك رەحمەتی خوا بیگرێتەوە[١] .

جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێ) زۆر بە پەرۆش بوو لەسەر دینی خوا و شەریعەتەکەی.

لەبەر زۆر بەهێزییەوە، توانی شاری (مەدائین)ی گەلی لوط بە هەموو خەڵکەکەیەوە، کە ژمارەیان نزیکبوو لە چوارسەد هەزار کەس، بە هەموو گیاندار و ئاژەڵەکانییەوە، بە زەوییەکان و باڵەخانەکانیانەوە هەڵ گرت، لەسەر لێوارێ باڵیەوە بەرزی کردەوە، تا گەیشتە نزیك ئاسمانەکان، تا فریشتەکان گوێیان لە وەڕینی سەگ و بانگدانی کەڵەبابەکان بوو، پاشان هەڵی هەڵگێڕایەوە و سەراوبنی کرد.

جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێ) خاوەن دڵسۆزییەکی گەورەیە و فریشتەکانی تر لە ئاسمانەکان گوێڕایەڵی ئەون.

هەروەها پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) فێرە نوێژ دەکرد و بەخۆی پێنج جاریش بەخۆی بۆتە پێش نوێژ.

لە ئیبن مەسعودەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "نزل جبريل فَأَمَّني فصليت معه، ثم صليت معه، ثم صليت معه، ثم صليت معه، ثم صليت معه، يحسب بأصابع خمس صلوات"[٢]. واتە: (جوبرەئیل دابەزی، نوێژم لەگەڵ کرد، پاشان نوێژم لەگەڵ کرد، پاشان نوێژم لەگەڵ کرد.....بە پەنجەکانی دەست پێنج نوێژی ژمارد".

تەنیا بە فەرمانی خوا دادەبەزی بۆ لای پێغەمبەر، کە وەحی بۆ دەهێنا، لە ئیبن عەبباسەوە رەزای خوای لەسەر بێت، پێغەمبەر

---

(١) "البداية والنهاية".

(٢) سەحیحی بوخاری ژمارەی فەرموده (٣٢٢١)، و سەحیحی موسلم ژمارەی فەرموده (٦١٠).

(صلى الله عليه وسلم) بە جوبرەئیلی فەرموو: "بۆ لەوە زیاتر سەردانمان ناکەیت، پاشان فەرمودەی خوا دابەزی ﴿وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ ...﴾ (مریم: ٦٤)[1]. واتە: ((ئێمە تەنها بەفەرمانی پەروەردگارت نەبێت دانابەزین)).

هەروەها خوای پەروەردگار لەبارەیەوە دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿٩٧﴾ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ (البقرة: ٩٧-٩٨). واتە: ((ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: هەر کەسێك دوژمنی جوبرەئیلە، (با بزانێت) کە هەر ئەو جوبرەئیلە بە فەرمانی خوا ئەو قورئانەی دابەزاندۆتە سەر دڵت، کە کتێبە پێشووەکان بەڕاست دادەنێت و ڕێنموویی (بۆ چاکە)دەکات و مژدە بەخشیشە بە ئیمانداران، ئەو کەسەی دوژمن بێت بە خواو فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی، بەتایبەت جوبرەئیل و میکائیل، ئەوە با بزانێت و دڵنیا بێت، کە خوای گەورە دوژمنی کافر و بێباوەڕانە)).

ئەمەش دوای ئەوە هات، کاتێك یەهوودییەکان رق و کینەی خۆیان بەرامبەر جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێ) ڕاگەیاند.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دوو جار جوبرەئیلی (سەلامی خوای لێ بێ)، بە وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی بینیووە، جارێکیان لە زەوی، کە نێوانی ئاسمان و زەوی دادەپۆشی، دووەم جاریان لە ئاسمان، کاتی شەوڕۆیی پێغەمبەر لەشەوی (معراج)دا.

---

(١) سەحیحی بوخاری ژمارەی فەرمودە (٣٢١٨).

میکائیل یان میکال:

لە بەڕێزترینی فریشتە نزیکەکانە، راسپێردراوە بۆ کاروباری باران و هەور و با و ڕووەك، کە ئەوانەی خوا رزقیان لێ دروست دەکات، لەو ڕووەشەوە یاریدەدەر و یارمەتیدەری هەیە، کاتێکیش خوا فەرمان دەدات، با و هەور بە ویستی ئەو دەجوڵێنن.

هیچ دڵۆپە بارانێك دانابارێت، کە فریشتەیەکی لەگەڵ نەبێت و شوێنی کەوتنی لە زەوی دیاری دەکات.

ئیمام ئەحمەد لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە، کە لە جوبرەئیلی پرسی "بۆ چی نابینم هەرگیز میکائیل پێبکەنێت؟، گوتی: "لەوەتەی ئاگر دروستکراوە، میکائیل پێنەکەنیوە"[1].

خوا دەفەرموێ: ﴿مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ﴾ (البقرة: ٩٨). واتە: ((ئەو کەسەی دوژمن بێت بە خواو فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی، بەتایبەت جوبرەئیل و میکائیل، ئەوە با بزانێت و دڵنیا بێت، کە خوای گەورە دوژمنی کافر و بێباوەڕانە)).

ئەمەش ڕێزلێنانە لە میکال (سەلامی خوای لێ بێ)، گەورەیی پایەتی لەلای خواوە.

میکائیل (سەلامی خوای لێ بێ)، لەگەڵ ئەو فریشتانە بووە کە لە شەوی (ئیسرا و میعراج) هاتنە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و دڵیان بە ئاوی زەمزەم شوشتەوە و بە حیکمەت و زانست پڕیان کرد[2].

---

(١) موسنەدی ئیمام ئەحمەد ژمارەی فەرموودە (١٢٩٣٠).

(٢) فەتحی باری بە شەرحی سەحیحی بوخاری (٧٥١٧).

نیسرافیل:

یەکێکە لە فریشتە بە قەدر و بەڕێزەکان، لە فریشتە نزیکەکانە لای خوای بەرزو مەزن، یەکەم فریشتەیە کە پەروەردگار دوای مردنی هەموو دروستکراوەکانی (نفخة الصعق) دەینرێت بۆ ئەوەی فووی زیندووکردنەوە لە کەڕەنا بکات.

﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ﴾ (الزمر: ٦٨).

واتە: ((لەو ڕۆژەدا فوو دەکرێت بە کەڕەنا دا، هەر کەس لە ئاسمانەکان و زەویدا مابێت خێرا دەمرێت، مەگەر کەسێك خوا ویستی لەسەر مردنی نەبێت، لەوەودوا فوویەکی تری پیادا دەکرێتەوە، جا دەسبەجێ هەرهەموو خەڵکی هەستاونەتە سەرپێ و بەسەرسامیەوە چاوەڕوانن)).

بە فەرمانی خوا سێ جار فوو لە کەڕەنا دەکات، فووی ترسێکی زۆر، فووی مردنی هەموو دروستکراوەکان، سێیەم فووی زیندووکردنەوە کە فوو کرا گیانەکان وەك ئاگر دادەگیرسێن، خوا خۆی دەفەرموێ: "بە عزەت و جەلالم، هەموو گیانەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو لاشانەی لە دونیاندا هەیان بوو.

بەم شێوەیە دەچنە ناو جەستەکان لەناو گۆڕەکانیانەوە، زیندوو دەبنەوە و گۆڕەکان شەق دەبن و بە خێرایی بەرەو گۆڕەپانی حەشر ڕێ دەگرن". لە ئەبی هورەیرەوە (خوای لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: ".. ويأمر الله إسرافيل بنفخة الصعق، فيصعق أهل السماوات والأرض إلا من شاء الله، فإذا هم قد خمدوا جاء ملك الموت إلى الله الجبار، فيقول: يارب، قد مات أهل السماوات والأرض.."[1].

(١) فەتحی باری بەشرحی سەحیحی بوخاری (٧٥١٧).

واتە: "خوای گەورە فەرمانی فووکردن بە کەڕەنا دەدا بە ئیسرافیل، هەموو خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی دەمرن، تەنیا ئەوەی خوا بیەوێت، کاتێك دامرکانەوە، فریشتەی گیان کێشان دێتە لای خوای گەورە، دەڵێ: ئەی پەروەردگار! هەموو خەڵکی ئاسمان و زەوییەکان مردن..".

فریشتەی ڕەزامەندی (رضوان):

سەرۆکی سەرپەرشتیارانی بەهەشتە و خواش ئەم ناوەی لێناوە، ناوەکەی لەوشەی ڕەزامەندییەوە هاتووە، سەرپەرشتیار واتە: کە کارێکی پێ ڕادەسپێردرێت و دەیپارێزێت.

موسلیم لە سەحیحەکەی خۆی لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "آتي باب الجنة يوم القيامة فاستفتح، فيقول الخازن: من أنت؟ فأقول محمد، فيقول: بك أمرت لا أفتح لأحد قبلك"[1]. واتە: (ڕۆژی دوایی دێمە لای دەرگای بەهەشت، داوای کردنەوەی دەکەم، سەرپەرشتیاری بەهەشت دەڵێت: تۆی کێی؟ دەڵێم: محمد، دەڵێت: فەرمانم پێ کراوە پێش تۆ دەرگا بۆ کەسی تر نەکەمەوە).

لە ئەبی هورەیرەوە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "من أنفق زوجين في سبيل الله دعاه خزنة الجنة كل خزنة باب أي فل هلم"[2] واتە: (هەر کەسێك لەبەر خوا، خەرجی دوو هاوسەر بکات، سەرپەرشتیاری بەهەشت بانگی دەکا، فلانەکەس وەرە بۆ بەهەشت).

---

(١) سەحیحی موسلیم ژمارە فەرمودە (١٩٧).

(٢) سەحیحی بوخاری (٢٨٤١)، سەحیحی موسلیم (١٠٢٧).

فریشتەی گیان کێشان [ملک الموت]:

لە (أثر)دا هاتووە، کە ناوی (عزرائیل)ـە[1]، چەند یاریدەدەر و یارمەتیدەری لە فریشتەکان هەیە، کە لە کاتی دیاریکراودا گیانی مرۆڤەکان دەکێشن، هەموویان بە پێی کاتی دیاریکراوی دەبێت.

خوای گەورە لەبارەی فریشتەی گیان کێشانەوە دەفەرموێ:

﴿قُلْ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ﴾ (السجدە: ١١). واتە: ((جا پێیان بڵێ: فریشتەی گیان کێشان، کە کاری گیان کێشانتانی پێ سپێردراوە دەتانمرێنێت، لەوەودوا بۆلای پەروەردگارتان دەبرێنەوە)).

﴿... حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ثُمَّ رُدُّوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ ۚ أَلَا لَهُ ٱلْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ ٱلْحَٰسِبِينَ﴾ (الأنعام: ٦١-٦٢). واتە: ((ئەو کاتەی مەرگ دێت و یەخە بەکەسێکتان دەگرێت، ئەو کاتە ئیتر (فریشتە) رەوانە کراوەکانمان گیانی دەکێشن و لە کاتێکدا ئەوان لە کار و کردەوەی خۆیان کەمتەرخەمی ناکەن، پاشان خەڵکی هەموویان گەڕێنرانەوە بۆ لای خوا کە سەروەریی ڕاستەقینەیانە، ئاگادارین کە حوکم و فەرمانڕەوایی هەر بەدەست ئەوەو ئەو زاتە خێرا و لەماوەیەکی کەمدا لە هەموان دەپرسێتەوە)).

یاریدەدەرەکانی گیانی بەندە دەردەهێنن تا دەگاتە گەروو، ئەو کات فریشتەی گیان کێشان بە دەست دەیگرێت، تەنیا چاوتروکاندێك لە دەستی دەمێنێتەوە، لێی وەردەگرن و لە کفنێکی شیاو بەخۆی، دایدەنێن، پاشان بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان، گەر باش بێت، دەرگاکانی

---

(١) شەرحی سوننەتەکانی نسائی بۆ سەندی ژمارەی فەرمودە (٢٠٨٩)، پێشتریش گوتومانە ڕاستی ناوی (فریشتەی گیان کێشانە).

ئاسمانی بۆ دەکرێنەوە، گەر نا، پێی هەڵدەواسرێت و فڕێدەدرێتەوە زەوی.

موجاهید دەڵێت: فەرمایشتی ﴿يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ﴾.

دەڵێت: جیهانی بۆ کۆکراوەتەوە وەك قاپلەمەیەك، چۆن بیەوێت لێی دەخوات[1].

ئەو یاریدەدەرانە بە گوێرەی کردەوەی هەریەکێك، دێنە لای مردوو، گەر باوەڕدار بێت، فریشتەکان بە ڕوویەکی سپی و بەرگێکی سپی و بۆنێکی خۆش دێنە لای، گەر بێ باوەڕیش بێت پێچەوانە دەبێت.

پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَيَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَٰخِرِينَ﴾ (النمل: ٨٧).

واتە: ((یادی ڕۆژێك بکە فوو دەکرێت بە صور دا، هەر کەس لە ئاسمانەکان و هەرکەس لە زەویدا هەیە، ترس و بیمێکی زۆر دایدەگرێت، جگە لەوانەی کە ویستی خوا وایە ترس و بیمیان نەبێت، هەموانیش بەملکەچی و ناچاریی دێن)).

لە ئەبی هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "پەروەردگار فەرمانی فووکردن بە کەڕەنا دەدا بە ئیسرافیل، هەموو خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی دەمرن، تەنیا ئەوەی خوا بیەوێت، کاتێك دامرکانەوە، فریشتەی گیان کێشان دێتە لای خوای گەورە، دەڵێ: ئەی پەروەردگار! هەموو خەڵکی ئاسمان و زەوییەکان مردن، تەنیا ئەوەی تۆ ویستت. پەروەردگار دەپرسێت: (کە هەر خۆشی دەزانێت کێ ماوە)، کێ ماوە؟ دەڵێت: تۆی زیندووی کە نامریت، ماویتەوە، هەڵگرانی عەڕشی تۆ ماونەتەوە، جوبرەئیل و میکائیل ماونەتەوە. پەروەردگار فەرمان دەکات: با جوبرەئیل و میکائیل بمرن، خوا عەڕش

(١) تەفسیری تەبەری ج (٢١)، لا (٩٨)

بە قسە دەهێنێت، عەرش دەڵێت: ئەی پەروەردگار جوبرەئیل و میکائیل دەمرن؟ پەروەردگار دەفەرموێ: بێ دەنگ بە، مردنم بۆ هەموو ئەوانە نوسیووە، کە لەژێر عەرشم دان.. جوبرەئیل و میکائیل دەمرن. پاشان فریشتەی گیان کێشان دێتەوە لای خوا و دەڵێت: ئەی پەروەردگاری مەزن جوبرەئیل و میکائیل مردن، جارێکی تر خوا دەپرسێت: (کە هەر خۆشی دەزانێت کێ ماوە) کێ ماوە؟ دەڵێت: تۆی زیندوو کە نامریت ماویت، هەڵگرانی عەرش و منیش ماوم، پەروەردگار دەفەرموێ: با هەڵگرانی عەرشیش بمرن، ئەوانیش دەمرن، خوا فەرمان بە عەرش دەدات کەرەنا لە ئیسرافیل وەردەگرێت. فریشتەی گیان کێشان دێتەوە لای خوا و پێی دەڵێت: ئەی پەروەردگار! هەڵگرانی عەرشت مردن. جارێکی تر پەروەردگار دەپرسێت: (کە هەر خۆشی دەزانێت کێ ماوە)، توی زیندوو کە نامریت ماویت لەگەڵ من. پەروەردگار دەفەرموێ: تۆ دروستکراوێکی لە دروستکرای من، ئەو کاتەی ویستم تۆم دروست کرد، ئێستا بمرە، دەمرێت، ئنیجا کەس نامێنێت، تەنیا خوای تاك و تەنیای بێ هاوتا، کە لەکەس نەبووە و لەکەسیش نابێت، ئەو کۆتا و سەرەتایە"[1].

مالیک:

لە پێشەوەی سەرپەرشتیارانی دۆزەخە، پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَنَادَوْا۟ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ۖ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ ﴿٧٧﴾ لَقَدْ جِئْنَٰكُم بِٱلْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ﴾ (الزخرف: ٧٧-٧٨). واتە: ((نیشتەجێکانی دۆزەخ هاوار دەکەن، ئەی مالك! (کە فریشتەی سەرپەرشتیارە) دەبا

(١) تەفسیری تەبەری ج (٢١)، لا (٩٨).

پەروەردگارت بمانکوژێت، دەبا بمرین و کۆتایی بەم سەغڵەتیەمان بێت، کەچی دوای ماوەیەك پێیان دەڵێت: ئەوە جێتانە و تیایدا بۆ هەمیشە دەبێت بمێننەوە، بەڕاستی ئێمە پەیامی حەق و ڕاستیمان بۆ ئێوە ڕەوانە کردون، کەچی زۆربەتان حەزتان لە حەق و ڕاستی نیە و لێی بێزارن)).

فریشتەی سەرپەرشتیار (مالك) چەندە یاریدەدەر و یارمەتیدەرێکی هەن، ژمارەیان نۆزدە فریشتەی دڵڕەق و تووندوتیژن.

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِ رَبِّكُمْ وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ (الزمر: ٧١). واتە: ((ئەوسا ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون، ڕاپێچ دەکرێن بەرەو دۆزەخ دەستە دەستە و تاقم تاقم دەگوێزرێنەوە، تا کاتێك دەگەنە بەر قاپیەکانی، (هەموو مۆڵدەخۆن لەبەردەمیدا، دوای ماوەیەك) بۆیان دەکرێتەوە، فریشتەی بەرپرس و سەرپەرشتیار سەرزەنشتیان دەکات و پێیان دەڵێت: باشە، مەگەر پێغەمبەران لەخۆتان ڕەوانە نەکرابوو بۆتان، کە ئایەتەکانی پەروەردگاری خۆتان بەسەردا بخوێنێتەوە، وە یاداوەریتان بکات و داتان بچەڵەکێنێت لە گەیشتنی ئەم ڕۆژە؟! بەدەم ئاخوداخ و ناڵەوە دەڵێن: بەڵێ، بەڵام تازە، سوودی نیە و بڕیاری سزا و ئازار دراوە بەسەر کافر و بێ بڕواکاندا)).

هەرەها دەفەرموێ: ﴿فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ ﴿١٧﴾ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ﴾ (العلق: ١٧-١٨). واتە: ((ئینجا وازی لێبهێنە، با هاوەڵ و هاوبیر و باوەڕانی بانگ بکات، ئێمەش فریشتە کاربەدەستەکانی دۆزەخی بۆ بانگ

دەکەین (تا تۆڵەی لێبستێنن و لە دۆزەخ توندی بکەن)).

موسلیم لە سەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە "ڕۆژی دوایی دۆزەخ دەهێندرێت، حەفتا هەزار جڵەوی هەیە، هەر جڵەوێك لە دەستی حەفتا هەزار فریشتەدایە، کە ڕایدەکێشێن"(١).

خوای بەرزو مەزن دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِى ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴾(غافر: ٤٩).

واتە: ((ئینجا ئەوانەی کە لەناو ئاگری دۆزەخدان بە فریشتەکانی کارگێڕیی دۆزەخ دەڵێن: داوا لە پەروەردگارتان بکەن: تەنها ڕۆژێك سزا و ئازارمان لەسەر کەم بکاتەوە)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ ... عَلَيْهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾ (التحريم: ٦). واتە: ((سەرپەرشتیاری ئەو دۆزەخ و ئاگرە، جۆرە فریشتەیەکن کە زۆر دڵڕەق و توندوتیژن، نافەرمانی خوا ناکەن لە هیچ شتێکدا کە فەرمانیان پێ بدات و هەرچی فەرمانێکیان پێ بدرێت ئەنجامی دەدەن)).

دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا سَقَرُ ﴿٢٧﴾ لَا تُبْقِى وَلَا تَذَرُ ﴿٢٨﴾ لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ ﴿٢٩﴾ عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ وَمَا جَعَلْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةً ۙ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيَسْتَيْقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِيمَٰنًا ۙ وَلَا يَرْتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۙ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْكَٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ۚ وَمَا هِىَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ ﴾ (المدثر: ٢٧-٣١).

---

(١) موسلیم لە سەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە (٤/٢١٨٤)، ژمارە (٢٨٤٢)، پەرتوکی "بەهەشت و وسفی خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی، بەشی توندی گەرمی دۆزەخ".

واتە: ((جا تۆ نازانیت دۆزەخ چییە، هیچ ئەندامێك ناهێڵێتەوە و دەست هەڵناگرێت، پێستیان هەڵدەقرچێنێت و ڕەشی دەکات و دەری دەخات، نۆزدە فریشتە سەرپەرشتی دۆزەخ دەکەن، جا ئێمە وەنەبێت کارگوزارانی دۆزەخمان لە کەسانی تر جگە لە فریشتە بەدی هێنابێت، ئەو ژمارەیەشمان تەنها بۆ تاقیکردنەوە دیاری کردووە بۆ ئەوانەی کە بێ باوڕ بوون، هەروەها بۆ ئەوەی ئەوانەی کتێبیان پێدراوە دڵنیابن لە ڕاستی ئەم قورئانە (چونکە لە تەورات و ئینجیلدا ئەو باسە هەیە)و بۆ ئەوەش، کە ئیمانداران زیاتر باوەڕیان دامەزراو بێت و ئەوانەش کە کتێبیان پێدراوە ئیمانداراتیش حەق نیە تووشی دوو دڵی ببن، با ئەوانەی دڵ و دەروونیان نەخۆشە لە دووڕوەکان و بێ باوەڕان هەر بۆ خۆیان قسە بکەن و بڵێن: نیازی خوا چییە بەم ژمارەیە؟ بەو شێوەیە باسکرا، خوا هەر کەسێکی بوێت گومڕای دەکات، هەر کەسێکیشی بوێت ڕێنموویی دەکات، کەس ژمارەی سەربازانی پەروەردگارت نازانێت، جگە لە زاتی خۆی، ئەو ئایەت و فەرموودانە تەنها پەند و ئامۆژگارین بۆ ئادەمی)).

کاتێك ئەو ئایەتە دابەزی، حەکەم کوڕی هیشام[1] بە هۆزە موشریك و هاوبەشپەرستانی گوت: "من حەفدیان بۆ ئێوە دەگرم، ئێوەش بە هەمووتان دووەکەی تر بگرن، پاشان دەچینەی بەهەشتەکە محمد. پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەو کاتەوە ناوی نا (ئەبو جەهل).

خەڵکی ناو ئاگر بە سەرپەرشتیاری دۆزەخ دەڵێن: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِى ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴾ (غافر:٤٩). واتە: ((ئینجا ئەوانەی کە لەناو ئاگری دۆزەخدان بە فریشتەکانی کارگێڕیی دۆزەخ دەڵێن: داوا لە پەروەردگارتان بکەن:

(١) ئەبو حەکەم عەمری کوڕی هیشام.

تەنها ڕۆژێك سزاو ئازارمان لەسەر کەم بکاتەوە)). دەڵێن: ﴿قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ تَكُ تَأۡتِيكُمۡ رُسُلُكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ قَالُواْ بَلَىٰۚ قَالُواْ فَٱدۡعُواْۗ وَمَا دُعَٰٓؤُاْ ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٖ﴾ (غافر: ٥٠). واتە: ((ئەوانیش لە وەڵامی داخوازیەکەیاندا دەڵێن: باشە، مەگەر پێغەمبەرەکانتان بەبەڵگەو نیشانەی ڕوون و ئاشکراوە، ڕەوانە نەکرابوون بۆتان؟ هەموان بەیەکدەنگ دەڵێن: بەڵێ، ڕاستە، ئینجا فریشتەکان دەڵێن: دەی کەوابوو هەر داوا بکەن و بپاڕێنەوە، بێگومان داخوازی و پاڕانەوەی کافران بەهیچ ناچێت، تازە هیچ نرخێکی نییە و گیرا نابێت)).

دەڵێن: ئەی مالیك! ﴿لِيَقۡضِ عَلَيۡنَا رَبُّكَ﴾ با پەروەردگارت بمانکوژێت، ئەویش پێیان دەڵێت: ﴿قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ﴾(الزخرف: ٧٧). ئەوە جێتانە و تیایدا بۆ هەمیشە دەبێت بمێننەوە.

دوای هەزار ساڵ وەڵامیان دەداتەوە. پەنا دەبەنە لای پەروەردگاری مەزن، دەڵێن: ﴿قَالُواْ رَبَّنَا غَلَبَتۡ عَلَيۡنَا شِقۡوَتُنَا وَكُنَّا قَوۡمٗا ضَآلِّينَ ١٠٦ رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا مِنۡهَا فَإِنۡ عُدۡنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ﴾ (المؤمنون: ١٠٦-١٠٧). واتە: ((دەڵێن: پەروەردگارا، نەگبەتی و نەهامەتی سەرشانی گرتین و زاڵ بوو بەسەرماندا، ئێمە کەسانێکی گومڕابووین، پەروەردگارا! لەناو ئاگری دۆزەخ و سزاکەیدا دەرمان بهێنە، ئەگەر جارێکی تر گەڕاینەوە (بۆ گومڕایی) ئەوە ئیتر دیارە کە ئێمە کەسانێکی ستەمکارین)). خوای پەروەردگاریش دەفەرموێ: ﴿قَالَ ٱخۡسَـُٔواْ فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ﴾ (المؤمنون: ١٠٨). واتە: ((بێ دەنگ بن و دەمتان داخەن، قسەشم لەگەڵدا مەکەن)).

نەکیر و مونکەر:

دوو ناوی تری فریشتەن (سڵاوی خوایان لەسەر بێت)، ئەرکیان تاقیکردنەوەی مردووی چاکەکار و خراپەکارە لە گۆڕەکاندا، ناویان لێنراوە فریشتەی تاقیکردنەوە، چونکە راسپێردراون بۆ پرسیارکردن لە مردوو لە گۆڕەکەیدا، پرسیارکردن لەبارەی خوا و ئایین و پێغەمبەر، ئەوان دوو ڕەنگ شینی بە ترسن، خاوەن کەڵبەی درێژ و شێوە بێزارکەرن و دەنگیان ترسێنەرە، خوا بمانپارێزێت لە سزای گۆڕ[1] و جێگیر و دامەزراومان بکات.

﴿ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْأٓخِرَةِ ۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ۚ وَيَفْعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ﴾ (إبراهيم: ٢٧).

واتە: ((خوای گەورە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە پایەدار دەکات لەسەر گوفتاری بەجێ و دروستیان لە ژیانی دنیادا، لە سەرەمەرگ و لە قیامەتیشدا، گوفتاریان ڕێك و پێك و دامەزراو دەبێت و بە ئیمانەوە دەمرن، لەولاشەوە هەر ئەو خوایەیە ستەمکاران گومڕا دەکات و ئەوەی پەروەردگار بیەوێت، هەر ئەوە پێش دێت و دەکرێت)).

لە ژیانی بەرزەخدا لە نێوان دونیا و ڕۆژی دوایدا، کاتێك ئادەمیزاد بەرەوە گۆڕ شوڕ دەکرێتەوە، ئەو شوێنەی کە مااڵی غەریبی و تاریکییە، پەروەردگارت بانگت دەکات "بەندەکەم! ئەوان گەڕانەوە و تۆیان بەجێ هێشت، لە خۆڵدا ناشتیانی، گەر لەگەڵیشت بمابانەوە، هیچ سودێکیان بۆت نەدەبوو، سودیشیان بۆ نابێت، تەنیا من نەبێت، منی زیندوو و نەمر" لێرەدا هەردوو فریشتەکەت بۆ بەدیار دەکەون، زۆر توند و تووڕەن، بەندەکە دادەنیشێنن و دەست بە پرسیارکردن دەکەن لێی:

---

(١) سەیری "الشرح الصدور"ی سیوتی و "البدور والسافرة" بکە.

"خوات کێیە؟ ئایینەکەت چییە؟ پێغەمبەرەکەت کێیە (ئەوە دواهەمین تاقیکردنەوەیە)، کاتێك بەندەی بڕوادار وەڵامی دەداتەوە: پەروەردگار خوامە، ئیسلام ئاینمە، محمد (صلى الله عليه وسلم) پێغەمبەرمە، بانگدەرێك لە ئاسمانەوە بانگ دەدات و دەڵێت بەندەکەم ڕاستی گوت".

بەڵام بەندەی بێ باوەڕی دۆڕاو لە وەڵامی پرسیارەکاندا دەڵێت: ها. ها. نازانم. قسەی زیاتر دەکات، دوو فریشتەکان دەڵێن: نازانی و بەدواشی نەکەوتی، بانگدەرێك لە ئاسمانەوە بانگ دەدات و دەڵێت، بەندەکەم درۆی کرد".

هاڕوت و ماڕوت:

ناویان لە فەرمایشتی خوای پەروەردگاردا هاتووە ﴿... وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُوا۟ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَ ۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۖ ...﴾ (البقرة: ١٠٢). واتە: ((هەرگیز سولەیمان کافر نەبووە، بەڵکو شەیتانەکان کافربوون و خەڵکیان فێری سیحر و جادوو دەکرد، هەروەها مەردومیان فێری ئەوە دەکرد کە بۆ هاروت و ماروت دابەزی بوو(کە دوو فریشتە بوون) لە بابل (مەبەستیشیان تێگەیاندنی خەڵکی بوو لە سیحر و جادوو)، ئەوانیش کەسیان فێری هیچ شتێك نەدەکرد، تا پێیان نەوتایە: ئەم کارەی ئێمە بۆ تاقی کردنەوەیە و خۆت کافر مەکە)).

ئیمامی ئەحمەد لە کۆڕی عومەرەوە خوا لێی رازی بێت، دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو، دەیفەرموو " کاتێك پەروەردگار ئادەمی دابەزاندە سەر زەوی، فریشتەکان گوتیان: ئەی خوای

پەروەردگار ﴿...أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ ۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾(البقرة: ٣٠).

واتە: ((ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین کە خراپە و تاوانی تیادا بچێنێت و خوێنڕێژیی تیادا ئەنجام بدات؟! لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدر و ڕێزی تۆ چاك دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین، (لە وەڵامیاندا) خوا فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم))، فریشتەکان گوتیان: ئەی خوای پەروەدگار ئێمە لە نەوەی ئادەم بۆ تۆ گوێڕایەڵترین. پەروەردگاریش بە فریشتەکان دەفەرموێ: دەی دوو فریشتە ئامادە بکەن بۆ ئەوەی دایانبەزێنمە سەر زەوی، بزانین چۆن کار دەکەن"، لە گێرانەوەیەکی تردا پێیان دەفەرموێ: "دوو باشترین فریشتە لە ئێوە هەڵبژێرن".. ئەوانیش گوتیان: پەروەردگارا! هارووت و ماڕوتن، دایبەزاندنە سەر زەوی..

ئافرەتێکیان لە جوانترین شێوەی مرۆڤ بۆ پەیدا بوو، هاتەلایان، ئەوانیش داوایەکیان لێکرد، ئافرەتەکە گوتی: نەخێر بەخوا تا ئەو وشەیە بۆ هاوبەشی دروستکردن نەڵێن (واتە: تا هاوبەشی بڕیار نەدەن) ئەم کارە نایکەم. ئەوانیش گوتیان: سوێند بەخوا هەرگیز هاوبەش بۆ خوا پەیدا ناکەین. ئافرەتەکە ڕۆیشت و بە منداڵێکی بچوکەوە گەڕایەوە لایان، جارێکی تر داوایان لێکردەوە، ئەویش گوتی: نەخیر بە خوا تا ئەو منداڵە نەکوژن، ئەوانیش گوتیان: هەرگیز ئێمە نایکوژین. ئەمجارەیان بە جامێك مەی گەڕایەوە لایان، دیسان داوایان لێکردەوە، ئەویش گوتی: نەخێر سوێند بە خوا تا مەی نەخۆنەوە. ئەوانیش شەڕابەکەیان خواردەوە و کارەکەیان ئەنجامدا و منداڵەکەشیان کوشتن، هەر بە ئاگا نەهاتبوونەوە. ئافرەتەکە پێی گوتن: سوێند بەخوا هیچ شتێکتان بەجێنەهێشت لەو

شتانە پێشتر ڕێگریتان دەکردن لە ئەنجامدانی لەگەڵ من، هەمووتان لەکاتی سەرخۆشبووندا ئەنجامتان دا، لە نێوان سزای دونیا و ڕۆژی دوایدا یەکێکیان هەڵبژێرن، ئەوانیش سزای دونیایان هەڵبژارد"[1].

لە فەرمایشتی خوادا هاتووە: ﴿...وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ...﴾ (البقرة: ١٠٢). واتە: ((ئەوان کەسیان فێری هیچ شتێك نەدەکرد، تا پێیان نەوتایە: ئەم کارەی ئێمە بۆ تاقی کردنەوەیەو خۆت کافر مەکە)).

گەر کەسێك هاتبا لایان و سحری بیوستبا، بە توندی ڕەتیان دەکردەوە، پێیان دەگوت: ئەم کارەی ئێمە بۆ تاقیکردنەوەیە و خۆت کافر مەکە، بەو پێیە ئەوان لەسەر خێر و شەڕ و کوفر و باوەڕبوون، دەیزانی کە سحرکردن لە کوفرەیەوە.

هەندێك لە فریشتەکان ڕاسپێردراون بە نوتفەی ناو منداڵدان، وەك لە فەرموودەدا هاتووە، ئیبن مەسعود خوا لێی ڕازی بێت، دەڵێت: پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) پێی ڕاگەیاندن کە ئەو ڕاستگۆیە "یەکێك لە ئێوە لە کاتی دروستکردنیدا، لە سکی دایکیدا چل ڕۆژ بە شێوەی نوتفە دەمێنێنتەوە، پاشان دەبێتە خۆهەڵواسەرێك بە دیواری منداڵداندا، پاشان دەبێتە گۆشتپارەیەکی تەواو، پاشان فریشتەیەکی دێت و بە فووکردن گیان دێنێتەبەر دروستکراوەکە، بەچوار وشە فەرمانی پێ دەکرێت: نوسینی رزق و تەمەن و کردار و بەختەوەر یان بەدبەخت"[2].

---

(١) موسنەدی ئیمام ئەحمەد ژمارەی فەرمودە (٦١٤٣).

(٢) بوخاری لە سەحیحەکەی خۆیدا (٤٧٧/١١) گێڕاویەتیەوە، کتێبی "القدر" بەشی "القدر"، هەروەها موسلیمیش لە سەحیحەکەیدا (٢٠٣٦/٤) فەرمودەی (٢٦٤٣) بەشی چۆنیەتی دروستکردنی ئادەم لە سکی دایکیدا.

لە ڕیوایەتێکی تردا: "فریشتە دەڵێت: ئەی پەروەردگار! ئەو دروستکراوە گۆشتپارەیەکی تەواو و سەروسیمادار یان ناتەواو بێت؟ یان دوانە بێت؟ نێر بێت یان مێ؟ بەختەوەر بێت، یان بەدبەخت و چارەڕەش؟ رزق و ڕۆزی چی بێت و تەمەنی دیاریکراو چی بێت؟. خوا چی بوێت بەم شێوەیەی دەبێت، فریشتەکەش وەک چۆن خوای پەروەردگار فەرمانی پێ دەکات، بە بێ گۆڕین و ئاڵۆگۆڕی، دەینوسێت".

فریشتەی چاودێری نامادە (ڕەقیب و عەتید):

فریشتەی بەڕێزن، کردەوەکانی نەوەی ئادەم لەو کاتەی دەگەنە تەمەنی خۆناسین، تۆمار دەکەن، هەروەها کردەوەکانیشی بۆ دەپارێزن ﴿وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَٰفِظِينَ ﴿١٠﴾ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ﴿١١﴾ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ﴾ (الانفطار: ١٠-١٢). واتە: ((بێگومان ئێوە چاودێرتان لەسەر دانراوە، لە فریشتە بەڕێزە تۆمارکارەکان، کە ئاگا و زانان بەهەموو ئەو کردەوە و ڕەفتارانەی کە ئەنجامی دەدەن)).

﴿إِذْ يَتَلَقَّى ٱلْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٌ ﴿١٧﴾ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ (ق: ١٧-١٨). واتە: (((کاتێک دوو فریشتە چاودێرەکەی ئادەمیزاد، کە لەلای ڕاست و چەپیەوە دانیشتوون، (هەموو گوفتارو کردارێکی تۆمار دەکەن بە دەزگای زۆر پێشکەوتوو، هەر قسەیەکی لە دەم دەرچێت، خێرا چاودێرێکی ئامادە تۆماری دەکات)).

لە فەرمودەیەکی قودسیدا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: "ئەی نەوەی ئادەم! لاپەڕەیەکم بۆ کردوویەتییەوە، دوو فریشتەی بەڕێز بۆ تۆ ڕاسپێردراون، یەکێکیان لەلای ڕاست و ئەوی تر لەلای چەپتەوەن، نەوەی لای ڕاستەوەیە چاکەکان تۆمار دەکات، نەوەی لای چەپیشە

خراپەکان تۆمار دەکات، چیت دەوێت بیکە زۆر یان کەم تا ئەو کاتەی دەمریت، لاپەڕەکە لول دەدرێت لەلای گەردەنت لە گۆڕت دادەندرێت، تا ئەو کاتەی لە ڕۆژی دوایدا دێیتە دەرەوە"[١].

موجاهید دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "أكرموا الكرام الكاتبين الذي لا يفارقونكم إلا عند إحدى حالتين: الجنابة والغائط فإذا اغتسل أحدكم فليستتر بجرم حائط أو ببعيره أو يستر أخوه"[٢]. واتە: (ڕێزی دوو فریشتە بەڕێزە تۆمارکارەکان بگرن، ئەوانەی هەرگیز لێتان جیانابنەوە، تەنیا لە یەکێك لەو دوو حاڵەتانە نەبێت: لەشپیسی و لەکاتی سەرئاویدا، گەر یەکێکتان خۆی شوت، با بە پارچەیەك خۆی داپۆشێت یان بە وڵاخەکەی، یان براکەی دایپۆشێ".

ئیبن عەببباس (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "خوای پەروەردگار نەهی دەکات لە خۆ ڕووتکردنەوە، شەرم لە فریشتەکانی خوا بکەن، کە فریشتەی بەڕێزی تۆمارکار لەگەڵتان و لێتان جیانابنەوە لە یەکێك لەو سێ حاڵەتە نەبێت: لەشپیسی، لە کاتی سەرئاویدا، لە کاتی خۆشوتندا، گەر یەکێك لە ئێوە خۆی شوت، با خۆی بە جلوبەرگ یان پارچەك خۆی داپۆشێت"[٣].

لە (أثر)دا هاتووە، فریشتەی چاودێر (ڕەقیب) کە لەلای ڕاستی مرۆڤە و ڕاسپێردراوە بە نوسینی چاکەکان، سەرۆکی فریشتەی (عەتیدە) کە لەلای چەپی مرۆڤە و ڕاسپێردراوە بە نوسینی خراپەکان، بەردەوام لە کاتی نوسینی خراپەکاندا فەرمانی سەبرگرتنی بەسەردا

---

(١) تەفسیری تەبەری (١٥) لا (٥٣)، تەفسیری ئیبن کثیر ج (٣) لا (٢٩).

(٢) تەفسیری ئیبن کثیر ج (٤) لا (٤٨٣).

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشەوە.

دەکات. خاوەنی لای چەپ قەڵەم بۆ ماوەی شەش کاتژمێر لەسەر بەندەی موسڵمانی تاوانکار یان گوناهبار هەڵدەگرێت، گەر گەڕایەوە لای پەروەردگار و پەشیمان بووە، پاشان تۆبەی کرد، تۆماری ناکات، گەر وای نەکرد، تەنیا یەکێکی بۆ دەنوسێت.

فریشتەی چیاکان:

موسلیم و بوخاری دەگێڕنەوە، عائیشە (خوا لێی رازی بێت) خێزانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە پێغەمبەری فەرموو: هیچ ڕۆژێکتان بەسەر هاتووە ناخۆشتربێت لە ڕۆژی (ئوحد)؟، فەرمووی: "ئەوەی لە قەومەکەی تۆ توشی بووم، زۆر قورستر بوو لەو ڕۆژەی لە (عەقەبە) توشی بووم، رووم کردە عەلی کوڕی عەبدیالەیلی کوڕی عەبد کلال، بەڵام وەڵامی ئەوەی نەدامەوە کە دەمویست، بە دەموچاوێکی غەمبارەوە ڕۆیشتم، بە ئاگا نەهاتم، تا ئەوەی گەیشتمە شاخی ڕێویەکان (قرن الثعالب)، سەرم بەرز کردەوە، بینیم من بەرامبەر هەورێکم کە سێبەری لێکردووم، سەیر دەکەم جوبرەئیل دەبینم، بانگی کردم و گوتی: خوای پەروەردگار وتەی قەومەکەی تۆی گوێ لێبوو، گوێی لە وەڵامەکەیان بۆ تۆش بووە، فریشتەی چیاکانی بۆ ناردووی بۆ ئەوەی چ شتێکت بوێت بەرامبەری قەومەکەت فەرمان بەو فریشتەیە بکەیت.

فریشتەی چیاکان بانگی کردم و سڵاوی لێکردم، پاشان گوتی: ئەی محمد! هەرچی تۆ بتەوێت، گەر بتەوێت چیا قورسەکانیان بەسەردا فڕێ دەدەم. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بەڵکو تکا لە خوا دەکەم لە پشتی ئەوان کەسانێك دەربهێنێت، کە

خوا بپەرستن و هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن"[١].

ئەو کردارانەی بە فریشتەکان راسپێردراون:

ئیبن عەببباس خوا لێی رازی بێت دەڵێ: "خوای پەروەردگار چەند کارێکی پێ سپاردوون، کە فێری کردوون چۆن کاری لەسەر بکەن و لەسەری بوەستن، بەشێکیان بۆ نەوەی ئادەم دەنوسن و دەپارێزن، هەندێکیان بۆ باران و رووەك و ڕۆژگیران و با و هەڵسوکەوت پێکردنی و هەور و لێخوڕینی، بەشێکیان بۆ کەشتییەکان و خۆر و مانگ و هەسارەکانن".

هەروەها خوا چەند فریشتەیەکی بۆ ڕەحم و بەزەیی راسپاردوون، چەند فریشتەیەکیش بۆ چیاکان، بۆ دەریاکان، هەروەها چەند فریشتەیەکیش بۆ کاروباری بەهەشت راسپێردراون تایبەت بۆ نۆژەنکردنەوە و کارکردنی ئامێرەکانی و چاندنی نەمامەکانی و فەرشەکانی و سەرینەکانی و تەخت و قەنەفەکانی، بە هەمان شێوەش بۆ ئاگر فریشتە راسپێردراون، بۆ کارکردن تێیدا لە داگیرساندن و خۆشکردن و زنجیرەکانی".

هەروەك چۆن هەندێك فریشتە لەسەر دەرگای مزگەوتەکان پێش (وتاری هەینی) دەوەستن و یەك بە یەکەی ئەوانەی دێن تۆماریان دەکەن.

هەندێکیان سڵاو لەسەر فێرکارانی خەڵکی بەخێر دەنێرن.

هەندێکی تریان سڵاوەتی ئوممەتەکەی دەگەێننە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەی (٦/٣١٣) گێڕاویەتیەوە، کتێبی: دەستپێکردنی دروستکردن، بەشی: گەر یەکێتان گوتی ئامین. هەروەها موسلیم لە سەحیحەکەی (٣/١٤٢٠) فەرمودەی (١٧٩٥) کتێبی "الجهاد والسير"، بەشی (اشتداد غضب الله على من قتله رسول الله (صلى الله عليه وسلم)).

هەندێکشیان لە پارانەوەی ئەو کەسانەی بە نهێنی دوعا بۆ براکانیان دەکەن، دەڵێن: ئامین.

بەشێکیان لەگەڵ باوەڕداران دەجەنگێن، وەك ئەوەی لە بەدر و خەندق رووباندا، هەروەها راسپێردراون بۆ پاراستنی شاری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مەدینە و مەککە لە دەجاڵ.

هەروەها بەشێکیان راسپێردراون بە نەفرەتکردن لەو ئافرەتانەی، کە نافەرمانی هاوسەرەکانیان دەکەن لەکاتی بانگهێشتکردنیان بۆ سەرجێی.

هەندێکیان نەفرەت لەو کەسانە دەدەکەن کە بە ئاسن ئاماژە بۆ براکەی دەکات مەبەست تۆندوتیژییە، یان ئەوانەی قسەی ناشیرین بە هاوڵانی پێغەمبەر خوای (صلى الله عليه وسلم) دەڵێن، یان ئەوانەی ڕێگری لە جێبەجێکردنی شەرعی خوا دەکەن.

هەشیانە دوعا بۆ کەسی بەخشەر دەکەن و دوعاش لەسەر کەسی ڕەزیل دەکەن.

هەندێکی تریان بانگی هەردوو مرۆڤ و جنۆکەکان دەکان بۆ پەرستنی خوا، کە دەڵێن: وەرن بۆ لای پەروەردگارتان.

هەروەها هەندێکیان گەڕۆکن و دەیانەوێ بچنە دانیشتنی زیکر و زانست، لە سەحیحدا هاتووە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "خوای پەروەردگار فریشتەی گەڕۆکی هەن، کە خوازیاری دانیشتنەکانی زیکرن، هەر کە بینیان دانیشتنێك هەیە و زیکر و یادی خوای تێدایە، لەگەڵیان دادەنیشن، بەباڵەکانی یەکتریان دەوری یەکتری دەدەن، تا نێوان خۆیان و ئاسمانی دونیا پڕ دەکەن، کاتێکیش لەیەك جیابوونەوە، بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێن، دەفەرموێ: پەروەردگار کە زانایە پێیان، لێیان دەپرسێت، لە کوێوە هاتوو؟ دەڵێن: لە لای بەندەکانی تۆوە لە زەویەوە هاتووین کە یادی تۆیان دەکرد و

تۆیان بەرز و پیرۆز رادەگرت و سوپاسگواز و دەست بە پارانەبوون بۆ تۆ. دەفەرموێ: چیان لە من داوادەکرد؟ دەڵێن: داوای بەهەشتت لێ دەکەن، دەفەرموێ: ئایان ئەوان بەهەشتی منیان بینیووە؟ دەڵێن: نەخێر، ئەی پەروەردگار، دەفەرموێ: ئەی گەر بەهەشتی منیان بینیبایە چۆن دەبوون.. دەڵێن: خۆیان بە تۆ دەپارێزن: پەروەردگار دەفەرموێ: لە چی خۆیان بەمن دەپارێزن، دەڵێن: لە ئاگری تۆ ئەی پەروەردگار، دەفەرموێ: ئایا ئاگری منیان بینیووە، دەڵێن: نەخێر، دەفەرموێ: ئەی ئەگەر ئاگری منیان بینیبایە چۆن دەبوون. دەڵێن: داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەن، پەروەردگاریش دەفەرموێ: لێیان خۆش بووم و ئەوەی ویستیان دەیاندەمێ و ئەوەی خۆشیان لێ دەپارێزن، دەیانپارێزم. فریشتەکان دەڵێن: پەروەردگار فلانەکەس بەندەی گوناهکارە، تەنیا بە دانیشتنەکەدا تێپەڕیوو و دانیشت لەگەڵیان. پەروەردگاریش دەفەرموێ: لەویش خۆش بووم، ئەوان کۆمەڵێکن کەسی دانیشتوو لەگەڵیان بەدبەخت نابێت"[1]

بۆ هەر کەسێك لە نەوەی ئادەم ژمارەیەك فریشتە راسپێردراون و پەیوەستن بەو کەسە، چونکە کەڕەم و ڕێزی پەروەردگار بەسەر هەموو بەندەکانی هەیە.

یەکەم فریشتەیەك کە بە ئادەمیزاد رادەسپێردرێت، فووی گیانکردن لە سکی دایکیدا دەکا بە بەر کۆرپەلەکەدا، ڕزق و ڕۆزی و دواکاتی تەمەنی و کردەوە و داهاتوو و بەختەوەرە یان بەدبەختە دیاری دەکات.

ئیبن مەسعود خوا لێی ڕازی بێت، دەڵێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "یەکێك لە ئێوە لە کاتی دروستکردنیدا، لە سکی دایکیدا چل ڕۆژ بە شێوەی نوتفە دەمێنێتەوە، پاشان دەبێتە

(١) سەحیحی موسلیم ژمارەی فەرمودە (٢٦٨٩)

خۆهەڵواسەرێك بە دیواری منداڵداندا، پاشان دەبێتە گۆشتپارەیەکی تەواو، پاشان فریشتەیەکی دێت و بە فووکردن گیان دێتەبەر دروستکراوەکە، بە چوار وشە فەرمانی پێ دەکرێت: نوسینی رزق و تەمەن و کردار و بەختەوەر یان بەدبەخت"(١).

کاتێك وادەی هاتنەدەرەوەی ئادەمیزاد دێت، خوا فریشتەیەکی تر دەنێرێت کە لە سکی دایکی دەریدەهێنێت، ئەویش فریشتەیەکە تایبەت راسپێردراوە بۆ منداڵدانەکان.

دوای هاتنە دەرەوەی لە منداڵداندا، دوو فریشتەی تر رادەسپێردرێن کە دەپارێزن و ژیانی دڵنیا دەکەن، تا ئەو کاتەی فەرمانی خوا دێت، دەستبەرداری دەبن.

کاتێکیش ئادەمیزاد دەگاتە تەمەنی خۆناسین، پەروەردگار دوو فریشتەی تر دەنێرێت بە دریژایی تەمەنی لەگەڵی دەبن. کردەوەکانی دەپارێزن، هەرچی بیڵێت لە چاکە و خراپە لە کردەوەکانی، دەینوسن، ئەوان رەقیب و عەتیدن، هەروەها فریشتەی تایبەتیش رادەسپێردرێت بۆ ئادەمیزاد، کاریان تەنیا هاندانی ئادەمیزادە لەسەر کاری چاك، ئەویش لە بەرامبەر هاوتاکەیەتی لە جنۆکەکان (الجن) کە ئادەمیزاد لەسەر کاری خراپ هان دەدات.

بەڵام فریشتەکانی بەدواداچوون، شەو و ڕۆژ کاریان بە دواکەوتن و بەدواداچوونە، لە نوێژی بەیانی و لە نوێژی عەسر کۆدەبنەوە، کاری بەندەکانی ڕۆژانە دەگەیننە لای خوا، کە خۆشی ئاگادارە، ئەوان پارێزەر و نوسەر نین.

لە کۆتاییدا، فریشتە گەلێك هەن بۆ کاروباری گیان کێشان راسپێردراون. ﴿...حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ﴾ (الأنعام: ٦١)، واتە: ((تا ئەو کاتەی مەرگ دێت و یەخە بەکەسێکتان

(١) سەحیحی موسلیم ژمارەی فەرمودە (٢٦٤٣).

دەگرێت، ئەو کاتە ئیتر (فریشتە) ڕەوانە کراوەکانمان گیانی دەکێشن و لە کاتێکدا ئەوان لە کار و کردەوەی خۆیان کەمتەرخەمی ناکەن)).

بەڵام لە ژیانی بەرزەخدا، کە قۆناغی نێوان دونیا و ڕۆژی دوایدایە لەناو گۆڕدا دەست پێ دەکات، دوو فریشتەی تاقیکردنەوەی (نەکیر و مونکەر) دێنە لای ئادەمیزاد.

لە ڕۆژی دواییدا چاوپێکەوتنی گەورە لە نێوان مرۆڤ و فریشتەکان دەبێت.

لەوێ فریشتەی وا هەیە، کە ڕێبەری مرۆڤ دەکات بۆ شوێنی لێکۆڵینەوە.

هەر لەوێ فریشتەی شاهید هەیە، کە ڕاپۆرتێکی کورت دەبارەی ئەو مرۆڤەی کە پێی ڕاسپێردرابوو، پێشکەش دەکات. دەگوترێت ئەو فریشتەیە کە بەرامبەر هاوتاکەی (لە جنۆکە) داندراوە.

پاشان خوای پەروەردگار لەگەڵ هەورێك لە فریشتەکان دێت، فریشتەکان بە ڕێز دەوستن، فریشتەکان هەڵدەستن بە سەرپەرشتی کردنی لێپرسینەوە لەلایەن پەروەردگاری جیهانیان، دوای ئەو لێپرسینەوە، موسڵمانەکان بە موژدە و دڵخۆشییەوە دەبەن بۆ بەهەشت، کافرەکانیش بۆ دۆزەخ، لەو شوێنەی کە سەرپەرشتیارانی بەهەشت و دۆزەخ لە فریشتەکان دەست پێ دەکەن.

هەندێکیان سەردانیکاری ماڵی هەمیشەئاوەدان (البیت المعمور)ن، کە خوای گەورە لە قورئاندا سوێندی پێ خواردووە، ئەمەش لە فەرمودەی میعراجدا سەلمێندراوە، کە بریتییە لە ماڵێك لە ئاسمان لە هەمان ئاستی کەعبە لە زەویدا، گەر بکەوێتە خوار، بەسەریدا دەکەوێت، بە هەمان شێوەی حەڕەمی کەعبە لە زەوی، ئەو ماڵەش حەڕەمی هەیە لە ئاسمان، ڕۆژانە حەفتا هەزار فریشتە دەچنە ناوی،

کە تەواو دەبن، جارێکی دیکە ئەو ژمارەیە ناگەڕێنەوە و دووبارە نابنەوە[١].

فریشتانێکی تر هەن، ڕێز بوون و ناگەڕێن، هەندێکی تر وەستاون ناچنە کڕنوش، هەندێکی تریان لە کڕنوش و سوژدەدا، هەڵناستنەوە، هەندێکیان بە شێوەیەکی ترن ﴿...وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ...﴾ (المدثر: ٣١)، واتە: ((کەس ژمارەی سەربازانی پەروەردگارت نازانێت، جگە لە زاتی خۆی، ئەو ئایەت و فەرموودانە تەنها پەندو ئامۆژگارین بۆ نادەمی)).

ئیمامی ئەحمەد و تورمزی و ئیبن ماجە بەسەندێکی ڕاستەوە لە ئەبی زەر خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:

"إني أرى ما لا ترون وأسمع ما لا تسمعون أطت السماء وحق لها أن تئط، ما فيها موضع قدم أربع أصابع إلا عليه ملك ساجد لو علمتم ما أعلم لضحكتم قليلاً ولبكيتم كثيراً ولما تلذذتم بالنساء على الفرشات ولخرجتم إلى الصعدات تجأرون إلى الله تعالى"[٢].

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەی خۆیدا (٢/٦، ٣، ٣٠٣) گێڕاویەتییەوە، کتێبی دەستپێکردنی دروستکردن، بەشی زیکری فریشتەکان، هەروەها موسلیم لە سەحیحەکەیدا (١٤٥/١) فەرمودەی (١٦٢)، کتێبی باوەڕ، بەشی شەوڕۆیی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بۆ ئاسمانەکان و فەرزکردنی نوێژەکان.

(٢) ئیمامی ئەحمەد لە (١٧٣/٥) گێڕاویەتییەوە، تورمزی (٥٥٦/٥) فەرمودەی (٢٣١٢)، کتێبی "الزهد" بەشی فەرمایشتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) "گەر ئەوەی من دەیزانم، ئێوەش بیزانن"، هەروەها دەڵێت: ئەمە فەرمودەی (حسن غريب)، ئیبن ماجە (١٤٠٢/٢) فەرمودەی (٤١٩٠) کتێبی "الزهد" بەشی نیگەرانی و گریان، حاکم لە "المستدرك" (٥١٠/٢)، هەروەها دەڵێت: ئیسنادەکەی ڕاستە دەریانەهێناوە و "الذهبي" لێی بێ دەنگ بووە.

واتە: "من ئەوەی دەبینم، ئێوە نایبینن، ئەوەی دەبیستم، ئێوە نایبستن، ئاسمان دەنگی لێ بەرز بۆوە، حەقی خۆیەتی کە دەنگی لێ بەرز بێتەوە، شوێنی چوار پەنجە بە بەتاڵی نابینیتەوە، کە فریشتەیەکی سوژدەبەری تێدانەبێت، ئەوەی من دەیزانم، ئیوەش بیزانن، کەم پێدەکەنین و زۆر دەگریان، لە کاتی نوستندا چێژتان لە ئافرەتان نەدەبینی، دەچوونە سەر بەرزاییەکان و پڕ بەدەنگ هاوار و پاڕانەوەتان بۆ خوای گەورە دەکرد".

ئەبو زەڕ دەڵێت: خۆزگەم دەخواست، کە درەختێك بوومایەوە پارچە پارچە کرابایە، ژمارەی فریشتەکان نایەنە ئەژمارکردن ﴿...وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ﴾ (المدثر: ٣١)، واتە: ((کەس ژمارەی سەربازانی پەروەردگارت نازانێت جگە لە زاتی خۆی، ئەو ئایەت و فەرموودانە تەنها پەندو ئامۆژگارین بۆ ئادەمی)).

خوێنەری بەڕێز! بزانە کە ژمارەیەکی زۆر لە فەرمودەی بێهێز و هەڵبەستراو لەبارەی فریشتەی و بڵاوبوونەوەیان لە نێوان مرۆڤەکان هەیە، بە داخەوە نمونەیەك لەوانە "إن لله ملكاً نصفه ثلج و نصفه نار؟". واتە: "خوا فریشتەیەکی هەیە نیوەی لە بەفرە و نیوەکەی تری لە ئاگر"، و چەندانی تر.

دروستکردنی بەهەشت

بەهەشتی نەبڕاوە کەوتۆتە سەر ئاسمانی حەوتەمەوە، بەرزترین پلە تێیدا فیردەوسە، کە لە ژێر عەرشی پەروەردگاری بەبەزەیی دایە.

وتەکانی جوبرەئیل لە بەهەشت:

کاتێك خوای گەورە بەهەشتی دروست کرد، فەرمووی: ئەی جوبرەئیل! بڕۆ بەناویدا بگەڕێ و ببینە، جوبرەئیل بینی و بە دڵخۆشییەوە گەڕایەوە و گوتی: سوێند بە شکۆیی و گەورەیی تۆ، کەسێك گوێی لێبێت بێگومان دەچێتە ناوی، پێم وانیە کە سێك هەبێت نەچێتە ئەو شوێنە، پاشان خوای گەورە دەرەوەی بەهەشت بە ناخۆشی و کاری ناخۆش دەور دەدات، جارێکی تر داوای لێ دەکات بچێ و بیبینی، جوبرەئیل گەڕایەوە و گوتی: ئەی پەروەردگار! پێم وانیە کەسێك هەبێت بچێتە ناوی".

کاتێکیش ئاگری دروستکرد، فەرمووی: ئەی جوبرەئیل! بڕۆ سەیری بکە و بیبینە، جوبرەئیل بینی و گەڕایەوە و گوتی: بە گەورەیی و بێگەردی تۆ، کەسێك نییە گوێ لێ بێت، تەنیا کار دەکات بۆ ئەوەی نەچێتە ناوی. ئەو جارەیان ئاگر بە حەز و ئارەزوو و شەهەوات دەور دەدات، جوبرەئیل دوای بینینی گەڕایەوە و گوتی: ئەی پەروەردگار! پێم وانییە کەسێك هەبێت لێی رزگار بێت".

احمد و ترمذی گێڕاویەتیانەوە و بەڕاستیشیان داناوە و لە فەرموودەکەی ابی رزین العقیلی "إن الماء خلق قبل العرش"، واتە: ئاو لە پێش عەرش دروست کراوە.

٣- سێیەم: یەکەم شت کە خوای گەورە دروستی کردووە، ڕووناکی و تاریکییە، الطبری باسی کردووە[١] و داویەتیە پاڵ ابن اسحاق.

٤- چوارەم: عەرش یەکەم دروستکراوە. ئەمەش هەڵبژێردراوی شێخ الاسلام ابن تیمیە[٢] و ابن القیم[٣] و ابن ابی العز[٤] و ئەوانی تر.ە.
ڕای ڕاست و دروست ئەوەیە کە (پێنوس یەکەم دروستکراوە).

بەڵام دەربارەی ڕای دووەم کە (ئاو) یەکەم دروستکراوە و (ابن حجر)یش کە بەڵگەی بە فەرموودەکەی ابی رزین هێناوەتەوە کە دەفەرموێ: (ئاو پێش عەرش دروستکراوە) ئەمە ناڕاستە، چونکە ئەو وشەیە لە فەرموودەکەی ابن رزین دا نەهاتووە، بەڵکو بەم شێوەیە "پاشان عەرشی خۆی لەسەر ئاو دروست کرد"، کە هیچ ئاماژەیەکی تێدانییە دەربارەی پێشەنگی دروستبوونی ئاو، هەروەها ئەو فەرموودەیە نادروستە[٥] و بقیەی کوڕی الولیدی تێدایە کە کەسێکی ڕاستگۆیە بەڵام زۆر عەیبی پیاوەکان دەشارێتەوە.

هەرچی ڕای سێیەمە کە پەیوەستە بە تاریکی و ڕووناکی، دیسان ئەمەش رایەکی نادروستە، چونکە ابن اسحاق جێی باوەڕ نییە لەوانەیە لە (اسرائیلیات) وەریگرتبێت، الطبری دەڵێت[٦]: هەرچی (ابن اسحاق)ـە

---

(١) تاريخ الطبري (٣٣/١).
(٢) مجموع الفتاوى (٢١٣/١٨، ٢١٦)
(٣) مختصر الصواعق المرسلة (٣٢٣/٢) واجتماع الجيوش (١٠٠/٩٩).
(٤) شرح العقيدة الطحاوية.
(٥) "العظمة" (٤٧١/٢) هامش
(٦) تاريخ الطبري (٣٣/١).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

بەهەشتی نەبڕاوە کەوتۆتە سەر ئاسمانی حەوتەمەوە، بەرزترین پلە تێیدا فیردەوسە، کە لە ژێر عەرشی پەروەردگاری بەبەزەیی دایە.

وتەکانی جوبرەئیل لە بەهەشت:

کاتێك خوای گەورە بەهەشتی دروست کرد، فەرمووی: ئەی جوبرەئیل! بڕۆ بەناویدا بگەڕێ و ببینە، جوبرەئیل بینی و بە دڵخۆشییەوە گەڕایەوە و گوتی: سوێند بە شکۆیی و گەورەیی تۆ، کەسێك گوێی لێبێت بێگومان دەچێتە ناوی، پێم وانیە کە سێك هەبێت نەچێتە ئەو شوێنە، پاشان خوای گەورە دەرەوەی بەهەشت بە ناخۆشی و کاری ناخۆش دەور دەدات، جارێکی تر داوای لێ دەکات بچێ و ببینی، جوبرەئیل گەڕایەوە و گوتی: ئەی پەروەردگار! پێم وانیە کەسێك هەبێت بچێتە ناوی".

کاتێکیش ئاگری دروستکرد، فەرمووی: ئەی جوبرەئیل! بڕۆ سەیری بکە و ببینە، جوبرەئیل بینی و گەڕایەوە و گوتی: بە گەورەیی و بێگەردی تۆ، کەسێك نییە گوێ لێ بێت، تەنیا کار دەکات بۆ ئەوەی نەچێتە ناوی. ئەو جارەیان ئاگر بە حەز و ئارەزوو و شەهەوات دەور دەدات، جوبرەئیل دوای بینینی گەڕایەوە و گوتی: ئەی پەروەردگار! پێم وانییە کەسێك هەبێت لێی رزگار بێت".

بەهەشت لە کوێیە؟

لە چیرۆکی ئادەم و حەوا و ئیبلس و دەرکردنیان لە بەهەشت بۆ زەوی، خوای گەورە بەوشەی (هبوط) واتە: دابەزین دەڕبڕیووە، کە بریتیە لە دابەزین لە شوێنێکی بەرزەو بۆ شوێنێکی نزم، ئەمەش دەڕبڕی ئەوەیە، کە بەهەشت لە ئاسمانەوەیە، خوا دەفەرموێ:

﴿ وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٥﴾ فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ ۖ وَقُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴾ (البقرة: ٣٥-٣٦)، واتە: ((ئینجا وتمان: ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرت لەم بەهەشتەدا ژیان بەرنەسەر و نیشتەجێ بن، لەهەر کوێ حەزدەکەن بخۆن و بخۆنەوە بەتێرو تەسەلی، بەڵام نزیکی ئەم درەختە مەکەون (درەختێکی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوە لێیان قەدەغە کرا) ئەگینا دەچنە ریزی ستەمکارانەوە، شەیتان (فرسەتی لێهێنان) و لە خشتەی بردن (وای لێکردن لە بەرو بوومی درەختە قەدەغەکراوەکە بخۆن) و لەو شوێنە (خۆش و پڕ لە ناز و نیعمەتە) بەدەرکردنی دان، ئەوسا پێمان وتن: (مادەم سەرپێچیتان کرد ئیتر لێرە جێتان نابێتەوە)، دەبێت دابەزنە خوارەوە بۆ سەر زەوی، جا لەوێ هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن (شەیتان دوژمنی ئێوەیە و بەردەوام هەوڵ دەدات دوژمنایەتی لە نێوانتاندا بەرپا بکات)، تاماوەیەکی دیاری کراو نیشتەجێ دەبن لە زەویداو لە ناز و نیعمەتەکان سوود وەردەگرن و بەهرەوەر دەبن)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِندَ مَلِيكٍ مُّقْتَدِرٍ ﴾ (القمر: ٥٥)، واتە: ((لە شوێنی ڕاست و پەسەنددان لای پادشای بەدەسەڵات)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ ﴾ (القلم: ٣٤)، واتە: ((بەڕاستی بۆ خواناس و پارێزکاران باخەکانی بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەت لەلای پەروەردگاریان ئامادەیە)).

ئایەتەکانی تری قورئان زۆرن کە پشتگیری ڕاستی ئەو بابەتە دەکەن، ئەمەش گەر ببەستریتەوە بەو ئایەتانەی بەرزی شوێنی پەروەردگار لەسەر عەرش و لەسەر هەموو ئاسمانەکانەوە دەسەلمێنن، ئەو شوێنەی شایستەی گەورەیی و شکۆمەندی ئەوە بە بێ لێکچواندن و لاری بوون لە بوونی ئەو زاتەدا[1].

هەر وەک چۆن فەرمودەکانی پێغەمبەر کە لە ڕووداوی شەوڕۆی (ئیسرا و میعراج) هاتووە، ئاماژە بەوە دەکەن کە جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێ) پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لە ئاسمانەوە بۆ ئاسمانێکی تر بەرزکردۆتەوە، تا گەیشتۆتە ئاسمانی حەوتەم، ئەو کات بەهەشتی لەدوای ئەوە بینییوە.

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ ...وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ﴾ (آل عمران: ١٣٣).
واتە: ((بەهەشتێک کە پانایەکەی ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوەو ئامادە کراوە بۆ پارێزکاران)).

---

(١) سەیری "عقيده السلف وأصحاب الحديث" ی ئیمامی زانا سابونی بکە لا (٤٤،٤٥)، لە ٣٣٩ کۆچی، کۆچی دوایی کردووە، ئەم کتێبە شێخ ئەبو مەنسور تەحقیقی کردووە، خانەی "المنهاج"، هەروەها سەیری شەرحی عەقیدەی تەحاوی لا (٢٨٨) بکە بە تەحقیقی ئەلبانی، کتێبخانەی ئیسلامی، چەندانی تر.

پلەی جیاواز لە خۆشگوزەرانی بەهەشت:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ﴾ (الرحمن: ٤٦)، واتە: ((بۆ ئەو کەسەش لە مەقامی پەروەردگاری خۆی ترسابێت، دوو باخی ڕازاوە ئامادەیە)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ ﴾(الرحمن: ٦٢)، واتە: ((جگە لەو دوو بەهەشتەی کە باس کرا، دوو بەهەشتی تریش ئامادەیە بۆ ئەوانەی کە پلە و پایەیان وا لەخوار خاوەنانی دوو بەهەشتی ناوبراوەوە)).

بەهەشتەکان زۆرن، هەروەک بوخاری لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە: لە ڕۆژی بەدر حاریسە بریندار بوو، دایکی هاتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا! تۆ جێگای حاریسەی من دەزانی، گەر لە بەهەشتدا بێت، من ئارام دەگرم، بەڵام گەر شوێنێکی تر بێت، من چی بکەم؟ فەرمووی: یەک جۆر بەهەشت نییە، جۆریان زۆرە، ئەویش لە بەهەشتی فیردەوسدایە[1].

بوخاری لە ئەبی هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "من آمن بالله وبرسوله وأقام الصلاة، وصام رمضان كان حقاً على الله أن يدخله الجنة، جاهد في سبيل الله أو جلس في أرضه التي ولد فيها"، واتە: (هەر کەسێک بڕوای بە خوا و پێغەمبەرەکەی هەبێت و نوێژ بکات، ڕۆژووی ڕەمەزان بگرێت، بێگومان خوا دەیباتە بەهەشت، جیهاد بکات لە ڕێگەی خوا، یان لەو شوێنەی لێی دایک بووە بمرێت)، هاوەڵەکان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا لەو بارەیەوە مژدە بدەینە خەڵک؟ فەرمووی: "إن في الجنة مائة درجة أعدها الله للمجاهدين في سبيل الله

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا (٤٢٣/١) گێڕاویەتیەوە، کتێبی "الرقاق" فەرمودەی (٦٥٥٠)، ئەحمەد لەموسنەدەکەی (٢٥٨/٣) فەرمودەی (١٣٢٠٥).

ما بين كل درجتين كما بين السماء والأرض، فإذا سألتم الله فاسألوه الفردوس فإنه أوسط الجنة وأعلى الجنة أراهُ فوقه عرش الرحمن ومنه تفجر أنهار الجنة"[1]. واتە: (لە بەهەشتدا سەد پلە هەیە، کە خوا بۆ موجاهیدەکان لە رێگەی خۆی ئامادەی کردووە، نێوان هەر دوو پلەیەک لەو پلانە وەک نێوان ئاسمان و زەوییە، گەر لە خوا پارانەوە، داوای فیردەوس بکەن، کەوتۆتە ناوەڕاستی بەهەشت و بەرزترین شوێنی بەهەشتە، لەوێ عەرشی پەروەردگار دەبینم و هەر لەوێش ڕووبارەکانی بەهەشت تەقیونەتەوە).

بەهەشت سەد پلەی هەیە، ماوەی نێوان دوو پلە وەک ماوەی نێوان ئاسمان و زەوییە، ئەم پلانەش بەسەریەکتردا کراوەن، ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵکی هەر پلەیەک ببێتە دراوسێی پلەکەی تر.

هەروەک لە فەرمایشتی خوای گەورەدا هاتووە ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ ...﴾ (الأنعام: ١٣٢)، واتە: ((بۆ هەر یەکێک لە بێ باوەڕ و موسڵمان چەندەها پلەوپایە هەیە لە پاداشتی کردەوەکانی)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿...لَهُمْ دَرَجَٰتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ﴾ (الأنفال: ٤)، واتە: ((چەندەها پلەوپایەی بەرزیان بۆ هەیە لای پەروەردگاریان و لیخۆش بوون و ڕزق و ڕۆزی هەمیشەیی لەگەڵ ڕیزدا)).

هەروەها ﴿...وَلَلْءَاخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَٰتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا﴾ (الإسراء: ٢١)، واتە: ((بێگومان پلە و جیاوازیەکانی ئەو جیهان، زۆر گەورەتر و زۆر زیاترن)).

---

(١) بوخاری لە سەحیحەکەیدا (١٤/٦) گێڕاویەتیەوە، فەرمودەی (٢٧٩٠)، ئەحمەد (٤٤٧/٢) فەرمودەی (٨٤٤٠) و بەیهەقی (٢٧/٩) فەرمودەی (١٧٧٦٦).

بوخاری دەیگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

"إن في الجنة مائة درجة أعدها الله للمجاهدين في سبيل الله، ما بين كل درجتين كما بين السماء والأرض، فإذا سألتم الله فاسألوه الفردوس فإنه أوسط الجنة وأعلى الجنة أراهُ فوقه عرش الرحمن ومنه تفجر أنهار الجنة" [١]. واتە: (لە بەهەشتدا سەد پلە هەیە کە خوا بۆ موجاهیدەکان لە رێگەی خۆی ئامادەی کردووە، نێوان هەر دوو پلەیەک لەو پلانە وەک نێوان ئاسمان و زەوییە، گەر لە خوا پارانەوە، داوای فیردەوس بکەن، کەوتۆتە ناوەڕاستی بەهەشت و بەرزترین شوێنی بەهەشتە، لەوێ عەرشی پەروەردگار دەبینم و هەر لەوێش ڕووبارەکانی بەهەشت تەقیونەتەوە).

لە ڕوایەتێکی تورمزیدا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

"في الجنة مائة درجة ما بين كل درجتين مائة عام" [٢] واتە: (لە بەهەشتدا سەد پلە هەیە، نێوان هەر دوو پلەیەک سەد ساڵ دەبێت).

لە فەرمودەیەکی قودسیدا هاتووە: "أعددت لعبادي الصالحين ما لا عين رَأَتْ ولا أذن سمعت ولا خطر على قلب بشر" [٣]، واتە: (بۆ بەندە چاکەکارەکانم شتێکم بۆ ئامادە کردوون، کە نە هیچ چاوێک بینیویەتی، نە هیچ گوێک بیستوویەتی، نەبەسەر دڵی هیچ مرۆڤێکیشدا هاتووە).

---

(١) سەحیحی بوخاری ژمارەی فەرمودە (٢٧٩٠).

(٢) سوننەتەکانی تورمزی ژمارەی فەرمودە (٢٥٢٨).

(٣) سەحیحی بوخاری ژمارەی فەرمودە (٣٢٤٤)، سەحیحی موسلیم ژمارەی فەرمودە (٢٨٢٤).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

فیردەوس مالّی پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدەکان و ئەولیا و چاکەکارانە، هەروەك لە فەرمایشتی خوای گەورەدا هاتوو:

﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾ ذَٰلِكَ ٱلْفَضْلُ مِنَ ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ عَلِيمًا﴾ (النساء: ٦٩-٧٠).

واتە: ((ئەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەر بکات، جا ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن (لە بەهەشتی بەریندا) کە خوا ناز و نیعمەتی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، ئای کە ئەوانە هاوەڵ و هاوڕێ و هاودەمێکی چاك و بێ وێنەن، ئەو ڕێز و بەهرە گەورەیە هەر لەلایەن خواوەیە (بۆ ئەو بەختەوەرانە)، خوا خۆی بەسە کە زانایە بەهەموو شتێك)).

نزمترین پلەکانی بەهەشت:

بەڵام نزمترین پلەکانی بەهەشت، ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا اصلی الله علیه وسلم) بۆمان دەفەرموێ: کاتێك موسا پرسیاری لە پەروەردگار کرد لەبارەی نزمترین شوێنی خەڵك لە بەهەشتدا، خوای پەروەردگاریش فەرمووی: "کاتێك خەڵکی بەهەشت دەچنە ناو بەهەشت، پیاوێك دێت، پێی دەگوترێت برۆ ناو بەهەشت، ئەویش دەڵێت چۆن خوایە؟ خەڵکی چوونەتە شوێنی خۆیان، بەشی خۆیان بردە، پەروەردگاریش پێی دەفەرموێ: ڕازی دەبیت گەر وەك هەمان شێوەی مولکی یەکێك لە پادشاکانی زەویت بدەمێ؟ دەڵێت: ڕازیم خوایە، خوا دەفەرموێ: ئەوە بۆ تۆ، تا چوار جار بۆی دەژمێرێت، لە پێنجەمدا گوتی: ڕازی بووم پەروەدگار.

خوا پێی دەفەرموێ: ئەوە بۆ تۆ دە ئەوەندە، هەر چی دڵیشت بۆی دەچێت و چاوەکانت چێژیان لێ دەبینێت بۆ تۆ هەیە. پیاوەکە دەڵێت: ئەی پەروەردگار ڕازی بووم"[١].

لە ڕیوایەتێکی تەبەڕانیدا هاتووە: "دواهەمین کەس لە خەڵکی بەهەشت کە دەچێتە ژوورە، پیاوێکە بەلای پەروەردگار تێپەڕ دەبێت و کە پێی دەفەرموێ: هەڵسە بڕۆوە بەهەشت، بە نیگەرانیەوە بە پەروەردگار دەڵێت: ئایا هیچ شتێکت بۆ من هێشتۆتەوە؟ دەفەرموێ: بەڵێ، بۆ تۆ هەیە بە هەمان ئەندازەی کە خۆر بەسەریدا هەڵدێت، یان ئاوا دەبێت"[٢].

ئەو جۆرە پلانەی دونیا بۆ موسڵمانە دۆزەخییەکانە، ئەوانەی لەسەر گوناهی گەورە سزا دراون، لە نێوان بەرزترین پلەکانی بەهەشت و نزمترین پلەکانیدا ناز و نیعمەتی جیاواز و جۆراوجۆر هەیە.

گواستنەوەکان لە بەهەشت:

لەوێ ئەسپ هەیە کە پیسایی ناکات و میز ناکات، باڵێکی زۆری هەیە خەڵکی بەهەشت بۆ هەر کوێیەکیان بوێت دەیانگوێزێتەوە[٣].

---

(١) سەحیحی موسلیم ژمارەی فەرمودە (١٨٩)

(٢) فەرهەنگی گەورەی تەبەڕانی ج (٩) لا (٢٤٢)

(٣) ئیبن مبارك لە "زوائد الزهد" (٦٩-٧٠) ژمارە (٢٣٩)، هەروەها ئیبن ئەبی دونیا لە "لاپەڕەی بەهەشت" (٧٧) ژمارە (٢٤٠).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

خواردن و خواردنەوەی خەڵکی بەهەشت لە بەروبوم و ڕووبارەکانیەوە:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ أُولَٰئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَّعْلُومٌ ﴿٤١﴾ فَوَاكِهُ ۖ وَهُم مُّكْرَمُونَ ﴾(الصافات: ٤١-٤٢)، واتە: ((ئەوان رزق و ڕۆزی ئاشکرای زۆرو زەبەندە و دیاری کراویان پێشکەش دەکرێ، میوەهاتی هەمەجۆر و هەمەچەشن، هاوڕێ لەگەڵ قەدر و ڕێزێکی بێ وێنەدا لەلایەن پەروەردگار و فریشتەکانەوە)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَأَمْدَدْنَاهُم بِفَاكِهَةٍ وَلَحْمٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ ﴾(الطور: ٢٢)، واتە: ((بەردەوام حەزیان لە هەر میوە و گۆشتێك بێت پێشکەشیان دەکەین)).

﴿ وَفَاكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ ﴿٢٠﴾ وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ ﴾(الواقعة: ٢٠-٢١)، واتە: ((میوەشیان بۆ دەگێڕن، بە ئارەزووی خۆیان لێی هەڵدەبژێرن، گۆشتی هەر باڵندەیەکیش کە حەزی لێ بکەن بۆیان ئامادەیە)).

﴿ ... وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا بُكْرَةً وَعَشِيًّا ﴾(مریم: ٦٢)، واتە: ((لە بەیانیان و ئێواراندا (لە هەموو کاتێکدا) ڕزق و ڕۆزی (خواردن و خواردنەوەی خۆش و بەتام) بۆیان ئامادەیە)).

هەریەکە لە ئەحمەد و هەنناد و بەیهەقی بە سەندێکی ڕاستەوە و نەسائی لە زەیدی کوڕی ئەرقەم دەگێڕنەوە، کە دەڵێت: پیاوێکی ئەهلی کتاب هاتە لای پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) گوتی: ئەی باوکی قاسم، تۆ پێت وایە خەڵکی بەهەشت دەخۆن و دەخۆنەوە؟! پێغەمبەریش فەرمووی: ((والذي نفسي بيده إن الرجال منهم ليؤتى قومه مائة رجل في الأكل والشرب والجماع والشهوة)) قال: فان الذي يأكل ويشرب يكون الحاجة، قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): ((حاجتهم عرفت يفيض من جلودهم مثل ريح المسك فإذا كان ذلك ضمر له بطنة)) واتە: سوێند بەو کەسەی گیانی

منی بەدەستە، کەسێك لە بەهەشت بە ئەندازەی سەد کەسی هەیە لە خواردن و خواردنەوە و جووتبوون و شەهوەت"، کابرا گوتی: ئەو کەسەی بخوا و بخواتەوە، دەبێ پاشماوە و (پیسایی) هەبێ، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی "پاشماوەکانیان بە عەرەقکردنەوە دەبێت، کە لەرێگەی پێستەکانیانەوە دێتە دەرەوە، وەك بۆنی میسك، ئەمە گەر سکی پوکابێتەوە"[1].

لە بەهەشتدا بەروبوم هەیە، کە هاوشێوەی بەروبومی دونیایە لە ڕووی ناو و ڕەنگ و شێوەوە، بەڵام لە ڕووی تام و قەبارەوە جیاوازە.

لە بەهەشتدا ڕووباری نوێی بەردەوام لە ئاوی پاك هەیە، هەروەها ڕووبار لە شیر کە تامەکەی نەگۆڕە، ڕووباری شەراب و ڕووبار لە هەنگوینی ساف و بێگەرد هەیە.

هەر لە بەهەشتدا لاوانی ئێسك سووك و نەمر هەنە، کە دەوری خەڵکانی بەهەشت دەدەن و بە کوپ و دۆلکە و سوراحیەوە دەگەڕێن، جۆرەها شەربەت و شەراب و خواردنەوەی بەتام و خۆشیان پێشکەش دەکەن، کە لەسەرچاوەیەکی ڕەوانەوە پڕ دەکرێن.

لە ئیبن عەببасەوە (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دەگێڕنەوە کە دەڵێ: "گەر کەسێکیان حەزی بچێتە شتێك و بە بیری دابێت و بیەوێت، لەو شوێنە بەتەنیا بە دەست لەسەردانانێك بۆی دێتە بەردەست".

---

(١) دارمی لە "سنن"ەکەی گێڕاویەتیەوە (٤٣١/٢) کتێبی "الرقاق" ج (٢٨٢٥)، ونسائي لە "الکبری" (٤٥٤/٦) ح (١/١١٤٧٨) ئەحمەد لە موسندەکەی (٤٤٩/٤) ح (١٩٢٩١) و ئیبن حبان لە "سەحیحەکەی" لا (٢٦٣٧/٦٥٥/موارد" و هَنَّاد لە "الزهد" (٧٣/١) ح (٦٣) ئیبن موبارەك لە "الزهد" (٥١٢،٥١٢) ژمارە (١٤٥٩) و ئەبو نەعیم لە "الحلیة" (١١٦/٨) وئیبن ئەبی دونیا لە سیفەتی بەهەشت (٤٨،٤٩) ح (١١١) و تەبەرانی لە "الکبیر" (١٧٧/٥) ح (٥٠٠٤)، (٥٠٠٥)، وبەیهەقی لە "البعث والنشور" (٢٠٥) ح (٣١٧).

خەڵکی بەهەشت پێویستیان بە خانوو یان شوێنی بەتاڵ نییە بۆ دەست بەئاو گەیاندن، وەك پاشماوە (پیسایی) یان میز، یان عەرەق کردن، بەڵکو ئەو پاشماوەیە لە ڕێگەی پاڵاوتن لە شێوەی عەرەق لە جەستەیان دێتەدەرەوە و بۆنی میسکی هەیە.

ئیمامی موسلیم ئەو فەرمودەیەی هێناوە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: ((إن أهل الجنة يأكلون فيها و يشربون ولا يتفلون ولا يبولون ولا يتغوطون ولا يتمخطون)) قالوا: فما بال الطعام، قال: ((جشاء ورشح كرشح المسك يلهمون التسبيح و التحميد كما تلهمون النفس)) واتە: "خەڵکی بەهەشت لەوێدا دەخۆن و دەخۆنەوە، تف ناکەن و میز ناکەن و لوتیش ناسڕن"، گوتیان: ئەی لەبارەی خواردن، فەرمووی "قرقێنە و عەرەقکردنیان لە بۆنی میسکە، وەك چۆن کردارى هەناسە دەدەن، بەم شێوەیەش تەسبیحات و سوپاسگوزاری خوا دەکەن"[1].

خواردنەوەی خەڵکی بەهەشت:

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا يَدۡعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٖ كَثِيرَةٖ وَشَرَابٖ ﴾ (ص: ٥١). واتە: ((تیایدا بەئاسوودەیی شانیان داداوە، بەردەوام داوای میوەی زۆر و خواردنەوەی هەمەجۆر دەکەن)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ ...وَسَقَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ شَرَابٗا طَهُورًا ﴾، (الإنسان: ٢١). واتە: ((لەلایەن پەروەردگارییانەوە شەڕابی پاك و بێگەرد و خاوێنیان پێشکەش کراوە)).

هەروەها ﴿ يَتَنَٰزَعُونَ فِيهَا كَأۡسٗا لَّا لَغۡوٞ فِيهَا وَلَا تَأۡثِيمٞ ﴾، (الطور: ٢٣).

---

(١) سەحیحی موسلیم ژمارەی فەرمودە (٢٨٣٥). الجشاء : واتە: قرقێنە یان قرپ لە کاتی پڕبوونی گەدە بە خواردن.

واتە: ((بە دڵ خۆشیەوە لە کاسی تایبەتیدا شەڕاب دەنۆشن، جارجار بۆ خۆشی لە یەکتری دەستێنن، دوور لە ڕەفتاری ناشرین و گوناهو تاوانبارکردنی یەکتر)).

﴿ بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ ﴿١٨﴾ لَّا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ ﴾ (الواقعة: ١٨-١٩)، واتە: ((بەکوپ و دۆلکە و سوراحیەوە دەگەڕێن و لەپەرداخی تایبەتدا جۆرەها شەربەت و شەڕاب و خواردنەوەی بەتام و خۆشیان پێشکەش دەکەن کە لەسەرچاوەیەکی ڕەوانەوە پڕ دەکرێن، ئەو شەڕابانە نە سەریان پێی دێتە ئێش و نە سەرخۆش دەبن)).

لە چەند ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِن كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا ﴿٥﴾ عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ ٱللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا ﴾ (الانسان: ٥-٦)، واتە: (((بێگومان چاکان و پاکانیش لە پەرداخێکی پڕ شەڕابدا دەخۆنەوە، کە ئاوێتەکەی لەسەرچاوەی کافوورەوەیە، کە کانییەکە بەندەکانی خوا لێی دەخۆنەوە، لە هەر شوێنێکدا بیانەوێت هەڵی دەقوڵێنن و فواره دەکات)).

ئیبن ئەبو حاتەم و بەیهەقی لە ڕێگەی ئەبو تەڵحە لە ئیبن عەببباسەوە لە بارەی فەرمایشتی ﴿ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ ﴾ دەڵێت: مەبەست لێی: شەڕابە، ﴿ لَّا فِيهَا غَوْلٌ وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ ﴾ دەڵێت: سەرئێشانی تێدانییە و عەقڵیان لە دەست نادەن، واتە: سەرخۆش نابن. لە فەرمایشتی ﴿ وَكَأْسًا دِهَاقًا ﴾ دەڵێت: پڕاوپڕە، لە فەرمایشتی ﴿ ...رَّحِيقٍ مَّخْتُومٍ ﴾ دەڵێت: شەڕابە بە شیلە سەر مۆر کراوە[1].

---

(١) بەیهەقی لە "البعث والنشور" لە لاپەڕە (٢٠٧) ح (٣٢٢) گێڕاویەتیەوە. ئیبن جەریر لە تەفسیرەکەی (٦٧/٢٥) سەیری "الدر المنثور" (٣٢٨/٦).

پۆشاکی خەڵکی بەهەشت

پۆشاکی خەڵکی بەهەشت ئاوریشمە، بە شێوەیەکە، کە ئاوریشمی ئەستورە و بە ئاوریشمی تەنک داپۆشراوە، بازن و دەستەبەندی و ئاڵتونیان لە دەست دەکرێت.

خۆڵی بەهەشت

لە ئەبی هورەیرەوە خوا لێی رازی بێت، لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە، کە دەفەرموێ: "حصباؤها اللؤلؤ والياقوت، وتربتها الزعفران، من دخلها ينعم ولا يبأس ويخلد ولا يموت، لا تبلى ثيابهم ولا يفنى شبابهم" [1]. واتە: (بەرد و چەوی لە مراوری و یاقوتە، خۆڵەکەی زەعفرانە، هەر کەسێک بچێتە ناوەوە، لە نیعمەتەکانی خوا بەهرەوەر دەبێت و پەکی ناکەوێت، زیندوو دەمێنێتەوە و نامرێت، جلەکانیان کۆن نابێ و گەنجیەتیان ون نابێت".

ناومالّی خەڵکی بەهەشت:

کەلوپەلی ناومالّی بەهەشت لە کوپ و قاپێکن، کە لە شوشەی ڕوون و ساف دروست کراون، دۆلکە و سوراحییەکان زیو و زێڕینین، قەرەوێڵەکان بە زێڕ و گەوهەر ڕازێندراونەتەوە، ڕاخەر و فەرش و سەرینەکانیشیان بۆ داندراون.

لەو ڕووبەرەی نزمترینی کەسی خەڵکی بەهەشت خاوەنیەتی:

لە بارەی ئەندازەی ئەو ڕووبەرەی، کە خەڵکی بەهەشت ئەوانەی لە نزمترین شوێنی بەهەشتدان، هەیانە، چەند دەڵێی، بڵێ و شەرم مەکە.

---

(١) سوننەتەکانی تورمزی ژمارە فەرمودە (٢٥٢٥).

ئیمامی ئەحمەد لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە، کە دەفەرموێ: ((إن أدنى أهل الجنة منزلة لينظر في ملكه ألفي سنة يرى أقصاه كما يرى أدناه ينظر في أزواجه وخدمه وإن أفضلهم منزلة لينظر في وجه الله تعالى كل يوم مرتين)) واتە: "نزمترین کەس لە خەڵکانی بەهەشت، شوێنێکیان هەیە کە تیایدا دووسەد ساڵ سەیری مووڵکی خۆی دەکات، بەرزترین و نزمترین شوێنی دەبینێت، سەیری خێزان و خزمەتگوزارەکانی دەکات، باشترین کەسیان شوێنێکی هەیە، کە لە وێدا دووجار لە ڕۆژێکدا سەیری ڕووی پەروەردگار دەکات"[1].

حۆرییە چاوگەشەکان:

لە بارەی حۆرییەکان ئایەتێکی زۆر هەیە :

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ﴾ (الدخان: ٥٤)، واتە: ((هەروەها حۆری چاو گەش و گوڵئەندامان کردووە بە هاوسەریان)).

﴿وَحُورٌ عِينٌ ۝٢٢ كَأَمْثَٰلِ ٱللُّؤْلُوِ ٱلْمَكْنُونِ﴾ (الواقعة: ٢٢-٢٣)، واتە: ((هاوڕێ لەگەڵ حۆری چاوگەش و چاو ڕەشیش، وەك مرواری شاراوە و دەست لێ نەکەتوو)).

﴿كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ﴾ (الصافات: ٤٩)، واتە: ((وەك هێلکەی کوڵاوی پاك کراو شاراوەن (کەس دەستی لێ نەداون)).

﴿كَأَنَّهُنَّ ٱلْيَاقُوتُ وَٱلْمَرْجَانُ﴾ (الرحمن: ٥٨)، واتە: ((ئەو هاوسەرانە لە جوانی و شۆخ و شەنگی و قەشەنگیدا، وەکو یاقووت و مەرجان وان (کە دوو جۆر گەوهەری بەنرخن، لە دەریا دەردەهێنرێن)).

---

(١) موسنەدی ئیمام ئەحمەد ژمارەی فەرموودە (٤٦٠٩).

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "إن المرأة من نساء أهل الجنة ليرى بياض ساقها من وراء سبعين حلة حتى يرى مخها"[١]. واتە: (ئافرەت لە ژنانی خەڵکی بەهەشت، سپیایی قاچەکانیان لە پشت حەفتا بەرگ دەبیندرێ، تەنانەت مۆخی ئێستکانیشی دەبیندرێت).

هەموویان لە یەك تەمەندان و پاکیزەن[٢]، پێشتر پێش شوکردنیان لەلایەن هیچ مرۆڤ و جنۆکەیەک دەستکاری نەکراون، ئەندازەی جوانییەکانیان دەگاتە ئەو ئاستەی، گەر یەکێکیان بێتە سەر زەوی، نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕوناك دەکاتەوە.
بۆ هەر کەسێك لە بەهەشت دوو هاوسەر هەیە[٣].

خەڵکی بەهەشت:

خەڵکی بەهەشت سێ جۆرن: خاوەن دەسەڵاتێکی دادپەروەر و خێربەخش و چاکەکارە، پیاوێکی بە بەزەیی و دڵنەرم بۆ هەوو کەسانی نزیکی خۆی، کەسێکی پاك و لاواز و بێ دەسەڵات خاوەن منداڵ.

بە کۆشش و توانای خۆتان داوای بەهەشت بکەن، بە کۆشش و توانای خۆتان لە ئاگر ڕاکەن، ئەو کەسەی داواکاری بەهەشتە ناخەوێت، هەروەك ئەو کەسەی لە ئاگر هەڵدێت ناخەوێت.

---

(١) تورمزی گێڕاویەتییەوە لە "سوننەنەکانی" (٦٧٦/٤) کتێبی: "صفة الجنة وهنّاد في الزهد" (٥٤/١) ح (١١) وئیبن حبان لا (٦٥٤/موراد).

(٢) سەیری "البدور الساخرة" بکە (٥٥٧).

(٣) بوخاری لە "سەحیحەکە"ی گێڕاویەتیەوە (٣٦٧/٦) ح (٣٢٤٥)، کتێبی "سەرەتای دروستکردن"، موسلیم لە "سەحیحەکە"ی (٢١٧٨/٤، ٢١٧٩)، (٢٨٣٤/٨٤). الدارمي لە (٤٣٣/٢) ح (٢٨٣٢) و ئەحمەد (٦٦٧/٢) ح (١٠٦٠٤).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

وەسفی خەڵکی بەهەشت:

جەستەی خەڵکی بەهەشت بە ئافرەت و پیاوەکانەوە بە ئەندازەی جەستەی ئادەمە (سڵاوی خوای لەسەربێت)، کە دریژیەکەی شەست باڵە لە ئاسمان، تەنانەت گەر یەکێکیان بە منداڵی بمرێت یان بکەوێت، جەستەیان لەوێدا ساغ دەبێت، هەروەها ئەوانەشی لە دونیا کەمئەندامن و نەخۆشن بە هەمان شێوە ساغ دەبن. سیمای ڕوویان یەکجار جوانە، هەموویان کەسانی بێ موون، هیچ موویەك لەسەر ڕووی دەموچاویان نییە، هیچ ڕیش و سمێڵیان نییە، چاو بە کلن، قژەکانیان شێوەی لولی هەیە بێ بڵاوەیی.

هەموویان لە تەمەنی سی و سێ ساڵی دان، پیرنابن و بە ساڵداناچن، گەنجییەتیان ون نابێت.

مامەڵەیان لەگەڵ یەکتری لە بەرزترین ئاستی هەڵسوکەوتدایە، ڕەفتاری هەموویان ڕێزگرتن و خۆشەویستی یەکتری و ڕاستگۆیی و بەڵێنە.

هەموو ژیانیان خۆشی و کامەرانیی و دڵ ئاسودەییە، حەسانەوە و بەهرەوەریە، بەتەواوی دورن لە ڕق و کینە و فێڵ و درۆ و زۆرداریی و کاری ناشیرین.

هیچ گومانی خراپ و فێڵ و جوێن بە یەکتریدان و نەفرەتکردن و ڕق لە یەکتری و لوتبەرزی و قسەی ناشرین و ئازاردان و تاوانبارکردنی یەکتریان نیە، هیچیان نییە کە خراپە و زیانی هەبێت.

نیعەمەتی بینینی خوای پەروەردگار:

خەڵکی بەهەشت لە خۆشگوزەرانی و ڕێزگرتن دان، لە خوا ڕازین و خواش لەوان ڕازییە، دڵخۆشن، فریشتەکان سڵاویان لێ دەکەن، نەك

تەنیا ئەمە، بەڵکو خوای پەروەردگار بە گەورەترین نیعمەتی خۆی بەهرەوەریان دەکات، وایان لێ دەکات بتوانن ڕوخساری پڕنوری خوای گەورە و میهرەبان ببینن.

لە فەرمودەیەکدا، کە موسلیم گێڕاویەتیەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "إذا دخل أهل الجنة الجنة يقول الله تبارك وتعالى: تريدون شيئاً أزيدكم، فيقولون: ألم تبيض وجوهنا ألم تدخلنا الجنة وتنجنا من النار، قال: فيكشف الحجاب فما أعطوا شيئاً لأحب إليهم من النظر الى ربهم عز وجل"[1]. واتە: (کاتێك خەڵکی بەهەشت دەچنە ناو بەهەشت، خوای پەروەردگار پێیان دەفەرموێ: هیچ شتێکتان دەوێت بۆتانی بکەم، ئەوانیش دەڵێن: ئەدی ڕووماڵت سپی نەکرد، نەدبردینە بەهەشت و لە ئاگر ڕزگارت نەکردین، پەروەردگاریش پەردە لادەبات، هیچ شتێکیان پێ نادرێت خۆشتربێت لە دیتنی ڕوخساری خوای پەروەردگاریان".

سەیری فەرمایشتی خوا بکە، کە دەفەرموێ: ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ...﴾ (یونس: ٢٦)، واتە: ((بۆ ئەوانەی چاکەیان کردووە، پاداشتی چاکتر و بەهەشتی بەرین و زیاتریش ئامادەیە، بە چەندەها قات)).

هەروەها ﴿لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ﴾ (ق: ٣٥)، واتە: ((هەرچیش داوای دەکەن و حەزی لێ دەکەن بۆیان ئامادەیە تیایدا، زۆر لەوەش زیاترمان لایە)).

لێرەدا وشەی "الزيادة" و "المزيد" بە واتای سەیرکردنی ڕوخساری پڕنور و قەشەنگی خوای پەروەردگارە.

---

(١) سەحیحی موسلیم ژمارەی فەرمودە (١٨١).

بەهەشتی [مەئوا] و هەمیشە بەردەوام

لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "يجمع الله تبارك وتعالى الناس، فيقوم المؤمنون حتى تزلف لهم الجنة، فيأتون آدم فيقولون: يا أبانا استفتح لنا الجنة، فيقول: وهل أخرجكم من الجنة إلا خطيئة أبيكم آدم لست بصاحب ذلك" [١]، واتە: (خوای پەروەردگار خەڵک کۆ دەکاتەوە، باوەڕدارەکان هەڵدەست تا بەهەشتیان بۆ دەڕازێتەوە، دێنە لای ئادەم پێی دەڵێن: ئەی باوکی هەموان! بەهەشتمان بۆ بکەرەوە، ئەویش دەڵێت: چی ئێوەی لە بەهەشت دەرکرد، تەنیا گوناهی باوکتان نەبێت، من شایەنی ئەو کارە نیم".

ئەویش لە ئاسمانە، چونکە لێی دابەزێندرا.

قورتبی دەڵێت: بەهەشتەکان حەوتن: ماڵی (الجلال)، ماڵی سەلام و ئاشتی، ماڵی هەمیشەبەردەوام، ماڵی باخی چڕوپڕی عەدەن، بەهەشتی مەئوا شوێنی حەوانەوە، بەهەشتی خۆشگوزەرانی، بەهەشتی فیردەوس[٢].

---

(١) سەحیحی موسلیم ژمارەی فەرمودە (١٠٤، ١٩٥).

(٢) "التذكرة" (٣٤٩/٢) و "البدور السافرة" (٤٩٦).

ئاگر لە کوێیە؟

دەقێکی ڕاست و ڕەوان نییە، کە باسی شوێنی ئاگر، یان دۆزەخ بکات، ئەوەی هەیە، یان زەعیفە، یان ئیسرائیلیاتە، لێرەدا چەند دەقێك دێنینەوە کە ئەو لایانەیان باس کردبێت، لەوانە:

ئەبو شێخ لە "العظمة" دەریهێناوە و بەیهەقی لە ڕێگەی "أبی الزعراء" لە عەبدوڵاوە دەڵێت: بەهەشت لە ئاسمانی حەوتەمینە و ئاگریش لە زەوییە[1].

ئەبو نەعیم لە "میژووی ئەسبەهان" لە ئیبن عومەرەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "إن جنهم محيطة بالدنيا وإن الجنة من ورائها فذلك كان الصراط على جهنم طريقاً إلى الجنة"[2]، واتە: (دۆزەخ لە دەوری دونیادایە، بەهەشتیش لە دوای ئەوە، بۆیە ئەو ڕێگەیەی (سیرات) بەسەر دۆزەخدا دەڕوات، ڕێگەیەکە بۆ بەهەشت".

---

(١) ئەبو شێخ لە "العظمة" (٢١٣، ٢١٤) ژمارە (٦٠٢/٢٩) و بەیهەقی لە "البعث والنشور" لا (٢٦٥، ٢٦٦)، ح (٤٥٥) و ئەبو نەعیم (١٠٣/٧).

(٢) ئەبو نەعیم لە "میژووی ئەسبەهان" (٩٣/٢).

ئەحمەد و بەیهەقی لە یەعلا کوڕی عومەرەوە دەگێڕنەوە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: "البحر هو جهنم"[1]، واتە: (دەریا دۆزەخە).

ئەبو داود و بەیهەقی لە ئیبن عومەرە دەگێڕنەوە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: "لا يركب البحر إلا غاز أو حاج أو معتمر فإن تحت البحر ناراً"[2]، واتە: (هیچ کەسێك جگە لە غەزاکار و حاجی و ئەوکەسەی عومرە دەکات، سواری دەریاکان نابن، چونکە لە ژێر دەریادا ئاگر (دۆزەخ) هەیە). فەرمودەی دیکەی زۆرتر لەوبارەیەوە هەیە.

دۆزەخ بۆ خەڵکی، ناوی شوێن تەسکە، بەهۆی زۆری ژمارەیان، لەسەریان داخراوە، شوێنێکی نزمە و دۆڵ و کەندڕ و خەرەندی هەیە، سنور و پەرژینەکان دەوریان داوە، هەروەها بەرزاییەکانیش چواردەوریان گرتووە.

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿كَلَّآ إِنَّ كِتَٰبَ ٱلْفُجَّارِ لَفِى سِجِّينٍ﴾ (المطففين: ٧)، واتە: ((واز بهێنن لە تەرازووبازی، چونکە بەڕاستی نامەی کردەوەی تاوانباران لە (سجين)دایە)). واتە: شوێنێکی زیندانی و زۆر بەرتەسك. دۆزەخ چەند پلەیەکی هەیە، خراپترین حاڵیان نزمترینیانە، کە پێی دەگوترێت: (الدرك الاسفل) واتە: بنی بنەوەی دۆزەخ، پاشان بەرەوە سەرووتر پلەکانیش سوکتر دەبن، تا دەگاتە (الضحضاح) واتە: تەنکاوی دۆزەخ، کە پلەی یەکەمە لە دۆزەخ.

---

(١) ئەحمەد ریوایەتی کردوە (٤/٢٧٣، ٢٧٤)، ح (١٧٩٨٣) وحاکم (٤/٥٩٦) و بەیهەقی لە "البعث والنشور" (٢٦٥)، (ح ٤٥٢).

(٢) ئەبو داو ریوایەتی کردەوە (٣/٦) ح (٢٤٨٩) کتێبی "الجهاد"، بەیهەقی لە "الكبرى" (٦/٣٠)، ح (١١٠٧٩).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

سزای خەڵکی دۆزەخ و چەند وێنەیەکیان:

هیچ هۆکارێکی گواستنەوە بۆ خەڵکی دۆزەخ نییە، جا ئەگەر ماوەکانیان دوور بێت یان نزیك بێت، یان گەر فەرمانیان پێ بکرێت بە ڕۆیشتن بۆ شوێنی بەرز و نزم بچن، ئەوان فەرمانیان پێ دەکرێت دەبێت بە پێ بڕۆن، بۆ ئەوەی ماندوو و شەکەت و بێزاربن، بەڵگەش لەسەر ئەمە فەرمایشتی خوای پەروەردگارە کە دەفەرموێ: ﴿سَأُرْهِقُهُۥ صَعُودًا﴾ (المدثر: ١٧)، واتە: ((ئەوسا سزای سەختی پێ ئەچێژم)).

لەسەریان نوسراوە بێ بەش بکرێن، بێ بەشکردن لەسەرجەم حەز و ئارەزووەکان، ئینجا حەزی مااڵ، یان جوتبوون، یان حەزی دەسەاڵت بێت، بەڵکو تەنیا ڕەزیلکردنیان و ملکەچکردنیان هەیە، مەبەست لێرەدا خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوونیانە، کە لە دونیادا ئەو ناوەیان هەیە.

خواردنیان لە "الضريع"ـە، کە دڕکێکی وشك و تفت و تاڵە (جۆرە ڕوەکێکی بیابانییە بە تەڕی تەنها وشتر دەیخوات، بە وشکی وشتریش نایخوات)، هەروەك لە فەرمایشتی خوای گەورەدا هاتووە: ﴿لَّيْسَ لَهُمْ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٍ ۝٦ لَّا يُسْمِنُ وَلَا يُغْنِي مِن جُوعٍ﴾ (الغاشیە: ٦-٧)، واتە: ((هیچ خۆراکێکیان نییە، جگە لە "الضريع"، نە ئەوەیە گۆشتی پێبگرن و پێی قەڵەو ببن، نە ئەوەشە پێی تێرببن)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿إِنَّ لَدَيْنَآ أَنكَالًا وَجَحِيمًا ۝١٢ وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا﴾ (المزمل: ١٢-١٣)، واتە: ((بەڕاستی ئێمە کۆت و زنجیر و دۆزەخمان ئامادە کردووە، هەروەها خۆراکێك کە لە گەروو دەگیرێت، سەرەڕای سزای بە ئێش و ئازار)).

﴿ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٥٦﴾ هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ ﴾ (ص: ٥٦-٥٧)، واتە: ((دۆزەخە، کە دەگەیەنرێنە ناوی، کەواتە ئای چ شوێنێکی ناساز و سەخت و ناسۆرە، ئەمە و دەبا هەر بچێژن و بخۆن لە ئاو و خۆراکی زۆر گەرم و کێم و زووخاوی داچۆڕاودا))، "الغساق" ناوێکی تری "صديد"ـە، کە بریتییە لە کێم و زووخاو.

﴿ مِّن وَرَآئِهِۦ جَهَنَّمُ وَيُسْقَىٰ مِن مَّآءٍ صَدِيدٍ ﴿١٦﴾ يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ وَيَأْتِيهِ ٱلْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ وَمِن وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ ﴾ (إبراهيم: ١٦-١٧)، واتە: ((لە داهاتوودا دۆزەخ چاوەڕێیەتی و تیایدا کێم و زووخاوی دەرخوارد دەدرێت، جا ئەو کێم و زووخاوە قوم قوم بەناچاریی دەخواتەوەو بەئاسانی بۆی قوت نادرێت، مەرگیش لە هەموو لایەکەوە هێرشی بۆ دەهێنێت، کەچی ناشمرێت، لەوەودواش سزاو ئازاری هەمەجۆر و ناخۆش و گران یەخەی بەرنادات)).

لەبارەی میوەیان، دارێکە ناوی "داری زەقومە" خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِىٓ أَصْلِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٦٤﴾ طَلْعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٦٥﴾ فَإِنَّهُمْ لَءَاكِلُونَ مِنْهَا فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ ﴿٦٦﴾ ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ ﴿٦٧﴾ ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى ٱلْجَحِيمِ ﴾ (الصافات: ٦٤-٦٨)، واتە: ((بێگومان ئەوە درەختێکە لە ناخی دۆزەخدایە و لەوێوە (لق و پۆپەکانی) بەهەموو بەشەکانی دۆزەخدا بڵاوکردۆتەوە، بەروبوومەکەی دەڵێی سەلکەسەری شەیتانەکانە (لە ناشیرینی و بێ لەزەتیدا)، دۆزەخیەکان بە ناچاری لێی دەخۆن، سکیانی لێ پڕ دەکەن، لەوەودوا شلەمەنیەکی زۆر گەرم دەکەن بەسەریدا (بەزۆر دەرخواردیان دەدرێت)، پاشان (دوای ئەوەی کە تێریان خوارد و تێریان خواردەوە!! بە دەم شەق و تێهەڵدان و سەرزەنشتی فریشتەکانی دۆزەخەوە) بەزۆر دەگێڕدرێنەوە

بۆ ناو دۆزەخ، (دیارە براون بۆ شوێنی تایبەتی خواردن و خواردنەوە)).
دیمەنەکەی ناشیرین و ترسێنەرە، خواردنی تاڵ و ناماقوڵە.

بەڵام خواردنەوەیان ئاوی گەرمە بە جۆرێك، کە پلەی تاڵییەکەی بەشێوەیەکە لەناو دەستی ئەو کەسەی دەیخواتەوە دەکوڵێت، هەروەك چۆن پێش خواردنەوە دەموچاوی ئەو کەسە دەبرژێنێت، هەر کاتێکیش بچێتە ناو جەستەیەوە، ڕیخۆڵەکانی دەبڕێت، لێرەدا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ... وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ ۚ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا ﴾ (الكهف: ٢٩)، واتە: ((ئەگەر هاوار بکەن لە ئازار و تینوێتیدا، ئەوە ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش، کە وەکو خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان هەڵدەکوڕوزێنێت و دەیبرژێنێت، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی تاڵ و ناخۆشە، چەندە جێگە و ڕێگەیەکی پڕ ئازارە)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ ...وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ ﴾ (محمد: ١٥) واتە: ((ئاوی لە کوڵ دەکرێت بەگەرووياندا، کە ریخۆڵەکانیان پارچە پارچە و تۆز تۆز دەکات)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَذَرِ الَّذِينَ اتَّخَذُوا دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا ۚ وَذَكِّرْ بِهِ أَن تُبْسَلَ نَفْسٌ بِمَا كَسَبَتْ لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ اللَّهِ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ وَإِن تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لَّا يُؤْخَذْ مِنْهَا ۗ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ أُبْسِلُوا بِمَا كَسَبُوا ۖ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ ﴾ (الأنعام: ٧٠)، واتە: (((ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم)، ئەی ئیماندار) واز لەوانە بهێنە، کە ئایینی خۆیان کردووە بەگاڵتە و گاڵتەجار و ژیانی دنیا فریوی داون و سەر لێشێواوی کردوون، یادیان بهێنەرەوە بەقورئان، تا

کەس تیا نەچێت بەهۆی کار و کردەوەی نالەباریەوە، ئەو کاتە جگە لە خوا کەس نەبێت پشتیوانی بێت، کەسیش نەبێت تکاکاری بێت، چونکە کابرای خوانەناس هەرچیەکی ببێت و بیەوێت بیکاتە بارمتەو فیدیەی خۆی، لێی وەرناگیرێت، ئا ئەوانە کەسانێکن کە گرفتار بوون و تیاچوون بە دەست کارو کردەوەی نالەباری خۆیانەوە، بۆ ئەوانە خواردنەوە و ئاوی لەکوڵ و سزای بەئێش ئامادەیە، بەهۆی بێ باوەڕ بوونیانەوە)).

خواردنی بەتام و خۆش و ئاوی خاوێن لە خەڵکی دۆزەخ حەرام کراوە، گوێ لەو فەرمایشتەی خوای گەورە بگرە: ﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ (الأعراف: ٥٠)، واتە: ((دۆزەخیان بەدەم ئاهو ناڵە و غەم و پەژارەوە) هاواریان لە بەهەشتیان کردو لێیان پاڕانەوەو وتیان: نەختێك ئاومان بەسەردا بڕێژن، یان بەشمان بدەن لەو ڕزق و ڕۆزیانەی، کە خوا پێی بەخشیوون (بەهەشتیەکان لە وەڵامیاندا) وتیان: بەڕاستی خوا خواردن و خواردنەوەی بەهەشتی لەسەر بێ باوەڕان حەڕام کردووە)).

پۆشاکیان لە قەترانە وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٖ وَتَغۡشَىٰ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ﴾ (إبراهيم: ٥٠)، واتە: ((کراسەکانیان لە قەترانە (کە ماددەیەکی ڕەشی بۆن ناخۆشە و بەخێراییش دەسووتێت) و بڵێسەی ئاگریش ڕوخساریانی داپۆشیوە (زۆر لە سەغڵەتیدان)).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿...فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ قُطِّعَتۡ لَهُمۡ ثِيَابٞ مِّن نَّارٖ...﴾ (الحج: ١٩)، واتە: ((ئەوانەیان کە بێ باوەڕ بوون پارچە پۆشاك لە ئاگر بڕڕاوە بەبالایان)).

هەروەها ﴿إِذَا رَأَتۡهُم مِّن مَّكَانِۭ بَعِيدٖ سَمِعُواْ لَهَا تَغَيُّظٗا وَزَفِيرٗا﴾ (الفرقان: ١٢)، واتە: ((کاتێك هەر لە دوورەوە ئەو ئاگرە بڵێسەدارە خوانەناسان دەبینێت، دەنگی خەشم و قین و هەناسەی داخ لە دڵی دەبیستن)).

﴿...مِّن فَوۡقِهِمۡ ظُلَلٞ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحۡتِهِمۡ ظُلَلٞ...﴾ (الزمر: ١٦)، واتە: ((لە سەرویانەوە پەڵە هەوری دووکەڵ لە ئاگر دەورەی داون، لە ژێرپشیانەوە هەمان پەڵە هەور و دووکەڵ هەیە)).

﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٞ وَمِن فَوۡقِهِمۡ غَوَاشٖۚ...﴾ (الأعراف: ٤١)، واتە: ((ئەوانە (لەناو دۆزەخدا) ڕایەخی ئاگرینیان هەیە، لە سەروشیانەوە (سەقف و بەتانی و لێفەی) ئاگرین داپۆشەریانە، (سەرو خواریان ئاگرە)).

هەروەها چەند دۆڵ و چەمێك هەنە لە ئاگر، وەك دۆڵی "الویل" هاوار و ئاهو نالە، دۆڵی "غی"، خەندەق کە چاڵێکی قوڵە.

لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "ویل وادي في جهنم، يهوي فيه الكافر أربعين خريفاً قبل ان يبلغ قعره والصعود جبل من نار يصعد فيه سبعين خريفاً يهوي به كذلك فيه أبداً"[1]، واتە: (وەیل دۆڵێکە لە دۆزەخ، کەسی کافر و بێ باوەڕ فڕێ دەدرێتە ناوی

(١) سەحیحە و تورمزی لە "سوننەنەکانی" گێڕاویەتیەوە (٧٠٣/٤)، ح (٢٥٧٦) کێشی سیفەتی دۆزەخ، ئەحمەد لە "مەسندەکەی" (٣٦/٣) ح (١١٢٤٠)، ئیبن مبارەك لە "زوائد الزهد" ص (٩٠)، ژمارە (٣١٦) وحاکم (٦٠٠/٤، ٦٠١) و دەڵێت: ئیسنادەکەی سەحیحە، دەریان نەهێناوە و زەهبی رازیبە لەسەری، بەیهەقی لە "البعث والنشور" (٢٧١) ح (٤٦٥) و البغوی لە "شرح السنة" (٢٤٧/١٥) ح (٤٤٠٩).

چل پایزی پێ دەچێت ناگەتە قولّایەکەی، "صعود"یش شاخێکە لە دۆزەخ، کەسی کافر و بێ باوەڕ بەرز دەکرێتەوە بۆ سەری کە حەفتا پایزی پێ دەچێت و فڕێ دەدرێتە خوارەوە بەم شێوەیە، تا کۆتایی بەردەوام دەبێت".

ناومالّی خەڵکی دۆزەخ:

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ ﴾ (الزمر: ١٦)، واتە: ((ئەوانە لە سەرویانەوە پەڵە هەوری دووکەڵ لە ئاگر دەورەی داون، لە ژێرپشیانەوە هەمان پەڵە هەور و دووکەڵ هەیە، ئابەو شێوەیە خوای گەورە بەندەکانی دەترسێنێت و پێیان دەفەرموێ: ئەی بەندەکانم پارێزکارین و خۆتان لە سزای من بپارێزن)).

خواردنەوەیان لە ئاوی کولّاوە، هەروەک دەفەرموێ: ﴿ وَسُقُوا مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ ﴾ (محمد: ١٥)، واتە: ((ئاوی لەکوڵ دەکرێت بەگەروویاندا، کە ڕیخۆڵەکانیان پارچە پارچە و تووێ تووێ دەکات)).

﴿ ... وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَآءٍ كَٱلْمُهْلِ يَشْوِى ٱلْوُجُوهَ ... ﴾ (الكهف: ٢٩)، واتە: ((ئەگەر هاوار بکەن لە ئازارو تینوێتیدا، ئەوە ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش، کە وەکو خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان هەڵدەکوڕوزێنێت و دەیبرژێنێت)).

﴿ لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ﴾ (النبأ: ٢٤)، واتە: ((لەناویدا ناچێژن فێنکاییەک، یا خواردنەوەیەکی بەتام)).

پێداویستی ناومالّیان بریتیە لە زنجیر و ئەو چیایانەی لێ دەبەسترێنەوە، بە دەستی فریشتەکانەوە ڕادەکێشرێن، هەروەک لە فەرمایشتی خوای

گەورەدا هاتووە ﴿إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَا۠ وَأَغۡلَٰلٗا وَسَعِيرًا﴾ (الإنسان: ٤)، واتە: ((بەڕاستی با بزانێت کە ئێمە چەندەها کۆت و زنجیر و ئاگری هەڵگیرساومان ئامادەکردووە بۆ بێ باوەڕان)).

هەروەك دەفەرموێ: ﴿خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ٣٠ ثُمَّ ٱلۡجَحِيمَ صَلُّوهُ ٣١ ثُمَّ فِي سِلۡسِلَةٖ ذَرۡعُهَا سَبۡعُونَ ذِرَاعٗا فَٱسۡلُكُوهُ﴾ (الحاقة: ٣٠-٣٢)، واتە: (((ئەوسا ئێتر فەرمان دەدرێت) ئادەی ئێوە بیگرن و کۆت و زنجیر لە دەست و قاچ و ملی بئاڵێنن، لەوەودوا بەرەو دۆزەخ ڕاپێچی بکەن و بیبەن و بیخەنە ناوی، پاشان بەزنجیرێکی حەفتا گەزی بیبەستنەوە (بەکۆڵەکە و ستون و پایەکانی ناو دۆزەخەوە)).

لە فەرمایشتێکی دیکە دەفەرموێ: ﴿إِذِ ٱلۡأَغۡلَٰلُ فِيٓ أَعۡنَاقِهِمۡ وَٱلسَّلَٰسِلُ يُسۡحَبُونَ ٧١ فِي ٱلۡحَمِيمِ ثُمَّ فِي ٱلنَّارِ يُسۡجَرُونَ﴾ (غافر: ٧١-٧٢)، واتە: ((کاتێك کۆت و زنجیرەکان دەکرێنە گەردنیان و ڕادەکێشرێن، بۆ ناو ئاوی زۆر گەرم، پاشان ئاگریان پێ خۆش دەکرێت و دەبنە سووتەمەنی بۆی)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿...وَجَعَلۡنَا ٱلۡأَغۡلَٰلَ فِيٓ أَعۡنَاقِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ...﴾ (سبأ: ٣٣)، واتە: ((ئێمەش چەندەها کۆت و زنجیری ئاگرینمان کردە گەردنی ئەوانەوە کە بێ بڕوا بوون)).

﴿وَإِذَآ أُلۡقُواْ مِنۡهَا مَكَانٗا ضَيِّقٗا مُّقَرَّنِينَ دَعَوۡاْ هُنَالِكَ ثُبُورٗا﴾ (الفرقان: ١٣)، واتە: ((هەرکاتێك ئەوانە بەکۆت و زنجیرەوە فڕێ دەدرێنە ناو شوێنێکی تەنگەبەرەوە لە دۆزەخدا، داوای مەرگ و تیاچوون دەکەن و مردن بە ئاوات دەخوازن لەوێ)).

﴿...وَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡأَغۡلَٰلُ فِيٓ أَعۡنَاقِهِمۡ...﴾ (الرعد: ٥)، واتە: ((ئەوانە زنجیرەکان لە گەردنیاندان)).

﴿ وَتَرَى ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ مُّقَرَّنِينَ فِي ٱلْأَصْفَادِ ﴾ (إبراهيم: ٤٩)، واتە: ((لەو ڕۆژەدا تاوانباران و گوناهکاران دەبینیت کۆت و زنجیر کراوەتە دەست و پێ وگەردنیان و بەیەکەوە بەستراون)).

بڕوا ناکرێت کە لە دۆزەخ قاپ و پەرداخ هەبێت پێی بخۆن و بخۆنەوە، بەڵکو خواردنیان لە شێوەی ئاژەڵە لە داری (زەقوم).

﴿ هَٰذَا نُزُلُهُمْ يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴾ (الواقعة: ٥٦)، واتە: ((ئەمە میوانداری ئەوانە لە قیامەتدا)).

هەر کاتێك ڕووبەری دیاریکراو بۆ کەسی بێ باوەڕ زیاد بێت، سزاکەشی زیاد دەبێت، کافر و بێ باوەڕەکان خۆزگە دەخوازن خۆڵ بوونایە بۆ رزگاربوون لەو سزا بە ئێش و ئازارە.

هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ...وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِي كُنتُ تُرَٰبًا ﴾(النبأ: ٤٠)، واتە: ((خوانەناسیش دەڵێت: خۆزگە هەر خاك بوومایە)).

چەند گەورەیە جیاوازی نێوان حۆرییە چاوگەشەکانی خەڵکی بەهەشت و تێنوێتی و برسییەتی و ترس و سەرکۆنەکردنی خەڵکی دۆزەخ بە ئەندازەیەکەو کە بە خەیاڵدا نایێت، ئەوان لەبەر خراپی حاڵی خۆیان ناپڕژێنە سەر بیرکردنەوە بۆ هەوەس و ئارەزوو.

خوای گەورە بۆ ئەوانی داناوە، جەستەیەکی گەورە، شوێنێکی تەسك، عەقڵێکی بچوك، لە دەستدانی پایەیان، تێکچوونی وێنەیان.

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: "ضرس الكافر مثل أُحُدْ، وفخذه مثل البيضاء (جبل بالجزيرة) ومقعده من النار كما بين قديد (مكان بالحجاز) ومكة، وكثافة جلده اثنان واربعون ذراعاً بذراع الجبار" ، واتە: (ددانی بێ باوەڕ وەك چیای ئوحدە، ڕانەکانی وەك

چیای (البیضاء) لە دورگەی عەرەب، شوێنی لەناو ئاگر لە نێوان (قەدید - شوێنێکە لە حیجاز) و مەکنەیە، ئەستوری پێستی چل و دوو باڵ دەبێت بە پێوانەی باڵی جەبار)[1].

هەروەها پێغەمبەر دەفەرموێ: "لو أن مقمعاً من حديد وضع في الأرض فاجتمع له الثقلان ما أقلوه من الأرض"[2]، واتە: (گەر ئەو پارچە ئاسنەی (پێی لە کافرەکان دەدەن) لەسەر زەوی داندرا و مرۆڤ و جنۆکەکان کۆ ببنەوە پێیان لە زەوی بەرز ناکرێتەوە).

خەڵکی دۆزەخ بە چاو کوێری لە ڕۆژی دوایدا کۆ دەکرێنەوە، چاوە شین هەڵگەڕاوەکانیان دەردەهێندرێت، شێواو و قێزەون دەبن، هەندێکیان بە کوێری و هەندێکی تریان بە کەڕی و هەندێکیشان بە لاڵی حەشر دەکرێن.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴾ (طه: ١٢٤)، واتە: ((ئەوەیش ڕوو وەربگێڕێت لە بەرنامە و یادی من و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت، لە ڕۆژی قیامەتیشدا بەکوێریی حەشر دەکەین)).

﴿ ...وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا ۖ مَّأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ... ﴾ (الإسراء: ٩٧)، واتە: ((لە ڕۆژی قیامەتیشدا (ئەو جۆرە کەسانە) لەسەر ڕوو کۆدەکەینەوە و لەکاتێکدا کوێر و لاڵ و کەڕن، ئەوانە شوێنیان ناو ئاگری دۆزەخە)).

---

(١) موسنەدی ئیمام ئەحمەد ژمارەی فەرمودە (٨٢٠٥)، مونزیری دەڵێت: مەبەست لە (الجبار) پادشایەک بووە لە یەمەن، کە باڵەکانی لە گەورەیدا ناسراو بوون، مەبەست لەو نمونەیە گەورەکردنیەتی.

(٢) موسنەدی ئیمام ئەحمەد (٢٧٦٢٣).

لە ڕوویاندا ڕیسوایی و تێکشکان و سوکی دەخوێنیتەوە، مۆن و گرژن، هەروەك لە فەرمایشتی خوای پەروەردگاردا هاتووە: ﴿...خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ...﴾ (الشورى: ٤٥)، واتە: ((هەموو پەست و زەلیل و لارەمل و خەجاڵەتن، (لە شەرمەزاریی و لە ترسدا) لە ژێرەوە بە تیلەی چاو دەڕوانن بۆ ئەملاولای خۆیان)).

نە دەمرن و نە لە ئاگر دێنە دەرەوە.

ئەمە جگە لەوەی لە نێوان خۆیاندا شەڕ دەکەن، شەیتانیش خۆی لە وان و لە کردەوەکانیان بێبەری دەکات، لە کاتێکدا ئەو تاکە هاندەری یەکەم بووە لەسەر کوفر و بێ ئابڕوویی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ (الحشر: ١٦-١٧).

واتە: (((نێوانی دووڕووەکان لەگەڵ جووەکان) وەك شەیتان وایە، کە هانی ئادەمیزاد دەدات لە ڕێی خەیاڵ و وەسوەسەوە؛ پێی دەڵێت: وەرە کافربە (بە جوانکردنی هەموو جۆرە تاوانێك کە خوا پێی ناخۆشە)، جا کاتێك کە کافر بوو (واتە: ئەو کارانەی ئەنجام دا کە شەیتان پێی ڕازیە) پێی دەڵێت: بەڕاستی من بەریم لە تۆ من لە پەروەردگاری جیهانیان دەترسم، سەرئەنجامی هەردووکیان (شەیتان و ئادەمیزادی کافر) ئەوەیە کە هەردوو لە دۆزەخدا بۆ هەمیشە، بەنەمریی دەمێننەوە، ئەوەش پاداشتی ستەمکارانە)).

پلەکانی ئاگر:

پلەکانی ئاگر حەوت پلەن، موفەسیرەکان لە ڕێزبەندکردنیان ڕای جیاوازیان هەیە، هەیانە دەڵێت "دۆزەخ" یەکەمە، کە گوناهکارانی تێدایە، بۆیە پێی دەڵێن دۆزەخ، چونکە هەرچی لەوێ دایە ڕووبان ڕەش و تۆڕە و ترسێنەرە.

دووەمیان: پێی دەڵێن "سقر" دۆزەڵایە، خەڵکەکەی یەهودین.

سێیەمیان: "الحطمة" ئاگری داگیرسا و بڵێسەداری خوا، خەڵکەکەی سابیئەن.

چوارەمیان: "السعير" یان "الهاوية" ئاگرەکەی سوتێنەرە، خەڵکەکەی مەجوسین[1] (ئاگر پەرستن).

پێنجەم: "الجحيم"، خەڵکەکەی بەندەکانی شەیتانن، ئەوانیش بێ باوەڕەکانن، کە هەرچی ئاینەکانی تر حەڕامیان کردووە، ئەوان حەڵاڵیان کردووە، بە پێچەوانەشەوە حەڵاڵی ئایینەکانی تریان حەڕام کردووە.

بەڵام شەشەمیان " لظى" بڵێسەدار و دامااڵێنەری پێستی سەر و هەموو ئەندامەکانە، خەڵکەکەی نەسڕانی (مەسیحییەکان) و موشریك (هاوەڵگەران).

کۆتاییەکەی "الدرك الاسفل" نزمترین پلەیە، دووڕووەکان لەوێدان، گوناهکاران لە هاوەڵەکانی خوانی عیسا (سەلامی خوای لێ بێ)، هەروەها فیرعەون و کەسوکارەکەی و لە نمونەی ئەوان، هەموویان خەڵکی ئەو ناوچەیەن.

لە ڕیوایەتێکی تردا، "جهنم"، پاشان " لظى" پاشان "الحطمة" پاشان "السعير" پاشان "سقر" پاشان "الجحيم"، لە کۆتاییەکەی "الهاوية".

(١) سەیری "أنوار التنزيل"ی بەیزاوی و "تبصير الأذهان"ی هایمی.

دۆڵ و شیوەکانی دۆزەخ:

لە دۆزەخدا دۆڵێك هەیە پێی دەگوترێت: دۆڵی "پەژارە یان خەمەکان"، خەڵکەکەی ئەو کەسانەن، کە خەمۆکی و نیگەرانی و ناخۆشی دەهێننە ناو ماڵی موسڵمانان.

هەروەها دۆڵێکی تر هەیە، دۆڵی تاریکییە پێ دەگوترێت: "هبهب للظلمة"[1].

هەر پلەیەك لە پلەکانی دۆزەخ، بە هێندەی حەفتا جار گەرمترە لەو پلەیەی لەسەرووی خۆیەتی.

دۆزەخییەکان:

ئەو موسوڵمانە یەکخواپەرستانەن، کە گوناهبارن، لە کەسانی دۆزەخی هەیە، تەنیا ڕۆژێك تێیدا دەمێنێتەوە، هەیانە دوو ڕۆژ و هەشیانە مانگێك، هەندێکی تر ساڵێك دەمێننەوە، ئەو جۆرە کەسانەی، کە یەکخواپەرستی گوناهبارن، لە دۆزەخدا بۆ هەتاهەتایی نامێننەوە، ڕۆژێك دێت چۆڵی دەکەن، گوتراوە یەك ڕۆژی دونیا بە هەزار ساڵ هەیە، ڕۆژێکی ڕۆژی دوایش بە پەنجا هەزار ساڵ هەیە.

خەڵکی ناو ئاگر کێنە؟

موسلیم لە عەیاش مەجاشعی گێڕاویەتیەوە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "وأهل النار خمسة: الضعيف الذي لا زبر

---

(١) دارمی لە "سنن"ەکەی گێڕاویەتیەوە (٤٢٧/٢) ح (٤٢٧) ح (٢٨١٦) کتێبی "الرقائق" حاکم لە "مستدرك"ەکەی (٥٩٦/٤) کتێبی "الاهوال"، حاکم دەڵێت: ئەم فەرمودەیە ئەزهەر ئیبن سینان بە تەنیا هێناویەتیەوە لە "التخليص" بەیهەقی لە "البعث والنشور" (٢٧٦) ح (٤٧٩) ئەبو نەعیم لە "الحلیه" (٣٥٦/٢) و تەبەڕانی و ئەزهەر ئیبن سینانی تێدایە و ئەویش زەعیفە، هەروەك لە "المجمع"دا (٣٩٦/١٠).

له الذين هم فيكم تبعاً لا يبتغون أهلاً ولا مالاً "الإمعة" والخائن الذي لا يخفى له طمع وإن دق إلا خانه. ورجل لا يصبح ولا يمسي إلا وهو يخادعك عن أهلك مالك وذكر البخل والكذب والشنطير الفجاش"[1]. واتە: ئەم فەرمودەیە ئەوەیە، کە دەفەرموێ: خەڵکی ئاگر پێنج کەسن: یەکەمیان کەسێکی بێهێزە، شوێنکەوتەن و هیچ ڕا و دەسەڵاتێکیان نییە، داوای ماڵ و سامانیش ناکەن، دووەمیان کەسێکی خیانەتکارە ئەمانەتی پێ بسپێردرێت لە بچوکترین دەرفەتدا خیانەتی تێدا دەکات، سێیەمیان بەیانی و ئێوارە ناکاتەوە، تەنیا لە فێڵ و تەڵەکەبازی دایەوە و خەڵك هەڵدەخەڵەتێنێت، چوارەمیان کەسێکی ڕەزیل و درۆزنە، پێنجەمیان کەسێکی بەدڕەوشتە.

هەندێک لە جۆرەکانی سزای خەڵکی ئاگری دۆزەخ:

برسیەتی خەڵکی ئاگر بەڕاددەیەك زۆر دەبێت، تا دەبێتە سزا بۆیان، داوای خواردن دەکەن، خواردنی "الضريع" (جۆرە ڕوەکێکی بیابانیە بەتەڕی تەنها وشتر دەیخوات، بە وشکی وشتریش نایخوات، یان خورمایەکی تاڵە و بە درك دەوری دراوەی و ناوەوەی ئاگرە)، نە ئەوەیە گۆشتی پێبگرن و پێی قەڵەو ببن، نە ئەوەشە پێی تێربن، پاشان بەخواردنی "ذي غصة" (خۆراکێك کە لە گەروو دەگیرێت)، هەروەها ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش، کە وەکو خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان هەڵدەکوڕوزێنێت و دەیبرژێنێت، خواردنەوەیەکی تاڵ و ناخۆشە، چەندە جێگە و ڕێگەیەکی پڕ لە ئازارە.

بە بیریان دێتەوە کە ئەوان چۆن بە ئارەزووی خۆیان و بە بێ سنور دەیانخواردەوە، بەڵام بە کەمی ئاو دەدەرێن، ئاوی گەرمیان بە قوڵاپی

(١) سەحیحی موسلیم (٢٨٦٥).

گەر کەسێکی دۆزەخیی دەستی خۆی بۆ خەڵکی دونیا دەربێنێت بۆ ئەوەی ببینن، لە ئەنجامدا بە هۆی گەرمی دەستیەوە، دونیا دەسوتێت.

بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یان گوت: پیاوێکی خەڵکی ناو ئاگرمان بۆ وەسف بکە: فەرمووی: "ددانی کەسی بێ باوەڕ لە دۆزەخدا بە ئەندازەی چیای ئوحدە، لێوی خوارەوەی راخستراوە و خەڵکی ناو ئاگر بەسەری دەکەون و پانی دەکەنەوە".

ئەگەر فریشتەیەکی سەرپەرشتیار لە سەرپەرشتیارانی دۆزەخ، بۆ لای خەڵکی دونیا بێتە دەرە بۆ ئەوەی ببینن، هەموو خەڵکی دونیا بە هۆی بوونی تووڕەیی خوای پەروەردگار لەسەر ڕوویدا، لە کاتی بینیندا دەمردن.

سوکترین سزای خەڵکی ناو ئاگر، "ئەبو تاڵب"ی مامی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) ئەو لە دۆزەخدایە دوو تاکە نەعلی لەبەردایە کە خوێنی سەری دەکوڵێنن[1]، وا دەزانێت کە قورسترین سزای دۆزەخیانە.

لەو ڕۆژەدا ئاگری دۆزەخ دەهێندرێت، کە حەفتا هەزار جڵەوی هەیە، هەر جڵەوێك حەفتا هەزار فریشتەی لەسەرە، لەو کاتەی ئەوان بەو شێوەیە، گەر کەمێکیان لێ بترازێت، یەکسەر لە دەستیان وەردەگرێت، گەر بە وریایی و ئاگاداری نەیکەن، هەر هەموو دەسوتێن، بە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار دەیبەنە شوێنی خۆی.

---

(١) پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "أهون أهل النار عذاباً أبو طالب وهومنتعل بنعلين يغلى منها دماغه"، سەحیحی موسلیم ژمارە (٢١٢).

ئاسن بۆیان دێت، هەر کە لە دەموچاویان نزیك دەبێتەوە، هەموو رووبان دەسوتێنێت، کاتێکیش دەچێتە سکیان، هەموو سك و هەناویان پارچە پارچە دەکات.

لە فەرمودەیەکدا هاتووە: "یخرج من النار یوم القیامة عنق له عینان تبصران وأذنان تسمعان ولسان ینطق یقول: إني وکلت بثلاثة: بمن جعل مع الله إلهاً آخر وبکل جبار عنید وبالمصورین"[1]، مەبەستی ئەو فەرمودەیە ئەوەیە: لە ڕۆژی دواییدا، پارچەیەکی زیندوو لەشێوەی گەردنێکی درێژ دێتە دەرەوە، کە دوو چاوی هەیە پێیان دەبینێت و دوو گوێی هەیە پێیان دەبیستێت و زمانێکی هەیە قسەی پێدەکات، دەڵێت: من کاری سێ کەسم دراوەتە دەست، کە بیانبەمە دۆزەخەوە: ئەو کەسەی هاوبەشی لەگەڵ خوا بڕیار داوە، هەموو ستەمکار و سەرسەخت و دڵڕەقەکان، هەروەها ئەوانەی وێنە و پەیکەر بە مەبەستی پەرستن دەتاشن.

ناماده‌کردن و سازدانی ناگر بۆ عەزابدان:

لە ئەبو هوڕەیرەوە دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: "أوقد علی النار ألف سنة حتی احمرت ثم أوقد علیها ألف سنة حتی ابیضت ثم أوقد علیها ألف سنة حتی اودت فهي سوداء مظلمة"[2]. واتە: (ئاگر داگیرسا بۆ ماوەی هەزار ساڵ، تا ڕەنگی سوور بوو، پاشان هەزار ساڵی تر تا سپی بوو، پاشان هەزار ساڵی تریش، تا ڕەنگی ڕەش بوو، ئێستا ڕەشێکی تاریکە".

---

(١) تورمزی لە "سنن"ەکەی گێڕاویەتیەوە، ئەلبانی لە "سەحیحی سونەنەکانی تورمزی" بە ڕاستی داناوە، (٢٠٨٣).

(٢) سونەنەکانی تورمزی (٢٥٩١) و ئیبن ماجە (١٤٥٥/٢) ح (٤٣٢٠) کتێبی "الزهد" و ئیبن ئەبی شیبە (١٦٧/١٣) و بەیهەقی لە "البعث والنشور" (٢٨٧)، ح (٥٠٥).

بەردەوام کۆمەڵ دوای کۆمەڵ فڕێ دەدرێنە ناوی، خوای گەورە پێی دەفەرموێت: پڕ نەبووی؟ ئەویش دەڵێت: هێشتا زیاتر هەیە؟، تا ئەو کاتەی خوای گەورە پەنجەیەکی تێدەخات، ئینجا دەڵێت: بەڵێ، سوێند بە عزەتی تۆ، پڕبووم پڕبووم، پاشان لەناو خۆیدا گۆشەگیر دەبێت، ئەمەش لە ترسی خوا نەوەك دروستکراوێکی تر دروست بکات و ئەوی پێ سزا بدات[1].

(١) بوخاری لە "سەحیحە"کەی گێڕاویەتیەوە (٤٦٠/٨) ح (٤٨٥٠) کتێبی (التفسیر)، موسلیم لە (٢١٨٦/٤، ٢١٨٧) ح (٢٨٤٦) کتێبی بەهەشت و وەسفی نیعمەتەکانی و خەڵکەکەی، ئەحمەد لە "موسنەد"ەکەی (٤٢١/٢) ح (٨١٨٤) و بەغوی لە "شەرحی سوننەت" (٢٥٦/٥، ٢٥٧) ح (٤٤٢٢) بەیهەقی لە "الاسماء والصفات" (١٨٩/٢) ژمارە (٧٥٣) و درامی لە "الرد علی المریسی" (٦٩).

زانراویش، کە خەڵکی دونیا گەیشتوونەتە ئاگری سوور و ئاگری سپی، بەڵام تا ئێستا نە گەیشتوونەتە ئاگری ڕەش.

ئەنسی کوڕی مالك (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەگێڕێتەوە، کە دەفەرموێ: ((یؤتی بأنعم أهل الدنیا من أهل النار یوم القیامة، فیصبغ في النار صبغة ثم یقال: یا ابن آدم، هل رأیت خیراً قَطُّ؟ هل مَرَّ بک نعیم صبغة في الجنة، فیقال له یا ابن آدم، هل رأیت بؤساً قَطّ؟ هل مَرَّ بک شدّة قطّ؟ فیقول لا والله یارب ما مَرَّ بي بؤس قطّ، و رأیت شدّة قط)) واتە: "لە ڕۆژی قیامەتدا خۆشگوزەرانیترین کەسی دونیا کە خەڵکی دۆزەخە، دەیهێنن و ڕەنگ و نەخشەی ئاگری پێدادەکرێت، یان پیشانی دەدەرێت، پێی دەگوترێت: ئەی نەوەی ئادەم هەرگیز خێر و خۆشیت بینیووە؟ هیچ کاتێك بەختەوەری و خۆشیت بۆ هاتووە؟ ئەوەیش دەڵێت: نەخێر بەخوا ئەی پەروەردگار هەرگیز، ئەمجارەیان خراپترین خەڵکی دونیا لە هەژاری و داماویی کڵۆڵی کە خەڵکی بەهەشتە، دەیهێنین و ڕەنگ و نەخشەی بەهەشتی پێدادەکرێت یان پیشانی دەدەرێت، ئینجا پێی دەگوترێت: ئەی نەوەی ئادەم هەرگیز کڵۆڵی و هەژاریت بینیووە؟ هیچ کاتێك ناخۆشی هاتۆتە ڕێت؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر بەخوا، ئەی پەروەردگار هەرگیز ناخۆشیم نەهاتۆتە ڕێ، هیچ کاتێکیش بێ حاڵی و هەژاریم نەبینیووە".

گەر یەك خاڵی بەهەشت لە دونیا دابندرێت هەموو دونیا بۆتان جوان دەکات و دەڕازێنێتەوە، گەر خاڵێکی ئاگری دۆزەخیش لە دونیا دابندرێت هەمووی بۆتان پیس دەکات.

جنۆکەکان کێن و لە چی دروست کراون؟

ئەوان دروستکراوێکن لە دروستکراوە ڕاسپێردراوەکانی خوای گەورە، دووەمن لە "الثقلين - الانس و الجن، واتە مرۆڤ و جنۆکە"، لە "مارج من نار" واتە: لە بڵێسەی ئاگر دروستی کردوون، کە لێواری بڵێسەی ئاگرە.

دەگوترێت "المارج" بڵێسەیەکی تێکەڵاوە بە ڕەشیەتی ئاگر، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْجَآنَّ خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ ٱلسَّمُومِ ﴾ (الحجر: ٢٧). واتە: ((جنۆکەمان پێشتر لە ئاگرێکی بەتین دروست کرد، کە بەوردیلە کونەکاندا تێدەپەڕێت)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَخَلَقَ ٱلْجَآنَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ ﴾ (الرحمن: ١٥). واتە: ((جنۆکەکانیشی لە بڵێسەی ئاگر دروست کردووە)).

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "خلقت الملائكة من نور، وخلق الجان من مارج من نار، وخلق آدم مما وصف لكم"[1]، واتە: (فریشتەکان لە نور دروستکراون، جنۆکەکانیش لە بڵێسەی ئاگر، ئادەمیش وەک ئەوەی وەسفی بۆ کردوون دروست کراوە).

(١) سەحیحی موسلیم (٢٩٩٦).

جنۆکەکان لە دوای دروستکردنی فریشتەکانەوە بە پەنجا هەزار ساڵ دروست کراون، دەشگوترێت بە پێنج سەد هەزار ساڵ، بەڵام جنۆکەکان بەر لە دروستکردنی ئادەم، تەنیا بە هەزار ساڵ دروست کراون.

هەروەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێی ڕاگەیاندووین جنۆکەکان سێ پۆلن:

- **پۆلێکیان بە هەوادا دەفڕن.**
- **پۆلێکیان مار و سەگن.**
- **پۆلێکیشیان دەمێننەوە و کۆچ دەکەن**[1].

بژێوی جنۆکەکان:

جنۆکەکان دەخۆن و دەخۆنەوە و هاوسەرگیری دەکەن و منداڵیان دەبێت و دەمرن، دانیشتوانی سەر زەوین، لە شوێنی چۆڵ لە مرۆڤ، هەروەها لە بیابانەکان دەژین.

هەندێکیان لە دورگەکانی ناو دەریاکان دەژین، هەندێکی تریان لە شوێنی خۆڵ وخاشاك دەژین، هەندێکیشان لەگەڵ مرۆڤەکان دەژین.

---

(١) سەحیحە و ئیبن ئەبی دونیا لە "مکائد الشیطان" (٢٣٩) ژمارە (١) گێڕاویەتیەوە، لە "الهواتف" (١٥٦) لا (١١٣)، حاکم (٤٥٦/٢) و ئەبو نەعیم (١٣٧/٥) و ئەبو شێخ لە "العظمة" (١٦٣٩/٥) ژمارە (١٠٨١)، و بەیهەقی لە "الاسماء والصفات" (٢٦٣/٢) ژمارە (٨٢٧) و تەبەرانی لە "الکبیر" (٢١٤،٢١٥/٢٢) و تەحاوی لە "مشکل الآثار" (٩٥/٤) ئیبن حەیبان لە "سەحیحە"کەی (١٠/٨).
حەکیم تورمزی لە "نوادر الاصول"، ئەبو دەردا ئەو فەرمودەیە لە ڕووی "نحو"یەوە گێڕاوەتەوە، ئەبو شێخ لە "طبقات الأصباهنین" (١٦٩/٢، ١٧٠) ژمارە (١٨٢) و ئیبن حبان لە "المجروحین" (١٠٧/٣) و ئیبن مەردویە لە تەفسیرەکەی هێناویەتی.

جنۆکەکان پلە و پایەیان لە مرۆڤ نزمترە:

جنۆکەکان پلە و ئاستیان لە مرۆڤ نزمترە، زیرەکی و ژیریان کەمترە، تەنانەت دەگوترێت حەکیمترین جنۆکە، بەڵکو بە عەقڵترین جنۆکە، عەقڵەکەی ناگاتە ئاستی زیرەکی منداڵێکی مرۆڤ، کە تەمەنی (دە) ساڵان بێت، جنۆکەکان لە مرۆڤەکان دەترسێن، جێگا و ڕێگای نەوەی ئادەم لە گەردوون دەناسن.

جنۆکەکان چەند توانایەکیان هەیە، کە مرۆڤەکان نیانە، وەک فڕین و بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان، هەروەها توانای بیستنی ئەو شتانەیان هەیە کە مرۆڤەکان ئەو توانانەیان نییە، هەروەک ئەوان مرۆڤەکان دەبینن، بەڵام مرۆڤەکان ئەوان نابینن.

هەڵوێستی جنۆکەکان لە بەهەشت:

زانایان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی، کە جنۆکەی بێ باوەڕ لە ڕۆژی قیامەتدا سزا دەدەرێت.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿...قَالَ ٱلنَّارُ مَثۡوَىٰكُمۡ...﴾(الأنعام: ١٢٨)، واتە: ((ئەم ئاگرە جێگەتانە، کە نەمرن تیادا)) مەبەست لێی جنۆکەکانە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا ٱلۡقَٰسِطُونَ فَكَانُواْ لِجَهَنَّمَ حَطَبًا﴾ (الجن: ١٥)، واتە: ((بەڵام خوانەناس و سەرکەشەکان بەسەریانەوە ناچێت، بەڵکو دەبنە سوتەمەنی دۆزەخ (ئەمە گوفتاری جنۆکە ئیماندارەکانە)).

بەڵام ئەوانەی باوەڕدارن چەند گوتەیەکیان لەسەر هەیە:

یەکەمیان: پاداشتیان بۆ نییە تەنیا ڕزگار بوون نەبێت لە ئاگر، پاشان پێیان دەگوترێت: ببنەوە بە خۆڵ وەک ئاژەڵ، ئەمەش گوتەی ئەبو حەنیفەیە و ئیبن حەزم لەوەوە دەیگێڕێتەوە.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دووەمیان: ئەوان لە سەر بەندایەتی پاداشت دەکرێن و لەسەر کاری خراپیش سزا دەدرێن، ئەمەش وتەی ئیبن ئەبی لەیلا و مالیك و ئەوزاعی و شافیعی و ئەحمەد و هاوەڵەکانیانە، ئیبن حەزم لە دەرەنجامدا دەڵێت: جمهوری خەڵکەکە ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی، کە جنۆکەکان دەچنە بەهەشتەوە.

ئیبن ئەبی حاتم لە یەعقوبەوە دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: ئیبن ئەبی لەیلا دەڵێت: جنۆکەکانیش پاداشتیان هەیە، ئێمەش ڕاستی ئەمەمان لە قورئانی پیرۆزدا بۆ بەدەرکەوتوە: ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ ...﴾ (الأحقاف: ١٩)، واتە: ((هەر دەستەیەك، هەر کەسێك لە ئیمانداران یان لە بێ بڕواکان پلەو پایەی بەرز، یان نزمیان هەیە)).

الحارث المحاسبی (٢٤٣ ك) باسی کردووە، کە ئەو جنۆکانەی دەچنە بەهەشت دەیانبینین، ئەوان ئێمە نابینن، پێچەوانە دونیا.

گوتم: هیچ بەڵگەیەك لەسەر ڕاستی ئەو قسەیە نییە، ئێمە ئەوان دەبینین و ئەوانیش ئێمە دەبینن، چونکە لە بەهەشت هیچ پەردەیەك نییە، کە پێشتر لە دونیادا هەبوو، لە خوا دەپارێینەوە کە لە ئەهلی بەهەشت بین ﴿...عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَٰبِلِينَ﴾ (الحجر: ٤٧) واتە: ((لەسەر کورسی و قەنەفە رازاوەکان لە بەرامبەر یەکەوە دانیشتون)).

سیوتی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: قازی جەلالەدین بەلقینی باسی کردووە، کە جنۆکەکان خوای گەورە دەبینن، ئەمەش بە هۆی بوونی بەڵگەوە، کە ئیبن عیماد لە ڕاڤەی "الأرجوزة" لە بارەی جنۆکەکان لە شێخ سیراجەدین بەلقینی گێڕاویەتییەوە.

سێیەم: دەچنە بەهەشت و ناخۆن و ناخۆنەوە، وەك چۆن هەناسە دەدەن بەم شێوەیە تەسبیحات دەکەن، موجاهید ئەم قسەیەی کردووە.

چوارەم: ئەوان ناچنە بەهەشت، بەڵکو بەو شێوەیە دەبن، کە مرۆڤەکان دەیانبینن و ئەوان مرۆڤەکان نابینن.

پێنجەم: ئەوان لەسەر شوێنە بەرزەکانن (الاعراف).

گوتم: ڕاستی ئەمە، فەرمایشتی جمهورە کە دەڵێن: ئەوان دەچنە بەهەشت[1].

لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە دەگێڕنەوە، کە دەڵێت: ئەوان ناچنە بەهەشت، بەڵکو لە سەوزایی و دەوروبەری دەبن، نەوەی ئادەم دەیانبینن، ئەوان نەوەی ئادەم نابینن، بە پێچەوانەی ئەوەی لە ژیان دونیادا هەیان بوو، هەروەها دەگوترێت: ناخۆن و ناخۆنەوە، وەک چۆن هەناسە دەدەن بەم شێوەیە تەسبیحات دەکەن و خوا بە پیرۆز ڕادەگرن لە بری خۆراک و خواردنەوە.

بەڵام خوای گەورە نیعمەتی بەسەر هەردوو "مرۆڤ و جنۆکەکان"دا کردووە، کە پاداشتی چاکەکارانی بەهەشت داناوە، خوای گەورە پاداشتی شتێکیان بۆ دانانێت، کە ڕووی نەدابێت، گەر خوای پەروەردگار پاداشتی بێ باوەڕەکان بە ئاگر بداتەوە، ئەمە کارێکی دادپەروەرانەیە، پاداشتی باوەڕدارانیش بە بەهەشت کارێکی گەورە و بەخشندەییە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتۡ لَهُمۡ جَنَّٰتُ ٱلۡفِرۡدَوۡسِ نُزُلًا﴾ (الكهف: ١٠٧)، واتە: ((بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، ئێمە هەر لە زووەوە بەهەشتی فیردەوسمان بۆ ئامادە کردوون، تا لەوێ دابەزن و ژیانی کامەرانی تیایدا بەرنەسەر)).

---

(١) سەیری: "لفظ المرجان"ی سیوتی بکە (٨٩، ٩٠) "اکام المرجان"ی شیلی (٥٦، ٥٧).

جنۆکەکان چی دەخۆن؟

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "لكم كل عظم ذكر اسم الله عليه يقع في أيديكم أوفر ما يكون لحماً، وكل بعرة او علف لدوابكم فلا تستنجوا بهما"[1]، مەبەستی ئەو فەرمودەیە بۆ جنۆکەکانە کە پێیان دەفەرموێ: بۆ ئێوە هەیە هەر ئێسکێك باشترە گۆشت بێت کە بکەوێتە بەردەستان و ناوی خوای لەسەر گوترابێت، هەموو پشقل و ئالیکیی ئاژەڵەکانتان، لە کاتی سەرئاویدا دەستشۆریان پێ مەکەن، چونکە خواردنی جنۆکەکانە.

لە (أثر)دا هاتووە: حەزیان لە خواردنی برنجە[2].

گوێبیستبوونی جنۆکەکان لە وەحی:

لە ئەبی عەببасەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: "جنۆکەکان گوێیان لە وەحی دەبێت، وشەیەك دەبیستن، دە وشەی لێ زیاد دەکەن، ئەوەی دەیبستن ڕاستە و ئەوەی زیادی دەکەن نادروستە و ساختەیە، پێشتر ئەستێرەکان نە دەهاوێژران، هەروەها بۆ ئەوانیش نە دەهاوێژراون.

کاتێکیش پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بوو بە پێغەمبەر، هەر یەکێك لەوان (واتە: جنۆکەکان) نەیدەتوانی هاتوچۆ بکات، تەنیا پارچە ئەستێرەیان بۆ دەهاوێژراو، گەر بەر شوێنێکیان بکەوتبا دەیسوتاند.

جنۆکەکان سکاڵای خۆیان لای ئیبلیس (شەیتان) کرد، ئەویش گوتی: ئەمە ئاسایی نییە، تەنیا لەبەر کارێکە کە ڕوویداوە. سەربازەکانی

---

(١) سەحیحی موسلیم (٤٥٠) کتێبی "الصلاة"، ئەبو داو (٨٥)، تورمزی (١٨)، (٤٢٥٨) بەیهەقی، ئیبن حەبان (١٤٣٢)، ئیبن خەزیمە (٨٢)، ئیبن ئەبی شیبە (١٥٥/١) و بەغوی (١٨٧)، بەیهقەی (١٠٨/١)، لە "الدلائل" (٢٢٩).

(٢) سەیری "عقد المرجان فيما يتعلق بالجان" بکە لا (٥٤).

بڵاوە پێ کرد، پێغەمبەریان (صلى الله عليه وسلم) بینی، کە لە نێوان چیای (نەخلە) نوێژ دەکات، هاتنە لای ئیبلیس و پێیان راگەیاند، ئەویش گوتی: ئەمە ئەو ڕووداوەیە، کە لە زەوی ڕوویداوە".

لە ئیبن مەسعودەوە خوا لێی ڕازی بێت، دەڵێ: "جنۆکەکان دابەزینە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەناو (نەخلە)دا قورئانی دەخوێند، کاتێکیش گوێیان لێ بوو، گوتیان: گوێ بگرن، گوتی: بێ دەنگ..

ژمارەیان نۆ بوو، یەکێکیان پێی دەگوترا زوبعە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ ۖ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ﴾(الأحقاف: ٢٩)، واتە: ((یادی ئەوەش بکەکاتێك ئێمە دەستەیەك جنۆکەمان لادایە لای تۆ، تا گوێ لە قورئان بگرن، ئەوسا ئامادەبوون و بەیەکتریان وت: گوێ بگرن و بێ دەنگ بن، کاتێك قورئان خوێندنەکە تەواو بوو، جنۆکەکان گەڕانەوە بۆ ناو هۆز و قەومەکەیان، دەستیان کرد بە ئاگادارکردنەوە و بانگکردنیان بۆ پەیرەوکردنی ئەم ئایینە نوێیە)).

لە ڕیوایەتێکی ئیبن عەببباسەوە[1] (خوا لێی ڕازی بێت)، دەفەرموێ: "... شەیتانەکان لە هەواڵی ئاسمان ڕێگریان لێکرا، پارچە ئەستێرەیەکی ڕووناکیان بۆ هاوێژرا و شەیتانەکان گەڕانەوە ناو هۆزەکانیان، پێیان گوتن: چیتانە؟ گوتیان: لە هەواڵێکی ئاسمان ڕێگریمان لێ کرا پارچە ئەستێرەیەکمان بۆ هاوێژرا، گوتیان: ئەو ڕێگرییە بەبێ هۆ نەبو بەڵکو بەهۆی ڕووداوێك بووە کە ڕوویداوە، بڕۆنە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

(١) سەیری "دلائل النبوة للبيهقي" بکە، و نمونەی تر.

زەوی بگەڕێن، سەیری بکەن بزانن هۆی چییە ئێوە ڕێگریتان لە ئاسمان لێ ئەکرێت، ئەوانیش چوون لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەوی گەڕان، بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕان، کە ڕێگرە لە بەرامبەریان، ئەو کۆمەڵە ڕوویان کردە ئەو شوێنەی، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لێ بوو لە (نەخلە) بۆ لای بازاری (عوکاز)، لە نوێژی بەیانی پێشنوێژی بۆ هاوەڵانی دەکرد، کاتێکیش گوێ بیستی قورئان بوون، گوتیان: سوێند بە خوا ئەمە ئەو شتەیە کە ڕێگربوو لە نێوان ئێمە و هەواڵی ئاسمان. لەو کاتەوەی گەڕانەوە لای هۆزەکەیان، گوتیان هۆ هۆزەکەمان! ﴿...إِنَّا سَمِعْنَا قُرْءَانًا عَجَبًا ۝١ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلرُّشْدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦ ۖ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدًا﴾ (الجن: ١-٢)، واتە: ((بەڕاستی ئێمە خوێندنەوەیەکی سەرسوڕهێنەرمان بیست، هیدایەت دەدات بۆ ڕێبازی ژیری و تێگەیشتن، ئێمەش باوەڕمان پێکرد، هەرگیز کەس ناکەینە شەریك و هاوەڵ بۆ پەروەردگارمان)).

دەگوترێت: سەرۆکیان وەردانە، کە سەرکردەیانە، لەوانەش زوبعەیە.[1]

(١) سەیری فەتحی باری بە شەرحی سەحیحی بوخاری بەشی "ذكر الجن" بکە (٤٩٢١).

ئایینی جنۆکەکان، ئایا پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە کراون؟ ئایا لە جنۆکەکان پێغەمبەر هەیە؟

سیوتی[1] (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: جەماوەری زانایان بە سەلەف و خەلەفەوە پێشەوە پێیان وایە لە جنۆکەکان هەرگیز پێغەمبەر نەهاتووە، هەروەها هەریەکە ئیبن عەببباس و موجاهید و کەلبی و ئەبی عەبید ریوایەتیان کردووە.

پاشان دەڵێت: گوتم: ئیبن حەمید و ئیبن مونزیر و ئیبن ئەبی حاتەم لە موجاهیدەوە لە فەرمایشتی خواوە دەگێڕنەوە: ﴿يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ﴾[2]، دەڵێت: لە جنۆکەکان پێغەمبەر نەبووە، بەڵکو لە مرۆڤەکان بووە و ئاگادارکردنەوە و بانگکردنیش لە جنۆکەکان بووە، پاشان ئایەتی: ﴿فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوۡاْ إِلَىٰ قَوۡمِهِم مُّنذِرِينَ﴾[3] خوێندەوە.

ئیبن حەزم دەڵێت: بۆ یەکجاریش پێغەمبەر لە مرۆڤ بۆ جنۆکەکان پێش موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) نەهاتووە، چونکە ئەو دواهەمین پێغەمبەرە، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "وكان النبي يبعث إلى قومه خاصة"، مەبەست لێی کە پێشتر پێغەمبەر بۆ هۆز و قەومەکەی خۆی بە تایبەتی دەنێردرا.

هەروەها دەڵێت: ئێمە دڵنیاین لەوەی کە ئەوان (جنۆکەکان) ئاگادارکراونەتەوە.

---

(١) سەیری "لفظ المرجان" لا (٥٢)، "آكام المرجان" لا (٣٦)، عقد المرجان لا (٦٤).

(٢) سورە الانعام: (١٣٠)، واتە: ((خوای گەورە دەفەرموێ: ئە ئەی دەستەی جنۆکە و ئینسان، ئایا پێغەمبەرانتان لە خۆتان بۆ نەهات؟)).

(٣) سورە الأحقاف: (٢٩)، واتە: ((کاتێك قورئان خوێندنەکە تەواو بوو، جنۆکەکان گەڕانەوە بۆ ناو هۆز و قەومەکەیان و، دەستیان کرد بە ئاگادارکردنەوەو بانگکردنیان بۆ پەیرەویکردنی ئەم ئایینە نوێیە)).

ڕاستە ئەوانیش پێغەمبەریان بۆ هاتووە بە پێی فەرمایشتی خوای گەورە ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ﴾.

سیوتی دەڵێت: ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە (الضحاك) گوتوویەتی و هەریەکە لە ئیبن جەریح و ئیبن ئەبی حاتەم و حاکم دەریانهێناوە و سەحیحیان داناوە و بەیهەقی لە (الشعب) لە ئیبن عەببا‌س لە فەرمایشتی خوای گەورە ﴿... وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ ...﴾ (الطلاق: ١٢)، دەڵێت: حەوت زەوی، لە هەر زەوییەك پێغەمبەرێك وەك پێغەمبەرتان هەبووە، ئادەمێك وەك ئادەمتان، نوحێك وەك نوح، ئیبراهیمێك وەك ئیبراهیم و عیسایەك وەك عیسا.

کۆمەڵی زانایان تەفسیریان وایە، کە ئەوان قەومێکن لە جنۆکەکان و نێردراوی لای خوا نین، بەڵام خوای گەورە ئەوانی لەسەر زەوی بڵاوکردۆتەوە و گوێیان لە وتەی پێغەمبەرەکانی خوا بووە، کە ئەوان لە نەوەی ئادەمن، پاشان گەڕاونەتەوە ناو قەومەکەیان لە جنۆکەکان ئاگاداریان کردوونەتەوە[1].

گوتم: ڕاستییەکەی: وتەی کۆمەڵەی زانایانە و خواش زاناترە. جنۆکەکانیش بە شێوەی مرۆڤەکان، ئایین و شەریعەت و مەزهەبیان هەیە، ئەوانیش بە هەمان شێوەی مرۆڤ بە فەرمانەکانی شەرعی ڕاسپێردراون.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ...﴾ (الأنعام: ١٣٠). واتە: ((لە ڕۆژی قیامەتدا خوا دەفەرموێ): ئەی دەستەی جنۆکە و ئینسان، ئایا پێغەمبەرانتان لە خۆتان بۆ نەهات، کە ئایەتەکانی

(١) لفظ المرجان ص (٥٣).

من و رووداوەکان بەسەرتاندا بخوێننەوە و ئاگادارتان بکەن و بتانترسێنن لەوەی، کە ئەم ڕۆژەتان بۆ پێش دێت؟!)).

هەیانە باوەڕدار و هەشیانە بێ باوەڕ، هەیانە ملکەچ، هەیانە یاخی، لە خواترس و خراپەکار، خوای گەورە هەواڵی ئەمەی پێداوین: ﴿وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ ۖ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا﴾ (الجن: ١١)، واتە: جنۆکەکان دەڵێن: ((بێگومان ئێمە کەسانی چاک و دیندارمان تێدا هەیە، هەروەها کەسانی تریش کەبەو شێوەیە نین، ئێمە جاران ڕێگەو ڕێباز و بەرنامەی هەمە جۆرمان گرتبووەبەر (بەڵام ئێستە بەرنامەی ئیسلام ڕوون و دیارە)).

هەروەک چۆن مەبەست لە دروستکردنیان بەندایەتی کردنە:

﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ مَآ أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ﴾ (الذريات: ٥٦-٥٧)، واتە: ((بێگومان من جنۆکە و ئادەمیزادم دروست نەکردووە، تەنها بۆ ئەوە نەبێت، کە من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن، نەڕۆزیم لێیان دەوێت، نەخواردن وخواردنەوە)).

پەنابردنە بەر جنۆکەکان بۆ نهێنی زانین و سیحر:

بەهۆی ئەو توانایەی جنۆکەکان، کە مرۆڤەکان نیانە، وەک فڕین و بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان و گوێبستبوونیان لە فەرمودەی فریشتەکان، کە مرۆڤەکان نایبیستن، توانای بینینی مرۆڤەکان، کە مرۆڤەکان ئەوان نابینین. بە شێک لە مرۆڤەکان ئەم دیاردەیان لە بەرژەوەندی خۆیان بەکار هێناوە، بە شێوەیەکی ناڕاست، خۆیان خزاندۆتە ناو سیحر و نهێنی زانین (فاڵگرتنەوە)، بەو پێیەی مرۆڤ پەنادەباتە بە جنۆکە بۆ هەڵخەڵەتاندنی برای کە مرۆڤە، فێڵیان لێ دەکات و هەڵیان دەخەڵەتێنێت. لە بەرامبەر ملکەچبوونی مرۆڤ بۆ جنۆکە، داخوازیە

پوچ و پێچەوانەکانی جێبەجێ دەکات، بەڵکو مرۆڤ جنۆکە لە کەسە گەورەکان ناوزەند دەکات.

بنەمای ڕاستی نهێنی زانین: بانگەشەکردنی زانینی ڕووداوەکانی داهاتوو لە هەواڵی ئاسمان، زیادکردنی سەدان درۆ بەسەرییەوە، بەم شێوەیەش سیحر دەکرێت. لە ڕاستیدا جنۆکەکان لە لە مرۆڤ دەترسێن، گەر بچنە دۆڵێکەوە هەڵدێن، جنۆکەکان دەڵێن: مرۆڤەکان لە ئێمە دەترسێن، لە مرۆڤەکان نزیك دەبنەوە و توشی شپرزەیی و شڵەژان و شێتیان دەکەن. ئیسلام هات و ئەو خوورەوشتە جاهیلایانەی مایەپووچ کردەوە.

پێش ئادەم، جنۆکەکان لە زەوی نیشتەجێبوون:

پێش هەزار ساڵ بەر لە ئادەم، خوای گەورە جنۆکەکانی لە زەویدا نیشتەجێ کردووە، بۆ ئەوەی ئاوەدانی بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی ئەم کارە بکەن، تواناکانیان لەو ئاستەدا نەبوون، بەڵکو دەستیان بە تێکدان و یەکترکوشتن کرد، خراپەکاری لە زەویدا بڵاو بووە، خوای گەورە لە بەرامبەردا سەربازە فریشتەکانی بۆ دابەزاندن دەریان کردن و دووریان خستنەوە بۆ ناو دورگەکانی ناو دەریاکان.

دەگوترێت ئیبلیس (شەیتان) پێش ئەوەی لە خوای گەورە یاخی بێت، یەکێك بووە لەوان و بەرەوە ئاسمان بەرز کراوتەوە.

ئیبلیسی نەفرەت لێکراو:

لە هەموو جنۆکەکان زیاتر بەندایەتیکردنی خوای گەورەی کردووە، بەڵام لەو بەندایەتییە دڵسۆز نەبووە، ناویشی (عەزازیل) بووە، ئەمەش وەك لە ئیسرائیلیات هاتووە.

پێش نەفرینی خوا بۆ ئەو، نازناوی ئەبو کردوس، هەروەها ئەبو (مرة) بووە، لە هەموو جنۆکەکان زیاتر کۆشش و هەوڵی هەبووە و زانستی لە هەموویان زیاتر بووە.

ڕاست نییە گەر بگوترێت لە فریشتەکان بووە، بەڵکو لە جنۆکەکان بووە و لە فریشتەکان نەبووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿... إِلَّآ إِبۡلِيسَ كَانَ مِنَ ٱلۡجِنِّ فَفَسَقَ عَنۡ أَمۡرِ رَبِّهِۦٓ... ﴾ (الكهف: ٥٠)، واتە: ئیبلیس کە لە دەستەی جنۆکەکان بووە، بێ فەرمانی خوای گەورە کردوو.

هەروەها ڕاست نییە گەر گوتراوە: فریشتەیەکی سەرپەرشتیکاری بەهەشت بووە و گەورەی ئاسمانی دونیا و گەورەی زەوی بووە.

هەروەها ڕاست نییە کە گوتراوە: بەڕێزترینی فریشتەکان بووە، لە خاوەن چوار باڵەکانە.

ئیبلیس زیندووە و چاوەڕانکراوە، تا ڕۆژی دوایی، عەرشێکی هەیە لەسەر ڕووی دەریایە، لەسەری دانیشتووە، سریەی سەربازەکانی خۆی ڕەوانە دەکات و شەڕ و ئاژاوە دەخەنە ناو مرۆڤەکانەوە.

واتای وشەی (ئیبلیس): واتە: هیچ خێر و چاکەی تێدا نییە، وشەی (ئیبلیس) بە واتای ئومێدبڕاو و سەرلێشێواو، زۆر ناوی تری هەیە: وشەی (شەیتان) لە زمانی عەرەبیدا واتای لوتبەرزی یاخی، لە ناوەکانی تری (طاغوت)، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿...وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ ... ﴾ (النساء: ٧٦)، واتە: ((ئەوانەی بێ باوەڕن لە پێناوی ستەمکار و زۆردار و(تاغوت) دا دەجەنگن)).

ناوبانگی ئیبلیس لە ناوبانگی هەموو دروستکراوەکانی تر زیاترە، ئەمەش دوای ئەوەی لوتبەرزی و لەخۆبایبوون و خۆبەگەورە زانینی بەیاخی بوونی لە خوای گەورە و بەقسە نەکردنی خوا لە سوژدە بردن

بۆ ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ)، ئەوی کوشت.
هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر ئەوەی کە ئیبلیس باوکی جنۆکەکانە، وەک چۆن ئادەم باوکی ئادەمیزادەکانە.

پەناگرتن لە شەیتان:

خوای گەورە فەرمانی خۆپاراستن و پەناگرتنی لە شەیتان دەکردووە، کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ﴾ (سورە الناس).
واتە: (((ئەی محمد(صلى الله عليه وسلم)، ئەی ئیماندار) بڵێ: پەنادەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی، بە پادشای خەڵکی، بە خوای خەڵکی، (لە شەڕ و خراپەی ئەوەی کە وەسوەسە و خەتەرە و خەیاڵ دەخاتە دڵەوە کە (خەننەسە)، بریتییە لەوەی کە وەسوەسە فڕێ دەداتە سینە و دڵ و دەروونی خەڵکیەوە، لە جنۆکە و خەڵکی، لە جنۆکە و ئادەمیزاد (ئەوانەیان کە شەیتان سیفەتن)).

﴿وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ۝٩٧ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ﴾ (المؤمنون: ٩٧-٩٨)، واتە: ((پەروەردگارا! من پەنا دەگرم بە تۆ لە هەموو خەتەرەو خەیاڵ و وەسوەسەی شەیتانەکان، پەنا دەگرم بە تۆ ئەی پەروەردگارم، کە شەیتانەکان بە دەورمدا کۆ ببنەوە و (سەرم لێ بشێوێنن)).

خوای گەورە ئادەمیزاد لە شەڕ و ئاشوبی شەیتان ئاگادار دەکاتەوە، کاتێک دەفەرموێ: ﴿يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ كَمَآ أَخْرَجَ

﴿أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ ...﴾ (الأعراف: ٢٧)، واتە: ((ئەی نەوەی ئادەم! شەیتان، ئێوەش لە خشتە نەبات، هەروەك باوك و دایكتانی لە خشتە بردو لە بەهەشتدا بە دەركردنی دان)).

بەڵام لەبارەی فەرمودەكانەوە لەسەری و ئاگادارکردنەوە لێی، ژمارەیان زۆرە، بوخاری لە سەحیحەکەیدا گێڕاوەتیەوە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "إن الشيطان يجري من ابن آدم مجرى الدم" [١]، واتە: (شەیتان لەگەڵ نەوەی ئادەمدا بە سوڕی خوێنیدا دەڕوات).

لە ئەنەسەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "إن الشيطان واضع خطمه على قلب ابن آدم، فإذا ذكر الله خنس، وإن نسي التقم قلبه ذلك الوسواس الخناس" [٢]، واتە: (شەیتان قەپۆزی خۆی لەسەر دڵی نەوەی ئادەم دادەنێت، گەر یادی خوا بکات، لوتی بەرز دەکاتەوە، بەڵام گەر لەبیری بکات، دڵی قوت دەدات، ئەمەش وەسوەسە و خەتەرە و خەیاڵە، کە دەیخاتە دڵەوە... پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەروەها دەیفەرموو: "أعوذ بالله السميع العليم من الشيطان الرجيم، من همزه ونفخه ونفثه" [٣]، واتە: (پەنادەگرم لە خوای بیسەر و زانا لە شەیتانی نەفرین لێکراوە، لە خەتەرە خەیاڵ و پیسییەکی ئەو).

هەروەها دەفەرموێ: "من أكل بشماله أكل معه الشيطان ومن شرب بشماله شرب معه الشيطان" [٤]، واتە: (هەر کەسێك بە دەستی چەپی خواردن بخوات، شەیتان لەگەڵی دەخوات، هەر کەسێك بە دەستی

---

(١) سەحیحی بوخاری (٢٠٣٩).

(٢) فەتح الباری بە شەرحی سەحیحی بوخاری (٣٥٤١).

(٣) سوننەتەکانی تورمزی (٢٤٢).

(٤) موسنەدی ئیمام ئەحمەد (٢٣٩٥٨).

چەپ ئاو بخواتەوە، شەیتان لەگەڵی دەخواتەوە).

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە فەرمودەیەکی تر دەفەرموێ: "هەر کاتێك کەسێك چووە مااڵی خۆی و لە کاتی چوونە ژووەرەوە و خواردندا یادی خوای کرد، یان ناوی خوا بڵێت، شەیتان دەڵێت: نە الاتان دەمێنمەوە نە لە کاتی خواردنیش، بەاڵم کە گەڕایەوە لە کاتی چوونە ژووەرەوەیدا یادی خوای نەکرد، شەیتان دەڵێت: دەمێنمەوە الاتان، هەروەها گەر یادی خوای نەکرد لە کاتی خواردندا، شەیتان دەڵێت: لە مانەوە و خواردندا لەگەڵتان دەبم"[1].

شەیتان ناتوانێت داخراوەکان بکاتەوە، جابر دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "أغلقوا أبوابكم، وخمروا آنيتكم، واطفئوا سرجكم، وأوكوا أسقيتكم فإن الشيطان لا يفتح باباً مغلقاً، ولا يكشف غطاءاً، ولا يحل وكاء، وإن الفويسقة تضرم البيت على أهله" [2]، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: دەرگاکان دابخەن، کاسە و قاپەکان داپۆشن، چراکان خامۆش کەن. شەیتان ناتوانێت دەرگا داخراوەکان بکاتەوە.. مەبەستی پێغەمبەر لەو فەرموودەیە وێڕای بە دوورگرتنی شەیتان، لە هەمانکاتدا خۆپاراستنی لە مەترسییەکان لە نمونەی نەخۆشی کە بەهۆی خواردنی سەروالا بڵاو دەبێتەوە، هەروەها خۆپاراستن لە مەترسی ئاگرکەوتنەوە...

لە ئیبن عەباسەوە خوا لێی رازی بێت، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "أما إن أحدكم إذا أتى أهله قال: بسم الله، اللهم جنبنا الشيطان وجنب الشيطان ما رزقتنا، فرزقا ولداً لم يضره الشيطان"[3]، واتە:

---

(١) سەحیحی موسلیم (٢٠٨١)

(٢) موسنەدی ئیمام ئەحمەد (١٣٨١٦).

(٣) سەحیحی بوخاری (٣٢٧١).

(هەر کەسێکتان گەر هاتە لای خێزانی بۆ جوتبون، بڵێت: بەناوی خوا، خوایە لە شەیتان بە دوورمان بخەی، شەیتانیش لەوەی ڕزق و ڕۆزیمان دەدەی بە دووریخەی، گەر منداڵێك ببێت، شەیتان ناتوانێ زیانی لێ بدات).

لە ئەبو هوڕەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "هەر کەسێکتان بنوێت، شەیتان سێ گرێ لەسەر سەری لێ دەدات، هەر گرێیەك لەو گرێیانە لە شوێنی خۆی دەدات، بخەوە بە شەوێکی درێژ، گەر خەبەری بووە و یادی خوای کرد، گرێیەکیان دەبێتەوە، گەر دەستنوێژی گرت گرێی دووەمیان دەبێتەوە، گەر نوێژی کرد گرێی سێیەمیشان دەبێتەوە، ئینجا دەبێتە کەسێکی چالاك و هەناسە پاك، ئەگەر نەشی کرد، دەبێتە کەسێکی پیسی تەمبەڵ"[1].

لە ئەبو هوڕەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "گەر بانگی نوێژ درا، شەیتان هەڵدێت و پشتی تێ دەکات و دەنگێکی پیس و ناخۆشی لێ دەردەچێت، کاتێکیش تەواو بوو، بەرەو ڕووی دێت، تا دێتە نێوان مرۆڤ و دڵەکەی، دەڵێت: ئەمە و ئەمە بڵێ.. تا وای لێ دێت نازانێت سێ رکاتی کردووە، یان چوار، گەر نەیزانی سێ یان چواری کردووە، با دوو سوژدەی هەڵە "واتە: سوجدەی سەهو" ببا)[2].

لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "راصوا الصفوف، فإن الشيطان تقوم في الخلل"[3]. واتە: ڕێزی نوێژەکانتان با ڕاست بێت و بان پێیەکانتان بگەن بە یەك، چونکە شەیتان لە درز و خواری نێوان ڕێزەکان ڕادەوەستێ.

---

(١) سەحیحی بوخاری (١١٤٢).

(٢) سەحیح بوخاری (٣٢٨٥).

(٣) موسنەدی ئیمام ئەحمەد (١٢١٦٢).

بوخاری و موسلیم لە سەحیحی خۆیاندا فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕنەوە، کە دەفەرموێ: "إذا مر بين يدي أحدكم شيء وهو يصلي فليمنعه، فإن أبى فليمنعه، فإن أبى فيلقاتله، فإنما هو شيطان"[١]، واتە: گەر یەکێك لە کاتی نوێژکردندا لە نێوان دەستەکانتان واتە: بە پێش نوێژتاندا ڕۆیشت، باڕێگری لێ بکات، گەر نەیهێشت، ڕێگری لێ بکات، گەر نەیهێشت واتە: هەر بەردەوام بوو، شەڕی لەگەڵ بکە، ئەوە شەیتانە".

لە ئەبو هوڕەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "التثاؤب من الشيطان، فإذا تثاءب أحدكم فيرده ما استطاع، فإن أحدكم إذا قال: ها ضحك الشيطان"[٢]، واتە: (باوێشکدان لە شەیتانەوەیە، گەر یەکێك لە ئێوە باوێشکی دا، تا پێی دەکرێ با ڕێگری لێ بکات، گەر یەکێك لە ئێوە بڵێت: ها (واتە باوەشکیدا)، شەیتان پێدەکەنێ).

لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێ: "إن الله يحب العطس ويكره التثاؤب"[٣]. واتە: خوای گەورە پشمینی خۆش دەوێت و حەزی لە باوێشکدان نییە.

وشەی جنۆکە بە هەریەکە لە شێوەکانی (الجن، الجان، الجنة) سی و دوو جار لە سی و یەك ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە.

---

(١) سەحیحی بوخاری (٣٢٧٥)، سەحیحی موسلیم (٥٠٥).
(٢) سەحیحی بوخاری (٣٢٨٩).
(٣) سەحیحی بوخاری (٦٢٢٣).

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

دوای ئەوەی خوای گەورە لە دروستکردنی هەموو دروستکراوەکانی تەواو بوو، هەر لە قەڵەمەوە، تا دەگاتەعەرش و کورسی خۆی و تابلۆی پارێزراو (اللوح المحفوظ) پاشان ئاسمانەکان و زەوی بە هەموو دروستکراوەکانیەوە لە فریشتەکان، پاشان بەهەشت و ئاگر و پاشان جنۆکەکان و گەردوون و خۆر و مانگ و ئەستێرە و هەسارە و گەلەستێرەکان، پاشان دەریا و ڕووبار و درەخت و ڕووەکەکان، وای لێهات گەردوون ئامادە و سازدراوە بە فەزڵ و گەورەیی ئەو زاتە بۆ دروستکردنی ئادەم.

ئادەم باوکی مرۆڤایەتی لە دروستکراوەکانی خوای پەروەردگارە.

دەگوترێ: پێش شەوی هەینی لە دوای عەسر و پێش شەو دروستکراوە.

پێڕاگەیاندنی هەواڵی دروستکردنی ئادەم بە فریشتەکان:

کاتێک خوای گەورە ویستی ئادەم دروست بکات، فریشتەکانی لێ ئاگادار کردەووە، کە فەرمووی: ﴿...إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً...﴾ (البقرة: ٣٠)، واتە: خوای گەورە بە فریشتەکانی فەرموو: ((بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێک دابنێم)).

ئەمەش لە ڕووی پێڕاگەیاندن و ئاگاداربوونە.

فریشتەکانیش لە کردەوەی جنۆکەکان پێشتر ئاگادار بوون، ئەو کاتەی بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی پێش هەزار ساڵ لە زەوی نیشتەجێ کران، خراپەکاری و فەساد و بەدەڕەوشتیان تێدا بڵاو کردەوە، دەستیان بە کوشتاری یەکتری کرد، خوێنی یەکتریان ڕشت، خوای گەورە فریشتەی بۆ ڕەوانە کردن، لەگەڵیان جەنگان و بۆ ڕووی دورگەی دەریاکان دوورپان خستنەوە (وەك پێشتر لە دروستکردنی جنۆکەکان باس کرا)، بۆیە فریشتەکان بە خوای گەورەیان گوت: ﴿...أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ...﴾ (البقرة: ٣٠)، واتە: گوتیان ((ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین، کە خراپە و تاوانی تیادا بچێنێت و خوێنڕێژیی تیادا ئەنجام بدات؟! لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدرو ڕێزی تۆ چاك دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین)).

خوای پەروەردگاریش فەرمووی: ﴿...قَالَ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ (البقرة: ٣٠)، واتە: (بێگومان ئەوەی من دەیزانم، ئێوە نایزانن).

پرسیارکردنی ئەوان بۆ مەبەستی دەرخستن و لێوە فێربوون بووە، بەمەبەستی ڕێگری و ناڕەزایی و کەمکردنەوەی لە پایە و پلەی ئەو دروستکراوە نوێیە نییە.

لەو کاتەدا فریشتەکان پرسیان: "ئەی پەروەردگارا! ئەو جێنشینە دەبێ کێ بێت؟" پەروەردگاریش فەرمووی: وەچە و نەوەی هەیە و خراپەکاری لە زەوی بڵاو دەکەنەوە، حەسودی بەیەکتری دەبەن، یەکتری دەکوژن، ئەو جێنشینە ئادەمە، هەر کەسێك بەندایەتی خوا بکات و حوکمی دادپەروەر لە نێوان دروستکراوەکان بکات لەگەڵ ئەو دایە.

لە ئیبن عەببـاس (خوا لێی ڕازی بێت)، گوتوویەتی: "إن الله لما أخذ يخلق آدم عليه السلام قالت الملائكة: ما الله خالق خلقاً أكرم عليه منا ولا أعلم منا" . واتە: (کاتێك خوای گەورە دەستی کرد بە دروستکردنی ئادەم، فریشتەکان گوتیان: خوای گەورە دروستکراوێك دروست ناکات لەسەر ئێمە بەڕێزتری بکات و لە ئێمەش زاناتر نابێت).

چەند ئایەتێکی قورئان لەبارەی دروستکردنی ئادەم:

لەبارەی دروستکردنی ئادەم ئایەتی زۆر هەیە، کە ژمارەیان لە (٦٠) ئایەت زیاترە، لەوانە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا﴾ (نوح: ١٤)، واتە: ((هەر خوا خۆی بە چەند قۆناغدا ئێوەی تێپەڕاندووە و دروستی کردون)).

پاشان لە زۆربەی ئایەتەکاندا ڕوونی کردۆتەوە، کە سەرەتای دروستکردنی ئادەم لە خۆڵ بووە، کە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ ۚ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا ۚ وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ﴾ (الحج: ٥) واتە: ((ئەی خەڵکینە! ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندوو بوونەوە هەیە، ئەوە چاك بزانن، کە ئێمە سەرەتا ئێوەمان لە خاك و خۆڵ دروستکردووە، لەوەودوا (نەوەکان) لە نوتفەیەك (پەیدا بوون)، پاشان نوتفەش دەبێتە خۆهەڵواسەرێك لەناو منداڵداندا،

لەوەودوا دەبێتە گۆشتپارەیەکی تەواو و سەر و سیمادار، یان ناتەواو، (هەموو ئەم شتانە دەهێنینەوە یادتان) تا بۆتان ڕوون بکەینەوە، کە ئێمە ئاوا ئێوەمان دروستکردووە و دووبارە دروستکردنەوەشتان لامان ئاسانە، ئەوەش بمانەوێت لە منداڵدانەکاندا جێگیری دەکەین، تا کاتێکی دیاریکراو، لەوەودوا بەساوایی و بەبچووکی دەرتاندەهێنین (لە سکی دایکتان) دوایی بۆ ئەوەی گەورە ببن و بگەنە ئەوپەڕی هێزو تواناتان، هەتانە دەمرێنرێت بەگەنجی، هەشتانە دەگەڕێنرێتەوە بۆ پەرپووتترنی تەمەنەکان، بۆ ئەوەی هیچ شتێك نەزانێت دوای ئەوەی جاران دەیزانی، (بەڵگەیەکی تریش لەسەر زیندووبوونەوە ئەوەیە کە ئەی ئینسان) تۆ زەویش دەبینیت وشك و برنگە، جا کاتێك ئاوی بارانمان بەسەردا باراند، دادەچڵەکێت و دەلەرزێت و تۆوەکان چەکەرە دەکەن و ڕەگ و چڵ دەردەکەن و دەڕوێن، ئەوسا لە هەموو جۆرە گژوگیاو گوڵ و گوڵزارێکی جوان جووت دەڕوێنێت)).

پاشان قۆناغەکانی دروستکردنی ئادەم لەو کاتەی کۆرپەلەی ڕوون دەکاتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِى قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴾ (المؤمنون: ١٢-١٤). واتە: ((سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان لە ئاوێتەیەکی پێکهاتوو لە قوڕ بەدیهێناوە، لەوەودوا لە جێگەیەکی پارێزراو و لەباردا (کە منداڵدانی دایکە) لە شێوەی نوتفەیەکی زۆر بچووکدا دامان مەزراندووە، لەوەودوا نوتفەکەمان کردووە بەخۆهەڵواسەرێك (سەرەمێکوتەیەك) پاشان خۆهەڵواسەرەکەمان کردووە بە گۆشتپارەیەك، ئینجا (شێوازی)

گۆشتپارەکەمان بەپەیکەری ئێسک گۆڕیوە و بەگۆشت پەیکەری ئێسکەکەمان داپۆشیوە، ئەوسا لەشێوەیەکی تردا دەرمان هێناوە (کە شێوەی ئادەمیزادێکی ڕێکوپێکە و ڕۆحی پێ بەخشراوە)، بەڕاستی خوای مەزن، بەرز و پیرۆز و موبارەکە و چاکترین بەدیهێنەر و چاکترین دروستکارە)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ فَٱسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَم مَّنْ خَلَقْنَآ ۚ إِنَّا خَلَقْنَٰهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍ ﴾ (الصافات: ١١)، واتە: ((ئەی پێغەمبەر! (صلى الله عليه وسلم) لە بێ باوەڕان بپرسە: ئایا ئەوان گرنگتر و گەورەتر و بەهێزترن یان ئەو شتانەی تر، کە دروستمان کردووە وەک (ئاسمان و زەوی و کێوەکان...هتد)، بێگومان ئێمە ئەوانمان لە قوڕێکی مچ دروست کردووە (کە یەکێکە لە قۆناغەکانی دروستکردنی باوکە ئادەم)).

قوڕ بریتییە لە خۆڵ، کە لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێ، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی، کە ئاو بنچینەی دروستکردنی گەردوون و دروستکراوەکان و تەنانەت سەرجەم زیندووەکانیشە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ ...وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ... ﴾ (الأنبياء: ٣٠). واتە: ((لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ ...خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٍ مِّن مَّآءٍ... ﴾ (النور: ٤٥) واتە: ((خوا هەموو زیندەوەرێکی لە ئاوێکی تایبەت دروست کردووە)) ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ مِنَ ٱلْمَآءِ بَشَرًا... ﴾ (الفرقان: ٥٤). واتە: ((هەر ئە زاتەیە کە لە ئاوی (مەنی) بەشەر دروست دەکات)).

﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴾ (الحجر: ٢٦). واتە ((سوێند بەخوا ئێمە سەرەتا ئینسانمان لە قوڕێکی وشک دروست کرد

کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباو و ترشاو بوو)).

﴿ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴾ (ص: ٧١). واتە: ((کاتێك کە پەروەردگارت پێی وتن: من دەمەوێت بەشەرێك لە قوڕ دروست بکەم)).

دروستکردنی ئادەم لە تۆیژاڵی سەرەوەی زەوی:

لەو فەرمودەیەی کە تورمزی گێڕاویەتیەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "إن الله خلق آدم من قبضة قبضها من جميع الأرض، فجاء بنوا آدم على قدر الأرض، فجاء منهم الأحمر والأبيض والأسود و بين ذلك، والسهل والحزن والخبيث والطيب" [1]، واتە: (خوای گەورە ئادەمی لە چەنگە خۆڵێك کە لە هەموو زەوی کۆی کردۆتەوە دروست کردووە، پاشان نەوەکانیٔ ئادەم بەگوێرەی زەوی پەیدابوون، هەندێکیان سوور و هەندێکیان سپی و هەندێکیان ڕەشن، هەروەها کارئاسان و کارقورس و هەشیانە پاك و پیسن).

ئادەم لە قوڕ دروست کراوە، قوڕ بریتییە لە خۆڵی تێکەڵ بە ئاو، ئاویش بنچینەی هەموو دروستکراوەکانە، بەڵکو بنچینەی هەموو گەردوونە، هەر لەو دروست کراون، هەروەك لەو سێ ئایەتی پێشوودا هاتووە.

دەگوترێ لە بابەتی دروستکردنی ئادەم، سێ ئایەت بە ئاو هاتووە، چوار ئایەتیش بە خۆڵ.

---

(١) تورمزی گێڕاویەتیەوە لە "سنن"ەکەی (٢٠٤/٥) ژمارە (٢٩٥٥) کتێبی تەفسیر بەشی: سورەتی "البقرة"، ئەحمەد لە "موسنەدەکەی" (٤٠٠/٤، ٤٠٦)، ئەبو داود لە سوننەتەکانی" (٦٧/٥) ژمارە (٤٦٩٣) و ئیبن حەیبان (١١/٨، ٢١/إحسان) ژمارە (٦١٢٧، ٦١٤٨) و ئیبن خەزیمە لە "التوحيد" لا (٦٤)، ئەبو شێخ لە "العظمة" ژمارە (١٠٠٢)، و ئەلبانی لە "سەحیحەکەی" (١٧٢/٤).

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿...إِنَّا خَلَقْنَٰهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍ﴾.

واتە: ئێمە لە قوڕێکی لینجی یەکانگیر بەدیمان هێناوە، موفەسیرەکان ڕێژەی ئاو بۆ خۆڵەکەیان ڕوون کردۆتۆتەوە، سێ بەشی ئاو، چوار بەشی بۆ خۆڵەکە، ئەمەش بۆچونێکی تڕە کە موفەسیرەکانی پێشوو پەیان پێ نەبردووە.

خوا فەزڵی بەسەردا کردووە و بە دەستەکانی خۆی ئادەمی دروست کردووە، هەروەك لە فەرمایشتیدا هاتووە، کە روو دەکاتە ئیبلیس لەو کاتەی لە کرنوش بردن یاخی بوو: ﴿قَالَ يَٰٓإِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْعَالِينَ﴾ (ص: ٧٥)، واتە: ((خوا فەرمووی: ئەی ئیبلیس! ئەوە چی نەیهێشت و نایەڵێت سوژدە بەریت بۆ ئەو کەسەی، کە بە دوو دەستی قودرەتی خۆم دروستم کردووە؟! ئایا خۆتت بەگەورە زانی یان هەر لە زووەوە خۆت بەشت دەزانیت و خۆت لا بەرزو گەورەیە؟)).

شێوە و ڕێنەی ڕەخساندووە لە شێوەی پەیکەرێك دریژیەکەی (٦٠) باڵ بوە، دەگاتە نزیکەی (٤٠) مەتر و پانییەکەی حەوت باڵە، پاشان لێگەڕا تا ڕەش بوو و بۆنەکەی گۆڕا، وەك لە فەرمایشتی خوادا هاتووە: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ﴾ (الحجر: ٢٦). واتە: ((سوێند بەخوا ئێمە سەرەتا ئینسانمان لە قوڕێکی وشك دروست کرد، کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباو و ترشاو بوو)).

دواتر لێگەڕا وشك بوو، تا بووە قوڕێکی وشکی وەك فەخفوری، وەك دەفەرموێ: ﴿خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِن صَلْصَٰلٍ كَٱلْفَخَّارِ﴾ (الرحمن: ١٤). واتە: ((ئادەمیزادی دروستکردووە لە قوڕێکی وشك بوو، وەك فەخفوری)).

تێڕوانینی ئیبلیس بۆ ئادەم لەوکاتەی پەیکەر بووە:

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "لما صور الله تعالى آدم في الجنة تركه ما شاء الله أن يتركه فجعل إبليس يطيف به فينظر ماهو فلما رآه أجوف عرف انه خلق أجوف لا يتمالك "[1]، واتە: (کاتێك خوای گەورە ئادەمی دروست کرد، تا ئەو کاتەی ویستی خۆی لەسەر بوو جێی هێشت، وایکرد ئیبلیس بە دەوریدا بسوڕێتەوە، کاتێك ئیبلیس سەیری کرد، بینی، پەیکەرێکی دروستکراوی ناوبۆشە و ناتوانێت خۆی پێ بگیرێت).

ئیبلیس لەو دروستکراوە ترساو و شپرزە بوو، وەك ئەوەی لە دڵی خۆیدا بڵێت، گەر لەسەر من فەزڵ و گەورە کرا، ملکەچی نابم، گەر منیش بەسەری فەزڵ کرام، دەیفەوتێنم.

لە دەمییەوە دەچووە ناوی و لە پشتەوەی دەهاتە دەرەوە، لە کاتێکدا ئەو پەیکەرە قوڕێکی وشك بووە.

لەو کاتەدا کە بینی ناوبۆش و بەتاڵە، دڵنیا بوو، بە فریشتەکانی گوت: مەترسێن و مەتۆقێن لێی، ئەوە نابۆشە و بێ دەسەڵاتە، گەر دەستی بەسەردا بگرم، لەناوی دەبەم.

کاتێك کە فریشتەکان بەلای تێپەڕ دەبوون، لێی دەپرسین: بینیتان گەر لەسەر ئێوە گەورە بکرێت و فەرمانتان پێ بکرێت کە ملکەچی بن، ئێوە چی دەکەن؟

---

(١) موسليم لە "سەحیحەکەی" گێڕاویەتیەوە (٢٦١١)، بەیهەقی لە "الاسماء والصفات"، (٢٥٩/٢) ژمارە (٨١٩) و نەبو شێخ لە "العظمة" (١٥٥٨/٥) ژمارە (١٠٢١) و ئیبن حبان لە "سەحیحەکەی" (١٣/٨) ژمارە (٦١٣٠/ إحسان) و الطیاسی لە "موسنەدەکەی" (٢٠٢٤) لا (٢٧٠) و نەحمەد (١٥٢/٢، ٢٢٩، ٢٥٤) و حاکم (٥٤٢/٤).

فریشتەکان هەموویان وەلامیان دایەوە "ملکچەی فەرمانی پەروەردگارمانین"، ئیبلیس سەر نزم دەکات و لەسەر وتەکەی خۆی سوور دەبێت: گەر لەسەر من فەزڵ و گەورە کرا، ملکەچی نابم، گەر منیش بەسەری فەزڵ کرام، دەیفەوتێنم[1].

خوای گەورە لە ڕوحی تایبەتی خۆی فووی کردە ئادەم:

کە کاتی خۆی هات، ئەو کاتەی خوای گەورە بۆی دیاری کردبوو، ویستی ڕوحی بەبەردا بکات، بە فریشتەکانی فەرموو:

﴿ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴾ (الحجر: ٢٩).

واتە: ((جا کاتێک ڕێک و پێک و تەواوم کرد، لەو ڕۆحە تایبەتیەی، کە من (بەدیهێنەری ئەوم)، پێمبەخشی، ئەوە هەموتان کڕنووشی بۆ بەرن (کڕنووشی ڕێزو بەفەرمانی خوا)).

ئەو کاتەی ڕوحی بە بەردا کرد، ڕوح چووە ناو سەری، ئینجا پشمی، فریشتەکان گوتیان: سوپاس بۆ خوا، ئەویش گوتی: سوپاس بۆ خوا، خوای گەورە پێی فەرموو: خوا ڕەحمت پێ بکات، بەم شێوەیە خوا ڕەحمی پێکرد پێش ئەوەی بە تەواوی دروستی بکا، ئەو کاتەی کە ڕوحی گەیشتە ناوەوەی جەستە، بەڕووبوومی بەهەشتی بینی، حەزی کرد لێی بخوات، پێش ئەوەی ڕوح بگاتە قاچەکانی، ویستی بەرەو ئەو بەڕووبومە بچێت، بەم شێوەیە:

﴿ خُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ مِنْ عَجَلٍ... ﴾ (الأنبياء: ٣٧). واتە: ((ئەوەندە ئینسان بە پەلەو تاڵوکەیە، (وەک ئەوەی) لە پەلە و تاڵوکە دروستکراوە)).

ئەو کاتەی ڕوح گەیشتە قاچەکانی، بە پەلە هەڵساو بەرەو بەڕووبومی

---

(١) العظمة (١٥٦١/٥)، وموسنەدی ئەبی یەعلی (٦٨/٦) ژمارە (٣٣٢١).

بەهەشت رۆیشت.

ئەبو هورەیرە (خوا لێی رازی بێت)، لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: "إن الله خلق آدم من تراب، ثم جعله طيناً، ثم تركه حتى إذا حمأ مسنوناً خلقه وصوره، ثم تركه حتى إذا كان صلصالاً كالفخار، قال: فكان إبليس يمر به فيقول: لقد خلقت لأمر عظيم"[1]، واتە: خوای گەورە ئادەمی لە خۆڵ دروست کرد، پاشان کردییە قوڕ، پاشان لێیگەڕا تا بووە قوڕێکی ڕەشباو و ترشاو، پاشان جێی هێشت تا بووە قوڕێکی وشك وەك فەخفوری، فەرمووی: ئیبلیس بە لای دا تێدەپەڕی، دەیگوت: بەڕاستی تۆ بۆ کارێکی گەورە دروست کراویت.

ئەو کاتەی خوای گەورە روحی کردە بەری، یەکەم شوێنی لەشی ئادەم کە روح بە ناویدا ڕۆیشت، چاوەکانی و لوتەکانی بوو، پشمی، خوا گەورە بە ڕەحمی خۆی وەریگرتەوە، پێی فەرموو: خوات ڕەحمت پێ بکات.

پاشان خوای گەورە فەرمووی: ئەی ئادەم بڕۆ لای ئەوانە (مەبەستی فریشتەکانە) پێیان بڵێ: السلام عليكم، ئینجا سەیر بکە بزانە چی دەڵێن. بە سڵاوکردنەوە چووە لایان، ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: وعليك السلام ورحمة الله وبركاته، فەرمووی: ئەی ئادەم ئەمە سڵاوکردنی تۆ و سڵاوکردنی نەوەکانتە[2].

عومەڕی کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت)، دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((إن الله خلق آدم ثم مسح ظهره بيمينه فاستخرج منه ذرية قال خلقت هؤلاء للجنة و بعمل

(١) فتح الباری بە شەرحی بوخاری، بەشی "خلق ادم صلوات الله عليه وذريته".
(٢) نسائی لە "عمل اليوم والليلة" گێڕاویەتیەوە، ژمارە (٢٢٠)، هەروەها ئەبو شێخ لە "العظمة" (١٥٦٦/٥) ژمارە (١٠٣٤).

أهل الجنة يعملون ثم مسح ظهره فاستخرج منه ذرية، فقال: خلقت هؤلاء للنار و بعمل أهل النار يعملون)) فقال رجل: يا رسول الله ففيم العمل؟ قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): ((إذا خلق الله العبد للجنة استعمله بعمل أهل الجنة حتى يموت على عمل من أعمال أهل الجنة فيدخله الله الجنة، و إذا خلق الله العبد للنار استعمله بعمل أهل النار حتى يموت على عمل من أعمال أهل النار فيدخله الله النار)). رواه مالک و الترمذي و أبو داود عن مسلم بن يسار. واتە: "خوای گەورە ئادەمی دروست کرد، پاشان دەستی ڕاستەی قودرەتی خۆی بە پشتی داهێنا، نەوەیەک هاتە دەرەوە، فەرمووی: ئەوانەم بۆ بەهەشت دروست کردووە و بە کردەوەی خەڵکی بەهەشت کار دەکەن. پاشان دەستی چەپی قودرەتی خۆی بە پشتی داهێنا، نەوەیەک هاتە دەرەوە، فەرمووی: ئەوانەشم بۆ ئاگر دروست کردووە و بە کردەوەی خەڵکی ئاگر و دۆزەخ کار دەکەن.... پیاوێک گوتی: ئەی پێغەمبەری خوای، کاری چی؟ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: "گەر خوای گەورە بەندەیەک بۆ بەهەشت دروست بکات، بە کردەوەی خەڵکی بەهەشت بەکاری دەهێنێت، تا لەسەر ئەو کردەوانە دەمرێت و خوای گەورەش دەیباتە بەهەشت، هەروەها ئەگەر خوای گەورە بەندەیەک بۆ ئاگر دروست بکات، بە کردەوەی خەڵکی ئاگر بەکاری دەهێنێت، تا لەسەر ئەو کردەوانە دەمرێت و خوای گەورەش دەیباتە ناو ئاگر.

پەیمانی نەوەکانی ئادەم بۆ خوای گەورە:

عن إبن عباس (رضي الله عنهما) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): ((إن الله أخذ ميثاق من ظهر آدم (عليه سلام) يوم عرفة فأخرج من صلبه كل ذرية ذراها فثيرها بين يديه كالذر، ثم كلمهم قبلا قال: (وإذا أخذ ربک من

بني آدم من ظهورهم ذريتهم و أشهدهم على أنفسهم ألست بربكم قالوا بلى شهدنا أن تقولوا يوم القيامة إنا كنا عن هذا غفلين). رواه الإمام أحمد)).

واتە: لە ئیبن عەببباسەوە (خوا لێی رازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "خوای گەورە پەیماننامەی لە پشتی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) وەرگرت، لە گازەری پشتیشی هەموو وەچە و نەوەکانی دەرهێنا و لە نێوان دەستەکانی خۆی بڵاوی کردەوە، پاشان قسەی لەگەڵ کردن، فەرمووی: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ ۛ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَٰفِلِينَ﴾ (الأعراف: ١٧٢). واتە: ((یادی ئەوکاتەش بکەرەوە کەپەروەردگارت پشتاو پشتی نەوەی ئادەمی کۆ کردەوە (لەجیهانی پەنهان و شاراوەدا پەیمانی لێ وەرگرتن)و کردنی بە شایەت بەسەر خۆیانەوە و(پێی فەرموون): ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟! بەڵێ، شایەتیمان داوە(کە تۆ پەروەردگارمانیت)، ئەمەش بۆ ئەوەی، نەوەکو لە ڕۆژی قیامەتدا بڵێن: بەڕاستی ئێمە لەمە بێئاگا بوین)).

لە ئەنەسەوە (خوای لێی ڕازی بێت)، لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە، کە دەفەرموێ:((یقال للرجل من أهل النار یوم القیامة: أرأیت لوکان لک ما علی الأرض من شیء أکنت مفتد یأبه؟ قال: فیقول: نعم، فیقول: قد أردت منک ماهو أهون من ذلک، قد أخذت علیک فی ظهر آدم أن لا تشرک بي شیئا، فأبیت إلا أن تشرک بي)). واتە: "لە ڕۆژی دوایدا بە کەسێکی ناو ئاگر دەگوترێت: دەبینی ئەگەر لەسەر زەوی شتێکت هەبێت، ئامادەی بیکەیتە قوربانی خۆت بۆ ڕزگار بوونت؟ ئەویش دەڵێت: بەڵێ. ئینجا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: بە ڕاستی

من شتێکی ئاسانتر لەمەم لە تۆ داوا کردبوو، لە پشتی ئادەم پەیمانم لێ وەرگرتی، کە هاوەڵ بۆ من بڕیار نەدەی، بەڵام نەتویست و هاوەڵت بڕیار دا"[1].

گوتراوە: "ئەو ڕۆژە هەموو دروستکراوەکان، لە سەرەتاوە تا ڕۆژی دوایی، بۆ کۆبوونەوە، هەموویانی لە وێنەی خۆیان دروست کرد، پاشان بە قسەی هێنان و قسەیان کرد، پەیمانی و بەڵێنی لێوەرگرتن، نەفسی خۆیان لەسەر کردە شاهێد " أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَىٰ "، پاشان خوای گەورە فەرمووی: من حەوت ئاسمانەکان و زەوییەکان و باوکتان ئادەم لەسەرتان دەکەمە شاهێد، بۆ ئەوەی ڕۆژی دوایی نەڵێن ئێمە نەمانزانیووە، چاک بزانن، کە هیچ خوایەک جگە لە من نییە، هیچ پەروەردگارێک جگە لە من نییە، هاوبەش بۆ من پەیدا مەکەن، من پێغەمبەران بۆ ئێوە ڕەوانە دەکەم بۆ ئەوەی پەیمانی و بەڵێنی منتان پێ ڕابگەێنن، کتێبیشتان بەسەردا دادەبەزێنم. ئەوانیش دەڵێن: ئێمە شاهێدی دەدەین کە تۆی خوامانی و پەروەردگارمانی، هیچ پەروەردگارێکی ترمان جگە لە تۆ نییە. لەو ڕۆژەوە بڕیاری گۆڕایەڵی کردنیان دا، ئادەمی باوکیان لەسەریان بەرزکرایەوە و سەیری کردن، هەژار و دەوڵەمەندەکانی لەوان بینی، هەروەها ڕووەجوانەکان و ئەوانی تری بینی، ئینجا گوتی: ئەی خوای پەروەردگار! گەر هەموو بەندەکانت وەک یەک لێ کردبا، گوتی: من حەزم کرد سوپاسگوزاربم.

تاوانی گەورەی ئیبلیس:

یەکەم و گەورەترین تاوان بەرامبەر خوای گەورە، ئەو کاتە بوو کە ئیبلیسی نەفرین لێکراو لە خوای پەروەردگار یاخی بوو، کە ڕاستەوخۆ نا فەرمانی

(١) موسنەدی ئیمام ئەحمەد (١١٨٨٠).

خوای کرد، لە ڕێگەی پێغەمبەر، یان نێردراوەوە ئاگادار نەکراوەتەوە.

سەیری فەرمانی خوای گەورە بکە: ﴿ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾ فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ ﴿٧٣﴾ إِلَّآ إِبْلِيسَ ٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾ (ص: ٧١-٧٤). واتە: ((کێشەی فریشتەکان کاتێك بوو، کە پەروەردگارت پێی وتن: من دەمەوێت بەشەرێك، لە قوڕ دروست بکەم، (جا کاتێك دروستم کرد و لەو گیان و ڕۆحەی کە من خاوەنی ئەوم، فووم پێداکردو گیان و ژیانم پێبەخشی ئێوەی فریشتە هەمووتان سووژدەی (ڕێز و تەقدیری بەفەرمانی من) بۆ بەرن، (هەموو فریشتەکان فەرمانی خوایان بەجێ هێنا و سووژدەیان برد، جگە لە ئیبلیس نەبێت کە لەو کاتەدا لەناو فریشتەکاندا بوو خۆی بەگەورە زانی و خۆی خستە ریزی کافرانەوە))

هەر کە فریشتەکان هەموویان گوێبیستی ئەو فەرمانە بوون، بەبێ جیاوازی چوونە سوژدە بردن، تەنیا ئیبلیسی نەفرین لێکراو، کە لەگەڵ سوژدەکاران نەبوو، بەڵکو تەنیا لە نێوان ئەو ژمارە زۆرەی فریشتانەدا کە تەنیا خوای گەورە ژمارەیان دەزانێت، لەسەر پێ وەستا.

کاتێکیش فریشتەکان سەریان لە سوژدە هەڵگرت، ئەو دیمەنە پڕ لەترسەیان بینی، وا گومانیان برد کە شتێکی نائاسایی هەیە، ئەو نەفرینە گوێی بە فەرمانی خوا نەداوە بۆ سوژدە بردن.

تەنانەت ئەوان وا گومانیان برد کە پەلەیان کردووە لە کۆتایی هێنان بە سوژدە، سەریان بەرز کردەوە، بیریان لەوە نەدەکردەوە ئەو نەفرینە سوژدەی ڕەتکردبێتەوە، جارێکی تر ئەوان چوونە سوژدەوە، بۆ ئەوەی هەڵێکی تر بدەنە ئیبلیس و بگەڕێتەوە و ملکەچی فەرمانی

خوای گەورە بێت. فریشتەکان سەریان لە سوژدەی دووەم بەرز کردەوە، بینیان ئیبلیس تا ئێستا هەر لە هەڵوێستەکەی خۆی بە سوژدە نەبردن بەردەوامە.

گوتراوە: بۆیە ئێمە لە نوێژدا لە هەموو رکاتێکدا دوو سوژدە دەبەین و یەک جاریش کڕنوش (رکوع) دەبەین.

هەروەها دەگوترێت: یەکەم کەس لە فریشتەکان کە سوژدەی برد بۆ ئادەم، دوای فەرمان پێکردن، ئیسرافیلە (سەلامی خوای لێ بێ)، خوای گەورە قورئانی پیرۆزی لەسەر نێوچەوانی نوسی[1].

لێرەدا گەورەیی پەروەردگاری دروستکار دەردەکەوێت، لە توانای دایە بە هۆی ئەو رووداوە و یاخی بوونی لە فەرمانی خوا بە چاوتروکانێک لەناوبەبات و لە بووندا رەشی بکاتەوە، بەڵام خوای پەروەردگار گەورە و پیرۆزبێت ناو و سیفەتەکانی، ئارامگر و خۆراگر و بەخشندەیە، دەفەرموێ: ﴿قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا لَكَ أَلَّا تَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾ (الحجر: ٣٢). واتە: ((ئەوسا خوا فەرمووی: ئەی ئیبلیس ئەوە بۆ لەگەڵ سوژدە بەراندا نیت؟)). هەروەها دەفەرموێ: ﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسۡجُدَ إِذۡ أَمَرۡتُكَۖ ...﴾ (الأعراف: ١٢). واتە: ((خوا فەرمووی: باشە، چی نەیهێشت ئەی ئیبلیس، کە سوژدە نەبەیت کاتێک فەرمانم پێدایت؟)).

لە شوێنکی تردا دەفەرموێ: ﴿قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ

---

(١) زەعیفە: ئەبو شێخ لە "العظمة" (١٥٦٢/٥) ژمارە (١٠٣٠) لە زمرەوە دەگێڕێتەوە: پێی راگەیاندم، کە یەکەم فریشتە کە سوژدەی برد بۆ ئادەم ئیسرافیل بووە، خوای گەورە پاداشتی دایەوە بەوەی قورئانی لەسەر نێوچەوانی نوسی. سەیری "الحبائك"ی سیوتی لا (٣٥) ژمارە (١٠٥) بکە، الدر المنثور (٥٠/١) "البداية والنهاية" (٨٠/١) هەروەها خستۆتیە پاڵ ئیبن عەساکر لە قەولی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْعَالِينَ ﴾ (ص: ٧٥)، واتە: ((خوا فەرمووی: ئەی ئیبلیس ئەوە چی نەیهێشت و نایەڵێت سوژدە بەریت بۆ ئەو کەسەی کە بە دوو دەستی قودرەتی خۆم دروستم کردووە؟! ئایا خۆتت بە گەورە زانی، یان هەر لە زووەوە خۆت بەشت دەزانیت و خۆت لا بەرز و گەورەی)).

خوای گەورە پێی خۆشە بەندەکانی بۆ ڕێگای ڕاست بگەڕێنێتەوە، لە پێش سزاکانی فەرمانەکانی خۆی بە بیریان بهێنێتەوە.

بەڵام شەیتانی نەفرین کراو بەو لوتبەرزی و لەخۆبایبوونە و خۆهەڵکێشانەی هەی بوو، بە ناشیرینترین ئەدەب و دڵڕەقی و بێ ئابڕویی و بێ ڕێزییەوە وەڵامی خوای گەورەی دایەوە، وەک لە قورئاندا هاتووە: ﴿ قَالَ لَمْ أَكُن لِّأَسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُۥ مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴾ (الحجر: ٣٣)، واتە: ((شەیتان لە وەڵامدا وتی: من ئەوەندە (نزم و بچوک) نەبووم سوژدە بەرم بۆ بەشەرێک کە تۆ دروستت کردووە لە قوڕێکی وشک، کە پێشتر قوڕێکی ڕەشباو و ترشاو بووە؟)).

هەروەک لە قورئاندا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ...قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴾ (الأعراف: ١٢)، واتە: ((شەیتان وتی: من لەو چاکتر و بەنرختر و پیرۆزترم، چونکە تۆ منت لە ئاگر دروست کردووە و ئەوت لە قوڕ بەدیهێناوە)).. هەروەها: ﴿ ...قَالَ ءَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا ﴾ (الإسراء: ٦١)، واتە: ((- ئیبلیس - وتی: ئایا چۆن سوژدە دەبەم بۆ ئەو کەسەی کە لە قوڕ دروستت کردووە؟)).

لێرەدا پرسەکە بۆ فریشتەکان ڕوون بووە، زانیان ئەو نەفرین لێکراوە کێیە، زانیشیان حوکمی پەروەردگار بەسەریدا چییە،کە فەرمووی: ﴿ قَالَ فَٱهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَٱخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّٰغِرِينَ ﴾ الاعراف: ١٣). واتە: ((خوا فەرمووی: دەی کەواتە دابەزە و لە

بەهەشت، یان لە ئاسماندا، یان لە پلەو پایەی بەندایەتی، چونکە تۆ بۆت نییە لەوێدا فیز بکەیت و خۆت بەگەورە دابنێیت، جا تا زووە دەرچۆ، چونکە بەڕاستی تۆ لە ڕیسوا و بچوك و بێ نرخەکانیت)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ﴿٣٤﴾ وَإِنَّ عَلَيۡكَ ٱللَّعۡنَةَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾ (الحجر: ٣٤-٣٥). واتە: ((خوا فەرمووی: (چونکە لە فەرمانی من سەرپێچیت کرد، دەبێت لەم شوێنە نەمێنیت، کە بەهەشتە یان ئاسمان) کەواتە دەرچۆ لێرە، چونکە بەڕاستی تۆ نەفرین لێکراویت، بەڕاستی نەفرینی خوات بەردەوام لەسەرە، هەتا ڕۆژی دوایی)).

ئینجا ئیبلیس دڵنیابو، کە تیاچوە و ماڵوێرانی بۆ ئاشکرا بوو، فەرمانی خواش ناگۆڕدرێت، زانی کە شوێنی ناو ئاگرە و هیچ ڕێگەچارەیەکی نییە، هەروەها زانی کە گەورەترین تاوانی ئەنجام داوە، هەر کار و تاوانێکی تر بکات گەورەتر و قێزەونتر لەو تاوانە نابێت، لە دڵی خۆیدا گوتی: بۆ چی بەخشندەیی خوا بۆ خۆم بەکار نەهێنم و داوای لێبکەم ئەوەی دەمەوێت بمداتێ، پاش ئەوە خوا لێی تووڕە بووە، بەڵکو زیادەڕۆیی کرد لە داواکانی، بەڕاستی نەرمی و بەخشندەی خوای گەورە هانیدا ئەو کارە بکات.

﴿ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴾ (ص: ٧٩). واتە: ((شەیتان وتی: پەروەردگارا دەی کەواتە مۆڵەتم بدە تا ئەو ڕۆژەی کە نەوەکانی ئادەم زیندوو دەکرێنەوە)). خوای گەورە وەڵامی داواکەی دایەوە و فەرمووی ﴿ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴿٨٠﴾ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ﴾ (ص: ٨٠-٨١). واتە: ((خوا فەرمووی: باشە تۆ لە مۆڵەت دراوانی، تا ڕۆژ و کاتی دیاریکراو)).

﴿ قَالَ أَنظِرْنِيٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ (الأعراف: ١٤). واتە: ((شەیتان وتی: داواکارم مۆڵەتم بدەیت، تا ئەو ڕۆژەی کە هەموو نەوەی ئادەم زیندوو دەکرێنەوە)).

خوای گەورە فەرمووی: ﴿ قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلْمُنظَرِينَ ﴾ (الأعراف: ١٥). واتە: ((خوا فەرمووی: بەڕاستی تۆ لە مۆڵەت دراوانی)).

هەڕەشەی ئیبلیس لە ئادەم و نەوەکانی:

کاتێک خوا وەڵامی دایەوە، زانی کە تا ڕۆژی دوایی لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت، لە ژیانی دونیادا سزا نادرێت، خوای خاوەن بەڵێنی ڕاست، بەڵێنی پێ دابوو، زیاتر زاتی ئەوەی کرد، کە هەڕەشە لە نەوەی ئادەم بکات و گوتی: ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴾ (ص: ٨٢-٨٣)، واتە: ((ئینجا شەیتان وتی: سوێند بەدەسەڵاتی بێ سنوورت، شەرت بێت هەر هەموویان گومڕا و سەرگەردان بکەم، جگە لە بەندە و عەبدە دڵسۆزەکانت، کە هەڵبژاردەی خۆتن (دەسەڵاتی ئەوانم نیە)).

خوای گەورەش فەرمووی: ﴿ قَالَ فَٱلْحَقُّ وَٱلْحَقَّ أَقُولُ ﴿٨٤﴾ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾ (ص: ٨٤-٨٥). واتە: ((پەروەردگار فەرمووی: من خۆم حەق و ڕاستیم و هەر حەق و ڕاستیش دەڵێم، سوێند بەزاتی خۆم، دەبێت دۆزەخ پڕ بکەم لە تۆو لە هەموو ئەوانەی کە شوێنی تۆ دەکەون)).

ئیبلیسی نەفرین لێکراو وەڵامی دایەوە، وەک لە فەرمایشتی خوادا هاتووە: ﴿ قَالَ فَبِمَآ أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَٰطَكَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَءَاتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَٰنِهِمْ وَعَن شَمَآئِلِهِمْ ۖ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ

شَٰكِرِينَ ﴾ (الأعراف: ١٦-١٧). واتە: ((شەیتان وتی: بەهۆی ئەوەی کە تۆ منت گومڕا و سەرگەردان کرد، ئەوە سوێند بێت منیش لە ڕێگە ڕاستەکەتدا بۆیان دادەنیشم (لایان بدەم)، (پاشان سوێند بەخوا لە بەردەمیانەوە، لە پشتیانەوە، لە لای ڕاستیانەوە، لە لای چەپیانەوە، بۆیان دێم و (دنیایان لاخۆشەویست دەکەم و گومانیان دەربارەی قیامەت لادروست دەکەم) و، زۆربەیانت دەست ناکەوێت سوپاسگوزار بن)).

دەرکردنی شەیتان لە ئاسمان:

خوای گەورە فەرمووی: ﴿ قَالَ ٱخۡرُجۡ مِنۡهَا مَذۡءُومٗا مَّدۡحُورٗاۖ لَّمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾ (الأعراف: ١٨). واتە: ((خوا فەرمووی: لە بەهەشت دەرچۆرە دەرەوە بەسەرشۆڕی و ڕیسوایی و دەرکراوی، سوێند بە خوا ئەو کەسەی شوێنت کەوت لەوان، ئەوە بێگومان دۆزەخ لە ئێوە هەموو پڕ دەکەم)).

هەروەها فەرمووی: ﴿ قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ٣٩ إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴾ (الحجر: ٣٩-٤٠). واتە: ((ئیبلیس (بەبوغز و کینە و حەسادەتەوە) وتی: پەروەردگارم! مادەم بەهۆی ئەم ئینسانەوە منت سەر لێشێواو کرد، شەرت بێت لە زەویدا هەموو گوناهو لادان و تاوانێکیان لاجوان و شیرین بکەم و هەر هەموویان سەر لێشێواو و سەرگەردان بکەم، (بێجگە لە بەندە پوختە و دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت (چونکە دڵیان بە باوەڕ بە تۆ و یادی تۆ ئاوەدانە، هەوڵ و کۆششی من بۆ وێڵ کردنیان ناکامە)).

هەروەها فەرمووی: ﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلَّا مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٣﴾ لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ لِكُلِّ بَابٍ مِنْهُمْ جُزْءٌ مَقْسُومٌ ﴾ (الحجر: ٤٢-٤٤). واتە: ((بەڕاستی بەندە چاك و پاکەکانی من بە تۆ فریو نادرێن و تۆ هیچ دەسەڵاتێکت نیە بەسەریاندا، جگە لەوانەی کە شوێنت کەوتوون لە سەرکەش و یاخی و سەرگەردانەکان، بێگومان دۆزەخیش بەڵێنگای هەر هەموو ئەوانە بەگشتی، حەوت دەروازەی گەورەی هەیە، هەر دەروازەیەکیشی چەند دەرگا و چەند بەشێکە، کە دەستەی دۆزەخیان، بەگوێرەی تاوان و گوناهیان راپێچ دەکرێن بۆ ناوی)).

هەروەها: ﴿ قَالَ أَرَءَيْتَكَ هَٰذَا الَّذِي كَرَّمْتَ عَلَيَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ (الإسراء: ٦٢). واتە: (((پاشان بێ شەرمانە) وتی: پێم بڵێ، ئا ئەمەیە ڕێزت داوە بەسەر منداا؟! سوێند بە خوا ئەگەر دوام بخەیت، تا ڕۆژی قیامەت ئەوە بێگومان هەموو نەوەکانی گومڕاو سەرگەردان دەکەم، جگە لە کەمێکیان (کە دەسەڵاتم بەسەریاندا نیە)).

خوای پەروەردگار فەرمووی: ﴿ قَالَ اذْهَبْ فَمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمْ جَزَآءً مَّوْفُورًا ﴾ (الإسراء: ٦٣). واتە: ((خوای پەروەردگار فەرمووی: بڕۆ ئەوەی شوێنی تۆ بکەوێت لەوان، ئەوە بێگومان دۆزەخ پاداشتی هەموانتانە، کە پاداشتێکی مسۆگەرە و جێگەی هەموتانی تێدا دەبێتەوە)).

فەرموودەی خوای پەروەردگار بۆ ئیبلیس (فَاهْبِطْ مِنْهَا) و (أخرُجْ مِنها) بە واتای دابەزە، یان بڕۆ دەرەوە تێیدا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لە ئاسمان بووە، فەرمانی دابەزاندنی لە بەرزترین شوێنێ، کە

CamScanner ـەوە دۆنیا ـەسوحة

لە ڕێگەی بەندایەتییەوە پێی گەیشت بوو، بەسەر داسەپاند، ئەو پلە و پایەی هەیبوو نزیك بوو لە فریشتەکان، بەڵام بە هۆی خۆ بەگەورە زانین و لوتبەرزیی بێ فەرمانی خواوە، لە دەستی داو و بە سەرشۆڕی و بێ نرخی دابەزیە سەر زەوی.

خوای گەورە ئادەمی فێرە هەموو ناوەکان کرد:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلْأَسْمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِى بِأَسْمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣١﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ لَا عِلْمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣٢﴾ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ ۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّىٓ أَعْلَمُ غَيْبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴾ (البقرة: ٣١-٣٣). واتە: ((ئینجا ئادەمی دروست کرد، ویستی توانایی، و لێهاتوویی بۆ فریشتەکان ڕوون بکاتەوە) ناوی هەرچی پێویستی دەوروبەر هەیە فێری کرد، لەوەودوا بە فریشتەکانی ڕانواند و پێی فەرموون: ئادەمی ئێوە ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست دەکەن و(توانای ئاوەدان کردنەوەی زەویتان هەیە؟، فریشتەکان وتیان: پاکی و بێگەردی ستایش هەر شایستەی تۆیە، ئێمە هیچ زانستێکمان نیە، تەنها ئەو دەزانین کە تۆ فێرت کردووین، بەڕاستی تۆ پەروەردگارێکی زانا دانایت، ئەوسا خوا فەرمووی: ئەی ئادەم! ئادەی تۆ ئاگاداریان بکە بە ناوەکانیان، جا کاتێك ئادەم هەواڵی ناوەکانی پێدان. خوا فەرمووی ئەدی پێم نەوتن بەڕاستی من خۆم ئاگادارم بەنهێنی ئاسمانەکان زەوی، دەشزانم ئێوە چی دەردەخەن و چی دەشارنەوە؟!)).

ئیبن عەببباس دەڵێت: ناوی مرۆڤ و ئازەڵەکانی بۆ پیشان درا، پێی گوترا: ئەمە گوێدرێژە، ئەمە حوشترە، ئەمە ئەسپە.. هەروەها دەڵێت: ئەوەی کە مرۆڤەکان دەیناسن: مرۆڤ و ئازەڵ و ئاسمان و زەوی و دەشت و کێو و دەریا و باڵندە و کەلوپەلی خواردن، هەروەها ناوی فریشتەکانی فێرکرد.

ڕاست ئەوەیە، کە پەروەردگار ناوی هەموو شتەکانی فێرە ئادەم کردوە. لە ڕیوایەتێکدا زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێت: تۆ جوبرەئیلی، تۆ میکائیلی، تۆ ئیسرافیلی تا هەموو ناوەکانی بۆ ژماردن، تاکو گەیشتە ناوی قەلەڕەش.

موجاهید دەڵێت: ناوی کۆتر و قەلەڕەش و ناوی هەموو شتێك.

ئادەم دوای تاوانەکانی ئیبلیس:

دوای ئەو تاوانە، ئادەم لە بەهەشتدا لە ژیانێکی یەکجار خۆشدا دەژیا، لە بەروبومەکەی دەخوارد، لە ئاوە سازگارەکەی دەخواردەوە، لە هەنگوینە سافەکەی، لە مەی و شیرەکەی، کە تام و بۆنیان تێك ناچێت، بۆ ماوەیەك لەو شوێنە بە خۆشی دەژیا.

ئادەم پێش دروستکردنی حەوا بە تەنیا مایەوە:

خوای پەروەردگار پێی ڕاگەیاندین بەو بەخشندەیی و گەورەییە بەئادەمی بەخشی لە سوژدەی ڕێزی فریشتەکان بۆی، ڕەتکردنەوەی ئیبلیسی نەفرین لێکراو بۆ ئەو سوژدەیە، خوای گەورە بەهەشتی بۆ فەراهەم کرد، بۆ ماوەیەك لەوێدا مایەوە.

دروستکردنی حەوا

ئادەم سەرخەوێکی شکاند، خوای گەورە پەراسوێك لە پەراسوەکانی لای چەپی لێکردەوە و شوێنی بە گۆشت پڕکردەوە، ئادەمیش لە خەودا بوو و بە ئاگا نەهاتەوە، پاشان لە پەراسوەکەیدا، هاوسەرەکەی (حەوا)ی دروستکرد و کردییە ئافرەتێك بۆ ئەو، کاتێك بە ئاگا هاتەوە لەلای سەری خۆی ئافرەتێکی بینی. لێی پرسی تۆ کێی: ئەویش گوتی: ئافرەت، گوتی: بۆچی دروستکراوی، گوتی: بۆ ئەوەی لەلام ئارام بگری.

گوتراوە: کاتێك ئادەم لە خەو بە ئاگا هاتەوە، لە تەنیشت خۆی حەوای بینی، گوتی: "خوێنم و ڕۆحم و گۆشتم"، لەلای ئارامی گرت، خوای گەورەش کردییە هاوسەری.

لە (أثر)دا هاتووە، ئادەم دەستی حەوای گرت، پێی گوترا: سەرەخ مارەی بکە، ئەویش گوتی: مارەیی چییە؟، گوترا دەبێ دە سڵاوات لەسەر موحەممەدی پێغەمبەری خوا و خۆشەویستی لێ بدەی، کاتێ پێنج سڵاواتی لێدا، پێی گوترا: ئەمە پێشەکی مارەییەکەیەتی، یان گوترا پێشەکی سەدەقەکەیەتی[1]، (بەڵام ئەم (أثر)ە زەعیفە) خواش زاناترە.

---

(١) زەعیفە: سەیری قەولی (البدیع للسخاوی) و (وجلاء الافهام)ی ئیبن قەیم و (الص والبشر)ی فەیروزی ئابادی و "المواهب اللدنیه)ی قەستەلانی و کورتکراوەی نەبهانی

فریشتەکانی بینەری ئەوە بوون، کە ڕووی دەدا، ویستیان ناستی زانستی ئادەم بزانن، لێیان پرسی: ناوی چییە؟ گوتی: حەوا (حواء). گوتیان: بۆ حەوا؟ گوتی: چونکە لە شتێکی زیندوو دروست کراوە.

ئادەم و حەوا لە بەهەشت:

ئادەم لەگەڵ حەوای هاوسەری، بۆ ماوەیەک لە بەهەشت ژیان، خوای گەورە فەرمانی پێکردن لە بەهەشت نیشتەجێ بن، لە بەروبووم بەویستی خۆیان و بەخۆشی بخۆن و بخۆنەوە، تەنیا یەک دار نەبێت، خوای گەورە فەرمانی پێکردن لێی نزیک نەبنەوە، بە واتای لێی نەخۆن.

کامە بەهەشتە کە ئادەم و حەوا لێی ژیان:

گوتراوە: بەهەشتی نەمریی بووە، گوتراویشە: بەهەشتێک بووە خوای گەورە لە ئاسمانەکان دروستی کردووە، نە بەهەشتی نەمریی و نەبەهەشتی دونیا بووە، هەروەها دەگوترێت: بەهەشتێک بووە لە بەهەشتەکانی دونیا.

دەڵێن: گەر ئادەم لە بەهەشتی نەمری بووە، چۆن لە داری نەمری گەڕاوە بۆ ئەوەی لێی بخوا، سودی ئەمە چییە؟

بەشێکی تر، کە ڕایەکی تریان هەیە، دەڵێن: گەر ئادەم لە بەهەشتێک لە بەهەشتەکانی دونیا بوایە، چۆن بەدوای داری نەمریدا دەگەڕا، لە شوێنێک کە نەمری تێدا نییە؟

بەشێکی زۆری موفەسیرەکان ڕای (بەهەشتی نەمریی) بە باشتر دەزانن، کە ئەمەش ڕای پەسندە.

دارەختی قەدەغە کراو:

موفەسیرەکان هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی جۆری ئەو دارەختە بزانن: لێرەدا هەشت ڕا لەسەر ئەو بابەتە هەیە[1]:

- دارەختی کەرەم، واتە: داری تریێ.
- دانەوێڵە، ئەمەش کە لە تەورِاتدا هاتووە.
- گوڵە گەنم: گەنم[2].
- داری هەنجیر.
- خورما.
- داری (البر): دەنکەکەی وەک گورچیلەی مانگا وایە، نەرمترە لە کەرەی زبدە، شیرینترە لە هەنگوین.

موفەسیرەکان دەڵێن: ئەو دارەی قەدەغە کرابوو، لەو شەش جۆرە دەرناچێت، هەروەها دەڵێن ئەو دارەی ئادەم لەلای تۆبەی کرد، داری زەیتونە.

گوتراوە: ئەو دارەی قەدەغە کرابوو، لق و پۆپی زۆری هەبووە.

گوتراوە: هەر کەسێک لەو دارە بخوات، پیسایی دەکات، پیسایی کردن لە بەهەشتدا نییە.

هەروەها دەگوترێت: دارێکە بەروبومی هەبووە، فریشتەکان بۆ نەمری دەیخۆن، ئەمەش ڕایەکێ بێ بنەمایە، چونکە فریشتەکان ناخۆن و ناخۆنەوە.

ئەوەی لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، ئەوەیە کە پەروەردگار بۆ بەندەکانی ڕوون

---

(١) هیچ سوودێک لە گەڕان بە دوای ئەمەدا نییە، خوای گەورە کە لەوەدا بێ دەنگ بووە، لە ڕەحمی خۆی بووە بۆ ئێمە، لەسەر ئەوشتە داوای لێنەکردووین.

(٢) ئەبو شێخ لە "العظمة" گێڕاویەتییەوە، لە ئیبن عەبباسەوە ژمارە (١٠٧٤) و ئیبن جەریر لە تەفسیری (١٥٢/٨) و لە سەنەدی نضرە بن عبدالرحمنە.

نەکردۆتەوە، کە چ جۆرە داڕێکە، هەروەها لە سوننەتی سەحیحیشدا دیاری نەکراوە، خوا زاناترە.

سەیری فەرمایشتی خوای پەروەردگار بکەن: ﴿ وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ (البقرة: ٣٥). واتە: ((ئینجا وتمان: ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرت لەم بەهەشتەدا ژیان بەرنەسەر و نیشتەجێ بن لەهەر کوێ حەزدەکەن بخۆن و بخۆنەوە بەتێر و تەسەلی، بەڵام نزیکی ئەم درەختە مەکەون (درەختێکی دیاری کراو بۆ تاقیکردنەوە لێیان قەدەغە کرا) ئەگینا دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە)).

وەسوەسەی شەیتان بۆ ئادەم و حەوا:

دوای دەرکردنی لە ئاسمان، دوژمنایەتی ئیبلیسی نەفرین لێکراو بۆ ئادەم و نەوەکانی دەرکەوت، بەڵکو زۆرترین دڵنیا بوویەوە، پێشتریش لە پاش سەرپێچی کردنی لە فەرمانی خوا لە سوژدە نەبردنی بۆ ئادەم لەگەڵ فریشتەکان هەر هەبوو.

بە شێوەیەکی سەرۆشۆڕی و ریسوایی و نەفرین لێکراو و نەفی کراو دەرکرا، نەفسی خۆی بە ڕق و کینە و حەسودی و خیانەت و تووڕەیی بۆ ئادەم پڕ کرد، بە فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و فریودان و وەسوەسەوە هەوڵیدا نەو بەخششەی هەیان بوو لێیان بستێنێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ فَوَسْوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ

هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ ٱلْخَٰلِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّى لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴾ (الاعراف: ١٩-٢١). واتە: ((تۆش) ئەی ئادەم، خۆت و هاوسەرەکەت لەبەهەشتدا نیشتەجێ بن، جا لە هەر کوێ ئارەزووتان لێ بوو (خواردەمەنی و میوەیە) بخۆن، (بەڵام) نزیکی ئەم درەختە مەکەون (درەختێکی تایبەتی بەرداربوو، بۆ تاقی کردنەوەیان خوای گەورە بڕیاریدا کە هەر نزیکی نەکەون، چ جای لە بەرو بوومی بخۆن) ئەو کاتە دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە، شەیتان (ئەو سنوورەی بۆ ئادەم و حەوا بەفرسەت زانی) و ئینجا کەوتە فڕێدانی وەسوەسەو خەتەرە و خەیاڵ بۆ ناو دڵ و دەروونیان، تا ئەو عەیب و عاریان دەربخات کە شاراوەبوو لێیان (دوایی خۆی ئاشکراکرد)و پێی وتن: پەروەردگارتان ئەم درەختەی لێ قەدەغە نەکردوون تەنها لەبەر ئەوەیە، نەوەکو ببنە فریشتە، یاخود بۆ ئەوەیە نەوەکو لە نەمران بن، (ئەوسا شەیتان زانی دەترسن و دوودڵن) سوێندی بۆ خواردن کە من بەڕاستی لە ئامۆژگارانم بۆ ئێوەو دڵسۆزتانم!!)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ ٱلشَّيْطَٰنُ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ ﴾ (طه: ١٢٠). واتە: ((جا شەیتان گومانی خستە دڵیەوە و پێی وت: ئەی ئادەم! پێت بڵێم درەختی نەمری و مووڵك و داراییەك، کە بەسەرناچێت، کامەیە؟!)).

بەردەوام بوو لە وەسوەسە لێکردنیان و هەڵخەڵەتاندنیان، سوێندی بەدرۆ بە خوا خوارد، کە ئەو بۆ ئەوان ئامۆژگاریکارێکی ئەمینداره، درۆی ڕەونەقداری بۆ دەکردن، پێی گوتن: من پێش ئێوە دروست کراوم، لە ئێوە زاناترم، دوام کەون ڕێتان نیشان بدەم.

پێی گوتن: ئەو دارەی خواردنتان لێی قەدەغە کراوە، داری نەمرییە و ماڵێکی بێ بڕانەوە.

بەردەوام بوو لە فێڵکردن، تا لە خشتەی بردن و خستنیە ناو هەڵەوە، وەك خوای پەروەردگار بۆمان دەفەرموێ: ﴿فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ عَنْهَا ...﴾ (البقرة: ٣٦). واتە: ((شەیتان (فرسەتی لێهێنان) و لە خشتەی بردن (وای لێکردن لە بەروبوومی درەختە قەدەغە کراوەکە بخۆن)).

بەشێك لە حەکیمەکان دەڵێن[1]: کەسێك لەڕێگەی خوا فریومان بدا، ئێمە بۆ ئەو فریودراوین.

لێرەدا ئادەم و هاوسەرەکەی هەڵخەڵەتێندران، بەو گومانە بوون، کە هیچ دروستکراوێك ناتوانێت سوێند بە درۆ بە پەروەردگار بخوات.

ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە، کە دەفەرموێ: "استوصوا بالنساء خيراً، فإنهن خلقن من ضلع أعوج، وإن أعوج شيئاً في الضلع أعلاه، فإن ذهبت تقيمه كسرته، وإن تركته لم يزل أعوج فاستوصوا بالنساء خيراً"[2]، ئەو فەرمودەیە فەرمانی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) بۆ باوك و براکان و هاوسەرەکان و هەمووخەڵکی کە لەگەڵ ئافرەتان نەرمونیان بن و ستەمیان لێ نەکەن، هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ ئەوەی کە ئاساییە ئافرەت لە هەڵسوکەوتیدا گەر بێ توانا بێت یان هەڵە بکات، چونکە لە پەراسویەکی خوار دروست بووە، دووبارە فەرمان دەدات کە بە بەزەیی و میهرەبان بن لەگەڵ ئافرەتان.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ (النساء: ١)،

(١) ئەو کەسە ئەمیری ئیماندرانە عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت)ن سەیری "مناقب عمر"ی ئیمام جوزی "فواصل السمر" ئیمام فضل الله العمری و ئەوانی تر بکە.

(٢) سەحیحی بوخاری (٥١٨٦).

واتە: ((ئەی خەڵکینە! لە خەشم و ناڕەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن، کە ئێوەی لە تاکە نەفسێك دروست کردووە، هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناو لەو دوانە پیاوان و ژنانی زۆری خستۆتەوە و بڵاوکردەوە، هەروەها لەو خوایە بترسن، کە لە یەکتر داوا دەکەن بەناوهێنانی ئەوەوە، هەوڵ بدەن پەیوەندی خزمایەتیش بپارێزن و (پتەوی بکەن)، چونکە بەڕاستی خوا (هەمیشە و بەردەوام) چاودێرە بەسەرتانەوە)).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ (البقرة: ٣٥). واتە: ((ئینجا وتمان: ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرت لەم بەهەشتەدا ژیان بەرنەسەر و نیشتەجێ بن لەهەر کوێ حەزدەکەن بخۆن و بخۆنەوە بەتێر و تەسەلی، بەڵام نزیکی ئەم درەختە مەکەون (درەختێکی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوە لێیان قەدەغە کرا)، ئەگینا دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە)).

﴿ فَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ ٱلْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰٓ ﴿١١٧﴾ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَىٰ ﴿١١٨﴾ وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُا۟ فِيهَا وَلَا تَضْحَىٰ ﴾ (طه: ١١٧- ١١٩). واتە: ((جا وتمان: ئەی ئادەم، بەڕاستی ئەم (ئیبلیسە) دوژمنی خۆت و هاوسەرەکەتە، وریابن لە بەهەشت بەدەرکردنتان نەدات، بەو هۆیەوە تووشی ناخۆشی و نەگبەتی و دەربەدەری ببن، دڵنیاشبە تۆ لە بەهەشتدا نەبرسیت دەبێت نەڕووت و ڕەجاڵ دەبیت، نەتینووشت دەبێت و، نەگەرماش زۆرت بۆ دەهێنێت)).

گوناهی ئادەم:

لێرەدا گوناهی یەکەم لە ئادەم و خێزانەکەیدا ڕوویدا، لە درەختی قەدەغەکراوەکەیان خوارد، هەر لەگەڵ خواردنیان، یەکسەر بەرگیان لەبەردا نەما و عەیب و عاری لەشولاریان دەرکەوت، کە پێشتر نەیاندیتبوو، دەستیان پێکرد بە گەڵای بەهەشت خۆیان دادەپۆشی.

لەو ڕووەوە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍ ۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ ۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ (الاعراف: ٢٢). واتە: ((ئیتر شەیتان بەفێڵ و پیلان فریوی دان (بەرەولای درەختەکەی بردن) جاکاتێك تامی بەرو بوومی درەختەکەیان چەشت، هەرچی عەیب و عاریان هەیە کەوتە دەرەوە، (ناچار بەپەلە) دەستیاندایە گەڵای درەختەکانی بەهەشت عەیب و عاری خۆیان بێ دائەپۆشی و پەروەردگاریان بانگی کردن و فەرمووی: ئایا من قەدەغەی ئەو درەختەم لێنەکردن و پێم نەوتن، کە بەڕاستی شەیتان بۆ نێوە دوژمنێکی ئاشکرایە؟!).

﴿...وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ...﴾ (طه: ١٢١).

واتە: ((بەپەلە هەوڵیاندا بە گەڵای درەختەکانی بەهەشت (خۆیان داپۆشن)).

گوتراوە: بەرگیان لە گەڵای هەنجیر بووە لە شێوە پۆشاك، بەرگی ئادەم و حەوا نوورێك بووە لەسەر عەورەت و لەشولاریان، کە هیچیان لەشولاری ئەوی تری نەدەبینی.

ئادەم دەستی کرد بە ڕاکردن لە بەهەشتدا، خوای پەروەردگار بانگی کرد: ئەی ئادەم لە من ڕادەکەی؟

گوتی: نەخێر، بەڵام شەرمت لێ دەکەم ئەی پەروەردگار.
خوای پەروەردگار فەرمووی: ئایا لەوەی پێم بەخشی بووی لە بەهەشت و بۆم حەڵاڵکرد بووی، فراوانتر نەبوو لەوەی لێم قەدەغە کردبوو؟.
گوتی: بەڵێ ئەی پەروەردگار، بەڵام سوێند بە گەورەیی تۆ هەرگیز نەمزانیبوو کەسێك سوێند بە درۆ بە تۆ دەخوات.

تـۆبەکردنـی نـادەم:

ئادەم گوتی: ﴿ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾ (الاعراف: ٢٣). واتە: (((ئەوسا ئێتر هەردووکیان هەستیان بەهەڵەی خۆیان کردو) وتیان: پەروەردگارا! ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد، خۆ ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەزەییت پێماندا نەیەتەوە، ئەوە بەڕاستی ئێمە سوێند بە خوا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانین)).

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "قال آدم عليه السلام أرأيت يا رب إن تبت ورجعت أعائدي إلى الجنة؟ قال: نعم"، واتە: (ئادەمی (سەلامی خوای لەسەر بێت) گوتی: ئەی پەروەردگار! ئایا گەر تۆبە بکەم و بگەڕێمەوە، دووبارە دەمگەڕێنیەوە ناو بەهەشت؟ خواش فەرمووی: بەڵێ).

ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) دوعای تۆبە کرد، کە گوتی: "اللهم لا إله إلا أنت سبحانك وبحمدك، رب إني ظلمت نفسي، فاغفر لي، إنك خير الغافرين، اللهم لا إله أنت، سبحانك وبحمدك، ربي إني ظلمت نفسي، فاغفر لي، إنك خير الغافرين" بۆ جاری سێیەم دووبارەی کردەوە، پاشان

گوتی "لێم خۆشبە بە ڕاستی تۆ زاتێکی میهرەبان و تۆبە وەرگری[1].

لە ڕیوایەتێکدا گوتی: "ئەی پەروەردگار" تۆ بەدەستی خۆت من دروست ناکەی؟ پێی گوترا: بەڵێ.. لە ڕوحی خۆت فوت نەکردە بەرم. پێی گوترا: بەڵێ.. پشمیم گوتت: رحمك ربك، میهرەبانیت پێش نوڕەبوونت کەوتووە. پێی گوترا: بەڵێ. لەسەرت نوسیم کە دەبێ ئەمە بکەم، پێی گوترا: بەڵێ. گوتی: ئایا گەر تۆبە بکەم دەمگەڕێنیەوە بەهەشت. فەرمووی: بەڵێ[2].

خوای گەورە تۆبەی لێ وەرگرتن و لێیان خۆش بوو، بەڵام بۆ سەر زەوی دایبەزاندن.

﴿فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ (البقرة: ٣٧). واتە: ((پاشان ئادەم لەلایەن پەروەردگارییەوە چەند وشەو نزایەکی وەرگرت (بە دڵ و بەکوڵ پاڕایەوە خوای میهرەبانیش) نزاکەی وەرگرت و لێی خۆش بوو، چونکە بەڕاستی تەنها ئەو، زاتێکی ئێجگار میهرەبان و تۆبە وەرگرە.)).

دابەزین لە بەهەشت دا:

﴿قَالَ ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٢٤﴾ قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ﴾ (الأعراف: ٢٤-٢٥). واتە: ((خوای گەورە فەرمووی: ئیتر دابەزن هەندێکتان زۆرمنی هەندێکتانن (شەیتان و دارو دەستەی دوژمنی ئێوەن و نەوەی

---

(١) سەیری "قصص الأنبياء"ی ابن كثير بکە (١/٣٠)

(٢) تەفسیر تەبەری ج (١)، لا (٢٤٣)، تەفسیری ابن كثير ج (١) لا (٨٢) و حاكم (٢/٥٤٥) و زەهەبی سەحیحی کردووە.

ئادەمیش بەهۆی پیلانی شەیتانەوە دوژمنایەتی یەکتر دەکەن)، بۆتان هەیە لە زەویدا نیشتەجێ بن و هۆی رابواردن و ژیان، تا ماوەیەک، خوا فەرمووی (پێیان): هەر لە زەویدا دەژین و لەوێش دەمرن و (تێکەڵ بەخاکی دەبن، لەکاتی دیاری کراویشدا) هەر لە ناخیەوە دەهێنرێنە دەرەوە (بۆ لێپرسینەوە))).

دابەزینی ئادەم لە بەهەشت دا:

ئادەم دابەزێندرایە سەر زەوی نەگبەتی و ماندووبوویی، بەدبەختی، شەکەتی، وەڕەسی، هەوڵدان و ژیان تاڵی، تاقیکردنەوە، جیاوازی دانیشتوانی لە دین و رەوشت و کارەکانیان، لە ماڵ و داهاتیان، لە گوتار و کردەوەکانیان.

لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "إن في الجنة شجرة يسير الراكب في ظلها مائة عام لا يقطعها"[1] لە بەهەشتدا درەختێك هەیە، کەسی سوار بۆ ماوەی سەد ساڵ لە ژێر سێبەری بڕوات لێی دەرناچێت.

ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ فەرمایشتی خوا کە دەفەرموێ: ﴿فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ ٱلشَّيْطَٰنُ قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ﴾ (طه: ١٢٠). واتە: ((جا شەیتان گومانی خستە دڵیەوە و پێی وت: ئەی ئادەم پێت بڵێم درەختی نەمری و موڵك و داراییەك کە بەسەرناچێت کامەیە؟!)).

سوێندی بۆ خواردن بۆ ئەوەی فریویان بدات لەو درەختە قەدەغەکراو بخۆن. لە ئەبو هورێرەوە (خوا لێی رازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله

---

(١) سەحیحی بوخاری (٣٢٥١)، سەحیحی موسلیم (٢٨٢٧).

علیه وسلم) دەفەرموێ: "لولا بنو اسرائیل لم یخنز أي (ینتن ویتغیر) اللحم ولولا حواء لم تخن أنثى زوجها" [1]. واتە: گەر نەوەی ئیسرائیل نەبوایە هەرگیز گۆشت تام و بۆنی تێك نەدەچوو، گەر حەواش نەبوایە، نافرەت خیانەتی لە هاوسەرەکەی نەدەکرد.

لە حەسەنی بەسرییەوە و لە ئەبی بن کەعبەوە، پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) دەفەرموێ: "إن أباكم آدم كان كالنخلة السحوق، ستون ذراعاً، كثير الشعر، مواري العورة، فلما أصاب الخطيئة في الجنة بدت له سوءته، فخرج من الجنة، فلقيته شجرة، فأخذت بناصيته، فناداه ربه: أفراراً من يا آدم، قال: بل حياء منك والله رب مما جئت به"[2]، پێغەمبەر دەفەرموێ: (باوکتان ئادەم لە شێوەی دار خورما دابووە، درێژییەکەی شەست باڵ دەبوو، قژ و مووی زۆر بوو، لەشولاری داپۆشرابوو، کاتێکیش لە بەهەشت گوناهەکەی کرد، عەیب و عاری لەشی دەرکەوت، لە بەهەشت هاتە دەرەوە، داریّك ڕێگری لێکرد، پەروەردگاری بانگی کرد: لە من هەڵدێی ئەی ئادەم، ئەویش گوتی: بەڵکو شەرم لە تۆ دەکەم ئەی پەروەردگار بەهۆی ئەوەی ئەنجام دا).

ئەمەش گەڕانەوە و تۆبەکردن و دانپێدانان و خۆ بەکەمزانین و سەرشۆڕیی نیشان دانە بۆ خوای گەورە، هەروەك خوای پەروەردگاریش لە ئادەمی وەرگرت "ئیبلیسی نەفرین لێکراو ئەمەی نەکرد"، هەر بۆیەش پەروەردگار لە نەوەکانی ئادەم تۆبە وەردەگرێت، لە دواڕۆژدا بۆیان بە خێر دەگەڕێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا ۖ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ

(١) سەحیحی بوخاری (٣٣٣٠).
(٢) فەتحی باری بە شەرحی سەحیحی بوخاری (٣٣٢٦).

عَدُوٌّ ...﴾ (طه: ١٢٣). واتە: ((ئەوسا خوای گەورە فەرمانیدا) وتی: ئێتر هەردووکتان لە بەهەشت دابەزن بەگشتی، هەندێکتان دەبنە دوژمنی هەندێکتان)).

ئەمەش گوتار و فەرمانە بۆ ئادەم و حەوا و ئیبلیس و مارەکە.

نادەم چۆن لە بەهەشت هێنرایە دەرەوە:

لە موجاهیدەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "أمر الله ملكين أن يخرجا آدم وحواء من جواره، فنزع جبريل التاج عن رأسه، وحل ميكائيل الإكليل عن جنبيه، وتعلق به غصن، فظن آدم أنه عوجل بالعقوبة، فنكس رأسه يقول: العفو العفو، قال فراراً مني، قال: بل حياء منك"[1]. واتە: خوای گەورە فەرمانی بە دوو فریشتە کرد ئادەم و حەوا لە لای ئەو دەربکەن، جوبرەئیل و میکائیل تاجیان لەسەر کردەوە، ئادەم گومانی برد کە بۆ سزای دەبەن، سەری شۆڕ کرد، گوتی: ببورە ببورە، پەروەردگار فەرمووی: لە من رادەکەی؟ ئەویش گوتی: بەڵکو شەرم و حەیا لە تۆ دەکەم.

ژمارەی نەو ساڵانەی نادەم لە بەهەشت مایەوە:

ئادەم بۆ ماوەی سەد ساڵ لە بەهەشت مایەوە، لە ریوایەتێکی تردا شەست ساڵ مایەوە، بۆ ماوەی حەفتا ساڵیش بۆ بەهەشت گریا. حەفتا ساڵیش بۆ گوناهەکەی گریا، بۆ کورەکەشی کاتێک کوژرا چڵ ساڵ گریا.[2]

---

(١) تەفسری تەبەری ج (١) لا (٢٣٧)، تەفسیر ابن كثير ج (١) لا (٨١)، نیز عساكر لە میژووەکەی (٣٥٢/٢/تهذيب) گێڕاویەتیەوە.

(٢) دیارە نوسەر لەم بارەوە پشتی بە هیچ سەرچاوەیەک نەبەستوە و سەرچاوەکەی

ئادەم لە کوێ دابەزی؟

ئادەم دابەزێنرایە سەر زەوی بۆ شوێنێك پێی دەگوترێت "دحنا" لە نێوان مەککە و تائیفدایە، دەگوترێت لە هیند دابەزێندراوە، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە، کە حەوا لە (جەددە) دابەزێندراوە، ئیبلیس لە بەسرە و مارەکەش لە ئێران[1]، دەگوترێت ئادەم دابەزیووە و بەردێکی لەگەڵدا بووە، هەروەها ڕووەکێکی بەهەشتیش، لە هیند ئەو ڕووەکەی چاند و ڕووا[2].

هەروەها گوتراوە ئادەم لە چیای سەفا لە مەککە دابەزێندراوە، حەواش لە چیای مەڕوە، گوتراوە، کاتێك خوای گەورە ئادەمی

دیاری نەکردوە، شێوازی قسەکەش بەوە دەچێ، کە بێ بنەما بێت.

بۆیە بەچاکمان زانی لەم بارەوە بە دواداچونێک بکەین، ئەویش ئەوە بو لە ئەنتەرنێت لە (اسلام ویب) سۆراغی ئەم بابەتەمان کرد، کە بەم شێوەیە هێناویەتی:

فقد قال إبن عباس (رضي الله عنهما) ماسكن آدم في الجنة إلا ما بين صلاة العصر الى غروب الشمس. رواه الحاكم وصححه و وافقه الذهبي. واتە: ئادەم لە بەهەشتدا لە نێوان نوێژی عەسر هەتا ڕۆژئاوا بوون نیشتەجێ بوە.

إبن كثير لە (البداية والنهاية) دا لە ئەوزاعیەوە ئەویش لە حەسانەوە هێناویەتی، کە گوتویەتی: مكث آدم في الجنة مائة عام وفي رواية ستين عام. واتە: ئادەم لە بەهەشتدا، ماوەی شەست ساڵ ماوەتەوە.

سیوطی لە (الدار المنثور) وشەکانی لە (فتح القدير) و حەسەنەوە هێناویەتی، کە گوتویەتی: لبث آدم في الجنة ساعة من نهار و تلك ساعة مائة و ثلاثون سنة من أيام الدنيا. واتە: ئادەم لە بەهەشتدا ماوەیەک لە ڕۆژدا ماوەتەوە، ئەو ماوەیەش سەدو سی ساڵە لە ڕۆژەکانی دنیا. لە هەندێ (أثر)یشدا هاتوە، کە هەندێ سەلەف ئزیک لەمەیان باس کردوە.

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە

(١) مارەکە لە ئەسفهان دابەزێندراوە.

(٢) ئیبن سعد لە "الطبقات الكبرى" گێڕاویەتیەوە (١٢٥١١/١)، سەیری: قصص الأنبياء ابن كثير بكە (٢٨/١).

دابەزاندە سەر زەوی چۆنیەتی دروستکردنی هەموو شتێکی فێر کرا، لە دارتاشی و ئاسنگەری و بەرگدورین، بەروبومی بەهەشتی پێدرا، بەروبومی دونیاش لە بەروبومی بەهەشت بووە، بەڵام بەروبومی بەهەشت ناگۆڕدرێت، بەروبومی دونیا دەگۆڕدرێت و تێکدەچێت و گەندەڵ دەبێت.

لە چ ڕۆژێکدا ئادەم دابەزێندرا:

ئادەم لە ڕۆژی هەینیدا دابەزێندرایە سەر زەوی.

لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "خير يوم طلعت عليه الشمس، يوم الجمعة، فيه خلق آدم، وفيه أدخل الجنة، وفيه أخرج منها، ولا تقوم الساعة إلا في يوم الجمعة" [1]. واتە: (باشترین ڕۆژ، کە خۆری تێدا هەڵهاتووە، ڕۆژی هەینییە، چونکە لەو ڕۆژەدا ئادەم دروست بووە، هەر لەو ڕۆژەدا چۆتە ناو بەهەشت، لەو ڕۆژەدا دەرکراوە، ڕۆژی دوایش هەڵناستێتەوە تەنیا لە ڕۆژی هەینیدا نەبێت).

ناڕەزایی ئادەم و موسا:

لە ئەبی هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: ((احتج آدم و موسى (عليهما السلام) عند ربهما فحج آدم موسى، قال موسى: أنت آدم الذي خلقك الله بيده، ونفخ فيك من روحه و أسْجِدَلَکَ ملائكة و أسكن في الجنة، ثم أهبطت الناس بخطيئتك الى الأرض، فقال آدم: أنت موسى الذي اصطفاك الله برسالته و بكلامه و

(١) سەحیحی بوخاری (٨٥٤).

أعطاك الألواح فيها تبيان كل شيء و قربك نجيا فيكم و جدت الله كتب التوراة قبل أن أخلق؟ قال موسى: بأربعين عاماً، قال آدم: فهل وجدت فيها (وعصى آدم رَبَّهُ فَغوى) قال: نعم. قال: أتقتلو مني أن عملت عملا كتبه الله عليَّ أن أعمله قبل أن يخلقني بأربعين سنة. قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): " فحج آدم موسى". واتە: "ئادەم و موسا سڵاوی خوایان لەسەر بێت، گلەیی و ناڕەزاییان لە یەکتری کرد، ئادەم لەو گفتوگۆیەدا بۆ موسای سەلماند. موسا فەرمووی: تۆ ئادەمی کە خوای گەورە بەدەستی خۆی تۆی دروست کردووە و ڕوحی خۆی کردۆتە بەرت، هەموو فریشتەکانی بردە سوژدە بۆ تۆ و لە بەهەشتدا تۆی جێگیر کرد، پاشان تۆش بە تاوانەکەت مرۆڤت دابەزاندە سەر زەوی.

ئادەمیش فەرمووی: تۆ موسای کە خوای گەورە بە پەیام و فەرمایشتەکانی تۆی هەڵبژارد، تابۆلەکانی تەورِاتی پێ بەخشی، کە هەموو شتێکی تێدا ڕوونکرابووە، تۆی لە خۆ نزیك کردەوە. ئادەم فەرمووی: چەند پێش دروستبوونم خوای گەورە تەورِاتی نوسیووە؟ موسا فەرموی: بە چڵ ساڵ. ئادەم فەرمووی: ئایا بینیووتە تێیدا نوسراوە ﴿وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ﴾ - ئادەم یاخی بوو لە پەروەردگاری و فریوی خوارد و ڕێگای لێ تێکچوو). فەرمووی: بەڵێ: پاشان ئادەم فەرمووی: لەسەر کردەوەیەك گلەییم لێ دەکەی کە کردوومە و بەر لە چل ساڵ لە دروستکردنی من، خوای گەورە لەسەری نوسیووم. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "ئادەم بۆ موسای سەلماند و بیانوی بڕی"[1].

بەڵام ئەوەی دەربارەی سوژدەبردن هاتووە، لە ئەبی هورەیرەوە (خوا

(١) بوخاری لە سەحیحەکەی ریوایەتی کردووە (٣/٦٥)، (٤٧٣٨/فتح)، موسلیم لە (٢٦٥٢/٢/٤)، ئەحمد لە (٢٨٧/١) و عەبدولرەزاق (٢٦٨/١).

لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "إذ قرأ ابن آدم السجدة فسجد، اعتزل الشيطان يبكي، ويقول: يا ويلي امر ابن آدم بالسجود فسجد، فله الجنة، وأمرت بالسجود فأبيت فلي النار"[1]. واتە: (کاتێك نەوەی ئادەم ئایەتی سوژدە دەخوێنێت سوژدە دەبات، لەو کاتە شەیتان دەست بەگریان دەکات و دەڵێت: ئەی هاوار بۆ من، فەرمان بە نەوەی ئادەم کرا سوژدە بەرێت سوژدەی برد، بەهەشتی بۆ هەیە، فەرمانیش بە من کرا سوژدە بەرم، نەمکرد، ئاگری دۆزەخ بۆ من هەیە".

کەموکورتی جەستەی مرۆڤ دوای ئادەم:

لە ئەبی هورێرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "خلق آدم، وطوله ستون ذراعاً.... فلم يزل الخلق ينقص حتى الآن"[2]. واتە: (ئادەم کاتێك دروستکرا درێژیەکەی شەست باڵ بووە.. تا ئێستاشی لەگەڵ بێت درێژی مرۆڤ لە کورتی دایە).

یەکەم خواردن و یەکەم بەرگ بۆ ئادەم و خێزانەکەی لە زەویدا:

لەبارەی یەکەم خواردنی ئادەم لە سەر زەوی، جوبرەئیل هاتە لای و حەوت دەنکە گەنمی پێ بوو، ئادەم فەرمووی: ئەمە چییە؟ ئەویش پێی فەرموو: ئەمە لەو درەختەیە، کە لێت قەدەغە کرابوو، لێت خوارد، ئادەم فەرمووی: چی لێ بکەم؟ پێی فەرموو: بە زەویدا بڵاوی بکەوە، ئەویش بڵاوی کردەوە، هەر دەنکێك لەوانە حەوت سەد هەزار دەنکی لێ دەکەوێتەوە، ڕووا و دوورییەوە، پاشان کردیە ئارد دواتر هەویر و

(١) سەحیحی موسلیم (٨١).
(٢) سەحیحی بوخاری (٣٣٢٦).

دواتر نان، دوای ماندووبوون و هەوڵدانێکی یەکجار زۆر خواردی، وەك لە فەرمایشتی خوادا هاتووە ﴿... فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ الْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰ﴾ (طه: ١١٧). واتە: ((وریابن لە بەهەشت بەدەرکردنتان نەدات، بەو هۆیەوە تووشی ناخۆشی و نەگبەتی و دەربەدەری ببن)).

یەکەم پۆشاکیان لە خوری مەڕ بووە، بڕیانەوە پاشان ڕستیان، ئادەم بەرگێکی بۆ حەوا دروست کرد، کە پۆشاك و لەچەکی سەری بووە.

ئایا ئادەم هیچ منداڵێکی لە بەهەشت بووە؟:

موفەسیرەکان ڕای جیاوازیان هەیە: ئایا ئادەم و حەوا منداڵیان لە بەهەشت بووە؟ دەگوترێت: هیچیان نەبووە لە بەهەشت، تەنیا لە زەوی نەبێت، ئەم ڕایەش ڕاستترە.

هەروەها گوتراوە: قابیل و خوشکەکەی قلیما[1] لە بەهەشت لە دایك بوونە، ئەمەش پێویستی بە بەڵگە هەیە.

نەوەکانی ئادەم و حەوا:

حەوا چل منداڵی لە بیست سکدا لە ئادەم بووە، لە هەر سکێکدا دوانەی کوڕ و کچی بووە، یەکەم منداڵی ئادەم و حەوا، قابیل و خوشکەکەی قلیما بووە، دواهەمینیشیان عبدالمغیث و خوشکەکەی أم المغیثة.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە، حەوا سەد و بیست جار دووگیان بووە و منداڵی بووە، لە هەر جارێکیشدا دوانەی کوڕ و کچی بووە، واتە: دووسەد و

---

(١) سەیری "مبهمات القران"ی سیوتی بکە، سەیری "غرر التبیان"ی ئیبن جماعة و "الاعلام" سوهەیلی و ئیبن عساکر و "صلة الجمع"ی بەلنسی بکە، لەوێدا ناوی دوو کچی ئادەم هەیە "لویذا و إقلیمیا".

چل منداڵی بووە، موفسیرەکان ئەم بۆچوونە بە دوور نازانن، ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەزار ساڵ ژیاوە، بەم شێوەیە لە تابلۆی پیرۆزدا (اللوح المحفوظ)دا پارێزراوە، بەڵام ئەوەی لە تەوراتدا ئاماژەی بۆ کراوە تەمەنی ئادەم، نۆسەد و سی ساڵ بووە، کە دەکاتە نۆسەد و پەنجا و حەوت ساڵی مانگی، ئەمەش ئەگەر چڵ ساڵی مانەوەی بەهەشتی پێش دابەزینی بۆ زیاد بکرێت.

شەریعەتی ئادەم بۆ هاوسەرگیری کوڕەکانی:

ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت)، هاوسەرگیری کوڕی سکێکی بەکچی سکێکی تر دەکرد، بەم شێوەیە شەریعەتی دانا، خوشك و برای یەك سك بۆ یەکتری نە دەشیان.

نایا ئادەم پێغەمبەر و نێردراو بووە [نبي و رسول][1]:

لە قورئاندا وشەی "النبوة" پێغەمبەرایەتی و "الرسالة" پەیام لە بەرامبەر ئادەمدا سڵاوی خوای لەسەر نەهاتووە، وەك ئەو شێوەی بەرامبەر پێغەمبەر و نێردراوانی تردا هاتووە، لە نمونەی ئیبراهیم و موسا و عیسا و ئەوانی تر، بەڵام باسی کردووە کە پەروەردگار بێ بوونی هیچ هۆیەك قسەی لەگەڵ کردووە، فەرمانی کردن و نەکردنی پێ داوە، حەلاڵ و حەرامی بۆ داناوە، بێ ئەوەی هیچ نێردراوێکی بۆ بنێرێت، لەمەشدا واتای پێغەمبەرایەتی تەواو دەبێت.

---

(١) ئادەم وەك نەوەی لە هەر دوو سەحیحەکاندا هاتووە، پێغەمبەرە و نێردراو (نبي و رسول)یشە وەك لە سەحیحی بوخاریدا لە فەرموودەی الشفاعة دا هاتووە، هەروەها لە فەرموودەی الاسراء، لە قورئانی پیرۆزیشدا ﴿ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ...﴾ هاتووە کە مەبەست لێی پێغەمبەرایەتییە.

چل منداڵی بووە، موفسیرەکان ئەم بۆچوونە بە دوور نازانن، ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەزار ساڵ ژیاوە، بەم شێوەیە لە تابلۆی پیرۆزدا (اللوح المحفوظ)دا پارێزراوە، بەڵام ئەوەی لە تەوراتدا ئاماژەی بۆ کراوە تەمەنی ئادەم، نۆسەد و سی ساڵ بووە، کە دەکاتە نۆسەد و پەنجا و حەوت ساڵی مانگی، ئەمەش ئەگەر چڵ ساڵی مانەوەی بەهەشتی پێش دابەزینی بۆ زیاد بکرێت.

شەریعەتی ئادەم بۆ هاوسەرگیری کوڕەکانی:

ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت)، هاوسەرگیری کوڕی سکێکی بەکچی سکێکی تر دەکرد، بەم شێوەیە شەریعەتی دانا، خوشك و برای یەك سك بۆ یەکتری نە دەشیان.

نایا ئادەم پێغەمبەر و نێردراو بووە [نبي و رسول][1]:

لە قورئاندا وشەی "النبوة" پێغەمبەرایەتی و "الرسالة" پەیام لە بەرامبەر ئادەمدا سڵاوی خوای لەسەر نەهاتووە، وەك ئەو شێوەی بەرامبەر پێغەمبەر و نێردراوانی تردا هاتووە، لە نمونەی ئیبراهیم و موسا و عیسا و ئەوانی تر، بەڵام باسی کردووە کە پەروەردگار بێ بوونی هیچ هۆیەك قسەی لەگەڵ کردووە، فەرمانی کردن و نەکردنی پێ داوە، حەلاڵ و حەرامی بۆ داناوە، بێ ئەوەی هیچ نێردراوێکی بۆ بنێرێت، لەمەشدا واتای پێغەمبەرایەتی تەواو دەبێت.

---

(١) ئادەم وەك ئەوەی لە هەر دوو سەرچاوەکاندا هاتووە، پێغەمبەرە و نێردراو (نبي و رسول)یشە وەك لە سەحیحی بوخاریدا لە فەرموودەی الشفاعة دا هاتووە، هەروەها لە فەرموودەی الاسراء، لە قورئانی پیرۆزیشدا ﴿ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ،...﴾ هاتووە کە مەبەست لێی پێغەمبەرایەتییە.

چیرۆکی کوڕەکانی ئادەم قابیل و هابیل:

﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱبْنَىْ ءَادَمَ بِٱلْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ ٱلْءَاخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ ۖ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَىَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِى مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٍ يَدِىَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ إِنِّىٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثْمِى وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَطَوَّعَتْ لَهُۥ نَفْسُهُۥ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٣٠﴾ فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِى ٱلْأَرْضِ لِيُرِيَهُۥ كَيْفَ يُوَٰرِى سَوْءَةَ أَخِيهِ ۚ قَالَ يَٰوَيْلَتَىٰٓ أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَٰذَا ٱلْغُرَابِ فَأُوَٰرِىَ سَوْءَةَ أَخِى ۖ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ ﴾

(المائدە: ٢٧-٣١). واتە: ((بەسەرهات و هەواڵی دوو کوڕەکەی ئادەم بۆ ئەو خەڵکە باس بکە کە: بەڕاستی ڕوویداوە، ئەوە بوو کاتێك هەردووکیان قوربانییان کرد، لە یەکێکیان وەرگیرا (کە لەسەر حەق بوو، لە خوا ترس بوو) و لەوی تریان وەرنەگیرا (چونکە ڕق ئەستور و حەسودو خوانەناس بوو) بەبراکەی وت: هەر دەتکوژم، ئەویش لە وەڵامی هەڕەشەکەیدا وتی: خوای گەورە تەنها لە پارێزکاران، قوربانی و چاکە وەردەگرێت، سوێند بە خوا ئەگەر تۆ دەست درێژی بکەیت بۆ من بۆ ئەوەی بمکوژیت، من دەستدرێژی ناکەم بۆ تۆ بۆ ئەوەی بتکوژم، چونکە بەڕاستی من لەسزاو تۆڵەی خوا، پەروەردگاری جیهانەکان دەترسم، (من بەو دەست درێژ نەکردنەم) بەڕاستی دەمەوێت بە گوناهی من و گوناهی خۆیشتەوە بگەڕێیتەوە، ئەوجا دەبیتە نیشتەجێی ناو ئاگر، هەر ئەوەشە پاداشتی ستەمکاران، سەرئەنجام نەفسی سەرکەشی

زۆربەی موفەسیرەکان ئەو ڕایەی دەڵێت: کە پێغەمبەرێکی ڕەوانە کراوە پشت ڕاست دەکەنەوە.

بەشێکی تر ڕایەکی پێچەوانەیان هەیە و دەڵێن: چۆن دەبێت پێغەمبەر بێت و سەرپێچی فەرمانی خوا بکات، لە درەختی قەدەغە کراو بخوات، پێغەمبەران دوورن لە تاوان و گوناە؟

وەڵامی ئەمانەش دراوەتەوە بەوەی، کە بەهۆی لە بیرچوونەوە بووە، یان ئەو گوناهەی کردوویەتی بچووک بووە، یان وایزانیووە لەو درەختەی خواردووە، چونکە خوای گەورە ئەو دارەی لێی قەدەغە کردبوو پیشانی دابوو، ئەویش لە دارێکی تری هەمان ڕەگەزی خوارد بوو؟[1].

ئایا تەنیا ئادەمێک بووە، یان چەندان ئادەمی تر پێش ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) هەبووە:

خوای پەروەردگار جگە لە ئادەمی باوکی مرۆڤایەتی، هیچ ئادەمێکی تری پێ نەناساندوین، بۆیە بابەتی بوونی ئادەمی تر، یان چەندان ئادەم قسەی بێ بەڵگەن.

لە زەمەنی پێشوودا هەندێك گروپ لە مرۆڤەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە بونیاتنانی وڵاتیان کۆنترە لە دروستکردنی ئادەم، لەوانە خەڵکی هیند بە نمونە، بەڵکو بانگەشەی ئەوەش دەکەن، کە ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) بەندەیەك بووە لە بەندەکانیان، لە ڕۆژئاوا هەڵاتووە و لەگەڵ چەند منداڵێکدا هاتووە، هەموو ئەمەش قسەی بێ مانا و پوچن، سەیری "پێشەکی ئەو کتێبە" بکە.

---

(١) یان گوناهەکە لە پێش بوونی بە پێغەمبەر بووە، وەك چۆن ئەوەی موسا ڕوویدا لە کوشتنی پیاوەکە.

هانیداو کوشتنی براکەی لاسادە و ئاسان کردو کوشتی، ئیتر خۆی خستە ڕیزی خەسارەتمەند و زەرەرمەندانەوە، (لەوەودوا گیری خوارد بەدەست تەرمەکەیەوە، چونکە وادیارە یەکەم کەسە کوژرا بێت و شەهید بوو بێت)، ئەوسا خوای میهرەبان قەلەڕەشێکی نارد و چاڵێکی لە زەویدا هەڵکەند (بۆ قەلەڕەشێکی تری مردارەوە بوو) تا نیشانی بدات چۆن لاشەی براکەی بشارێتەوە، (هەرکە ئەوەی دی) وتی: هاوار لە من، ئایا ئەوە من نەمتوانی وەکو ئەو قەلەڕەشە بکەم و بەقەدەر ئەوم لێنەهات، تا لاشە و عەیب و عاری براکەم بشارمەوە، ئیتر بۆ هەمیشە چووە ریزی پەشیمانانەوە)).

پێشتر گوترا کە یەکەم و گەورەترین کوڕەکەی ئادەم قابیل بووە و خوشکەکەی قلیما بوو، قلیما کچێکی جوان بووە، لە دوای ئەوان هابیل و خوشکی، کە بە ئاستی قلیما جوان نەبووە، لە دایك بوون، کاتێك گەیشتنە تەمەنی هاوسەرگیری، ئادەم شەریعەتێکی دانا، کە قابیل خوشکی هابیل بخوازێت و هابیلیش قلیمای دوانە لەگەڵ قابیل بخوازێت، بەڵام قابیل ئەو هاوسەرگیرییەی ڕەتکردەوە، سوور بوو لەسەر ئەوەی قلیمای دوانەی خۆی بخوازێت، بەمەش پێچەوانەی شەریعەتی باوکی دەبێت، بۆ ئەو بڕیارەشی سێ بیانووی هێنایەوە:

بەوەی کە کوڕی گەورەیە و خۆی خاوەن هەڵبژاردنە، لەلایەن باوکییەوە جێگرەوەیە، خۆی و قلیما لە بەهەشتی نەمریی لە دایکبوونە، پێچەوانەی ڕای موفەسیرەکان.

با دەست بە چیرۆکە بکەین وەك چۆن لە ئیبن عەببەس و ئیبن مەسعود (خوا لێیان ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕنەوە، کە دەفەرموێ: "هیچ جارێك بۆ ئادەم منداڵێکی کوڕی بەتەنیا نەدەبوو، دەبوایە کچێکیش لەگەڵ بووبێت، بۆیە

کوڕی ئەو سکەی لەگەڵ کچی سکەکەی تری هاوسەرگیری بۆ دەکردن. دوو کوڕی بوو پێیان دەگوترا هابیل و قابیل، قابیل خاوەنی کشتوکاڵ بوو، هابیل خاوەنی ئاژەڵ بوو، قابیل لە هابیل گەورەتر بوو، خوشکێکی هەبوو لە خوشکی هابیل جوانتر بوو، هابیل داوای کرد خوشکی قابیل بخوازێت، رازی نەبوو، گوتی: ئەمە خوشکی خۆمە و لەگەڵ من لە دایك بووە، لە خوشکی تۆ جوانتر و باشترە، من حەقم زیاترە هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، باوکی فەرمانی پێکرد بیداتە هابیل، بەڵام دیسان رەتی کردەوە. هەردووکیان قوربانیان بۆ خوا کرد بۆ ئەوەی بزانن کامەیان شایانترە بەو کچە. ئادەم خوا لێی رازی بێت جێی هێشتن، هاتە مەککە بۆ ئەوەی سەیری بکات، خوای گەورە پێی فەرموو: ئایا ئادەم دەزانیت مااڵێکم لەسەر زەوی هەیە؟ گوتی: پەروەردگارا نەخێر. پەروەردگار فەرمووی: من مااڵێکم لە مەککە هەیە بڕۆ بۆ ئەوێ. ئادەم بە ئاسمانی گوت: کوڕەکانم بە ئەمانەت بپارێزە، رەتی کردەوە، بە زەوی گوت: رەتی کردەوە، بە چیاکانی گوت: ئەویش رەتی کردەوە، بە قابیلی گوت، قابیلیش گوتی: بەڵێ، دەڕۆیت و دەگەڕێیتەوە و کەسوکارت بە سەلامەتی دەبینیت.

کاتێك ئادەم ڕۆیشت، هەردووکیان قوربانییەکانیان ئەنجام دا، قابیل خۆی لەسەر هەڵدەکێشا، دەیگوت من لە تۆ شایانترەم، ئەو کچە خوشکی منە، من لە تۆ گەورەترم، من جێگرەوەی باوکمم.

کاتێکیش قوربانیان کرد، هابیل قەدە داڕێکی ئەستوری کردە قوربانی، قابیلیش دەسکە گوڵەگەنمێکی کردە قوربانی، لەناو دەسکە گوڵەکە بینی گوڵەگەنمێکی گەورە هەیە، هەڵیپروکاند و خواردی، ئاگر هاتە خوارەوە، قوربانی هابیلی خوارد و قوربانی قابیلی نەخوارد، قابیل تووڕە بوو و گوتی: شەرت بێت بتکوژم بۆ ئەوەی خوشکی

من نەخوازیت، هابیلیش گوتی ﴿...إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ (المائدە: ٢٧). واتە: ((خوای گەورە تەنها لە پارێزکاران قوربانی و چاکە وەردەگرێت))..

لە ئیبن عەببасەوە (خوای لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: "وأيم الله إن كان المقتول لأشد الرجلين، ولكن منعته خشية الله أن يبسط إليه يده"[1]. مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوەیە کە کەسی کوژراو بە هێزتر بووە، بەڵام ترس لە خوای پەروەردگار ڕێگر بوو لە دەستدرێژکردن بۆ سەری.

دەگوترێت: ئادەم بە پەرۆش بووە بۆ قبوڵ بوونی قوربانی هابیل نەک قابیل، کاتێکیش قوربانییەکەی وەرنەگیرا، قابیل لەسەر ئەمە ڕەخنەی لە باوکی گرت، پێی گوت: قوربانی لە هابیل وەرگیرا، چونکە تۆ دوعات بۆ ئەو کردبوو، بۆ منت نەکردبوو. لەو ساتەوە لە دڵی خۆیدا پەیمانی دا.

شەوێکیان هابیل لە شوانی دواکەوت، ئادەم قابیلی برای نارد بۆ ئەوەی بزانێت بۆچی دواکەوتووە، کاتێك بینی، پێی گوت: خوا لە تۆی وەرگرت لە منی وەرنەگرت. هابیل گوتی: بەڵکو خوای پەروەردگار لە کەسانی لە خواترس وەردەگرێت، قابیل زۆر بە تووندی تورە بوو، بە پارچە ئاسنێك کە لە دەستی دابوو، لێیدا و کوشتی، دەگوترێت بە بەردێك کوشتوویەتی کە بۆی هاویشتووە و بەر سەری کەوتووە، یان دەگوترێت: خنکاندوویەتی، لە شێوەی درندە قەپی پیاگرت و مرد".. خوای گەورەش زاناترە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَآ أَنَا

(١) تەفسیری تەبەری ج (٦) لا (١٨٧)، تەفسیری ئیبن کثیر ج (٢) لا (٤٣).

بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ ۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ (المائدة: ٢٨). واتە: ((سوێند بە خوا ئەگەر تۆ دەست درێژ بکەیت بۆ من بۆ ئەوەی بمکوژیت، من دەستدرێژ ناکەم بۆ تۆ بۆ ئەوەی بتکوژم، چونکە بەڕاستی من لەسزاو تۆڵەی خوا، پەروەردگاری جیهانەکان دەترسم)).

ئەمەش بەڵگە و نیشانەیە لەسەر ڕەوشت بەرزی کوڕی یەکەمی ئادەم، ترسی لە خوای پەروەردگار، بەو پێیەی ڕەتی کردەوە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی براکەی بوەستێتەوە لە کاتێکدا بە هێزتر بووە.

لە (أثر)دا هاتووە: ئەو شوێنەی قابیل براکەی خۆی تێدا کوشت، شاخێکە پێی دەگوترێت (قیسون)[1]، لە باکوری دیمەشقە، ئەشکەوتێك هەیە لەوێ پێی دەگوترێت ئەشکەوتی خوێن، لەوێدا یەکەم قوربانی مرۆڤایەتی کوژراوە.

بە گەڕانەوە بۆ چیرۆکی قابیل و هابیل، دوای کوشتنی هابیل، قابیل هەستی بە تاوانەکەی کرد، برا کوژراوەکەی لەسەر پشتی خۆی هەڵگرت، نەیدەزانی چی لێ بکات، نەیزانی تا ئەو کاتەی خوای گەورە دوو قەلەڕەشی بۆ نارد، بە فەرمانی خوا دەستیان بە شەڕ کرد، یەکێکیان ئەوی تری کوشت، قەلەڕەشەی بکوژ چاڵێکی هەڵکەند، پاشان قەلەڕەشە کوژراوەکەی فڕێ دایە ناوی، دواتر شارددییەوە و خۆڵی بەسەردا کرد. کاتێك قابیل ئەو دیمەنەی بینی، ئەویش لە شێوەی قەلەڕەشەکە، براکەی شاردەوە.

ئادەم بە کوژرانی هابیلی کوڕی زۆر دڵگران بوو.

---

(١) قاسیون، هەموو ئەو ناوانە ڕاست نین: سەیری "تهذیب بان عساکر" (٤٤١/١) و "قصص الانبیاء" ابن کثیر.

گوتراوە خوای گەورە سزای قابیل پێشخست بۆ ژیانی دونیا، ئەو ڕۆژەی هابیلی برای تێدا شاردەوە، قاچەکانی پەکیان کەوت، وایکرد ڕووی بەردەوام بەرەو ڕووی خۆر بێت ئەمەش وەک سزادانێک بۆ تاوانەکەی[1].

ئەوەی لە تەورڕاتدا هاتووە، تەواو پێچەوانەی سەرەوەیە، تێیدا هاتووە خوای گەورە سزاکەی دواخستووە، لە ڕۆژهەڵاتی عەدەن لە زەوییەک پێی دەگوترا (قنین) نیشتەجێ بووە، یان پێی دەگوترا (نود)، هەروەها خوای گەورە ژمارەیەکی زۆر لە کوڕ و نەوەی لە دوایدا پێ بەخشی. تەورڕات زیاتر باسی کردووە، دەڵێت کوڕێکی بوو ناوی خنوخ بوو، خنوخ غندری بوو، ئەویش محوایلی بوو، ئەویش متوشیل، پاشان لامک، ئەمەی دواییان دوو ژنی هێنا، یەکێکیان ناوی عدا بووە، کە دوو کوڕی بووە، یەکێکیان ناوی ئیبل بووە، یەکەم کەس بووە، کە پارەی کۆ کردۆتەوە و لە قباب نیشتەجێ بووە، دووەمیان ناوی نویل بووە، یەکەم کەس بووە، کە خەریکی لێدانی عود بووە، بەڵام ژنی دووەمی ناوی سڵا بووە، کوڕێکی بووە بە ناوی تویلقین، یەکەم کەس بووە کە خەریکی دروستکردنی مس و ئاسن بووە[2].

لە (أثر)دا هاتووە، ئادەم هاتە لای حەوا، لەو شەوەی کوڕەکەیان هابیل کوژراوە، حەوا دووگیان بوو، کوڕێکیان بوو ناوی نا (شیث) بەواتای خەڵاتی خوا، ئەمەش بۆیە ئەو ناوەیان نا، وەک شوێنگرەوەی کوڕە کوژراوەکەیان.

هەروەها لە قورئاندا چیرۆکی کوڕەکانی ئادەم هاتووە، بەڵام بێ

---

(١) قصص الأنبياء ابن كثير (٥١/١).

(٢) میژووی تەبەری (١٤٥/١) و "قصص الأنبياء" ابن كثير (٥٢/١)، ئەمە لە "إسرائيليات"ـە بەڵام هیچ زیانێکی نییە، چونکە هیچ پەیوەندی بە عەقیدەوە نییە.

ئەوەی ناویان هاتبێت، بەڵام لە تەورِاتدا هەردوو ناوی (قابیل و هابیل) هاتووە.

لە کاتی هاتنی وادەی مردنی ئادەم، پەیمانی دایە (شیث) ی کورِەکەی لە دوای خۆی، کاتەکانی رِۆژ و شەوی فێرکرد، بەندایەتی ئەو کاتەی فێرکرد، هەروەها رِوودانی لافاوی نوح (سەلامی خوای لێ بێ) پێ راگەیاند.

شیث پێغەمبەر بووە، ئەمەش بە پێی دەقی فەرموودەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کە ئەبو زەر خوا لێی رازی بێت گێرِاویەتییەوە "أنه أنزل عليه خمسون صحيفة"[1]. واتە: خوای گەورە پەنجا پەرِی بەسەردا دابەزاندووە.

مردنی ئادەم و حەوا:

کاتێك ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) کۆچی دوایی کرد، رِۆژی هەینی بوو، فریشتەکان بە کفن و حنوط، کە ماددەیەکە بۆ پاراستنی لاشەی مردوو لە تێکچوون هاتبوون، کە لەلایەن پەروەدگارەوە لە بەهەشت هێنابوویان، سەرەخۆشیان لە کورِەکەی و شیث جێگرەوەکەی کرد.

هەروەها گوتراوە: کاتێك فریشتەکان بۆ کێشانی گیانی ئادەم هاتن، حەوا ئەوانی بینی و ناسینیەوە، ئادەمی لابرد، ئەویش پێی گوت: وازم لێبێنە، من پێش تۆ هاتووم، لە نێوان من و فریشتەکانی خوای پەروەردگار گەرِێ.

ئەوە بو گیانیان کێشا و شوشتیان و کفنیان کرد و مۆمیایان کرد، چاڵێکیان بۆ هەڵکەند و بۆیان ئامادە کرد، نوێژیان لەسەر کرد،

(١) حلیه الأولیاء (٥٦٠).

پاشان لەناو گۆڕەکەی دایانان، خۆڵیان بەسەردا کرد، پاشان گوتیان: ئەی کوڕەکانی ئادەم: ئەمە سوننەتی ئێوەیە، فریشتەکان چوار جار تەکبیریان لەسەر ئادەم لێدا[1].

حەوا دوای ساڵێك لە ئادەم کۆچی دوایی کرد، ئادەم وەك چۆن لە تابلۆی پیرۆزدا (اللوح المحفوظ)ـدا هاتووە هەزار ساڵ ژیا، حەواش کەمێك کەمتر لەو ژیاوە.

نادەم لە کوێ نێژراوە:

دەگوترێت: لەو چیایەی لێی دابەزێندرا، لەوێ نێژراوە.
یان دەگوترێت: لە چیای ئەبی قبیس لە مەککە. بەڵام دواین شوێنی ئادەم
دەگوترێت: نوح (سەلامی خوای لێ بێ) تەرمە پاکەکەی ئەو و حەوای
لە سەردەمی لافاوەکەدا لە تابوتێکدا هەڵیگرتووە و لە قودس ناشتوونی.

سەردەمی پێغەمبەر شیث کوڕی ئادەم:

شیث (سەلامی خوای لێ بێ) کوڕێکی بوو ناوی ئەنوش بوو، بەیمانی لە دوای خۆیدا بەو دا.

ئەنوش قینانی بوو، ئەویش مەهلابیل، ئەوەی دواییان بووە پادشایەکی گەورە و شاری بابلی دروست کرد، هەروەها چەند شارێکی تر، دەسەڵاتەکەی چڵ ساڵی خایاند.

دوای مردنی خۆی، پەیمانەکەی دایە کوڕی خۆی، کە ناوی یەرد بووە، ئەویش کوڕێکی بوو بەناوی خنوخ، کە ئیدریسە[2].

---

(١) حاکم لە "مستدرك"ەکەی گێڕاویەتییەوە، ئەبو نەعیم لە "الحلیة".
(٢) ئەمە لای أهل الکتاب پێی دەڵێن "ئیدریس": "خنوخ" سەیری "چیرۆکی پێغەمبەران" ابن کثیری بکە (٥٦،٥٧/١).

کۆتایی

الحمد لله رب العالمين وصلاة وسلاماً على دائمين متلازمين إلى يوم الدين على سيد المرسلين و على اله وصحبه والتابعين وتابعيهم باحسان إلى يوم الدين و بعد:

لە میانەی نوسینم بۆ ئەو لێکۆڵینەوە، چەند دەرەنجامێکم بۆ دەرکەوت، کە دەمەوێت لێرەدا بیانوسم:

١- ئادەم باوکی "البشر و الانسان"ـە، (مرۆڤ و ئادەمیزاد) هیچ جیاوازیەك لە نێوان ئەو دوانەدا نییە.

٢- ڕێگا بۆ زانینی پێش دروستبوونی ئادەم بریتییە لە قورئان و فەرمودەی (سەحیح) نەك ئیسرائیلیات و خورافات، هەروەها پشت نابەستێت بەوەی ئەهلی کتاب لە یەهود و نەسڕانییەکان لە کتێبە دەستکاریکراوەکەیان باسیان کردووە.

٣- هەموو دروستکراوەکانی ئەم گەردوونە بانگهێشتی مرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە، ڕاست گوتراوە: "بیر لە دروستکراوەکانی خوا بکەرەوە، بیر لە خوا مەکەرەوە".

٤- خوای پەروەردگار ئەم گەردوونەی بۆ مرۆڤ دروست کردووە بۆ،

ئەوەی یارمەتی بەندایەتی کردنی بدات، چونکە خوای گەورە مرۆڤ و جنۆکەکان دروست نەکردوون، تەنیا بۆ بەندایەتیکردن نەبێت.

٥- هەموو دروستکراوەکان لەناو دەچن، هەرچی خوا دروستی کردووە دەمرێت و کۆتایی پێ دێت، تەنیا خوای پەروەردگاری بە توانا دەمێنێتەوە.

٦- لەسەر موسڵمان پێویستە دەست بە هۆکارەکان بگرێت بە ئامانجی بوژاندنەوەی شارستانییەتی ئومەت لە شێوەی ئەوانی تردا، ئێمە دوانەکەوتووین و گۆڕەپانەکەمان چۆڵ نەکردووە، تەنیا بە پشتگوێ خستنی هۆکارەکان نەبێت، کە گرنگترینیان پیشت بەستنە بە خوای پەروەردگار و فڕێدانی تەمبەڵی، هەروەها زۆر گەڕان و توێژینەوە، ئەمەش نەك تەنیا لە بواڕێکی دیاری کراودا، بەڵکو هەموو بوارەکان بە گشتی بگرێتەوە و خواش زاناترە.

ناوەڕۆک

پێشەکی..... ٥

سەرەتا..... ١٦

سەرەتای دروستکردن

یەکەم دروستکراو..... ٣٥

پێنووس..... ٣٥

ئاو..... ٤٠

عەرش..... ٥٢

کورسی..... ٥٩

تابلۆی پارێزراو (اللوح المحفوظ)..... ٦٦

دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان..... ٧٢

گەلەستێرەکان..... ٧٥

ئەستێرەکان..... ٧٧

خۆر..... ٧٩

هەسارەکان..... ٨٢

زەوی..... ٨٣

مانگ..... ٨٦

هەساڕۆکە..... ٨٩

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

کـــلکـــدار..... ٩٠
نـــەیـــزەکەکان..... ٩٢
بلّێـسەدارەکان..... ٩٥
کونەڕەشەکان..... ٩٩
رووبەڕیگەردوون..... ١٠١
دروستکردنی ئـــاسـمانەکان..... ١٠٥
دروستکردنی زەوی..... ١٠٧
دروستکردنی فریشتەکان..... ١١٣
دروستکردنی بەهەشت..... ١٥٩
دروستکردنی ئـــاگر..... ١٧٧
دروستکردنی جنۆکە (الجـــن)..... ١٩٦
دروستکردنی ئـــادەم..... ٢١٤
دروستکردنی حـــەوا..... ٢٣٦
کۆتـــایـــی..... ٢٦٤
ناوەڕۆک..... ٢٦٦

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ئەوەی گرنگ و بەسوودە بۆ موسڵمان زانینی چیرۆکی دەستپێکردنی بوونەوەرە، ئەمەش بە ئامانجی ئامۆژگاری و پەندوەرگرتن و وەستان لەسەر گەورەیی و مەزنی خوای پەروەردگار لە دروستکردنیدا.

. ئەم کتێبە بە تێروتەسەلی باسی دروستکراوەکانی پەروەردگار دەکات لەم گەردوونە فراوانەدا، ئەمەش پێش دروستکردنی جێنشینی خۆی ئادەم لەسەر زەوی - سەلامی خوای لەسەر بێت - لە پاشاندا نەوەکانی.

نوسەری ئەم کتێبە پشتی بەستووە بە قورئانی پیرۆزو فەرمووده سەحیحەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، بەخۆ بەدورگرتن لە ئەفسانە و ئیسرائیلیات و ئەو گومانانەی کەسانێکی زۆری بەهۆیەوە لەخشتەبراوان.

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner